

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم 33
کوردستانی عێراق
سەردەمی قەڵەم و موراجەعات
(١٩٢٨ - ١٩٣١)
نەوشیروان مستەفا ئەمین

کوردستانی عێراق:
سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت
(١٩٢٨ - ١٩٣١)

پێشەکی

-١-

ڕۆژنامــە کوردیــەکانی ســاڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣١ کــە لــە ســلێمانی دەرچــون سەرچاوەیەکی گرنـگو پـڕ بایـەخن بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕوداوەکـانی ئـەو سـەردەمەی عێراقو کوردستـان. هـەواڵ، سـەروتار، وتـار، لێدوان، تەنانـەت هـەندێ شـیعریان تـێ دایە کە سەرچاوەی بەنرخن بۆ زانینی دەنگوباسو بیروڕای گشتی ئەو کاتە.

نوسـەرانی کـورد، ئەوانـەی لەسـەر ئـەم قۆناغـەیان نوسـیوە هـەمویان کـەمو زۆر کەڵکیان لێ وەرگرتـون، بـەڵام نوسـەرانی عـەرەب، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـەم سـاڵانەدا لێکۆڵینـەوەی ئاکادیمییـان لەسـەر مێژوی عێراق نوسیوە بـۆ (جامیعـە)کـانی عـێراق، کەسیان نەیانتوانیوە کەڵکیان لێ وەربگـرن، هـۆی ئـەوەیش ڕەنگـە نـەزانینی زمـانی کوردی بوبێ.

ئەو باسەی من هەڵم بژاردوە ڕوداوەکـانی سـاڵانی ١٩٢٨ – ١٩٣١ ئەگرێتـەوە، پشـت ئەسـتورە بـە ڕادەی یەکـەم بـە نوسینەکانی ڕۆژنامـەی (ژیـان)و، بـە هـەندێ سەرچاوەی جۆراوجۆری تر دەوڵەمـەن کـراوە. (ژیـان) درێـژەی ڕۆژنامـەکانی پێـش خۆیـەتی: (پێشکەوتن) کـە دەسـتەڵاتی ئینگلـیزو، (بـانگی کوردسـتان) کـە مسـتەفا یـامڵکیو جەمعییـەتی کوردسـتانو، (ڕۆژی کوردسـتان)و (بـانگی خـەق)و (ئومێـدی ئیسـتیقلال) کـە حکومەتەکـەی شـێخ مـەحمودو، (ژیانـەوە)و (ژیـان) کـە شـارەوانی سلێمانی دەریان کردون. ئەم ڕۆژنامانە، کە ئێستا زۆر بە زەحمەتو بـە ناتـەواوی بەدەس ئەکەون، ئـەهێنێ بـە ڕێـز سـەرلەنوێ چـاپ بکرێنـەوەو لێکۆڵینـەوەی هەمـە لایەنەی سیاسی، ئەدەبی، ڕۆشنبیرییان لەسەر بکرێ.

یەکەم ژمارەی (ژیان) لە ٢١ی کانونی دوەمی ١٩٢٦دا لەباتی (ژیانەوە) دەرچوە. حەفتەی جارێك لە (چاپخانەی بەلەدیە) کە هی شارەوانی سلێمانی بوە، چاپ‌و بڵاوکراوەتەوە. چەند جارێ بەڕێوەبەرو سەرنوسەری گۆڕاوە. ئەو ماوەیەی کە من وەکو سەرچاوە کەڵکم لێ وەرگرتوە عەلی عیرفان بەڕێوەبەری بوە. بۆ ئەمیش دو بەڵگە بە دەستەوەیە:

١- لە ژمارەی ٨٢ی ڕۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٧دا (ژیان) لەژێر ناوی: (تەشکورات‌و ڕجا)دا لەم بارەیەوە نوسیویێتی:

((چونکە جەنابی ئەدیب ئەفەندی مودیری مەطبعەی ژیان تەعیین کراوە بە کاتبی مالیەی سلێمانی لەبەر مەشغوڵییەتی عەلاوەی نەیئەتوانی ئەم وەظیفەیەش ئیفا بکات، ئیستیعفای کرد)).

((لەسەر تەنسیب‌و ئەمری موتەصەڕیفی مەعالیهیمەم بەندە بۆ ئیفاکردنی ئەم وەظیفەیە تەنسیب‌و تەعیین فەرموراوم. چونکە مەطبەعە واسیطەی تەرەقی وەطەنەو غەزەتەیش زبانی حسسیات‌و تەرجومانی ئامالی میللەتە مەعەل ئیفتیخار ئەم وەظیفەیەم قوبوڵ‌و دەرعوهدە کرد)).

((بۆ خاطری غەزەتەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ تەرەقییەك پێ نیشان بداو بۆ ساحەی مەدەنییەت هەنگاو بهاوێ ئیستیرحام لە هەمو منەووەران‌و ئەدیبان ئەکەم لە ناردنی مەقالەو شیعر غەزەتەکەمان بێ بەش نەهێڵنەوە. عەلی عیرفان)).

٢- یەکێ لەو کەسانەی کە لە مارتی ١٩٣١دا وەکالەتنامەیەکیان بۆ تۆفیق وەهبی ئیمزاکردوە، تا بە نوێنەرایەتی گەلی کوردی کوردستانی خوارو لەسەر ماڤی نەتەوەیی کورد لەگەڵ کۆمەڵەی گەلان‌و حکومەتی بریتانی گفتوگۆ بکا، ئەم بوە. جێگەی خۆشیە بۆ ڕۆژنامەوانی کورد کە ٣ کەس لەوانەی ئەم وەکالەتنامەیەیان لەو ڕۆژگارەدا ئیمزا کردوە ڕۆژنامەوان بون: عەلی عیرفان، بەڕێوەبەری (ژیان)، مستەفا شەوقی، خاوەنی گۆڤاری (پەیژە)و، حسێن حوزنی، خاوەنی گۆڤاری (زاری کرمانجی).

عەلی عیرفان، کوڕی مەلا عەبدوڵڵای عیرفانو برای جەمال عیرفان بوە. جەمال عیرفان لە ڕۆشنبیرە هەڵکەوتوەکانی ئەو زەمانە بوە، لەسەرەتای بیستەکاندا لەسەر بیری ئازاد لە سلێمانی کوژراوە.

-٢-

پرۆژەی ئەم کارە ئەبو ٣ بەرگ بێ:

١. کوردستانی جنوبی لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا ١٩١٨ – ١٩٢٢
٢. کوردستانی عیراق (شۆڕشی چەکدار) ١٩٢٣ – ١٩٢٧
٣. کوردستانی عیراق (سەردەمی قەڵەمو موراجەعات) ١٩٢٨ – ١٩٣١

ئەگەر بەتەمای تەواوکردنی هەموی بومایە ئەبو ماوەیەکی درێژ چاوڕێ بومایە، لەبەر ئەوەی کتێبەکەی مامۆستا هاوار: (شێخ مەحمودی قارەمان) دەرچو، وای لێ کردم جارێ چاو لە تەواوکردنی بەرگی یەکەمو دوەم بپۆشمو خەریکی بەرگی سێیەم بم کەوا لەبەر دەسدا.

ئەو کارەی من ناتەواوە، لەپێش هەمو شتێکدا لەو ڕوەوە کە هیچ بەڵگەیەکی (ملفات البلاط)ی تێدانیەو، زۆر کەم لێدوانی ڕۆژنامە عەرەبیەکانی بەغدادی تێ دایە، کە ئەگەر لەبەردەسدا بونایە، بێگومان ئەم کەشکۆڵەیان دەوڵەمەن ئەکردو، لەوانە بو هەندێ گۆشەی تاریکی مێژوی ئەو قۆناغەیان بۆ ڕۆشن بکردینایەتەوە، بەڵام من لام وایە: کار ئەگەر ناتەواوییش بێ ئەنجام بدرێ باشترە لەوەی کە هەر نەکرێ. بۆیە لەسەر تەواوکردنی کارە ناتەواوەکەم ڕانەوەستام.

-٣-

لە ژیانی سیاسی خۆمدا چەند جارێ توشی کەسانێ بوم، لایان وابوە کوردایەتی لەو ڕۆژەوە دەس پێئەکا کە ئەوان دەستیان پێ کردوە. ئەم بەڵگانەی لەم کەشکۆڵەدا کۆکراونەتەوە، نیشانەی تێکۆشانی کوردن، بە شێوەی جۆراوجۆرو لە مەیدانی جیاوازدا، لە قۆناغێکی دیاریکراوی گۆشەیەکی تەنگی نیشتمانە فراوانەکەماندا، لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا، کە ئێستا ناوی هەندێك لەچالاکەکانو بەشدارەکانی نەك هەر لەبیر چۆتەوە، بگرە کوێریش بۆتەوە.

لە خۆپیشاندانی بەر دەرکی سەرای سلێمانیدا، هەزاران کەس بەشدار بون، لەوانە دەیانیان کوژران و دەیانیان بریندار کران و دەیانیان گیران و سزادران. کێ ئەزانێ ئەوانە کێ بون؟

لەو هەوڵە سیاسییەدا کە سەدان کەس داویانە لەگەڵ بیلاطی شاهانەی عیراق و، حکومەتی بریتانی و کۆمەڵەی گەلاندا، بە مەزبەتەو عەریزەو نامەو بروسکە بۆ داننان بە ماف نەتەوەیی کوردا. لەسەر ئەمە، دەیان کەس لەوانە، توشی کێشەو نان بڕان و دورخرانەوە زیندان بون. کێ ئەزانێ ئەوانە کێ بون؟

شێخ مەحمود کە دواجار کەوتەوە سەرکردایەتی خەباتی سیاسی چەکداری کورد، ئەو هێزەی لەو شۆڕشەدا لە گەڵی بو، لە ٤٠٠ کەس زیاتر بو، لەوانە هەندێکیان کوژران و هەندێکیان بریندار بون و هەندێکیشیان گیران. کێ ئەزانێ ئەوانە کێ بون؟

هاوزەمان لەگەڵ ئەم هەوڵانەی کوردستانی عێراقدا، لە سوریا کۆمەڵەی خۆیبون دامەزراو، لە تورکیا شۆڕشی ئاگری دەستی پێکردو بە دڕندانەترین شێوە دامرکێنرایەوەو، لە ئێران سمکۆ بە فێڵ ڕاکێشرایە ناو داوی مردن و، کۆتایی بە جوڵانەوەکەی هات.. کێ ئەزانێ چالاکەکان و بەشدارەکانی ئەم جوڵانەوانە کێ بون؟

ڕەنگە کەم گەل هەبێ ئەوەندەی کورد لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بێ، سەرەڕای ئەمەیش هەندێ جار، هەندێ کۆلکە خوێندەواری خۆ بە ڕۆشنبیر زان، لە نەزانیەوە بە ناهۆشیاری یان لە قیندا بە ئەنقەست ڕابردوی گەلەکەیان و ناوی هەندێ لە چالاکەکانی بزوتنەوەکەی، بە ناڕەوا ئەشێوێنن.

هیوادارم ئەم هەوڵەی من بەشداریەکی بچوک بێ لە باسکردنی تەقەللاو زیندوکردنەوەی یادو ناوی هەندێ لەوانەی، لەو قۆناغەی خەباتی کوردا بەشدار بون و، ئێستا گومناون، ئەگەر بەم کارەم توانی بێتم خزمەتێ بکەم، بێگومان بە بەختیاریەکی گەورەی ئەزانم.

-٤-

هەندێ لە ناوی کاربەدەستانی ئینگلیز وەکو: کۆرنوالیس، هۆلت، ئێدمۆندز، لاین، گاون، ئالبن و دەیان ناوی تر... کە لەناو ڕوداوەکانی کوردستانی عیراقدا دوبارە ئەبێتەوە، ئەگەرچی لەو قۆناغەدا دەوری کاریگەریان لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی کوردی عیراقدا هەبوە، بەڵام ئەمانە لە کۆمەڵی ئینگلیزو لە مێژوی وڵاتەکەی خۆیاندا کەسانێك نین باس بکرێن و بناسرێن. لە چاو داوودەزگای گەورەو فراوانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیدا فەرمانبەرو موچەخۆری بچوك و نەناسراو بون، بەڵام لە بەختی ڕەشی کوردا ئەمانەی لێ بون بە ملۆزمی دەسەڵاتدارو بڕیار بەدەست.

-٥-

یەکێ لە کێشەکانی نوسینەوەی وتارەکانی ئەو کاتە، کێشەی نوسینی وشە عەرەبیەکانە بۆ نمونە: عصبە الامم، مندوب السامی، رئیس الوزراء، بناء علیه، مرعی الاجراء... ئەبێ چۆن بنوسرێن؟ ئەمانە:

١. خۆیان چۆن بە ئیملای عەرەبی نوسراون، وەکو خۆیان بنوسرێنەوە؟ عصبە الامم، مندوب السامی، رئیس الوزراء... وەکو چۆن لە زمانی عەرەبیدا ئەنوسرێن لە مەتنی کوردیشدا بەهەمان ئیملا بنوسرێن؟

٢. یان بە ئیملای کوردی بنوسرێن بێ ئەوەی دەسکاری حەرفە عەرەبیەکان بکرێ؟ بەڵام ئەوسایش دیسان کێشەیەکی تری نوسین دێتە پێشێ: عصبە الامم، بکرێ بە عیصبەتول ئومەم، عیصبەت ئەل ئومەم، عیصبەت ئەلئومەم، عیصبەتولئومەم...

٣. یان حەرفەکانی ض و ظ و ذ، بکرێن بە ز، س، ص بکرێن بە س و، ط بە ت.. ئەوسا: عصبە الامم ئەبێ بە عیسبەتەل ئومەم، عیسبەت ئەلئومەم، عیسبەت ئەل ئومەم...

تا ئێستا نوسەرانی کورد لەسەر هەڵبژاردنی یەکێ لەم ڕێنوسانە ساغ نەبونەتەوە، هیچ دەزگایەکی دەسەڵاتداریش ڕێنوسێکی پەسەند نەکردوەو نەسەپاندوو، لەبەر ئەوە هەرکەس بەپێی سەلیقەی خۆی ئەینوسێ و، ئەوەیش پاشاگەردانیەکی ئاشکرایە. منیش لەم ڕووەوە بە سەلیقەی خۆم ڕێگەی دوەمم گرتوەو

وشە عەرەبیەکانم، بێ ئەوە حەرفە عەرەبیەکانی بگۆڕم، وەکو خۆیان بە ئیملای کوردی نوسیوەتەوە.

-٦-

کێشەیەکی تر، کێشەی وەرگێڕانی بەڵگە ئینگلیزیو عەرەبیەکانی ئەو سەردەمەیە. بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوان مەتنە کوردیەکانی ئەو زەمانەی حەفتەنامەی ژیانو بەڵگەکانی پەیوەندیداردا دروست نەبێ، ئەبێ بە چ زمانو زاراوێ تەرجومە بکرێن؟ بەهەمان زمانو زاراوی ئەو زەمانەو بنوسین: جمعیتی اقوام، وزارتی مستملکات، حزبی عمله، یان بە زمانو زاراوی ئێستایی تەرجومەی بکەینو بنوسین کۆمەڵەی گەلان، پارتی لەیبەر، وەزارەتی کۆلۆنیەکان.. ئاخۆ ئەمە سەر لە خوێندەوار ناشێوێنێ؟ بۆ ئەم کێشەیەش تا ئێستا هیچ دەزگایەکی دەسەڵاتدار بڕیارێکی لێ نەداوە، هەرکەسێ بە سەلیقەی خۆی ئەینوسێ. منیش هەروام کردوە.

-٧-

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە لە دڵەوە سپاسی بەڕێز مامۆستا مستەفا دەلۆیی بکەم، کە لە دوسەرەوە خۆم بە قەرزاری ئەزانم، چونکە بیری کۆکردنەوەی ئەم کەشکۆڵەو لێدوانی باسەکانی، بەهۆی ئەو فایلەوە لە لای من دروست بو، کە لە هاوینی ١٩٩٥دا لە سلێمانی دایمێ. هەروەها بەشێکی گرنگی بەڵگەکان بە تایبەتی لێدوانی ڕۆژنامە عەرەبیەکان، مەحزەری کۆبونەوەکانی مەجلیسەکانی نوابو ئەعیانو، هەردو بەیاننامەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەو فایلەوە وەرگیراون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەڵکێکی زۆریشم دیوە لە لێدوانەکانی ئەوو ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەندێ بەشدارو شایەتەکانی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە کردویەتی.

پێڕست

١- كوردو پارلەمانی عیراق

١-١ مەجلیسەکان
١-١-١ مەجلیسی تەئسیسی
١-١-٢ گلەیی لە نائیبەکانی کورد
١-١-٣ هەڵبژاردنی ٩٢٨
١-١-٤ مەجلیسی نواب
١-٢ هەوڵی نائیبەکانی کورد
١-٢-١ کاروباری خوێندن
١-٢-٢ کاروباری ئابوری
١-٢-٣ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی
١-٣ کوردو ئینگلیز
١-٣-١ توانجێکی ڕاست بەڵام ناڕەوا
١-٣-٢ هەڵوێستی ئینگلیز لە خواستەکانی کورد

٢- كوردو پەیماننامەی ١٩٣٠

٢-١ وەزارەتی نوری سەعید
٢-١-١ سیاسەتی عیراقیی نوری سەعید
٢-١-٢ سیاسەتی کوردیی نوری سەعید
٢-١-٣ دانانی تۆفیق وەهبی
٢-١-٤ دەنگدانەوەی پەیمانەکە
٢-٢ هەیئەتی وەطەنییە
٢-٢-١ ئەمیر غازی لە کوردستان
٢-٢-٢ وەفدی وەزاری لە کوردستان
٢-٢-٣ ناردنی بروسکەو یادداشت
٢-٢-٤ بادینان و خواستەکانی کورد
٢-٣ هەڵبژاردنی ٩٣٠
٢-٣-١ شەڕی بەر دەرکی سەرا
٢-٣-٢ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سلێمانی
٢-٣-٣ دانانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ
٢-٣-٤ وەفدی کوردستان

٣- تێهەڵچوونەوەی شێخ مەحمود

٣-١ هەوڵدانی ئینگلیزی - عیراقی بۆ بێلایەن کردنی
٣-٢ چالاکیەکانی
٣-٣ لەشکرکێشیی عیراق
٣-٤ گەلەکۆمەکێی ٣ قۆڵی
٣-٥ خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود: کۆتایی قۆناغێك

٤- کوردو مەلیك فەیصل

٤-١ فەیصەل و کێشەی کورد
٤-٢ قانون اللغات المحلیە

٤-٣ جەیشی عیراق
٤-٤ فەیصەل مەلیکی سلێمانی
٤-٥ نە ئەو بەهارەو نە ئەو هەوارە

٥- کوردو کۆمەڵەی گەلان

٥-١ ڕاسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان دەربارەی کورد
٥-٢ هیوای کورد بە کۆمەڵەی گەلان
٥-٢-١ مەزبەتەکانی هەئیەتی وەطەنییە
٥-٢-٢ مەزبەتەکانی شێخ مەحمود
٥-٢-٣ مەزبەتەکانی تۆفیق وەهبی
٥-٣ ڕاپۆرتەکانی هێزی مانداتۆر
٥-٤ ڕەتکردنەوەی خواستەکانی کورد

کوردو پارلەمانی عیراق

١-کورد و پارلەمانی عێراق

١-١ مەجلیسەکان

١-١-١مەجلیسی تەئسیسی

لەکاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسیدا بەشێکی کوردستان بە تایبەتی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك، بەهۆی جوڵانەوەکانی شێخ مەحمودەوە، نا ئارام بو. ڕەوتی هەڵبژاردن، وەکو حکومەتی بریتانی ئەیویست لە کوردستان نەڕۆیشت، لەبەر

ئەوە ئەوانەی ویستیان لەباتی سلێمانی لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بن بانگ کران بۆ کەرکوك.

ئەرکی سەرەکی مەجلیسی تەئسیسی پەسندکردنی پەیماننامەی عیراقی – بریتانیو، دانانی (قانونی ئەساسی عیراق) بو، کە بەرنوسی هەردوکیان لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیەوە ئامادە کرابون. ئەگەرچی لەناو مەجلیسدا تاقمێ لە نائیبەکان دژی پەسندکردنی پەیمانەکە بون، بەلأم لەسەر هەرەشەی مەندوبی سامی مەلیك فەیصل بە نیوەشەو زۆری نائیبەکانی کۆکردەوە. ئەندامانی مەجلیس بە زۆرایەتی دەنگ پەیمانەکەیان پەسند کرد. نائیبە کوردەکان، هەمویان بە قازانجی پەسەندکردنی دەنگیاندا[1].

ئەگەرچی لەم مەجلیسەدا چەندین پیاوی ناسراوی کورد ئەندام بون، بەلأم پێ ناچێ کەسێکیان بەقازانجی کوردو سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی قسەیەکیان درکاندبێ.

لەم مەجلیسەداو، لەهەمو مەجلیسەکانی دوای ئەمیشدا کورد بەشدار بون، بەلأم وەکو تۆفیق وەهبی لە یادداشتەکەیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان نوسیویێتی: ژمارەی نائیبەکانی کورد لە مەجلیسی نوابدا لە چاو ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا زۆر کەمتر بوە. لە ٨٨ نائیب تەنیا ١١یان کورد بون.

لەپاڵ مەجلیسی نوابدا مەجلیسی ئەعیانیش دامەزرێنرا. نیوەی ئەندامانی ئەم مەجلیسە لەلایەن مەلیکەوە دائەنرا. لەمیشدا ژمارەی کورد کەم بوە. لە ٢٠ عەین تەنیا ٢ کەسیان کورد بون.

١-١-٢ گلەیی لە نائیبەکانی کورد

ڕۆژنامەی (ژیان)ی سلێمانی لەسەر ئەم نائیبانە بەوپەڕی توندییەوە لە سەروتارێکیدا نوسیویێتی: ((ئەمە ٣ دەورەی ئیجتیماعییەی موهیمی نیابییەیان تێ پەڕان، کەچی میللەت لە ئێوە بە تەواوی سەعییەك و فەعالییەتێکی نەدی)).

ئەگەرچی لە ژمارەیەکی کەیدا، لەسەر ئەم وتارە، پوزشتی بۆ نائیبە کوردەکان هێناوەتەوە، بەلأم لە وتارەکانی دواتریدا، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی خولی تازەدا، بەر ڕەخنەی توندو تیژی داون و نوسیویێتی: ((ئەمرۆ لیواکانی کورد

[1] السيد عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ط٣، لبنان، ١٩٥٨. ل٩٨–٩٩

دواکەتوی هەمو عیراقە. ئەمەیش بە واسیطەی مەبعوثەکانمانەوە بو، چونکە ئەو مەبعوثانەی کە لە ئەوەڵ دەورەدا ئینتیخابمان کردن، هەموی نا، فەقەط بە ئەکثەرییەت هیچ ئەوصافێکی مەبعوثیان تیا نەبو. پیاوی ئەو مەجلیسە نەبون. هەریەکێکیان بۆ مەنفەعەتی خصوصی خۆیان مەنفەعەتی عمومی میللەتەکەیان واز لێ هێنا بو، بۆ خاطری خۆیان گەورە بن هەر یەکە ئینتیسابی کرد بو بە یەکێ لە وەزیرەکانو پیاو بەدەستەکانی ترەوە. عادەتەن وەکو مادۆنێکی ئەوان تابیعی هەمو ئەفکارو ئەوامیریان بون هەتا نەتیجە وا دوایان خستینو لە هەمو ئەسبابێکی تەرەقی مەحرومیان کردن))[٢].

١-١-٣ هەڵبژاردنی ٩٢٨

لە جەنیوەری ١٩٢٨دا مەلیك فەیصەل بۆ دوەمین جار داوای لە عەبدولموحسین ئال سەعدون کرد وەزارەت پێك بهێنی. لەو کاتەوە کە بو بو بە مەلیکی عیراق (١٩٢١) تا ئەو کاتە (١٩٢٨) ئەوە شەشەمین وەزارەت بو لە مێژوی دەوڵەتی تازەدامەزراوی عیراقدا، لەسەر تەکلیفی مەلیك فەیصەل پێك بهێنرێ. مەلیك فەیصەل وەزارەتەکانی زو زو ئەگۆڕی، نەیئەویست هیچ کام لە سەرۆکی وەزارەتەکان ماوەیەکی درێژ لەسەر کار بمێنێتەوە.

سەعدون وەکو مەرجی پێشەکی وەرگرتنی ئەم کارە داوای لە مەلیك کرد مەجلیس هەڵبوەشێنرێتەوەو، بۆ دانانی مەجلیسێکی نوێ هەڵبژاردنی تازە بکرێ. بیانویشی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوە بو: کە وەزارەتەکەی ئەو چەند ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆدایە، لەوانە: چاوگێڕانەوە بە پەیمانی عیراقی - بریتانیو ڕێککەوتنی جەنگیو داراییو، مەسەلەی تەجنیدی ئیجباری. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەیش پێویستی بە زۆرایەتیەکی پتەوو نەگۆڕ هەیە لەناو مەجلیسدا کە پشتیوانی لە وەزارەتەکەی بکەن. مەجلیسی کۆن بە هۆی ناکۆکی حیزبەکانی بەشداریو، ناکۆکی ئەندامەکانیەوە لەرزۆكو نائارامە.

مەرجەکە قوبوڵ کرا. سەعدون وەزارەتی پێك هێنا. لەم وەزارەتەدا هیچ وەزیرێکی کوردی تێدا نەبو. پاش چەند ڕۆژی لە دامەزراندنی وەزارەتەکەی

[٢] ژیان، ژ١٠٣، ٢٣ی شوباتی ١٩٢٨

سـەعدون، مەجليسـى كـۆن هەڵوەشـێنرايەوەو، وەزارەتـى نـاوخۆ بـە بروسـكە موتەصەڕڕيفەكانى ئاگادار كرد كە دەسبەجێ دەس بكەن لە هەڵبژاردن.

هەڵبژاردن لە عيراقدا هەميشە جێگەى ڕەخنە بوە، چونكە حكومەت هەميشەو لەهەمو شـوێنى بـە ئاشـكرا دەسـتى تـێ وەرداوەو، لـە ديـاريكردنى نـاوى پاڵێوراوەكـانو، لـە دەرچوانـدنو دەرنـەچونياندا بڕيـاردەر بـوە. نـورى سـەعيد لـەم بارەيـەوە جارێ لەبەردەمى مەجليسدا وتويـەتى: ((ئـاخۆ لـە تواناداپـە، سـوێندتان ئـەدەم بە يـەزدان، نائيبێ، پايـەى لـە وڵاتدا هەرچيـەك بوبێو هەرچـەندێك خزمـەتى دەوڵەتى كردبێ دەربچێ، ئەگەر حكومەت نەيەت بيپاڵێوێ؟ من گرەو ئەكەم لەگەڵ ئەو كەسـەدا كـە چـەند بـە پلەوپايـەو بـە نيشـتمانپەروەرى خۆيـەوە بنـازێ، بـا ئێسـتا ئيستيقالە بكاو بڕوا. هەڵبژاردن ئەكەينەوە بەڵام نايخەينە ناو ليستەى حكومەتەوە، ئينجا ببينين ئـاخۆ ئـەم نائيبـە پايەبـەرزەى، كـە چـەندو چـەند لايـەنگرى لەپشـتە، ئەتوانێ دەربچێ بە نائيب؟))[٣].

ئەوسا هـەمو هاووڵاتييـەك مافى دەنگدانـى نـەبوە. تـەنيا ئەوانـە مـافى دەنگدانيـان هەبوە كە خانوو زەويوزاريان هەبوە. هەڵبژاردن بە دو قۆناغ ئەنجام دراوە. لە قۆنـاغى يەكەمدا ئەوانەى مافى هەڵبژاردنيان هەبوە (ناخب اولى) تاقميكيـان هـەڵبژاردوە (نـاخب ثانوي)، ئەوان نائيبەكانيان هەڵبژاردوە. لە شوباتى ١٩٢٨دا هـەڵبژاردنى (نـاخب اولىو ثانوي) تـەواو كـرا. حكومـەت بـۆ ئـەوەى پاڵێوراوەكـانى خـۆى دەربچێنـێ لـە هـەمو جێيـەك دەسـتى خسـت بـوە نـاو هەڵبژاردنەكـەوە. سـەرۆكەكانى يەكـە ئيدارييـەكان: موتەصەڕڕيف، سەرۆكى شارەوانى، قايمقام، مديرى ناحيەكان.. لـەناو ڕيـزى (ناخبـە ثانويەكاندا) بون، بۆ ئەوەى دەرچوانى پاڵێوراوەكانى حكومەت مسۆگەر بكەن.

گلەييـەكى زۆر هاتـە سـەر ئـەم هەڵبژاردنـە. سـەدان سـكاڵاو شـكات بـۆ مـەليكو دادگاكـان نوسـران. سـەعدون كـە سـەرۆكى وەزيـران بـو، خۆيشـى لـە ڕەخنـە ڕزگـارى نەبو. ناوى لە ليستەى (ناخب ثانوي)ەكانى بەغدادا بو، كـەچى لەسـەر شـارى بـەصرا هەڵبژێردرا بو بـە نـائيب، لـە كاتێكدا نـە خـەڵكى ئـەوێو نـە دانيشـتوى ئـەوێ، وە نـە

[٣] عبدالرزاق احمد النصيري، نوري السعيد ودوره في السياسة العراقية حتى عام ١٩٣٢، بغداد، ١٩٨٨، ل٢٢٧

خانویشی لەویٚ هەبو. ئەمەیش پێچەوانەی قانونی هەڵبژاردن بو. بۆ دەمکوتکردنی ناڕەزایی سەعدون هەندێ لە ڕۆژنامەکانی داخست.[٤]

١-١-٤ مەجلیسی نواب

لەکاتی ئەو هەڵبژاردنەدا کوردستان ئارام بو. شێخ مەحمود دوای پێکهاتنی لەگەڵ بریتانیا (١٩٢٧) لە گوندی پیران، لەسەر سنوری ئێران، بە گۆشەگیری دانیشت بو. دەستی وەرنەئەدایە کاروباری سیاسیەوە. پێ ئەچێ خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی، هیوایەکی زۆریان لەسەر ئەم هەڵبژاردنە هەڵچنی بێ. بە گەرمی بەشدارییان تێدا کردوە. ڕۆژنامەی ژیان لەم بارەیەوە نوسیویێتی: ((لەم بەینەدا بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوثانەوە شاری سلێمانی وەضعییەتێکی عەجایبی بە سەرا هاتوە. لەهەمو کۆڵانێك، لە هەمو چایخانەیەك و دیواخانەیەك قصەو بەحثی مەبعوثی تیکرار ئەکرێتەوە. حەتا دەوائیری حکومەت، ستونی غەزەتە، بەم مەوضوعە ئیشغال کراوە. هەر کەسە بە نەوعێك تەشویقات بۆ خۆی وە یا خزمێك و دۆستێکی ئەکات. ئەوانەی کە ئیقتیداری کاتبیەکی دائیرەیەکیان نیە هەوای مەبعوثی کەللەیانی پڕ کردوە. ئەوانەی تا ئەمڕۆ کوردییەت و میللییەتیان پێ عار بوە ئەمڕۆ بەلاف فیداکاری و وەطەنپەروەری گوێی عالەمیان کەڕ کردوە)) لە شوێنێکی ترا ئەڵێ: ((زائیرین ئەوەندە زۆر بوە دیوەخانانی پڕ کردوە. ئێمە بیستومانە کە لە کوردستانا هەر گەزۆ ئەبارێت، نەمانزانیوە کە ئەمساڵ پەڵەی مەبعوثی داوە))[٥].

لەم هەڵبژاردنەدا زۆر کەس خۆیان ناودێر کردوە، لەوانە هەندێکیان لە هاوکارانی پێشوی شێخ مەحمود بون، وەك مستەفا پاشای یاملکی، کە لە کابینەکەی شێخ مەحمودا وەزیری مەعاریف و، ماجید مستەفا کە تا ساڵی ١٩٢٧ یەکێ لە هاوکارە نزیکەکانی بو.

---

[٤] لطفي جعفر فرج عبدالله، عبدالمحسن السعدون: دوره في تأريخ العراق السياسي المعاصر، بغداد ١٩٨٨، ل٢٥٣

[٥] ژیان، ژ١٠٤، ١ی مارتی ١٩٢٨

هەڵبژاردن لە سلێمانیو، لە شوێنەکانی تری کوردستان، وەك شوێنەکانی تری عیراق بو. سەرۆکەکانی وحدە ئیداریەکان، نەك ویستی ئازادی دەنگدەرەکان، دەستی بڕیاردەریان هەبو لە هەڵبژاردنی نائیبەکاندا. لە ئەنجامی

١-٢-١ کاروباری خوێندن

کاربەدەستانی عیراق، بە بیانوی نائارامیو نەبونی ئاسایشەوە، کوردستانیان لە هەمو ڕویەکەوە پشتگوێ خست بو. یەکێ لەو مەسەلانەی کە نائیبەکانی کورد گرنگیەکی زۆریان پێ داوە مەسەلەی پەرەپێدانی خوێندنو کردنی بە کوردی بوە. لەم ڕوەوە ئەمین زەکی بەگ دو ڕاپۆرتی گرنگی ئامادە کردوە کە پشت ئەستور بون بە ژمارەو بیانوی بەجێ.

لە یەکەمیاندا ئەڵێ: ((لە لیوای موصڵ، هەولێر، کەرکوكو سلێمانیدا حاڵی حاضر ٣٨ مەکتەبی کوردی تیا مەوجودە، لە مەکاتیبی ئینتیدابیو ثانەوی کوردەکانا، لەسەر مینهاجی ڕەسمیی مەعاریف بۆ ٥٨ مەوضوع کە مەجبورن تەدریس بکەن تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردی هەیە. بۆ مەوضوعەکانی کە چونکە کتێب نیە طەلەبەکان مەجبورن نۆط بگرنو لەسەر ئەو نۆطانە مەحکومی سەعی کردنن. لاکین لە صینفە ئەولیەکانا چونکە طەلەبەکان بە تەواوی ناتوانن بنوسن مومکینیان نابێ نۆطێکی صەحیح بگرن..))[٦].

لە ڕاپۆرتی دوەمدا ئەڵێ: ((ئەگەر تەماشای واریداتی لیواکان بکەینو موقایەسەی بکەین لەگەڵ مەصاریفێکا کە بۆ مەعاریفیان تەخصیص کراوە لە ساڵی ٩٢٦ – ٩٢٧دا ئەبینین ئەو مەبلەغەی، کە بە غەیری مەکتەبە عومومیەکان، بۆ لیوای بەغداد صەرف کراوە عیبارەتە لە ٣٨٪ بە نەظەری وریداتەکەیەوە. لە موسڵدا ١٩٪ لە کەربەلادا هەتا ١٢،٥٪ لە دلێمدا هەتا ١٠٪ لە کەرکوکدا ٩٪ لە دیالەو بەصرادا ٨٪ لە مونتەفیك ٧٪ لە کوتدا ٥،٤٪ لە حیللەو عەمارەدا ٥،٣٪ لە ئەربیلدا ٣،٢٪ لە دیوانیەدا ٢،٥٪ لە سلێمانی ١٪.

((ئێستا موراجەعەت بە ویجدانی پاكو مونەزەهتان ئەکەم عەجەبا دروستە بۆ مەعاریفی لیوای بەغداد لە ٣٨٪ بە نەظەر واریداتەکەیەوەصەرف بکرێ کەچی لە

---

[٦] ژیان، ژ١١٨، ٢١ی حوزەیران ١٩٢٨

لیوای سلێمانیدا له ١٪ زیاتر صەرف نەکرێ وە یا وەکو ئەبینین لە لیوای دیوانیەو هەولێردا ٢،٥٪ یا ٣،٥٪ صەرف بکرێ؟))[٧].

لە ١ی حوزەیرانی ١٩٢٨دا نائیبەکانی هەولێر: مەعروف جیاوك، ئیسماعیل ڕەواندزی، جەمال بابان، عەبدوڵلا موفتیو، نائیبەکانی کەرکوك: محەممەد سەعید، محەممەد جافو، نائیبەکانی سلێمانی محەممەد صاڵح، صەبری، سەیفوڵلا خەندان، بە کۆمەڵ یادداشتێکیاندا بە وەزارەتی مەعاریفی عیراق. لەم یادداشتەدا داوای چاکردنو گەشەپێدانی خوێندنو پەروەردەیان کرد بو (لە جیهەتی شیمالدا)و، کۆمەڵێك پێشنیاری گرنگیان خستۆتە بەردەم کاربەدەستانی ئەو دەمی عیراق، لەوانە:

١- دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کاروباری خوێندن لە لیوا کوردنشینەکاندا، کە ناوەندەکەی لە یەکێ لەو شارانەدا بێ.

٢- پێکهێنانی لیجنەیەك بۆ دانانی کتێبو، وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان بۆ کوردی.

٣- کردنەوەی فێرگەیەك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان.

٤- کردنەوەی قوتابخانە بۆ کچان.

٥- کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو شوێنانەی پێویستن.

٦- کردنەوەی قوتابخانەی سانەوی.

١-٢-٢ کاروباری ئابوری

کوردستان لەو سەردەمەدا لە هەلومەرجێکی ئابوری دواکەوتودا بو. زەرەرو زیانی گیانییو وێرانیی سەردەمی جەنگی جیهانیو، دوای ئەوەیش نائارامی سەرومڕ، لەشکرکێشیو بۆردومانو شەڕی بەردەوام، وڵاتەکەی بەجارێ دواخست بو. ئەگەرچی ئەم نائیبانە چەند تەقەللایەکیاندا بۆ ئەوەی بودجەی تەرخان کراو بۆ کردنەوەی قوتابخانە، نەخۆشخانە، ڕێگاوبان لە کوردستاندا زیاد بکەن، بەڵام هەمیشە بە بیانوی نەبونی پارەوە زۆر لەم پێشنیارانە ڕەت ئەکرانەوە، لە کاتێکدا بەردەوام سەراو مەخفەری پۆلیسو سەربازگەیان دائەمەزراند.

---

[٧] ژیان، ژ١٢٩، ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٨

کـە باسـی دواکـەوتنی کوردسـتان و زۆر لێکـراوی کـورد ئـەکرا، هـەندێ لـە ڕۆژنامەکانی بەغداد، ئەیاننوسی، ئەم قسانە بێگانە فێری کردون، ئەگینا ژمارەکان پیشانی ئەدەن کە پارەی زۆر لە کوردستاندا خەرج کـراوە. لـە وەڵامـی یـەکێ لـەم وتارانەدا کە ڕۆژنامەی (البلاد)ی بەغدادی لەم بارەیـەوە بـڵاوی کردبـوەوە، نـائیبی هەولێر مەعروف جیاوك نوسیویێتی: ((ئەو نوسـەرە ئـەڵێ: وڵاتـی کـورد، لەو پارەیـەی خەزێنـە دەسـتی ئەکـەوێ، پارەیـەکی زۆری تـێدا سـەرف کـراوە. بـابچێت سـەیری بودجەی گشتی بکا بزانێ جگە لە دروستکردنی مەخفەرو قەڵا کـورد چـی تـری لێ دیوە؟ منیش ئەڵێم شارەکانی کورد شت کڕین و فرۆشتنیان هـەر لەگەڵ شـارەکانی عیراقە، ئەویش چونکە بەهەزاران دەستیان ئەکەوێ))[^8].

تۆفیق وەهبی‌یش لە یاداشتەکەی‌دا بۆ کۆمەڵەی گەلان ئەگێڕێتەوە کاتـێ کـە موتەصەڕڕیفی سلێمانی بوە داوای کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی کرد بۆ، بە بیانوی نەبونی پارەوە داواکەیان ڕەت کردۆتەوە، کەچی کە موتەصـەڕڕیفی موسڵ لە هـەمان ماوەدا داوای دروستکردنی زیندانێك ئەکا، یەکسەر پارەی دروستکردنی بۆ تـەرخان ئەکـەن. ئـەم سیاسـەتەی حکومـەت دیـارە بـەم چـەند نائیبـە نەئـەگۆڕا، لەبـەر ئـەوە نەیانتوانی دەسکەوتێکی ئەوتۆ بەدەس بێهنن.

١-٢-٣ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی

لوتکـەی چالاکیـەکانی نائیبـە کوردەکـان لـە مەجلیسـی نوابـی عـیراقی‌دا ئـەو یادداشتەیە کە ئیسماعیل بـەگی ڕەوانـدزی، جـەمال بابـان، محەممـەد صـاڵح بـەگ، سەیفوڵڵا خەندان، حازم شەمدین، محەممەد بەگی جاف، لـە نیسـانی ١٩٢٩دا داویانـە بەسەر وەزیران و مەندوبی سامی بریتانیا لە عیراق. لەم یادداشتەدا داوا ئەکەن:

١. لیوایەکی تازە بە ناوی لیوای دهۆك لە قەزا کوردیەکانی موسڵ دروست بکرێ.

٢. پـەروەردو خوێنـدنـی ناوچـە کوردیـەکان لـە بـەغدادو موسـڵ جیـا بکرێتـەوەو، دەزگایەکی تایبەتییان بۆ دابمەزرێ کە ناوەندەکەی لە یەکێ لە لیوا کوردیەکاندا بێ.

٣. لیوا کوردیـەکانی عـیراق: هـەولێر، سـلێمانی، کـەرکوك و، دهـۆك، لـە یەکەیـەکی بەڕێوەبەرایـەتی‌دا یـەك بخرێـن و، پشـکنەرێکی لێوەشـاوەی کـورد بـۆ سەرپەرشـتی کردنی دابنرێ، لە ڕێگای ئەم پشکنەرەوە ببەسرێ بە بەغدادەوە.

[^8]: البلاد، ژ٧٨، ١٩٣٠/٢/٩

٤. بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەم دەزگایە تەرخان بکرێ.

چالاکەکانی کورد لەو سەردەمەدا، جگە لە لیوای دهۆك، داوای پێکهێنانی لیوایەکی تریشیان کردوە لە ناوچە کوردنشینەکانی دیالەو کوت بەناوی لیوای باجەلانەوە. لەم عەریزەیەدا ئەمان توخنی ئەو باسە نەکەوتون. پێ ئەچێ ئەوەیش بۆ ئەوە بوبێ ئینگلیز نەڕەنجێنن، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئینگلیز دژی ئەم پرۆژەیە بون.

نیشتمانپەروەرانی کورد بە خۆشیەکی گەورەوە ئەم هەواڵەیان وەرگرتو، چەندین بروسکەی پشتیوانییان بۆ ناردن. بەلام ئەم خواستانە نەك هەر لە مەجلیسدا باس نەکران و فەرامۆش کران، وەك ئەگێڕنەوە مەلیك فەیصەل لەسەر ئەم یادداشتە وتویەتی: "ئەگەر بەدەستم بوایە ئەوانەی ئەمەیان نوسیوە هەڵم ئەواسین!" کاربەدەستانی ئینگلیزیش بە جولانەوەیەکی جیابونەوە خوازییان دانا. نائیبە کوردەکان ئیتر تەمێ خواردو بون، بۆ ئەوەی ڕەقی کاربەدەستانی عیراق هەڵنەستێنن، جارێکی تر توخنی باسی لەو بابەتە نەکەوتن.

١-٣ کوردو ئینگلیز

١-٣-١ توانجێکی ڕاست بەلام نارەوا

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، هەتا ئێستایش لایان وایە ئەم داواکارییانە بە هاندانی ئینگلیز بوە، بۆ ئەوەی هەڵوێستی حکومەتی عیراق لە گفتوگۆکانیدا لە بەرامبەر ئینگلیزدا لاواز بێ و، ناچار بێ مەرجە قورسەکانی قوبول بکا. بێگومان ئەمە ئیتیهامێکی بێ جێیە، چونکە:

یەکەم، دەوڵەتی عیراق، خۆی لە بنچینەدا دروستکراوی ئینگلیز بو، هەر ئینگلیزیش لەسەر پێ ڕایان گرت و لە هەڕەشەی ناوەکی (کوردو شیعە)و دەرەکی (تورك) پاراستیان.

دوەم، خواستەکانی کورد ڕەوا بون، ئەگەر ئەوان داواکانی کوردیان بسەلماندایە، ئەیانتوانی بە هەڵوێستێکی بەهێزەوە لە بەرامبەر ئینگلیزدا ڕابوەستن. داوای نائیبە کوردەکان لە پارلەمانی عیراق بۆ بایەخدان بە خوێندەواریو، کردنەوەی قوتابخانەو کردنی کتێبی قوتابخانەکان بە کوردی چ زیانێکی لە گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەب ئەدا؟ یان یەکخستنی ناوچە کوردنشینەکان و، هەبونی جۆرێ لە

بەڕێوەبەرایــەتی نــاوخۆ لــەژێر دەســەڵاتی نــاوەندیی عــیراقدا، چ زەرەرێکــی بەسەربەخۆیی عیراق و، قازانجەکانی نەتەوەی عەرەب ئەگەیاند؟ بەڵام ئەوانە هەمیشە (تنازل)یان بۆ ئینگلیزو هێزەکانی دەرەوە پێ سەربەرزانەتر بوە لە (تنازل) بۆ کورد.

ئەم قسەیە لەناو کوردیشدا دەنگی داوەتەوە. زۆر کەس لە ڕۆشـنبیرانی ئـەو زەمانە بەدگومان بون لە هەندێ لە سیاسیە چالاکەکانی کورد، لایان وابوە ئەو کارانە بە فیتی ئینگلیز ئەکەن بۆ ئەوەی بە وەزیفەیەکی گەورە پاداشتیان بدەنـەوە، یـان کێشەیەك دروست ئەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی ئینگلیز بە لای خۆیاندا ڕابکێشن. تا ناچار بن بە دامەزراندنیان لە دەزگایەکی حکومەتیدا دەمکوتیان بکەن. بێکەس لەم بارەیەوە وتویەتی:

بیـتو بـەینی...و... زەڕڕەیەك تێك چێ ئیتر

مەسئەلەی کوردایەتی ئەوسا بەجارێ خەست ئەبێ!

دیارە بێکەس مەبەستی لە تێکچونی بەینی عەرەب و ئینگلیز بوە.

یـەکێ لـەو توانجانـەی نوسـەرانی عـەرەب لـە کـوردی ئـەگرن ئەوەیـە نائیبـە کوردەکان لە پارلەمانی عیراقدا لە کاتی دەنگداندا هەمیشە دەنگیان بـەو پـڕۆژەو پـەیمان و ڕێککەوتننامانە داوە کە بە قازانجی ئینگلـیز بـون. پێداچونـەوەی لیسـتی ناوی دەنگدەرەکان، ڕاستیی ئەم قسەیە ئەسەلمێنن. بەڵام ئەمە توانجێکی ڕاستە بۆ سەلماندنی بەدگومانیەکی ناڕەوا.

١- هەڵوێستی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، چ ئەوانەی کاربەدەست و سیاسی بون و، چ ئەوانەی ڕۆژنامەوان و نوسەر، لەمەسەلەی کوردو خواستە نەتەوەییەکانی دۆستانە نەبوە، بەڵکو گرژو توند بوە. ئەمەیش ترسێکی ڕەوای لەلای کورد بە گشتی دروست کردوە، کە ئەگەر کاربەدەستانی عەرەب چاوی ئینگلیزیان لێ دیار نەبێ، ئەوا کورد ئەفلیقێننەوە. تورك چی بەسەر ئەرمەنی و کورد هێناوە، عەرەب ئەمانیش بەهەمان دەرد ئەبا. ڕۆژنامە عەرەبییەکانی بەغداد لـەم جـۆرە هەڕەشانەیان ئـەدا بـە گـوێی کـوردا. لەبـەر ئـەوە بـۆ پاراسـتنی خۆیـان، کـە لایـەنی لاوازو ژێردەسـتە بـون، لـە چەوسـاندنەوەی عـەرەب کـە لایـەنی بـەهێزو دەسـتەڵاتدار بـوە، بـون و مانـەوەی ئینگلیزیـان لـە عـیراقدا بـە پێویسـت زانیـوەو، لـەم ڕوانگەیـەوە بـە قـازانجی ئـەوان دەنگیان داوە.

٢- ئەوانـەی بون بە نائیب و عەین، ئەگەرچی زۆریـان لـەناو شـوێنەکانی خۆیـاندا، پیاوی ناسراوو خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بون، بەڵام هیچکام لەم نائیبانـە بـە

ئازادی لەلایەن کورد خۆیەوە هەڵنەبژێردراون. بە یارمەتی ئینگلیزو بەهۆی ئەوانەوە گەیشتونەتە مەجلیسەکانی نواب و ئەعیان. لەمەدا خۆیان بە قەرزاری ئینگلیز زانیوە، نەك بە هی گەلی کورد یا بە هی گەلی عیراق، بۆ دانەوەی ئەم قەرزەو دەستەبەرکردنی دەرچونەوەیان لە خولی داهاتوی هەڵبژاردندا، بۆیە دەنگیان بە قازانجی ئینگلیز داوە.

١-٣-٢ هەڵوێستی ئینگلیز لە خواستەکانی کورد

هەڵوێستی ئینگلیز بە ڕونی لەو نامەیەدا دەرئەکەوێ کە مەندوبی سامی بریتانی لە بەغداد، کیلبێرت کلایتن، دەربارەی عەریزەی نائیبەکانی کورد، لە ٢٠ی ئەپریلی ١٩٢٩دا واتە دەسبەجێ دوای پێشکەشکردنی، بۆ سەرۆکی وەزیرانی عیراقی نوسیوەو، بە ڕاشکاوی ئەڵێ:

((...لەبەر ئەوە، من لام وایە کە شتێکی بنەڕەتیە هەر ئارەزویەك بەرەو جیابونەوەخوازی لەناو پارچەیەکی هەر بەشێکی تایبەتی ئەم نەتەوەیەدا هەبێ دابمرکێنرێتەوە...)).

بەپێی تێگەیشتنی مەندوبی سامی خواستەکانی ناو عەریزەکە دو جۆرن: یەکەمیان ئەوانەن کە پێوەندییان بە خوێندن و پەروەردە هەیەو، دوەمیان ئەوانەن کە پێوەندییان بە یەکخستنی لیوا کوردیەکانەوە هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی نیمچە ئۆتۆنۆمدا. بیروڕای خۆی، کە بێگومان بڕیاردەر بوە لەسیاسەتی حکومەتی عیراقیدا، بەم جۆرە ڕون کردۆتەوە:

((دەربارەی خاڵی یەکەم، من هەمو هاودەردیەکم هەیە لەگەڵ ئارەزوی کوردەکاندا بۆ گەشەپێدانی پەروەردە کە تایبەتمەندییان بپارێزرێ لەناو سنوری ئەو بەڵێنانەدا کە پێشتر لەم نامەیەدا باسم کردن. بەڵام من هیچ بیانویەکم نیە باوەڕ بەوە بکەم کە حکومەت درێخی کردوە لە لێکۆڵینەوەی بەرژەوەندیەکانی کوردا لەم بارەیەوە لەناو سنورە تەسکەکانی توانای داراییدا. شتێکی ئاشکرایە لە دۆخی دارایی ئێستای دەوڵەتدا، مەحاڵە بتوانێ هەمو پێویستیەکانی پەروەردە لە وڵاتدا بە تەواوی جێبەجێ بکاو ئەمە تەنیا کاتێ ئەکرێ کە گەشەکردنی ئابوری

بۆژانەوەیەکی گەورەو پارەی پێویست پەیدا بکرێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەواوی پەروەردە، کە هەمومان بە ئاواتی ئەخوازین.

خاڵی دوەم، شتێکە ئەبێ حکومەت بەپێی پێویستیەکانی کارامەیی و گونجانی بەڕێوەبەرایەتی مامەڵەی لەگەڵبکا. بەڵام وەکو سەرەتایەکی گشتی دژی دانانی هەر ڕێوشوێنێکم کە بەرەو جیابونەوەخوازی بچێ نەك یەکێتی، من لام وایە کە باشترین قازانجی نەك هەر هی دەوڵەت بەگشتی بەڵکو هی کوردیش بەتایبەتی، لەوەدایە، کار بکەن بۆ پشت بەستن بە یەکتری و هاوکاری نزیکتر...)).

مەندوبی سامی بۆ ئەوەی ڕێ لەهەر هەوڵێکی تریش بگرێ، کە ڕەنگە لای وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی بریتانی بدرێ، لە نامەیەکدا کە بۆ ئەم مەبەستە بۆ بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەلاتی نوسیوە، ئەڵێ: ((لەم دواییانەدا بزوتنەوەیەکی جیابونەوەخوازانە لە لیوا کوردیەکاندا سەری هەڵداوەتەوە کە خۆی نواندوە لە ژمارەیەك عەریزەدا کە دراون بە مەلیك، سەرۆکی وەزیران و من...)).

مەندوبی سامی لە گەڕانەوەیدا بۆ عیراق، یەکێ لەو باسانەی لەناو گفتوگۆکانیدا لەگەڵ سەرۆکی وەزیرانی تورکیاو وەکیلی وەزیری دەرەوەی کردوە، کێشەی کورد بوە. لەو ڕووەوە بە ڕاشکاوی بە کاربەدەستانی تورکیای وتوە کە سیاسەتی بریتانی لە عیراقدا ئەوەیە: ((کورد هان بدەن وەکو هاوولاتی دڵسۆزو ڕازی لەناو دەوڵەتی تازەی عیراقدا بژین))و، ئەڵێ: ((بیری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ شتێکی گەوجانەو لە کردن نەهاتوە. هەر واتەواتێك دەربارەی ئەوەی کە حکومەتی خاوەن شکۆ هانی شتی وا ئەدا درۆیە...)).

بەڵگەکانی:
١- کوردو پارلەمانی عیراق

{} لە العراقەوە:

شکڵی ئیدارەی مەخصوصە لە مەنطیقەی کوردیدا لە نوطقی ئەخیری ڕەئیسەل وەزراوە تەلخیص کراوە: ئەم وڵاتە ئەگەر حقوقی جەمیعی عەناصیری عیراقی تەئمین نەکرێ مومکین نیە بژی لازمە کە حقوقی کورد بدرێ. وە لازمە هەرچەند موەظەڤ ئەوان بێ لە خۆیانو لەناو خۆیاندا تەعیین بکرێ. وە لوغەتی کوردی لوغەتی ڕەسمیی بێو لە مەدرەسەکانیاندا تەدریسات بە لوغەتی کوردی بێ. ئێمە لەسەر خۆمان فەرض کردوە ئەم حەقە بدەین.

لەپاش ئەو شەرطە کە ئیعلان کراو هەمو مەندوبەکانی عیراق بە چاکیان بینی بە هەمو وەزارەتا تەبلیغی ئاتی ئیجرا کرا: شوبهە نیە کە مەعالی ئێوە ئاگاتان لە تەعەهودی ڕەئیسەل وزەرا هەیە کە لە مەجلیسی نوابا داویەو بۆ ڕۆژی ئەوەڵ ئیعلان کراوە ئەو خیطابە سیاسیە تەضەمونی ئەوە ئەکا کە حکومەت ئەم مەنهەجو مەسلەکە قوبوڵ بکا لە ئیدارەی مەناطیقی کوردیدا عومومی موەظفین لە خۆیان بێو لوغەتی کوردی لوغەتی ڕەسمیی بێ. فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرا ئەمری پێ کردین کە ڕجا لە ئێوە بکەین بۆ تەطبیقی ئەمە بەذلی جەهد بکەین.[٩]

{} بۆ مەبعوثێکی حەق لەژێر پێ نەر

لە ژمارەی (٢١٤٩) غەزەتەی العراقدا دیمان کە لە مەجلیسی نیابیدا لە ئەثنای موذاکەرەو موناقەشەی میزانیەی مەعاریفدا نوابی موحتەرەمەی کەرکوکو ئەربیل جەنابانی نەشئەت ئیبراهیمو یوسف ئیبراهیمو ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ناتەواوی مەعاریفی ئەلویەی شیمالیەو عەدەم عینایەتی حکومەتیان تەنقیدو، لە ئەلویەی مەذکوردا بە کوردی تەعمیمی تەدریساتیان داوا، لەگەڵ ئەمانەیشدا کردنەوەی مەکتەبێکی ثانەوی لە ئەربیلو ئیکمالی ثانەوی کەرکوکیان طەلەبو بەیان کردوەو جەنابی ئەمین زەکی بەگ ئەمەی تەئیید فەرموە، موقابیل بەم ئیدیعا حەقانەیە یەکێ

---

[٩] ژیان، ژ١٣، ٢٢ی نیسانی ٩٢٦

لـە ڕەفیقـەکانیان جـەنابی داود حـەیدەری بـەگ کـە ئـەویش بـۆ تـەئمینی مـەنافیعو مەقاصیدی مەشروعەی میللەت ڕەوانەکراوی ئەربیلـە وتویـەتی: "لـە ئیدیعـای لزومـی تەدریسات بە زبانی کـوردی موخـالیفی ڕەفیقـەکانم، وە لەسـەر موسـامەحەکردنی تەدریسات بە زبانی کوردی، مەعاریف بەهەمو هێزی خۆم تەنقید ئەکەم. لە ئەلویـەی سەرودا مەعاریف زۆر ناتەواوە، قوتابیەکانی ئەو ناوە نە بە کوردیو عـەرەبیو نـە بـە تورکی ئەتوانن قسە بکەن".

لەبەر ئەوەی ئەم قسانە لە زبان مەبعوثـێکی کوردەوە لە مەجلیسی میللـەتدا بەیان کراوەو بۆ عالەمی کوردایەتی تەجاوزێکە، مەجبور بوین کە بڵێین ئەم بەیاناتە لیسانی حاڵی هیچ فەردێکی میللەت نیە ئیللا جەنابی مەبعوث خۆی نەبێ.

ئەوەلەن: صەرفی نەظەر لەمەی کە کوردی حـەقی مەشروعو لیسانی میللیمانـەو لـە نەتیجـەی فەلاکـەتو موصیبـەتی گـەورە گـەورەدا نـائیلی بویـنو بـە قـەراری لایەتـەزەلزەلی جەمعیـەتێکی وەکو عیصبـەتول ئومـەم پێمـان بەخشراوە، ئەمڕۆ هـەمو میللـەتێ موقەدیمـەی خوێنـدنو تـەحصیلیان بەلیسـانی مـادەرزادی خۆیـان دائەمـەزرێنن، حـەتتا بـۆ تـەئمینی ئـەم مەقصـەدە حکومـەتی مەتبوعـەی عادلـەی عیراقیش لە کەرکوکدا بە تورکی موسـاعەدەی تەدریسـاتی لوطـف کـردوە زیـرا لـە لایەنی هەموو ئەصحابی عەقڵی سەلیمو شارەزایانی ئوصوڵی فەنی تەعلیمو تەدریس موصەدەقە کە تـەحصیلی ئینتیدابی بە لیسانی میللی ئـەو طەلەبانـە بکرێ چاکترو شایانی ئیستیفادەترە لەمەی بە زبانێکی بێگانە بکرێ.

ثانیەن: لە ئەلویەی شیمالیەدا لەسەر بە کوردی تەدریسات موجیبی تـەنقیدی مـەعاریف نیـە، لـە پێش هـەمو شتێکدا دانیشتوانی ئەلویـەی شیمالی بـە ئەکثەریـەت کـوردەو، ئەمـەیش لـە دوای تـەدقیقو وردبونەوەیـەکی ئاشـکرایی‌دا غـەیرە قـابیلی ئینکار ثابیت بوە، لەبەر ئەمە شایانی تەنقید مەعاریف نیە بە کورد خوڵقاو بونمانـە، وە ئەو کەسەیە کە ئەم حەقەی پێ بەخشین.

ثالیثەن: قوتابیەکانمان زۆر چاك ئـەتوانن بـە کـوردی قسـە بکـەن، ئەگـەر نەیکـەن ئەبێ چۆن کوردێك بن؟ وە لەبەر ئەمەی یەکێ لـە مـەوادی پرۆغـرام تەدریسـاتی زبـانی عەرەبیـە هیـچ شـوبهەی نیـە عـەرەبییش ئـەزانن. بینائـەن عەلەیـهی جـەنابی داود حـەیدەری بـەگ هـەروەکو موخـالیفی ڕەفیقـەکانی بـو، بەیانەتەکەیشـی خیـلافی

حەقیقەتو واقیع بو. جددەن جای تەئەسوفە مەبعوثێك كە بۆ تەئمینی ئامالو مەقاصیدی كۆمەڵێك ڕەوانە كرابێو لەو مەوقیعەدا حەقی تەكەللومی بە سایەی ئەوانەوە دەست كەوتبێ كەچی بیلعەكس ضەربە لە بناغەی ئەمەلی میللەت بداو بیەوێ بیڕوخێنێو لە حەقێك كە بە هەزار كوێرەوەریو فەلاكەت دەستڕەسی بوین مەحرومیان بكات. ئەگەر لە مەجلیسدا مەقصەد لە موعارضەو موناقەشە جەلبی ضەرەرو ڕوخاندنی ئەساساتی میللیەی خۆمان بێ، وەكو مەبعوثەكانی ئێمە ئیختیاری سكوتو ئیعلانی بێ طەرەفی كردن بە لامەوە گەلێ چاكترو موصیبترە! م.ا.[10]

{} بۆ وەكیلە موحتەرەمەكانمان

((ئەی وەكیلانی میللەت!

ئەی ئەو ذاتانەی كە موقەدەراتی میللەتێكتان تەودیع كراوە!

ئەی ئەوانەی كە ئەم وەظیفە موقەدەسە، موهیمە، حەیاتیەتان قوبوڵ كردوە!

ئەی ئەو شەخصانەی میللەت موقابیل بە هەمو چاكەیەكیان تەقدیرو خراپەیەكیان مەسئولیان ئەكات!

ئەی وەكیلە موحتەرەمە كوردەكانمان! ئەم خیطابەمان لەگەڵ ئێوەیە. وە ئەم هاوارەمان هەر موقابیل بە ئێوەیە.

ئێمە نامانەوێ بەحثی دەورەكانی كە بكەین. لە دەورەكانی كەدا ئەوی ئیشێكی كردبێو حسابێكی دابێ بە میللەتەكەی خۆی هەر مەعالی ئەمین زەكی بەگی وەكیلی موحتەرەممان بوە.

بەڵام توخودا: ئێوە هیچ بە عمومی زانیوتانەو لێكتان داوەتەوە كە چ وەظیفەیەكی موقەدەسو حەیاتیتان تەودیع كراوەو گرتوتانەتە ئەستۆی خۆتان؟ عەجەبا نازانن وەطەنەكەتان لە چ حاڵێكایە، غەیری حقوق، لە هەمو ئاثارێكی عیمرانو تەرەقی لە مەعاریف، صەنایع، تیجارەت، زەراعەت، ئیقتیصادیاتدا چەندە مەحرومە؟ وە ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە چەند مەحكومی مردنە. وە نازانن بۆ ئەوەی بژی، تەرەقی بكات حقوقی چنگ كەوێ هیواو ئومێدی هەر بە ئێوەیە؟

ئێوە ئەبێ بزانن كە ئینتیخاب كردەی میللەتێكی یەك ملیۆن نفوسین. وە لە دواتانەوە پشتیوانێكی موهیمو بەقوەتی وەك ئەم میللەتە هەیە. وە ئەبێ بزاننو لە

[10] ژیان، ژ٦٨، ٣١ی مایسی ٩٢٧

هەمو کەسێکی مەعلوم بکەن کە ئەمڕۆ لە مەجلیسی مەبعوثانی عیراقدا کۆمەڵێکی زۆر هەیە کە تەمثیلی شەعبێکی موهیمی وەکو کورد ئەکات.

موقابیل بەم وەظیفە موهیمەیاتانو لە حاڵێکا کە ئەزانن میللەتەکەتان ئەمەندە دواکەوتوەو ئەبێ فەوقەلحەد سەعی بۆ بکرێت کەچی مەعەلئەسەف هەتاکو ئێستا نە لە مەجلیسداو نە لە خاریجەوە بە نەشریانو تەشەبوثات کەس خدمەتێکی لە ئێوە نەدیو فەعالیەتێکیان نەنواندو تەئمینی یەکێ لە مەقاصیدانی میللەتتان نەکرد)).[11]

{} ویستنێکی مەشروع

بۆ طەلەبی تەطبیقی ئەو ئیمتیازەی کە هەیئەتی عالی عصبە الامم لە حەلی ولایەت موصلا بە کوردەکانیان بەخشیوەو بۆ ئەوەی ئەم حقوقەو، ئەم ئیمتیازە بە تەواوی لەهەمو موحیطی کوردستانا تەطبیق بکرێ لە چواری ئەم مانگەدا لە طەرەف مەبعوثە موحتەرەمە کوردەکانەوە تەقریرێك تەقدیمی ڕەئیسەلوزەرای عیراقو فەخامەتی مەندوبی سامی کراوە. وە بۆ ئەوەی هەمو کوردەکان لەم مەسئەلەیە حاڵی بن صورەتێکیشی بۆ دەرجی لە غەزەتەدا بۆ ئیدارەخانەی ژیان نێرراوە.

وا صورەتی ئەو مەطالیبەی کە وەکیلە موحتەرەمە خۆشەویستە بە قیمەتەکانمان طەلەبیان کردوە بە تەرجومەکراوی نەشر کرا.

وە دەرەجەی حسسییاتو مەسروریەتی میللەتەکەیش بەرامبەر بەم فەعالیەتەی کە وەکیلە خۆشەویسەکانمان بۆ موحافەظەی حقوقو بۆ بەرزبونەوەی وڵاتو میللەتەکەمان کردویانە بە موفەصەلی عەرض ئەکرێ.

فەخامەتی ڕەئیسەلوزەرای عیراق!

صورەتێکی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق!

لەو وەقتەدا کە لوجنەی عصبە الامم خەریکی حەلی مەسئەلەی موصڵ بو، لە تەقریرەکەیانا تەوصیەیان کردبو بە دانی بەعضێ ئیمتیازاتی ئیداری بە میللەتی کورد.

لەخصوص ئیدارەیانەوە بۆ تەئمینی مەصالیحیان صەلاحیەتو حوڕیەتێکی کامیلەیان پێ بەخشی بون، بەڵام مەعەلئەسەف ئەم ئیمتیازاتە کە لازم بو لە عمومی کوردستانا تەطبیق بکرێ هەر مونحەصیر کراوەتە سەر لیوای سلێمانیو هەولێرو، ئەم ڕێیەی لە خصوص تەطبیقی ئەم ئیمتیازەوە حاڵی حاضر گیراوە فائیدەیەکی

[11] ژیان، ژ١٦٤، ٤ی نیسانی ٩٢٩

عیلمی، ئیقتصادیو ئیدارەیەکی باش کە ڕەغبەتیان لەسەر بێ بە کوردەکان نابەخشێ.

وە مەعلومە ئەم ئوصولەو ئەم ڕێیەی کە ئێستا بۆ تەطبیقی ئەم ئیمتیازە گیراوەو، کە حکومەت زۆر صعوباتی تیا ئەکێشێ، نەتیجە فائیدەیەکی باشیشی نابێ بۆ کوردەکان.

کەواتە لازمە بۆ تەطبیقی ئەم ئیمتیازە تەشکیلاتێکی عمومیو واسیعتر بکرێ کە زیاتر مولائیم بێ بۆ حقوقی کوردەکانو ئەو وەقتە بە طەبیعی ئەم بارە قورسەیش لە سەرشانی حکومەت سوك ئەبێتەوە.

بە قەلبێکی صەمیمیەوە ئیستیرحام ئەکەین تەماشای مەطالیبەکانی خوارومان بکەن. وە بە عەجەلە تەوەسولو صەلاحیەت بدەن بۆ ئەم تەشکیلاتە مەطلوبە موصیبەیە.

١- لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە لیوای موصڵ لە وەضعیەتی حاضرەیدا عیبارەتە لە ٢٤ ناحیەو ٩ قەضا، وە ئەم قەضایانەیش ئەمانەن: شێخان، عەقرە، زێبار، عەمادیە، زاخۆ، دهۆك، تەلەعفەر، سنجارو، نەفسی قەضای موصڵ. وە ئەگەر بڵێین ئەکثەریەتی عەشائیرو ئەهالی ئەم قەضایانە موافیقی لوغە، تاریخو عادەتیان کوردن شتێکی تازە ناڵێین. وە ئەو خەریطەیەی کە لوجنەی عصبە الامم لەسەر ئەساسێکی جنیسیەت لەم خصوصەوە ڕەسمی کردوە لەبەر چاومانەو بە ئاشکرا ئیثباتو ئیضاحی ئەمە ئەکات.

غەیری ئەمیش جیدەن زۆر زەحمەتە بۆ موتەصڕیفی لیوای موصڵ کە دائیمەن لە ناو ئەم مەنطیقە واسیعەدا بگەڕێو ئاگاداری هەمو ئەحواڵی ئەهالیەکە بێو، دیسانەوە بۆ ئەهالیش زۆر زەحمەتە کە بۆ ئیشی حکومەتییان دائیمەن بێنە مەرکەزی لیواو، لەبەر ڕێ دوریو لەبەر ئەوەی کە لە زبانی کوردی زیاتر لیسانێکی کە نازانن‌و لەبەر ئەوەی کە وەضعیەتی مالیەیشیان موساعید نیە لەبەر ئەوە ئیقتیراح ئەکەین تەشکیلی لیوایەکی کوردی بکەن کە مەرکەزەکەی دهۆك بێو بە لیوای دهۆك ناو ببرێو، قەضای عەقرە، زێبار، عەمادیە، زاخۆ مولحەقی ئەم لیوایە بنو تەشکیلاتی ئەم لیوایەش بەپێی تەشکیلاتی لیواکانی ئێستای شیمال بێو موعامەلاتی ڕەسمیەیان ببێ بە کوردی.

٢- وە لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە موازەنەو میقیاسی میللەتێك هەر مەعاریفەو هەر مەعاریف ژینو سەعادەتو ئیستقبالی میللەتێك تەئمین ئەکات. وە عەکسی ئەمە ئەگەر میللەتێ مەعاریفی نەبێ مەحکومی مردنو ذیللەتە. وە ئەگەر بە

مونصیفانه تەماشای وەضعیەتی مەعاریفی لیوا کوردیەکان بکەین و لەگەڵ مەعاریفی مەنطیقەکانی کەدا موقایەسەی بکەین موتەئەسیفانە چاومان پێ ئەکەوێ کە مەعاریفی مەنطیقەی کوردستان بە دەرەجەیەك دوا کەوتوە کە ئینسان موتەئەثیر ئەکات. وە وا ئەزانین ئەم دواکەوتنەی مەعاریفیش هەر لەبەر ئەوەیە کە مەربوطی مودیریەتی عومومیە لە بەغداد کە هیچ ئیهتیمام ناکات بۆ ئیکمالی ئەو واسیطانەی کە مەعاریفی ئەم مەملەکەتەی پێ تەرەقی ئەکات. وە غەیری ئەمیش ئەسبابێکی تری هەیە کە بە نیسبەت صەدەوە میقدارێکی زۆر کەمی بۆ مەعاریفی کوردستان صەرف ئەکرێت. وە ئیهتیمام ناکرێت بە تەرجومەو تەئلیفی کتێبان.

لەبەر ئەوە ئیقیراحیش ئەکەین کە بۆ مەعاریفی ئەم لیوا کوردانە مودیریەتێکی مەعاریف تەعین بکرێ کە مودیرەکەی کوردێك بێ و مەرکەزەکەیشی لە یەکێ لەم لیوا کوردیانە بێ.

٣- تەوحیدی ئیدارەی چوار لیوا کوردەکە بکرێ کە سلێمانی، کەرکوك، هەولێرو دهۆکە. وە بۆ ئەمانە تەشکیلی موفەتیشیەتێکی عام بکرێت کە ڕەئیسەکەیان یەکێ بێ لە کوردەکان کە ئیقتیداری کیفایەتی بۆ ئەم وەظیفەیە مەعلوم بێ کە موراقەبەی هەمو ئیشوکاری ئەم لیوایانە بکات و موتەصەرِیفی لیواکانیش موراجەعەتی پێ بکەن و صەلاحیەتێکی تەواویشی بدرێتێ و مەربوطی پایتەختی حکومەتی عیراق بێ و، لە لیوا کوردەکانا تەمثیلی هەموو وەزارەتەکان بکات. وە بۆ ئومووری مالیە، ئیقتیصادیە، صحیە، عەدلیەیش هەیئەتێکی لەژێر دەستا بێ بۆ ئیستیشارە.

٤- طەلەب لە حکومەت ئەکەین کە سەعی بکات بۆ تەعدیلی بەعضێ مەواد لە قەوانینی عیراقدا ئەوانەی کە ئەزانرێ بە نەظەر وەضعیەتی جوغرافیای ئەو مەنطیقەیەوە بۆ حقوق ئەهالیەکەی موساعید نیە تەطبیق بکرێ و، ئیقتیراح ئەکەین تەطبیقی مەوادی قانونی ئەراضی بکەن بە صورەتێك کە لە دو ساڵ کەمتر نەبێ بۆ ئەوەی کە تەسهیلاتێك بێ بۆ مەصالیحی ئەهالیەکەو تەشجیعیشیان بکات کە بۆ تەسجیلی ئەراضیەکانیان تەشەبوث بکەن بە مەجانی.

٥- ئیقتیراح ئەکەین بودجەی عمومی ئەم مەملەکەتە - مەنطیقەیە موافیقی نیسبەتی لای خوارەوە صەرف بکرێ. لە میزانیەی عمومی ئەو مەبلەغەی کە بۆ دەوائیری مەرکەزیە تەخصیص ئەکرێ لێی تەنزیل بکرێ باقیەکەی تری مساواتەن یا بە نیسبەتی نفوسەوە یا بە پێی واریداتیان بەسەر لیواکانی کەدا تەقسیم بکرێ. وە لازمە مەسئەلەی گومرگی عمومیش بە نەظەرێکی دیقەت بگیرێ.

ئـەی فەخامەتمـەئاب! لەگـەڵ ئـەم حسـیاتە چاکـەی ئێمـە هەمانـە بەرامبـەر بـە حکومـەت هیچ مـانعێك نـابینین بـە ئیحتیرامــەوە مـەطالیبی میللەتەکـەمان تـەقدیمتان بکـەین بـە صیفـەتێك کـە ڕەئیسـی حکومەتەکـەن‌و ڕجـا ئەکـەین ئـەم مەطالیبــە بـە نەظـەرێکی دیقـەت تـەحقیق بفـەرمون کـە چـەند بـۆ زەراعـەت‌و تـەرەقی ئـەراضی‌و طوروقی مواصەلات مان چاکەو لە تەطبیقا چەند ئیدارەمان تەوسیع‌و وەضعیەتمان چاك ئەکات، ئێمە غەیری شتێك نەبێ کە تەطبیقی زۆر باش‌و مومکینە طەلەبێکی تر ناکەین کە بۆ حاڵەت‌و وەضعیەتی مالیەو سیاسیەی عیراق خراپ بێ.

دیسانەوە تەعظیماتی فائیقەمان تەقدیم ئەکەین.

ئیسماعیل نائیبی هەولێر، جەمال بابان کەذا، محەممەد صاڵح نائیبی سلێمانی، سەیفوڵلا نائیبی سلێمانی، حازم نائیبی موصڵ، محەممەد جاف نائیبی کەرکوك.[١٢]

{} ئەی وەکیلانی میللەت! ئەی خۆشەویستانی هەمو قەومی کورد!

صورەتـی تەرجومـە کـراوی تـەقریرە بەقیمەتەکـەتان کـە لـە نوقطـەی محافەظـەی حقوقی میللەتی کوردەوە داوتانە لەسەرەوە دەرج کرا.

فەعالیـەت‌و جیددیـەتێك کـە بـۆ ئیحقـاقی حـەقێکی مەشـروعی کوردەکـان‌و بـۆ تـەرەقی‌و تـەعالیان ئیبرازتـان فـەرموە، سرورو خۆشیەکی خستە دڵی هـەمو میللـەتی کوردەوە.

میللەت خۆی زۆر بەختیار ئەزانێ کە وەکیلێکی عالی‌و بە قیمەتی وەکو ئێوەی هەیە. بۆ ئەم مەطالیبە مەشروعەی کە ویستوتانە هەمو پشتیوانتانن.

بــەخصوصی بــە نــاوی ژیانــەوەو بــە عمومــی بــە نــاوی میللـــەتی کــوردەوە تەشەکورتان ئەکەین هەربژین.[١٣]

{} جوابی غەزەتەی العراق بە تاریخی ٩ی نیسانی ٩٢٩

بەرامبەر بەو تەقریرەی کە وەکیلە خۆشەویستەکانی میللـەتی کورد بۆ طەلـەبی حقوقی میللەتەکە دابویان بە غەزەتـەی العراق ٩ی نیسـانی ٩٢٩ تـاریخ‌دا چاومـان بـە چەند دێڕێك کەوت.

[١٢] ژیان، ژ١٦٦، ١١ی نیسانی ٩٢٩

[١٣] ژیان، ژ١٦٦، ١١ی نیسانی ٩٢٩

ئێمە چونکە زبانی حاڵی میللەتی کوردین هەرچەند لەسەرمان واجب بو جوابی بدەینەوە بەڵام بۆئەوەی حسیاتی کوردەکان تەحریك و نەتیجەی شتێکی خراپ تەولید نەکات نەمان ویست دورودرێژ جوابی بدەینەوە. هەر ئەمەندە ئەڵێین بۆ العراق زۆر عەیب و فکرێکی غەلەطە کە بە هەمو حسیاتیەوە میللەتێکی شەجیع، صاحیب شەرەف وەکو کورد تەهدید ئەکات و ئەیترسێنی بەوەی کە ئەڵێ: ((کوردەکان طەلەبی وا بکەن وەکو ئیدیعای ئەرمەنیەکانی لێ دێت کە موقابیل بە تورکیا کردیان و نەتیجە بەم حاڵە گەیشتن)).

ئەی صاحیب و مەحەرِیری العراق! بەجدی عەرضت ئەکەین کورد هیچ وەقتێك خۆی بە ئەرمەنی نازانێ و عیراقیش بە تورکیا. کورد بەو شەرطە لەگەڵ عیراقا ئەژی نەك وەکو غەزەتەکانی خاریج ئەڵێن و ئەنوسن: ((ئەبێ ئەم دو میللەتە وەکو بەریطانیاو ئوسکۆتلاند بژین و تەماشای یەکتری بکەن)) بەڵکو کورد ئەیەوێ زیاتر تەماشای بکرێ.

رجا لە ئەولیای ئومور ئەکەین ئەگەر ئەیانەوێ ئەم دو میللەتە بە یەکەوە بژین نابێ مەیدان بدەن شتی وا بنوسرێ. چونکە غەزەتەکانی کوردیش مەجبور ئەبێ موقابیل بە هەمو تەعەرِوضێك نەك مودافەعە بەڵکو هجوم بکات. هەر ئەوەندە ئەڵێین.[14]

{} لە کیلبێرت کلایتن (Gilbert Clayton)، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق بۆ عەبدولموحسین ئال سەعدون، سەرۆکی وەزیرانی عیراق

بەغداد، ٢٠ی ئەپریلی ١٩٢٩

لەم یەك دو حەفتەی رِابوردودا، کۆپی چەند عەریزەیەکم پێ گەیشتوە کە دراون بە حکومەت، یان بە بێ ناو بڵاوکراونەتەوە، لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگای کوردیەوە، لەوانە ئەو عەریزەیەی کە دراوە بە پایەبەرزتان، لام وایە ئەمە هەلێکە بۆ ئەوەی بیروڕای خۆم لەسەر مەسەلە گشتیەکە بۆ پایەبەرزتان رِون بکەمەوە.

پایەبەرزتان باش ئاگادارە لەومەرجگەلەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەربارەی پاراستنی هەندێ ماف و ئیمتیازاتی کوردەکان لە عیراقدا داینابون. ئەم مەرجانە کران بە مەرجی بەلاداخستنی رِەزامەندانەی کێشەی سنوری موسڵ و، حکومەتی

[14] ژیان١٦٧، ١٥ی نیسانی ١٩٢٩

خاوەن شـکۆی بریتانیـایش دڵنیـایی‌دا بـە کۆمەڵـە کـە ڕێزیـان ئـەگیرێ. حکومـەتی عـیراقیش هاوبـیر بـو کـەم دڵنیـایی دانـەدا، منیـش دڵنیـا کـرام کـە بــە دڵســۆزیەوە بەڵێنەکانی کە دراون بەجێ هێناوەو، لە پاشەڕۆژیش‌دا هەروا بەردەوام ئەبێ.

لەلایەکی ترەوە، ویستی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیایە ببینێ یەکگرتنی هـەمو ئـەو توخمانـەی کـە دانیشـتوانی عـیراق پێـك ئـەهێنن لـە دەوڵـەتێکی جێگـیرو پێکەوە گونجاو. هەر بە پێڕەوی سیاسەتێکی وەها عیراق ئەتوانێ ببێ بە ئەندامێکی بەهێزو گەشاوەی کۆمەڵگای گەلان.

لەبـەر ئـەوە، مــن لام وایــە کــە شــتێکی بنەڕەتیــە هــەر ئارەزویــەك بــەرەو جیابونـەوەخوازی لـەناو پارچەیـەکی هـەر بەشـێکی تایبـەتی ئـەم نەتەوەیــەدا هـان نـەدرێ، ئامانج ئـەبێ پشـت بەسـتن بـێ بـە یـەکتری‌و هاوکـاری بـێ لـە نێـوان کۆمـەڵگا جیاوازەکان‌دا. هیوادارم لەچەند ساڵی داهاتودا پێشکەوتنێکی دیار لـە گەشـەکردنی ئابوری‌دا ببینرێ، شتێکی ئاشکرایە کە هەر یەکێتی ئامانج ئەتوانێ زیادبونی گشتی لە خۆشگوزەرانی‌دا دابین بکا، ئاسـودەییەك کـە هـەمو بەشـە جیاوازەکـانی دانیشـتوان وەکو یەك هاوبەشی بن.

من وا تێبینی ئەکەم خواستە تایبەتیەکانی کە لە عەریزەکەدا خراونەتە بەرچاو ئەمانەن:

أ- پەرەپێدانی دامودەزگا پەروەردەیەکان لە ناوچە کوردیەکان‌دا.

ب- دامـەزراندنی لیوایـەکی کوردیــی جیـاواز کـە ناوەندەکـەی لـە دهـۆك بـێ‌و، ســـەرەنجام یەکخســـتنی هـــەمو لیـــوا کوردیـــەکان لـــە چەشـــنی پشـــکنەرایەتی (موفەتیشییەت)ی نیمچە ئۆتۆنۆم‌دا.

دەرباری خاڵی یەکەم، من هەمو هاودەردیەکم هەیە لەگەڵ ئارەزوی کوردەکان‌دا بۆ گەشەپێدانی پەروەردە کە تایبەتمەندییان بپارێزێ لەناو سنوری ئەو بەڵێنانەدا کە پێشتر لـەم نامەیـەدا باسـم کـردن. بـەڵام هۆیـەك نیـە کـەوا بکـات لـەو بـاوەڕەدابم کـە حکومەت درێخی کردوە لە لێکۆڵینەوەی بەرژەوەندیـەکانی کوردا لـەم بارەیـەوە لـەناو چوارچێوەی توانای دارایی‌دا. شتێکی ئاشکرایە لە دۆخی دارایی ئێستای دەوڵەت‌دا، مەحاڵە بتوانێ هەمو پێویستیەکانی پـەروەردە لـە وڵاتدا بـە تـەواوی جێبـەجێ بکـاو ئەمـە تـەنیا کاتـێ ئـەکرێ کـە گەشـەکردنی ئـابوری بوژانەوەیــەکی گــەورەو پــارەی

پێویست پەیدا بکرێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەواوی پەروەردە، کە هەمومان بە ئاواتی ئەخوازین.

خاڵی دووەم شتێکە ئەبێ حکومەت مامەڵەی لەگەڵ بکا بەپێی پێویستیەکانی کارامەیی و گونجاوی و بەڕێوەبەرایەتی. بەڵام وەکو سەرەتایەکی گشتی دژی دانانی هەر ڕێو شوێنێکم کەبەرەو جیابوونەوەخوازی بچێ، نەك یەکێتی، من لام وایە کەباشترین قازانجی نەك هەرهی دەوڵەت بەگشتی بەڵکو هی کوردیش بەتایبەتی، لەوەدایە، کاربکەن بۆ پشتبەستن بەیەکتری و هاوکاری نزیکتر بۆ ئەوەی هەموو کەرتەکانی دانیشتوان، وەکو یەك بەشداربن، لەزیادکردنی ئەو گەشانەوەیەدا، کەباوەڕم وایە لەئەنجامی تەقەڵلاکانی حکومەت دا ئەبێ بۆ گەشە پێدا نی سەرچاوەکانی وڵات.*

{} لە کیلبێرت کلایتن (Cilbert Clayton)، مەندوبی سامی بریتانیەوە لە عیراق بۆ سێر جۆن ئی. شەکبێرگ (Shuckburg)، لە داونینگ ستریت، لەندەن

بەغداد، ٢٢ی ئەپریلی ١٩٢٩

لەم دواییانەدا بزوتنەوەیەکی جیابونەوەخوازانە لە لیوا کوردیەکاندا سەری هەڵداوەتەوە، کە خۆی نواندوە لە ژمارەیەك عەریزەدا کە دراون بە مەلیك، سەرۆکی وەزیرانو، منو، هەندێکیش بەبێ ئیمزا بڵاوکراوەتەوە کە زۆر توندڕەوانەترنو، کۆپیەکانی ئەوانیش لەلایەن موفەتیشە ئیداریەکانی ناوچە کوردیەکانەوە نێردراون.

عەریزەکان بە زمانێکی هێمن داڕێژراونو بەشێوەیەکی سەرەکی باسی داوای دامودەزگای پەروەردەیی زۆرتر ئەکەن لە زمانی کوردیو، یەکخستنی لیوا کوردیەکان لە ناوچەیەکی جیاوازدا سەر بەخۆیان بێ.

مەلیكو هەروەها کۆرنوالیس، هەردوکیان پێشنیاریان کرد کە ئەم بزوتنەوەیە ئەبێ لەسەرەتاکەیەوە مەهار بکرێ بۆ ئەوەی گرنگییەکی گەورەتر پەیدا نەکا. پێ ئەچێ بەشیکی بگەریتەوە بۆ ئەو تەنگوچەلەمە وەزاریەو، لەوانەیە زۆرتریش بگەریتەوە بۆ هاتنی من بۆ ئیرەو بەدەستهینانی پشتیوانی من لە ئاواتەکانی کورد. لەبەر ئەوە، من وام بیر کردەوە شتیکی باشە پاڵ بدەم بە پاڵ ئارەزوی حکومەتی عیراقەوە، بیروبۆچونی خۆم بۆ ئەوان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەربڕم، نامەیەکم بۆ سەرۆکی وەزیران نوسی، لەوە کۆپیەکت لەگەڵ ئەم بەریدەدا پێ ئەگا.

---

* (FO371/13759)

ویستم لەم مانگەدا سەری لیواکانی سەرو بدەم، بەلاّم چونکە تەنگوچەڵەمەی وەزاریی بەلادا نەکەوت بو، ئەبو سەردانەکەم واز لیٚ بهیٚنم، بەلاّم وا دەرئەکەویٚ نەچونەکەم بە خیٚر گەڕابیٚتەوە.

لام وایە نابیٚ ئەمە ببیٚتە هۆی بەهەڵە تیٚگەیشتن، بەلاّم پیٚم وایە باشە هەندیٚ شت لەبارو دۆخەکە بزانی، بەتایبەتی چونکە زۆر لەوانەیە هەندیٚ مەزبەتە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕیٚ بدۆزیٚتەوە بۆ لای سکرتیٚری دەوڵەت یا شویٚنی تر.*

{} بە موناسەبەتی حلولی ئیجتیماعی میللییەوە بۆ مەندوبە موحتەرەکەکانمان، نائیبو واجیباتی:

ئوصوڵی نیابەت ئوصوڵیٚکی دیموقراسیە. ئەمڕۆ دەرەجەی ئەهمییەتو لزومی وەك (موتاعەرەفە)یەکی لیٚ هاتوەو لیٚ دوانی زائیدە. ئەساسی مەوضوعی ئیٚمە تەدقیقو تەحقیقی ئەم ئوصوڵی موهیمەی حەیاتیە نیە، چونکە تەقریبەن لە ئەواخیری عەصری هەژدەمەوە هەتا ئیٚستا، عولەما، تیٚگەیشتوانی غەربو شەرق خەریکی تەشریحی ئەم مەسئەلەیەن. باوەڕ ناکەم کەس مابیٚ ئینکاری چاکی ئەم ئوصوڵی ئیدارەی حکومەتە بکات.

ئەوەی ئیٚمە کردومانە بەسەر لەوحەی مەقال: وەظیفەو واجیباتی وکەلای ئوممەتە. لا عەلەل تەعین هەر ئوصولیٚك وەلەو حائیزی هەمو ئەوصافیٚکی نافیع بیٚ، بە شەرطی حسن ئیدارەو ئیستعمال نەکریٚ، فائیدەیەکی مەطلوبەی لیٚ ئیستحصال ناکریٚ. بینائەن عەلەیهی ئەم ئوصوڵی نیابەتەیش ئەگەر لە طەرەف صاحیٚب لیاقەتو ئیقتیدارەوە تەطبیق نەکریٚ لە جیٚگەی نەفع ضەرەر ئەبەخشیٚ.

لەپاش ئەم موقەدیمەیە بیٚینەوە سەر ڕۆحی مەسئەلە، ئیٚوە ئەی حەضەراتی وەکیلانی ئوممەتی بیٚچارەی کورد، ئەم خیطابەمان لەگەڵ ئیٚوەیە. ئەبیٚ بزانن کە هەمو قەوانینو نیظاماتی حکومەت تا ئیٚوە تەصدیقی نەکەن ناکریٚ، وە لەم خصوصەوە مەئسول، ئەم مەجلیسەی ئیوەیە. ئەم مەجلیسە هەمو بەجاریٚ تەمثیلی میللەتەکەی خۆی ئەکات. کوللی مەندوبیك لە طەرەف ٢٥ هەزار کەسەوە تەوکیل کراوەو حقوقی ئەم ٢٥ هەزار کەسە تەودیعی ئۆبالی ئەو کراوە. ئەو کورسیەی کە لە مەجلیسدا ئیشغالی ئەکەن شەرەفیکی ٢٥ هەزار کەسی هەیە. ئەبیٚ بزانن کە دائیمەن هەر یەکیك لە ئیوە ٥٠ هەزار چاو چاوەروانی خذمەتو فەعالییەتی لی ئەکات.

---

* .(Fo371/13759)

ئەمە ۳ دەورەی ئیجتیماعییەی موهیمی نیابییەیان لی پەران، کەچی میللەت لە ئیوە بە تەواوی سەعییەك و فەعالییەتیکی نەدی، طەبیعی لە حەضەراتی ئیوە بەعضیکتان چاوتان پێ کەوتوە وەیا بیستوتانە کە ئەلوبیەکانی جنوب ئەمڕۆ لە خصوص هەمو شتیکەوە تەکامولی کردوە، هەمو مالەزەمەیەکی بۆ ئیحضارو هەمو ئیحتیاجاتیکی دەفع کراوە. طەبیعی لیواکانی خۆیشتان دیوە. لازمە موقایەسەی بکەن. عەجەبا ئەسبابی ئەم هەمو نوقصانیەو دواکەوتنە نازانن؟ . طەبیعی ئەیزانن کە مەندوبەکانی ئەوان لە داخلی حدودو صەلاحییەتی خۆیانا هەمو نەوعە تەشەبوثیکیان کردوە. واجیباتی مەودوعەی خۆیانیان بەجێ هیناوەو بۆ میللەتەکەیان تێ کۆشاون. هەتا بەم نەوعە میللەتەکەیان مەمنون و خۆشیان لای ئەوان خۆشەویست کردوە.

ئەبینین کە ئەکثەر لە نوابەکانی جنوب بۆ فەحص و تەدقیق ئیحتیاجاتی ئیقتیصادی، عیلمی، صیحی ئەسورینەوەو حەتا خاریجی مەنطیقەی ئینتیخابییەکان ئەگەرین لە ضەرورەت و لەوازیماتی میللەت تێ ئەگەن. بۆ پیکهینانی ئەمانە ئیرشادو تەوصیەی حکومەت ئەکەن و بەو نەوعە واجیباتی موقەدەسەی خۆیان ئیفا ئەکەن. کەچی هیشتا زۆر لە ئیوە ئەمەندە مەراقی نەکردوە کە لە داخلی مەنطیقە ئینتیخابیەکەی خۆیا گەشت و گوزارێ بکات. ئیحتیاجاتی ضەرورەتی میللەتەکە تەدقیق و بۆ ئیکمالی نەواقیصی تەشەبوثیك بکات.

وەقتێ بێ لیکدانەوە کە دەستی تەصویتیان بۆ قانونی (رسم فواکەو اثمار) هەلبری ئەبوایە بتانزانیایە کە فەرمانی ئیفلاسی و مەحوبونەوەی میللەتیك ئیمضا ئەکەن.

لازم ئەکات حەضەراتی ئیوەش: عمومی مەندوبەکانی کورد لە زەمانی عوطلەدا گەشت و گوزاری عمومی ئەراضی لیوا، قەضا، ناحیە حەتا دیهاتەکانی مەنطیقەکەتان و مەنطیقەی یەکتری بفەرمون و لە ڕۆح، لە ئیحتیاجاتی میللەتەکە تێ بگەن و هەموتان دائیمەن موتەفیق عەینی وەکو ڕۆحیك، جسمیك حەرەکەت بکەن. ئەم نەواقیصاتانەو ئیحتیاجاتی میللەتە کە ئەیبینن ئیرشادو تەوصیەی حکومەتی بکەن و، ئەگەر وا بەو نەوعە ئیتیفاق و شارەزایی مەناطیقی یەکتری بن ئەتوانن دائیمەن لە مەجلیسا کیتلەو پارطیکی موهیم و بەقوەت تەشکیل و ئیحتیاجاتی میللەتەکە بە ئەکثەرییەت بە حکومەتی ئیکمال بکەن. وە میللەتەکە لە ضەرەرو زیان محافظەو ویقایە بفەرمون ئەوسا میللەت بە کەمالی جیددییەتەوە فەخرتان پیوە ئەکات و بە موقەدەستان ئەزانێ.

ئیتر رجا ئەکەین کاریکی وا بکەن کە بۆ ئینتیخاباتیکی کە بە شەرەفەوە ئومیدی تەوکیل کردنتان لە میللەتەکە بکەن.
ئیتر ئینتیظاری فەعالییەتو مەساعی مەشکورەتان ئەکەین![١٥]

{} ئیجتیماعی مەجلیسی مەبعوپانو ئەعیان:

لە ١ی مانگا مەجلیسی مەبعوثانو ئەعیان ئیجتیماعیان کردوە لە نەتیجەی ئینتیخاباتا بە ئەکثەرییەت فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی مەبعوثانو لە نەتیجەی ئینتیخاباتی مەجلیسی ئەعیانا مەعالی یوسف ئەفەندی سویدی ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی ئەعیان.

تەئجیلی مەجلیسی مەبعوثانو ئەعیان: لەسەر ئیرادەی مەلەکییە مەجلیسی مەبعوثانو ئەعیان چلو پینج رۆژ تەئجیل کراوە.[١٦]

{} وەزارەتی عیراق:

غەزەتەی بەغداد تایمس نوسیویتی کە مەوقیعی وزەرای عیراق باع نیە عومری دریژیان شەش حەوت رۆژی ترە. فەقەط غەزەتەکانی تری بەغداد ئەم خەبەرە تەکذیب ئەکەن چونکە ئەلین لە عیراقا وەضعییەتیەکی وا روی نەداوە کە ببێ بە سەبەبی سقوطی هەیئەتی وەزارەت.[١٧]

{} مەجلیسی مەبعوثان:

موافیقی مادەی ٢٣ی قانونی ئەساسی چونکە لازمە ئەگەر غەیبوبەتی جەلالەتی مەلیك لە ٤ مانگ تەجاوزی کرد مەجلیسی مەبعوثان کۆ ببیتەوەو لەو خصوصەوە

[١٥] ژیان، ژ٨٧، ٢٥ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٧
[١٦] ژیان، ژ٨٩، ٨ی تشرینی ثانی ١٩٢٧
[١٧] ژیان، ژ٨٩، ٨ی تشرینی ثانی ١٩٢٧

موذاكەرەو قەراريك بدەنو جەلالەتى مەليكيش چونكە سەفەرەكەى لە ٤ مانگ تەجاوزى كرد ئيرادەى مەلەكييە صادر بوە كە بۆ موذاكەرەى ئەم خصوصە لە ٧ى مانگا مەجليسى مەبعوثان كۆ ببيتەوەو ئيجتيماع بكا.[18]

{} بە موناسەبەتى عەودەتى جەلالەتى مەليكى خۆشەويستو فەعالى عيراقەوە:[19]

{} طەلەبى عەفو:[20]

{} سقوطو تەشكيلى قابينە: لەبەر ئەوەى فەخامەتى رەئيسەل وزەرا جەعفەر پاشا لە رياسەتى قابينە ئيستعفاى كردو ئيستيعفاكەيشى لە طەرەف جەلالەتى مەليكەوە قوبوڵ فەرمورا. ئيرادەى ملوكانە صادر بو كە فەخامەتى سير عەبدولموحسين بەگ ئەلسەعدون رەئيسەل وزارەيەتى دەرعوهدەو قابينە تەشكيل بفەرمويت، لە طەرەف فەخامەتيەوە قابينە لەم ذاتانە كە لە خوارەوە ئيسميان دەرج كراوە تەشكيلو كورسى وەزارەتيان ئيشغال فەرموە:

رەئيسەل وزەراو وەزيرى خاريجييەو وەكيلى ديفاع سير عەبدولموحسين بەگ ئەلسەعدون.

وەزيرى داخلييە	عەبدولعەزى ئەلقەصاب.
وەزيرى عەدلييە	حيكمەت سولەيمان بەگ.
وەزيرى مالييە	يوسف غنيمە.
وەزيرى مەعاريف	تۆفيق بەگ ئەلسويدى.
وەزارەتى زەراعەتو رەى	سليمان ئەلبەرراك.
وەزارەتى ئيشغال	عەبدولموحسين ئەلشەلال.
وەزيرى ئەوقاف	ئەلشيخ ئەحمەد داود.[21]

[18] ژيان، ژ٩٤، ١٣ى كانونى ئەوەلى ١٩٢٧

[19] ژيان، ژ٩٥، ١٧ى كانونى ئەوەلى ١٩٢٧

[20] ژيان، ژ٩٦، ٣ى كانونى ثانى ١٩٢٨

[21] ژيان، ژ٩٨، ١٧ى كانونى ثانى ١٩٢٨

{} **صورەتی موتەرجەمەی تەلەغرافی ژمارە ١٠٦٧و**
رۆژی ١٩ی ١ی ٢٨ی وەزارەتی داخلییە:
بۆ موتەصەریفی سلیمانی:[٢٢]
{} **قصەی حەق وەلەو رەقیش بێ نابێ کەس پێی ناخۆش بێ:**[٢٣]

{} **وەزارەتی تازە:**[٢٤]

{} **خیطابیك موقابیل بە هەمو میللەتی کورد:**[٢٥]

{} **ئیعلان:**[٢٦]

{} **بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوپانەوە چەند قصەیەکی رەق ئەمما ناخۆش:**[٢٧]

FO371/14521

لە سیر هەمفریسەوە

بۆ لۆرد پاسفیلد

١٢ی دیسەمبەری ١٩٣٠

٤- بۆ رۆژی دوایی عیصمەت پاشا و شوکری کەیا وەڵامی تەلەفۆنەکانیان دامەوە، لەسەر پەیوەندی تورکی - عیراقی دواین، بەتایبەتی سەبارەت بە کوردستان. من رونم کردەوە کە سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆ، وەکو هێزی ئینتیداب لە عیراقدا، ئەوەبو کە عەرەب هان بدا کە بە تعاطف و عەدالەتەوە رەفتار لەگەڵ کورد

---

[٢٢] ژیان، ژ٩٩، ٢٤ی کانونی ثانی ١٩٢٨
[٢٣] ژیان، ژ١٠١، ٩ی شوباطی ١٩٢٨
[٢٤] ژیان، ژ١٠٢، ١٦ی شوباطی ١٩٢٨
[٢٥] ژیان، ژ١٠٣، ٢٣ی شوباطی ١٩٢٨
[٢٦] ژیان، ژ١٠٣، ٢٣ی شوباطی ١٩٢٨
[٢٧] ژیان، ژ١٠٤، ١ی مارتی ١٩٢٨

بکەن وەکورد هان بدا کە وەکو هاوولاتی دلسۆزی دەولەت تازە دامەزراوی عیراق بژین. بیری کوردستانیکی سەربەخۆ گەوجانەو لە جێ بەجێ کردن نەهاتوە، هەر واتەوانیك دەربارەی ئەوەی کە حکومەتی خاوەن شکۆ هانی دابن درۆ بوە.

لەوەلامی ئەوەدا کە حکومەتی عیراق چ هەنگاوێ ئەنێ بۆ ئەوەی ئەو کوردانە دالدە نەدا کە لە بەردەم سوپای تورکدا هەلدی بۆ عیراق. وتم حکومەتی عیراق هەرچیەکی لەتوانادا بێ ئەیکات بۆ چەککردنی پەنابەرانی کوردو ریگەیان نادا ئەرزی عیراق وەکو بنکە بەکاربهینێ بۆ چالاکی عەسکەری دژی تورکو، دلنیام کردن کە هەر سەرنەکەوتنێ لە دانانی ریوو شوینی کاریگەرو گونجاودا ئەگەریتەوە بۆ نەبونی توانا نەك بۆ نیازی باش.

هەروەها وتم کە لیژنەی هەمیشەیی سنور بەتەنیا ئەتوانێ بەشداری بکا لە جیگیرکردنی ئاسایشی سنوردا ئەگەر بایەخی زۆرتر بە جێبەجێ کردنی بریارەکانی بدرێ. ئەگینا باشتر وایە هەرلایەك بە ریگەی خۆی دریژە بە ئیجرائات بدا.

هەردو وەزیرەکە زۆر روخۆش بون دلنیایان کردم کە رازین لە بۆچونی دۆستانەی حکومەتی عیراقو بەلینیاندا هاوئاهەنگی بکەن بۆ ریگرتن لە پەلامارداني سنور، کە لەم دواییانەدا زەرەری بەرچاویان گەیاندوە بە خواروی کوردستان، کە رەنگە بگەریتەوە بۆ کیشانەوەی مەخفەرەکانی تورك لەناوچەکانی سەر سنور.

٥- عیصمەت پاشا لە میوانداریەکەی نیوەرۆدا کە سیر جۆرج کلارك کردی... پێی وتم کە هیچ گلەییەکی راستەقینەی لە عیراق نیە، بەلام هیوادارە بە زویی هەول بدرێ شیخ بارزان بهینریتەوە ژیر کۆنترۆل، کە هاودەردیەکی کاریگەری نیشان داوە لەگەل یاخییانی کورد لە تورکیا.

تیبینی لەسەر ئەو گفتوگۆیانەی لە ئەنکەرە کراوە لە نیوان نوری پاشا سەعیدو سەرۆك وەزیرانی تورکیاو وەزیری کاروباری دەرەوە

گفتوگۆکانی لەگەل عیصمەت پاشاو دکتۆر تۆفیق روشدی بەگ لەسەر سێ مەسەلە دوا کە دەکرێ وا کورت بکرینەوە:

١. مەسەلەی ئاسایشی سنورەکانی نیوان تورکیاو عیراق کە لە دوای پەیماننامە سێ قۆلیەکەی سالی (١٩٢٦)دا هاتە ئاراروە: بەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە وا کەوتەوە کە حوکمەتی تورکی زۆر سەغلەتە بەوەی کە نابێ چیتر ریگە بدرێ چالاکی زیاتر لەلایەن هەندێ لایەنی شەرخواز لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی شیخی بارزاندا ئەنجام بدرین. من خۆم سەرسامی خۆم دەربری کە بۆ دەبێ سەبارەت بەو مەسەلەیە

ئەوەندە خۆیان سەغلەت کردبێ، چونکە ئەوەندەی من ئاگادار بووبم بۆ ماوەیەکی ئەوەندە کورتخایەنیش نەبوە کە زانیومانە شیخی بارزان جۆریك لە یارمەتی و چەکی لەو ناوچانە وەرگرتوە کە کەوتونەتە ناو سنوری تورکیا. کە عیسمەت پاشا پرسیاری لی کردین بۆ بەخشینی پتر زانیاری لەمەر ئەو مەسەلەیەو ئاخۆ بلێی ئیمە وا زەن بکەین کە حوکمەتی تورکی هانی شیخی بارزان بدات یان چەکی بۆ دابین بکات. من وا وەڵامم دایەوە کە تەواو لەو بارەیەوە من دلنیا نیم، بەڵام ئیمە هۆکاری خۆمان بەدەستەوەیە کە ئەو یارمەتی‌یە بەو چەشنە لە سنورەکانی تورکیاوە پەریوەتەوە، لەوانەشە لەلایەن هەندێ لە سەرۆك خیلەکانی کوردەکانی ناو تورکیاوە هاتبێ.

دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە ئامادەگی خۆیان دەرخست بەوەی کە هیزە تورکی‌یەکان لەسەر سنور مۆڵگە داکوتن، دەبێ حوکمەتی عیراقی هەندێ هەلمەتی سزادان دژ بە شیخی بارزان ئەنجام بدات، لەو حالەتەدا هیزەکانی پاراستنی سنوری تورکیا دەتوانن هەر یەکیك بگرن کە بەو سنورەدا دزە بکات و بیەوێ بپەریتەوە ناوچەکانی ژیر دەسەڵاتی تورکیا. پاش گرتن، تەسلیم بە دەسەڵاتدارانی عیراقی دەکاتەوە. من بۆ ئەو مەسەلەیە سوپاسم کردن و پیم وتن لە حالەتیکدا عیراق بیەوێ هەندێ کاری سزادەرانە ئەنجام بدات، باشترین وەرز بۆ ئەم مەبەستە بەهارە، نەك پاییز، چونکە پاییز وەرزیکە لی ناگەرێ ئۆپراسیۆنی سەربازی دریژخایەن ئەنجام بدرێ، لەبەر زۆر هۆ کە یەکیك لەوانە دەست پێ کردنی بارانە، جگە لە ناخۆشی ریگاوبان، لەگەڵ زانینی ئەو حەقیقەتەی کە ئەم ناوچانە بە بونی حکومەتیکی شارستانی رانەهاتون، ئەو هەمو فاکتەرانە کە وا دەکەن ئۆپراسیۆنی سەربازی نوشوستی بینێ، بە دیوی ئەودیودا وا دەکات کە بواریکی فراوان برەخسێ بۆ لەبەرگرتنی هەندێ هەنگاوی بەرگری‌کردن کە لەلایەن هەلگەراوەکانەوە دەگیریتەبەرو وا دەکات ئەو هەلمەت و پاکسازی‌یە سەر نەگرێ و تەنگ و چەلەمەی بیتە سەر رێ.

لە (١٩٣٠/٩/١٨) چاوم کەوت بە بەرپرسی کاروباری تورکیا لە بەغداد کە پێی راگەیاندم ئەو ئۆپراسیۆنەی سوپای تورکیا لە ناوچەکانی (ئارارات) بەریوەی برد کۆتایی هاتوەو سەربازەکانی تورك روەو ناوچەیەکی دیکە ملیان ناوە کە دەکەویتە رۆژئاوای دەریاچەی (وان)، ئاواتیشی خواست کە هەر هەمو ئۆپراسیۆنەکان لە ماوەیەکی کورتدا کۆتاییان بێ. پاش ئەوە...بەرپرسی کاروباری تورکی گەرایەوە سەر هەندێ مەسەلە کە من لە ئەنقەرەش گویم لی ببو، لەمەر دلنیاکردنەوە لەوەی کە سوپای تورکی لەسەر سنورەکانی نیوان عیراق و تورکیا جیگیر دەبێ و لەوێ چاوەرێ و چاودیر دەبێ، لەو کاتەی کە حوکمەتی عیراق هەندێ پەلامارو هەلمەتی

سزادەرانە دژ بە شیخی بارزان بەریوە دەبات. من سوپاسم کردو دلنیام کرد کە حکومەتی عیراقی لەبیری ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنیکی لەو بابەتەدا نیە لەم کاتەدا. لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پیشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەلام گەر بریاریدا کاریکی وا ئەنجام بدات، لەو بروایەداین کە لە مانگی مایسدا بێ کە دیارە گونجاوترین وەرزە بۆ ئەم هەلمەتە تۆلەسینە. (Fo371/14521) (کاك شیرزاد حەسەن وەریگیراوە).

ئەم بەلگەنامەیە مولکی خاوەن شکۆی حکومەتی بریتانییە - ژمارە (٨) ئەرشیف

١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠ رۆژهەلات/عیراق

نهینی

لە سیر (جەی کلارك) بۆ مستەر (ئەی. هاندرسن)
لە (١٣)ی ئۆکتۆبەر وەرگیراوە.

٥- لە کۆبوونەوە هەرە رەسمییەکاندا لەگەل دەسەلاتدارانی تورکدا مەسەلەی کورد بەو رادەیەی کە کاریگەری لەسەر تورکیاو عیراقدا هەیە زۆر راشکاوانە قسەو باسی لەسەرکرا، بەلام هەر بەهەمان رۆحی دۆستانە، هیچ سکالایەکی راستەوخۆ لەمەر لاوازی حوکمەتی عیراق بەرز نەکرایەوە. لە سۆنگەی ئەوەی کە شیخی بارزانییەکان توانیبوی پشتگیری کوردە هەلگەراوەکانی ناو تورکیا بکات. لە راستیدا پارەیەکی موستەهەق کە دەبوو بدرێ، ئەویش چونکە زانراوە کە حوکمەتی عیراقی تا ئیستا نەیتوانیوە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی شیخی بارزان کۆنترۆل بکات. بەلام (مەندوبی سامی) داوای لی کرابو کە فشار بخاتە سەر حوکمەتی عیراقی بەوەی کە زۆر پیویستە هەندێ رێو رەسمی کاریگەر بخەنەکار کە لە بەرژەوەندی هەردو ولاتەکەدا بێ، بەلام من هەست دەکەم کە (سیر ئیف. هامفرین) توانیبوی تورکیا رازی بکات کە ئەمەیان ئەوەندە نیازپاکانە نیە، چونکە لەمەر بونی هیزیکی وا بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە عۆدەو توانای (بەغدا)دا نییە، هەولیش دەدا کە ئەم روانینە دەست بەجێ بە حوکمەتی بەغداد رابگەیەنێ. بۆ ئەوەش دلنیایی و رەزامەندی خۆی دەربری. (کاك شیرزاد حەسەن وەریگیراوە).

ژیان، ژمارە (١٠١)، ٩ی شباط ١٩٢٨

***قسەی حەق وەلەو رەفیش بێ نابێ کەس پێی ناخۆش بێ..**

وەکو تەماشا ئەکەم و ئەبینم لە سلیمانی و لە خارج زۆر کەس و ئەنواعی ئینسان خۆی حازر کردوەو تەشەبوثات ئەکەن بۆ ئەوەی کە ببن بە مبعوث.

ئەم زەواتانەش قسمیکیان بەبێ مەسئولیەت موقابل بە میللەت خوا کردونی بە مبعوث و بەقەد مبعوثێ کە بۆ میللەتی خۆی صەرفی صمیت و غیرەتی کردبێ حورمەت و شەرەف و ئەملاك و سەروەتیان هەیە و لەنەزەر عمومدا زۆر بە ئیعتبارو نفوذن، لاکن مع التأسف چونکێ لەمەوپیش تەحسیلی مەکتەب لەم محیطەدا مهم و مطلب نەبوە باخصوص بۆ پیاویك کە ساحیبی سەروەت و ملاك بووبێ دلی نەهاتوە ئەولاد لەخۆی دور بخاتەوەو بینیریتەوە مەکتەب و زیاتر مغرور بە ثروت و ئەملاك و اعتباری ئەولادی لە تەحسیلی مەکتەب و مەکاتب عالی محروم کردوە هەر تەنها بە حجرەکانی محلە اکتفای کردوەو بەسایەی شەرەف و ئەملاکیانەوە بە حورمەت ژیاون و ئیستایش لە نەزەر ئەمحالێدا ئەو شەرەف و حورمەتە باقیە فقط چونکە لە مەکاتب عالیدا تحصیلیات نیە ئەم وەزیفە مهمەیان پێ ناکرێ و هەر تیا مەحجوب ئەبن. چونکە ئەمرۆ وەزیفە نیە کە لە وەزیفەی مەبعوثی مهمتر بێ وەکو وەزیفەی تر نیە هەر مقابل بە شخصیك محجوب بێ. محجوبی مەبعوثی مقابل بە میللەتیکە، مەبعوثی مقتدرو زبان زان و عالم و صاحب وجدان و بە هیمت بێ میللەتیك بەرز ئەکاتەوەو ولاتیك معمورو ئاوەدان ئەکات، خوانەکردە عەکسی ئەمە بێ میللەتیك دوا ئەخات و ولاتیك ویران ئەکات و خۆشی رەزیل و بێ حورمەت ئەبێ.

کەوابو یەکێ لە هەموو خصوصیکەوە خۆی بەلایق نەبینێ و نەزانێ لەم وەزیفەیەدا مەحجوب نابێ، نابێ و حەیفە تەشەبث بەم وەزیفەیە بکات و ئۆبالی میللەتیك بخاتە ئەستۆی خۆی و اعتباری خۆی لای میللەتەکە مەخو بکاتەوە، بەعزیکی تر هەن کە خۆیشیان ئەیزانن ئەم وەزیفەیەیان پێ ئیفا ناکرێ و ناشبن بە مبعوث، کەچی منفعتی زاتی سوقیان ئەکات نشبث بۆ ئەم بارە قورسە ئەکەن، ئەمانەش دو کلمە خویندنی مەکتەبی ابتدائی، وەیاخود چەند لە مأموریتدا مستخدم بون، چوار کلمە فیربون سوقی ئەم تشبثەی کردون، مەبعوثی هەر بەتەنیا بە خویندن و خویندەواریش تەواو نابێ، نابێ لەبەر بێ مأموریەتی و یاخود بۆ ترقی مأموریت ئەم تشبثە بکات، مبعوث ئەبێ میللەت پەروەر بێ، صاحبی اخلاق و وجدان و رەحم بێ، عالم و زبان زان بێ، موقعی اجتماعی لای میللەتەکەی ببێ، منفعت پەرست نەبێ، لە احتیاجات میللەت چاو نەپۆشێ، بە ثبات بێ، رۆحی خۆی فیدای

منفعتی میللەت بکاتو بتوانێ مجادله لەگەڵ ئەو پیاوه تحصیل دیدانه بکات که لەو مەجلیسەدا مجادلەو سەعی بۆ وەتەنی خۆیان ئەکەن، چونکه هەمو ئەیزانین لەو مەجلیسەدا حیاتو ممات بەش ئەکرێ، هەر میللەته مەبعوثی چاکی ببێ بەرحیات نەبێ، عەکسی چاك بێ مردن بەشیەتی.

ئەمجا کوا بوو حەیفه گەوهەر دۆراندن، رجا ئەکەم لەسەر ئیوه فەرزه بەم نفوزو حورمەتەوه سەعی بکەنو تنویری ئیمەمانان بکەن تا به عموم پیاوی لایق، تجربه دیدەو ئەربابی خۆی بدۆزینەوه، که ئەم باره گرانه بدەین به سەریانا، ئەم قسانەم بەبێ ئەدەبی عد مەکەن، وەڵڵا کەسم نیه چاوی له مبعوثی بێو خۆیشم له ئیوه نالایق تر.

حەق بیژی قسه رەق

★ ★ ★

ژیان، ژماره (۱۰۲)، ١٦ی شباگ ۱۹۲۸

***وزاره تازه..**

ئەمساڵ بەنظر تاریخ سیاسی عراقەوه سالیکی مستثناو مهم بوو، لەلایەکەوه اعضای وزارەتی سابقه به کمال کەرەمیو وجدیت خەریکی مفاوضه بون له لندن، لەم لایەشەوه به عین کرمیو حرارت رۆحی معارضة له زیادبونا بو، لەسەریکەوه فعالیەت مجاهداتی وەفد عراقی تقدیر ئەکرا، خلاصة لەم بحرانەدا رؤسای سیاسەت ریگای خۆیان ون کرد سیاسەت داخلیەیان کاملا وەیا تقریبا لەبیر چووەوه، اخیرا له هوایەکی وا پر فەرتەنەدا قابینەی تازه تشکلی کرد.

ئەبینم هەر وەکو من هەموو فەردیکی کورد که خبری زانی جنابی فخامت مئاب حەزرەت عبدالمحسن بك السعدون تشکیلی وزارەت ئەکات زۆر کەیف خۆش بوو، چونکه اول داخلکەری وەزیری کورد به قابینەی عیراق حەزرەتی عبدالمحسن بك بوو، لەبەر ئەوه ئیمه له هەموو خصوصیكو حقوقیکەوه ئەمەلی گەورەیان بەو زاته محترمه هەیه، غەیری ئەمەیش هەموو کەس ئەیزانی که فخامتی له هەموو کەسێ زیاتر لەسەر ئامەدانو ئەشرافی عراقەو انجبی نجبای میللەتی نجیبەی عەرەبه، طبیعی زاتیکی وا نجیبو داهی هەموو وەقتیك کرمو سنمای ئەبێ تەأملیك له لیستەی وزارەت تازه بکرێ معلوم ئەبێ که اقلیاتی عراق هەریەکه له صورتی شخصی وەیا دو شەخصا

تجسمی کردوەو بەکەمالی هیبەتو وقار لەسەر کورسی وزارەت دانیشتوە، کەچی قومی بەدبەختی کورد بە نظر ئەم اقلیاتەوە اکثریەتیکی عظیمە تشکیل ئەکەنو ئەگەر موافقی عدلو مساواتو بەپێی نفوسی موجودە حرکەت بکرایە حقی اشغالی (٣) کورسیان نەبو، مع الأسف سماحتی بەخشینی کورسیەکەیشمان لەگەڵ نەکرا.

ئیمە قومی کورد، هیچ وەقتیك نەمانویستوەو نامانەوێ حەرەکەتیك کە ذرەبونی تفرقەو (جیاییتی) تیابێ بیکەین. فقط ئەبینین ئیمە مقابل بە خلوصو اعتمادمان لەتەنها کورسییەکی وزارەت محروم ئەبین. لەگەڵ ئەمیشدا کە ئەم محرومیەتەو ئەم تجاوزی حقە بە انتظارو عدالەتەوە مقابلە ئەکەین، کەچی یەکێ لە غەزەتەکانی بەغداد بە صورت استهزا ئەنوسێ کە کورسییەکی وەزارەت بۆ برا کوردەکانمان هەلگیراوە فقط فخامتی عبدالمحسن بك نشئوم لە أیت (تسعە فقط یفسدون فی الارض) کردوەو، نایەوێ وزارەت نویم بدا بە کەس وەیا بە تعبیری اصمەکی بیدا بە کورد. نەکو افساد ارضی عراق بکەن. سبحان الله اولا ذاتیکی نجیبو قدردانو تیگەیشتوی وەکو فخامتی محسن بەگ هیچ وەقتیك فکریکی وای نەکردوەو نایکات.

ثانیا: طفل مشروطین عراق هەتا ئیستا پینج باوك یا پینج وزارەتی دی، لەمانە تەنها دوانی اخیر کورسیەکی کوردی تیابو، نازانم کامەیەك لەم پینجە بە صمیمیتو جدیەتیکی وەتەن پەروەرانە بۆ منافعی ملكو میللەت تێ هەلچونو، چەند خدمەتیکی مهمیان بۆ امتەکەیان کردو چ اثریکی ترقی سیاسی، اجتماعی، اقتصادییان پیشاندا.

مقسد توهم لی تیك دان، یاخود نەبێ رشی شخصیك بەرامبەر بە رشیو ناقدومی هەشت کەس چ تأثیریکی بیی کە افساد ارض بکات.

ئیمە بەناوی سلامەتی وطنەوە ئارەزومان وابو کە هەمو عناصر مختلفەی عراق دەست بدەنە یەكو متفق بنو ریگای نشرو دەرکەوتنی بەعزێ قسەو نوسین نەدرێ کە بەبێ سبب تفرقەو برودت بەینی کوردو عەرەب.

وەدیسان بەناوی عدلو مساواتەوە ئارەزومان نەکرد کە رئیس وزرای تازە لە تەشکیلی قابینەکەیدا قەومی کورد بە اکثریت مهمەیەوە لەبیرنەچوایەوە، بە سنماو کرمیکی سعدونییەوە ئەویش وەکو اقلیاتەکانی تر ناتل دوو یا کورسییەك بکردایە.

* * *

ژیان، ژماره (٩٩)، ٢٤ی کانون پانی ١٩٢٨
***صورت مترجمەی تلغراف ژماره ١٠٦٧ رۆژ ١٩٢٨/١/١٩**
وزاره داخلیە:
بۆ متصرف سلیمانی

له بر اوەی که اساس مشروطیت ایجاب به موزانتیکی قوی اکات له بینی قوای اجرائیەو قوای تشریعیەداو ام موزانتەیش منوطه به موجودیتی شعبات پارلمنتوکه صاحب مقاصد معینەو غایەی معلومه بنو لبراوەی که اوضاع اثباتی کردوه مجلس امت له وضعیت حاضیریدا او فرقانەی تیانیه تأمینی موجودیتی ام موازنتـه بکـاو لبراوەی حکومەت مسائلی زۆر مهمی بدستەوەیه که منـافع اهـم ملـتی تیایـه وەکـو معاهده انگلیزو عراقو اتفاقنامەی مالیو عسکریو مسئلەی دفاع وطنی که ایجاب اکات له هەمویان ملتی خبردار بکریت که حسیات خۆیان نیشـان بـدەنو فرصتیـان بدریتی که لم خصوصاتەوه به واسطەی ممثلینیانەوه خواهش خۆیان بیان بکەن، و فسخی مجلس امتو مباشرت به انتخابات بو مجلس تازه موافق ماده (٢٦) قانون اساسی ارادەی ملکی صادر بوه، امرو مجلس فسخ بوەوه، بو معلومات بو اوەی فورا موافق قانون دستی به انتخابات نیررا.

★ ★ ★

ژیان، ژماره (١٠٣)، ٢٣ی شباط ١٩٢٨
***خیطلبیك مقابل به هەموو میللەتی کورد..!**

ئیوه هەمو ئەیزانن بەپێی قراری عصبه الامم ئەمرۆ ئیمه لەگەڵ حکومەتی عراق ئـەژینو هـەمو مقدراتیکمـان لەگـەڵ ئەوانایـە، لـه هـەمو شـتیك زیـاتر سـببو الـتی (ئالیـەتی)! ترقـیو تعـالی میللـەتیك قوانـینو نظامـاتی حکومەتەکەیـه، یـەعنی ترقـی میللەتیك لەگەڵ قوانین حکومەتەکەیان مبسوطا متناسبه، باش بێ ئەبێ به واسطەی ترقـی میللەتەکه، خـراپ بـێ میللەتەکه دوا ئـەخاتو محـوی ئەکاتـەوه، و هـەموویش ئەیزانین ئەم قوانینو نظاماته هەمووی بۆ تدقیقو اصلاحو تصدیقی تودیعی مجلس مبعوثان ئەکرێ، طبیعی ئەوسا هەموو مبعوثیك لەگەڵ قابلیت ملیەیو سعتی ارضی لواکه مفید بو تصدیق والا به اعتراضیکی معقول هەتا ئەبێ به سببی ترقی لواکەی

بۆ اصلاحی هەوەل ادا، ئینجا کەوابو بۆ ئەم جیگایە پیاوی فعالو مقتدر، وەتەن پەروەرو میللەت خۆشەویست بەعەمەل دێ، ئەمرۆ لیواکانی کورد دواکەوتوی هەمو عیراقە، ئەمیش بە واسطەی مبعوثەکانمانەوە بو، چونکە ئەو مبعوثانەی کە لە اوەل دورەدا انتخابمان کردن هەموی نا فقط بە اکثریت هیچ اوصافیکی مبعوثیان تیا نەبو، پیاوی ئەو مجلسە نەبونو هەریەکەیان بۆ منفعتی خصوصی خۆیان منفعتی عمومی میللەتەکەیان واز لێ هینابو، بۆ خاتری خۆیان گەورە بن هەریەکە ائنتسابی کردبو بە یەکێ لە وەزیرەکانو پیاو بەدەستەکانی ترەوە، عادتا وەکو مادۆنیکی ئەوان تابعی هەموو ئەفکارو ئەوامریان بون، هەتا نتیجە وا دوایان خستینو لە هەمو اساسیکی ترقی محرومیان کردین.

ئینجا میللەت خۆ ئەمانەمان زانی، لەوانەوە تجربەیەکی باشمان دی، لازمە عەقلمان بیتەوە سەر، هەمو الحالی لیوایەك بەجدی تێ بکۆشین کە بۆ ئەم جیگایە پیاوی باشو فعالو مقتدر، میللەت پەروەرو وەتەن خۆشەویست انتخاب بکەین، چونکە ئیتر ئەمە بۆ حیاتو استقبالیکی چوار سالیە، خودانەخواستە ئیتر ئەگەر لەم حالیش زیاتر دوابکەوین (جبرما فاتی)! قابل نابێو پەشیمانی فائدە ناکات، ئیتر خۆتانو غیرەتتان، (حب الوطن من الایمان) ئەنێ بەدڵو بەگیان بۆ وطنەکەمان هەوڵ بدەین.

★ ★ ★

ژیان، ژمارە (١٠٤)، ١ی مارت ١٩٢٨

***بە مناسبتی انتخابات تازەی مبعوپانەوە چەند قسەیەکی رەق ئەمما خۆش..**

لەم بەینەدا بە مناسبتی انتخاباتی تازەی مبعوثانەوە شاری سلیمانی وەضعیتیکی عەجایبی بەسەرا هاتوە، لەهەمو کۆلانیك، لە هەمو چایخانەیەكو دیوەخانیك قسەو بەحثی مبعوثی تکرار ئەکریتەوە، حتی دوائری حکومەت، ستون غەزەتە بەم موضوعە اشغال کراوە، هەر کەسە بە نوعیك تشویقات بۆ خۆیو یا بۆ خزمیكو دۆستیکی ئەکات، ئەوانەی کە اقتداری کاتبیکی دائرەیەکیان نییە هەوای مبعوثی کەللەیانی پر کردوە، ئەوانەی تا ئەمرۆ کوردیەتو میللیەتیان پێ عار بوە ئەمرۆ بەلایەنی فیداکاریو وەتەن پەروەری گویی عالمیان کەرکردوە، هەر کلەیك، هر انیك نوعیك نقرات تکرار ئەکاتەوە، وەکو برخەکە ئیستا–دایکی من رش بو– هەریەکە رۆژی نەوعێ ئەلبسە لەبەر ئەکاتو لەنەوعە شکلیکی مختلفدا خۆی نیشانی میللەت ئەدات، خۆ مخابراتو کاغەزی التماس ئەوەندە زۆر بوە پۆستەی ئەوەندە گران

کردوه که متعهد به اوتومبیل پێ هەلناگیرێ، اشتیاق‌و فیداکاری بەعزیك ئەوەندە لە غلیانە کە تحملی جوابی کاغەزەکانیان ناتوانن بکەن، خۆیان بالذات بالغات بە شوین کاغەزەکانیانا دینە سلیمانی. زائرین ئەوەندە زۆر بوە دیوەخانانی پر کردوە، (ئیمە بیستومانە کە لە کوردستانا هەر گەزۆ ئەباریت، نەمانزانیوە کە ئەمساڵ پەلەی مبعوثی داوە) فقط ئەی میللەت، ئەی برادەرینە قسەی راستتان عەرز بکەم، ئەم هەمو فیداکاریە، ئەم کثرت اشتیاقە، ئەم کۆمەلە لاف‌و گەزافە، محقق بزانن هەر بۆ معاشە مبن‌و لەکەیە! هەر بۆ پرکردنی گیرفانە لە مسکوکات متنوعە. خۆزگە حکومەت ئەم خزمەتی وەتەنەی مجانا تکلیف بکردایەو یامعاشی مبعوثی بکردایە بە صەد روپیە، ئەو حەلە فیداکار، وەتەن پەروەر بوار دەری ئەخست، بە اعتبار بە اکثریت کە ظاهرا بەزمان ئەم وەعدانە بەئیوە ئەدەن، ئەم فیداکاری کە پشانی ئەدەن، کەچی لەدلدا لەگەڵ شتیکی تر خەریکن، ئەوان پلانی خۆیانیان دەمیکە ریك خستوە، لەم ادوار اجتماعەدا چەند معاش وەرئەگرن، چەند صرف ئەکەن، چەندی پاشەکەوت ئەکەن، هەمویان حساب کردوە، لەسەر چ جادەیەك، لە چ مملکتیك کلاوی چەقور بەسەریك بە هەرزان ئەکرن‌و لەو کلاوەدا چ نەوعە بینایەك دروست ئەکەن‌و یا چ دییەك ئەکەن. هەموی بەریك‌و پیکی پرۆغرامەکەی کە بەخەیاڵ ترتیبیان کردوە لە گیرفانیانایە، (مزگەوت روخاوە محرابی نەماوە) ئەی میللەت محقق بزانە کە ئەبێ خۆت بەزەییت بەخۆتا بیتەوە.

فقط ها ئەم قسانە بۆ ئیوە نییە، کە ئیوە مأیوس بن ذاتا لەسەرەوە وتم ئەم قسەیەم بە اعتبار عمومی نییە، لە ناوخۆدا انسانی فیداکار، وەتەن پەروەر، مستعد هەیە، زۆر چاك چاو بگیرە، زەریف وردبەرەوە، لە رووا دامەمینە، خزم‌و ئاشنا تەماشا مەکە، ئەوەی بەکەلکت دیت، ئەوی دەرمانی دەردت ئەکات، ئەوی اعتمادت بە علم‌و سویەی هەیە، ئەوی قیمەتی لای تۆ مەعلوم‌و مجربە، حاصلی ئاوی حیات‌و مماتی ئەوی، سعادەت‌و فلاکەتی لەگەڵ تۆدا مشترکە ئەوە هەلبژیرەو پرۆغرامی داوا لی بکە، پشت بە یەکیك مەبەستە کە ئاگرت تێ بەربداو خۆی لە دورەوە سەیرت بکات ئیتر (من انچە شرط بلاغ است یا تومیکویم. توخوا هی از سخنم پند کیرو ضواهی ملال).

* * *

٢- كوردو پەیماننامەی ١٩٣٠

٢-١ وەزارەتی نوری سەعید

عیراق بۆ ئەوەی زەمینەی بەستنی پەیمانیکی نویٚ لەگەڵ بریتانیا خۆش بکاو، ئەویش زەمینەی سەربەخۆیی عیراق و، ئامادەکردنی بۆ ئەندامەتی لە کۆمەلەی گەلاندا خۆش بکا، ئەبو هەلبژاردنیکی نویٚ، بۆ مەجلیسیکی نویٚ، ساز بکا. دانانی ریوشوینی هەلبژاردنی نویٚ بە وەزارەتەکەی عەبدولموحسین سەعدون سپیردرا. بەڵام سەعدون لە ئیوارەی ١٩٢٩/١١/١٣ خۆی کوشت.

رۆژی ١٩٢٩/١١/١٨ وەزارەتی نویٚ بە سەرۆکایەتی ناجی سویدی دامەزرا. وەزارەتەکەی سویدی لە ٤ مانگ کەمتر دەوامی کرد. رۆژی ١٩٣٠/٣/١١ دەستی لە کار کیشایەوە. مەلیك فەیصەل داوای لە نوری سەعید کرد وەزارەت دروست بکا.

نوری سەعید لە ١٩٣٠/٣/٢٣ وەزارەتیکی نویٚی پیك هیناو، سەرەرای ئەوەی خۆی سەروەزیران بو، لەو وەزارەتەدا بە وەکالەت هەردو وەزارەتی کاروباری دەرەوەو، کاروباری ناوخۆیشی بۆ خۆی دانا. وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ ئەوەی خۆی سەرۆکایەتی نوینەرایەتی عیراق بکا لە گفتوگۆدا لەگەڵ لایەنی ئینگلیزی بۆ بەستنی پەیمانیکی نویٚ کە هەموو ریککەوتنە کۆنەکانی عیراق - بریتانیای هەلئەوەشانەوەو، وەزارەتی کاروباری ناوخۆیش بۆ ئەوەی ئەنجامی هەلبژاردنەکە بەجۆریٚ مسۆگەر بکا، کە پەیمانەکە هەرچۆنیٚ بیٚ، ئیمزا بکەن.

بابەتی گفتوگۆکانی عیراق و ئینگلیز لە رۆژنامەکاندا بلاو ئەبونەوە. یەکیٚ لەو مەسەلانەی کە سەرانی کوردی ئەوروژان، ئەوە بو: پیشنوسی ئەم ریککەوتننامە تازەیە هیچ مادەیەکی دەربارەی پاراستنی مافەکانی کورد تیٚدا نەبو. تەنانەت کە مەعروف جیاوك (نائیبی هەولیر) لەو بارەیەوە لە مەجلیسی نوابدا پرسیاری لە سەروەزیران کرد، بە تورەبونەوە وتی: "ئەمە ریککەوتننامەیەکی ناودەولەتیە پیویست ناکا مەسەلە ناوخۆییەکانی تیدا بیٚ".

وەزارەتی نوێ بڕیاریدا دووەمین مەجلیسی نواب (١/١٠/٩٢٨ - ٩٣٠/٣/٢٤) هەلبوەشێنریتەوەو، لە ١٩٣٠/٧/١٠دا دەس بکرێ بە هەلبژاردن بۆ سێیەمین مەجلیسی نواب و تا ١٩٣٠/٩/١٠ تەواو بکرێ.

٢-١-١ سیاسەتی عیراقیی نوری سەعید

نوری سەعید بۆ ئەوەی ئەنجامی هەلبژاردن بە قازانجی پەسەندکردنی پەیمانەکە دەستەبەر بکا، چەند ڕێوشوێنیکی دانا:

بەبیانوی ئەوەی کە ڕۆژنامەکان دژی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوە ئەنوسن، ڕۆژنامەکانی: الرافدان، صدی الاستقلال، الشعب، البلاد...ی داخستو، سەرنوسەرەکانی خستە ژێر چاودێری پۆلیسەوە.

هەولیکی زۆریدا، ڕیزی حیزبە موعاریضەکان تیك بداو، کەسانیکیان لی بکرێ. خۆیشی، بۆ پشتگیری لە ڕیککەوتنەکە، (حزب العهد)ی لە کەسانی سەر بە خۆی دروست کرد.

لەناو دەزگای بەریوەبەرایەتیدا، بە بیانوی کارامەییەوە، ئالوگۆڕیکی زۆری لەناو فەرمانبەراندا کردو، دەسەلاتیدا بە وەزیرەکانیش، بە بیانوی زۆریی فەرمانبەرانەوە، کییان بۆی دەری بکەن.

دەرەبەگەکانی بە ئەرازی ئەمیریەوە خەریك کردو، بەوە ترساندنی حکومەت ئەتوانێ ئەرزەکانیان لی بسینیتەوە، ئەگەر لەگەلی نەبن.

سەرۆکی ئەرکانی جەیش فەرمانی دەرکرد، کە هیچ عەسکەرییەك بەچەکەوە نەگەرێ و بۆ هیچ کۆڕیکی ئاینی نەچن و هەمو ئیجازاتیك کەم کرایەوەو لەغو کرا.

موفەتیشە ئیدارییەکانی ئینگلیز، لەگەل دەزگای بەریوەبەرایەتی حکومەت کەوتنە هاوکاری بۆ هەلسەنگاندنی هەلویستی یەك بە یەکی پالیوراوەکانی هەلبژاردن بەرامبەر ڕیککەوتنەکە.

٢-١-٢ سیاسەتی کوردیی نوری سەعید

نوری سەعید، بۆ ئەوەی کورد ئارام بکاتەوەو پشتیوانییان بەدەس بهێنێ، بەپیی ڕاسپیریەکانی موستەشاری بریتانی وەزارەتی ناوخۆی عیراق هەندێ هەنگاوی بە قازانجی کورد نا.

لەبواری ناسینی رەسمیی زمانی کوردیدا: لە بەیانیکدا وتی: ((پاش ئەوەی کە وەزارەت کاروباری گرتە دەست بریاریدا گرنگی بدات بەو شتانەی کە دلی میللەت خۆش ئەکەنو هیواو ئارەزوەکانی بەشیك لە دانیشتوانی ولاتمان ئەهیننە دی، لەبەر ئەوە بریاریدا کە لائیحەیەکی قانونی ئامادە بکات بۆ کردنی بە رەسمیی لەو شوینانەی کوردی لیە، بە پیی مادەی ١٧ی قانونی ئەساسی. ئەم هەنگاوەی حکومەت لەسەر ریبازی ئەو گفتانەیە کۆن دراون بە کوردەکانی عیراق)) ئەم بریارە بە چاکە دەنگی دایەوەو سەرانی کورد بروسکەی سپاسیان بۆ نارد.

لە کەرکوك حکومەت حەفتەنامەیەکی بە تورکی لەژیر ناوی (کەرکوك)دا دەرئەکرد، تا ئەو کاتە هیچ رۆژنامەیەکی حکومەتی یا ئەهلی لە کەرکوك دەر نەچو بو، وەکو بەشیّ لە سیاسەتی رازیکردنی کورد، ٤ لاپەرەی (کەرکوك) بۆ نوسینی کوردی تەرخان کرا.

لە بواری مەعاریف (خویندنو پەروەردە)دا: مەعاریفی لیوای هەولیر لە مەعاریفی لیوای موصلو، مەعاریفی لیوای سلیمانی لە مەعاریفی بەغداد جیا کرایەوەو، مەعاریفیکی تایبەتی بۆ ناوچە کوردیەکان لە مەرکەزی کەرکوك دامەزرا. نوری بەرزنجی، بەریوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی فەضل لە بەغداد، کە مامۆستایەکی کورد بو، کرا بە پشکنەری ئەم دەزگایە. وەزارەتی مەعاریف، بۆ دەرسی قوتابخانە سەرەتاییەکان هەندیّ کتیبی وەکو (دین، علوم، جغرافیە، تاریخ، هندسە) تەرجومە کرد بە کوردی.

لە بواری بەریوەبەرایەتیدا: هەندیّ کەسایەتی ناسراوی کوردی هینایە پیشەوەو، کاری بەریوەبەرایەتی گرنگی پیّ سپاردن، لەوانە: تۆفیق وەهبی کرا بە موتەصەرریفی سلیمانیو، عەبدولحەمید عەبدولمجید کرا بە موتەصەرریفی هەولیرو، صالح زەکی بەگ کرا بە معاون مدیر عامی داخلیە. ماجید مستەفا، کرا بە قایمقامی قەزای ئامیدی. خەلەف شەوقی بە پشکنەری دارایی. هەندیّ لەمانە بە کەسانی کوردپەروەر ناسرا بونو، هەندیکیان لە هاوکارانی پیشوی شیخ مەحمود بون.

وەزارەتی عەدل، شیعاری دەولەتی عیراقی، دانا. لەناو ئەم شیعارەدا دو ئەستیرە وەکو نیشانەی هەردو گەلی کوردو عەرەب چەسپاند.

ئەم هەنگاوانەی نوری سەعید، بایی ئەوە نەبون، پشتیوانی نیشتمانپەروەرانی کورد بەدەس بهینێ، ئەوان چاوەروانی دەسکەوتی سیاسی بون، لە یەکێ لەو بڵاوکراوانەی بێ ئیمزا لەسەر ئەم وەزارەتە دەرچوە، نوسراوە: ((کورد لە ئەقوال زیاتر چاوەروانی ئەفعالە)).

٢-١-٣ دانانی تۆفیق وەهبی

تۆفیق وەهبی یەکی لە پیاوە تیگەیشتوە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەی سلیمانی بوە. لە سلیمانیو بەغدادو ئەستەموڵ خویندویەتیو، لە ئۆردوی عوسمانیدا بۆتە ئەفسەری روکن. لەسەرەتای بیستەکاندا گەرایەوە عیراقو، لە بەغداد دامەزرا. کە شیخ مەحمود لە دیلی ئازاد کراو گەرایەوە کوردستانو، بو بە حوکمدارو دواتر مەلیکی کوردستان، تۆفیق وەهبی گەرایەوە سلیمانیو بو بە یاوەری. لە داگیرکردنی دوەمی سلیمانیدا (١٩٢٢) کوردستانی بەجێ هیشتو چوەوە بەغدادو، لەجەیشی عیراقدا ئەفسەرو ماوەیەك فەرماندەی قوتابخانەی جەنگیی پیگەیاندنی ئەفسەرانی عیراق بو.

تۆفیق وەهبی بە کورد پەروەرو رۆشنبیر ناسراوەو، چەندین زمانی زانیوەو خەریکی لیکۆلینەوەی زمانەوانی بوە. (دەستوری زمانی کوردی) داناوە، کە بە یەکەمین هەولی زانستیی دارشتنی ریزمانی کوردی دائەنرێ.

لەمانگی مایسی ١٩٣٠دا کرا بە موتەصەرریفی سلیمانی. ئەم هەوالە بە خۆشییەکی زۆرەوە وەرگیراو، (ژیان) بە ستایشیکی زۆرەوە لەسەری نوسیو، ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی سلیمانی چون بۆ پیشوازیو، هەندیکیان هەتا کەرکوك رۆیشتن. ئەو ماوەیەی کە ئەو موتەصەرریف بو، جوڵانەوەی رۆشنبیریو سیاسیی بۆ داواکردنی ماڤ نەتەوەیی کورد لە سلیمانی گەیشتە پۆپەی. حکومەتی بەغداد ئەم چالاکیەیان بە هاندانی ئەو ئەزانی. لەسەر ئەوە لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٣٠دا، پاش چوار مانگێ، کیشرایەوە بەغدادو لەسەرکار لابرا. دانانی چ خۆشییەکی لە سلیمانی خولقاند، لابردنی زۆر لەوە زیاتر نارەزایی وروژاند. بە بروسکەو مەزبەتە ئەم نارەزاییەیان دەربری، بەڵام لە پایتەخت هیچ کەس گوێی نەدانێ.

٢-١-٤ دەنگدانەوەی پە یمانەکە

لە ١/٤/١٩٣٠دا دەس کرا بە گفتوگۆ بۆ پەیمانی ٣٠/٦/٩٣٠ کە بەپێی ئەم پەیمانە ئەبو عیراق سەربەخۆ بێ. نوری سەعید رای گەیاند رۆژ بە رۆژ خەلك لە رەوتی وتوویژ ئاگادار ئەکات. نوری سەعید ئەو ماوەیە لە لەندەن خەریکی گفتوگۆ بو، جەعفەر عەسکەری وەکیلی سەروەزیران بو.

لە ١٨/٧/١٩٣٠دا بەندەکانی پەیمانەکە بە رەسمیی لەلایەن (ملاحظية المطبوعات)ەوە درا بە رۆژنامەکان کە بەبێ لیدوان بکەنەوە. لە دورو نزیکەوە باسی مافەکانی کورد لەم پەیمانەدا نەبو.

لەزۆر شوینی عیراق، لە خوارو ناوەراستو سەرو، دژی بەندەکانی ئەم پەیمانە راوەستان. بەلاّم بارودۆخی سلیمانی لە هەمو شوینەکانی کە ئالۆزتر بو. هۆی دژایەتی کردنی ئەم پەیمانە لەلایەن کوردەوە جیاواز بو، لە هی دژایەتی عەرەب. عەرەب پییان وابو ئەمە نەك سەربەخۆیی بۆ عیراق دابین ناکا، بەلکو جۆریکە لە بەندایەتی. هەرچی کوردیش بو، پییان وابو ئەم پەیمانە چونکە ناوی کوردی نەهیناوە، لەناو عیراقی عەرەبی دوارۆژدا مافەکانی کورد پایەماڵ ئەبێ. بریاری گشتی لە سلیمانی ئەوەبو کە هاوبەشی هەلبژاردن نەکەن.

٢-٢ هەیئەتی وەطەنییە

لەم ماوەیەدا جولاّنەوەی کورد، لەو شکستەی کە بە هۆی شکانی جەنگیی شیخ مەحمودەوە توشی هات بو هەستا بوەوە. گیانی نەتەوەیی سەر لەنوێ بوژا بوەوەو، سەرانی کورد کەوتبونەوە جموجۆڵ. ماوەی ئینتیدابی بریتانی بەرەو تەواو بون و، خۆ ئامادەکردنی عیراق بۆ بەستنی ریککەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ بریتانیاو، بەدەسهینانی سەربەخۆیی و چونە ناو کۆمەلی گەلانەوە. ئەمانە نیشتمانپەروەرانی کوردیان پاڵ پیوە ئەنا، ئەوانیش داوای مافی نەتەوەیی کورد بکەن. بەتایبەتی چونکە هیوایان بە (دۆستایەتی) بریتانیا و (عەدالەت)ی کۆمەلەی گەلان هەبو.

سەرانی کورد بە هیوا بون پیوەندیەکانی عەرەب و کورد لە عیراقدا، وەکو پیوەندیەکانی ئینگلیزو سکۆت لە بریتانیا، ریك بخرێ. ئینگلیزەکانیش خۆیان ئیشارەتیان بەمە داوە. تەنانەت خۆشباوەریی هەندێ لە کوردەکانی ئەوسا

گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە کورد لە تورکیا قەتلوعام ئەکرێ یەکی لە شاعیرە کوردەکان لەژێر سەرناوی: ((شین: تازیەی کوردان))دا لە شیعریکی دریژدا نوسیویتی:

گەردون کەوا کۆمە، زبانیشی کە لالە
بۆ کوردی ستەمدیدەی خنکاوی شیمالە
ئەم چەرخە لەگەڵ چەرخ بە دایم کە لە شەردا
شینیکی شەهیدانە، لەپیرو لە منالە
ئەم کوردە چ مەزلومە، خوینی چەنە ئالە
ئایا ئەبێ لەم حالە نەگەن ئەهلی بریتان
هەم گەورەو سەردارو گەلی میللەتو قەومان؟[٢٨]

پیاوە ناسراوەکانی سلیمانی، کە بە زاراوی ئەوسا پییان وتون (ئەشرافو وجەها)، ئەکەونە خۆیانو چەند جارێ لە مالی حەمەی ئەورەحمان ئاغاو چەند جارێ لە مالی عەزمی بەگی بابان دائەنیشنو لەسەر پاشەرۆژی کورد، بەتایبەتی دوای تەواو بونی ئینتیدابو سەربەخۆبونی عیراق، لەگەڵ یەك راویژ ئەکەن. ئەمانە لە ناو خۆیاندا جۆرە کۆمیتەیەك بە ناوی: (هەیئەتی وەطەنییە)وە پیك ئەهینن. عەزمی بەگی بابان، کە لەهەمویان بە ساڵدا چوتر بوە، سەرۆکایەتی کردون. ئەم هەیئەتە باوەری بە بەکارهینانی توندو تیژی نەبوە، وەکو عیزەت بەگی جاف وتویەتی: "ئەم جارە سیلاحو تفەنگمان قەلەمو موراجەعاتە". پەیوەندیەکی فراوانی لەگەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردو سەرانی عەشیرەتەکاندا دروست کرد.[٢٩]

---

[٢٨] ژیان، ژ٥٨، ١٧ی مارتی ٩٢٧

[٢٩] مەعروف جیاووك لەو بارەیەوە نوسیویتی: ((جەمعیەتیك لە سلیمانی پیك هات بۆ داواکردنی سەربەستییو سەربەخۆیی. دامەزرینەرەکانی وەکو لەبیرم بێ: حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، شیخ قادری حەفید، محەممەد صالح بەگ، توفیق قەزاز، رەمزی فەتاح، عیززەت مەدفەعی، عەزمی بەگی بابان، عیززەت بەگی عوسمان پاشا، ئەورەحمانی ئەحمەد پاشا، فایەق بەگی بابان، شیخ محەممەدی گولانیو، سکرتیری ئەم هەیئەتەش رەشید نەجیب بو، کە بو بە موتەصەرریفی کەرکوك، ئەوسا کاتب بو لەلای موفەتیشی ئیداری حاکمی سیاسی)). (معروف جیاوك: ماساە برزان المظلومە، بغداد، ١٩٥٤، ص٨٣ – ٨٤. وەکو ئەلین مەعروف جیاوك باوەرپیکراوی ئەم هەیئەتە بوە لە هەولیر، بەلام لەدوای

شیخ مەحمود لەو کاتەدا لە پیران دانیشت بو. ئەم تاقمە کە دەس ئەکەن بەکار لەناو خۆیاندا گفتوگۆ لەسەر ئەوەی ئەکەن کە ئاخۆ شیخ مەحمود لەم کارە ئاگادار بکرێو بەشدار بکرێ یا نە ؟ ئەگەرچی لەسەر ئەم کیشەیە ناکۆك ئەبنو هەندێ مشتومریان ئەبێ، بەڵام سەرەنجام هەمویان لەسەر ئەوە پیك دین کە شیخ مەحمود ئاگادار نەکەنو، خۆیانی لی دور بگرن، چونکە لایان وا ئەبێ کە شیخ مەحمود، توشی شەر بوە، لەلای ئینگلیز شکاوە. لە گفتوگۆکانی سلیمانیدا، لەم روەوە رەمزی فەتاح وتویەتی: ((ئەم حەقە بە میللەتی کورد دراوە. ئەگەر شیخ مەحمود خەطای کردبێ دیسانەوە میللەت قەباحەتی نیە. مەعلومی فەخامەتتانە خەطای کەسیك حقوقی میللەتیکی وا مەحو ناکاتەوە...)).

ئەم روداوە گۆرانیکی چۆنایەتی بو لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردا. ئەوە یەکەمین جار بو:

١- لەباتی ئاریستۆکراتی لادێ (شیخی تەریقەتو سەرۆکی عەشیرەت) هەلبژاردەی شاری (ئەشراف، تیجار، رۆشنبیر) سەرکردایەتی بگرنە دەس.

٢- لەباتی ئەوەی پەنا بۆ شۆرشی چەکدار ببەن، ریگەی کاری سیاسی (خۆپیشاندان، مانگرتن، نوسینی بەیانو مەزبەتە، گفتوگۆ) بگرن.

٣- لەباتی ئەوەی ناوچەی شاخاوی عاسی بکەن بە مەلبەندی جموجوڵ، شار (قوتابخانە، بازار، دائیرەکان) بکەن بە مەیدانی چالاکی.

لەو سەردەمەدا سیاسییەکانی عەرەب لە عیراقدا ئەیان توانی حیزبی سیاسی دابمەزرینن‌و، چەندین رۆژنامەی سیاسی بە عەرەبی دەرئەچون، بەڵام سیاسیەکانی کورد لەم مافە بێ بەش بون، ریگە نەئەدران حیزبی سیاسی دابمەزرینن‌و، رۆژنامەی سیاسی دەربکەن.

٢-٢-١ ئەمیر غازی لە کوردستان

بۆ هیمنکردنەوەی خەلكو دلنیا کردنیان لەوەی کە مافەکانیان پاریزراوەو، پەیمانی نوێی بریتانی - عیراقی قازانجی گەلی عیراق، لەناو ئەویشدا کوردی، تێ

روداوەکەی ٦ی ئەیلولی سلیمانی کە بۆتە حاکم، ئەم لیکۆڵینەوەی لەگەڵ هەندێ لە گیراوەکانی هەیئەت کردوە).

دایە، غازی کوری مەلیك فەیصەل، وەلیعەهدی عەرشی عیراق لە تەموزی ١٩٣٠دا سەردانی کوردستانی کرد.

بەرلەوەی ئەمیر غازی لەگەشتەکەیدا بگاتە سلیمانی، هەیئەتی وەطەنییە بەیانیکی حەماسی دەرکرد، لەم بەیانەدا خواستەکانی کوردی رون کردەوەو، داوای لە خەلك کرد بۆ پشتیوانی لەم خواستانە، خۆیان ئامادە بکەنو بۆ خۆپیشاندانیکی هیمنانە.

ئەمیر غازی لە گەشتەکەیدا گەیشتە سلیمانی. لەلایەن حکومەتەوە پیشوازی رەسمیی کرا. خەلکیش بە خۆپیشاندانیکی گەورەو هیمن لەبەردەمی سەرادا کۆبونەوەو پشتیوانییان لە خواستەکانی کورد کرد. بە نوینەرایەتی خەلك رەمزی فەتاحو تۆفیق قەزاز قسەیان کردو، داوایان لە ئەمیر غازی کرد کە داواکانیان بگەیەنێ بە دەسەلاتدارانی بەرز.

بیگومان غازی بەتەمای ئەمە نەبو. رۆژنامەکانی بەغداد بە نارەزاییەوە هەوالی ئەم پیشوازییەیان بلاوکردەوە.

٢-٢-٢ وەفدی وەزاری لە کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی ٩٣٠/٨/٥دا بریاریدا وەفدیکی وەزاری، هاورێ لەگەلٚ وەکیلی مەندوبی سامی، کاپتن هۆلت، بۆ گەشتیکی سیاسی رەوانەی کوردستان بکا، بەو هیوایەی ئەو ئالۆزییەی بەهۆی بەستنی پەیمانی بریتانی – عیراقیو فەرامۆش کردنی مافەکانی کوردەوە دروست بو بو، برەوینیتەوەو، زەمینەی هەلبژاردنی داهاتو خۆش بکەن.

وەفدە وەزرایەکە پیك هات بو لە: وەکیلی سەرۆکی وەزیران، جەعفەر عەسکەری. وەزیری عەدل، جەمال بابان. وەزیری کاروباری ناوخۆ، جەمیل مەدفەعی. وەکیلی مەندوبی سامی. لەو کاتەدا هیشتا نوری سەعید، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لە بریتانیا نەگەرابووەوە.

هەیئەتی وەطەنییە بەم بۆنەیەوە بەیانیکی حەماسی دەرکردو بۆ پشتیوانی لە خواستەکانیان داوایان لە خەلك کرد، لە رۆژی گەیشتنی وەفدەکەدا، بۆ خۆپیشاندانیکی هیمنانە خۆیان ساز بدەن.

لەسەرەتای ئابی ۱۹۳۰دا وەفدەکە چوە کەرکوك و هەولیر، ئینجا سلیمانی. لەهەر ۳ شار لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی کورد کۆبونەوە. وەکیلی سەرۆکی وەزیران و وەکیلی مەندوبی سامی، هەر یەکەیان وتاریکی ئامادە کردبو، کە هەلویستی حکومەتەکانیانی دەربڕی، لەم کۆبونەوانەدا خویندیانەوە.

جەعفەر عەسکەری لە وتارەکەیدا وتی:

((من بۆتان تەصریح دەکەم کە حکومەتی عیراق بە صورەتیکی ئەکیدە قەراری داوە کە بە نەظەری ئیعتیبار تەماشای ئەو وەعدانە بکات کە بۆ تەئمینی ئارەزوی برا کوردەکانمانی دابو لەوەش نەك تەنها هەتا سالی ۹۳۲ مەرعییەلئیجرا ئەبێ، بەڵام هەتا مابەعدی ئەو تاریخەش دەوام دەکات...

((لەعەینی زەمانا بە هەمو شیدەتیك بۆ مەحوکردنی هەمو جۆرە نەعرەیەکی کە ببیتە سەبەبی تەفرەقەو ئیخلالی وەحدەتی وەطەنییەی عیراق، یاخود ببیتە سەبەبی ئیخلال کردنی حقوقی دراوسییەتی لەگەڵ هەردو حکومەتی دۆستمان: ئیران و تورك...))

وەکیلی مەندوبی سامیش لە وتارەکەیدا وتی:

((...قەت شتیکی وا نیە لە هیچ نوقطەیەکی عیراق، کە بلین حکومەتی عیراق یان حکومەتی بەریطانیا هەر یەکە بۆ خۆی تەعقیبی سیاسەتیك بکا، تازە ئەوا موعاهەدەیەك ئیمزا کراوە کە ئەم دو مەملەکەتە بۆ ۲۵ سالی تر لەگەڵ یەکتری بە تەحالوفیکی صەمیمی رەبط دەکات...

((...غایەی یەکەمینیان ئەوەیە کە تەئمینی تەئسیسی دەولەتیکی عیراق بکات کە ئازادو سەربەخۆ بیت... هەرچی حەرەکەتیك لەگەڵ ئەم سیاسەتە تەوافوق نەکات حکومەت بەباشی سەیری ناکات، وەکو جیابونەوەی کوردان.

((...سەیر دەکەم بەعضێ جیهاتی نامەسئول وای دەهیننە پیشەوە کە تەشجیع کردنی حەرەکەتی قەومییەی کوردی سیاسەتیکی قەطعیەی حکومەتی جەلالەتی مەلیکی بەریطانیایە، ئەمە نەك تەنها بۆ عیراق، بەلکو بۆ دراوسێ و دۆستەکانی تری کە حکومەتی ئیران و تورکیایە موجیبی ئیرتیباك دەبیت. هیچ شتیك نیە کە لەمە زیاتر لە حەقیقەت دور بیت...

((ئەوەی کە هەردو حکومەت: بەریطانیا و عیراق، حەز ئەکەن بیبینن پیشکەوتنی صولحپەروەرانەی عیراقیکی یەکگرتوە، کە لەوێ هەمو ئەو عونصورە موختەلیفانەی ئەهالی تەشکیل دەکەن، غەرەضی زۆر موهیمیان ئەوە بێ کە ببن بە عیراقیکی چاك)).

بەم پێیە هەڵویستی بریتانیای لە کیشەی کورد رون کردەوە، کە: پشتیوانی لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردی ناکەن، بەلکو ئەیانەوێ کورد ببن بە ((عیراقیەکی چاك)).

لەهەر ٣ شار گفتوگۆی گەرمو توندو تیژ لە نیوان نوینەرانی کوردو وەفدی حکومەتدا کرا. نوینەرانی کورد بە راشکاوی ئەیانوت نایانەوێ لەگەڵ عەرەب پیکەوە بژین، بەلکو ئەمانیش ئەیانەوێ: حکومەتیکی کوردی سەربەخۆ، لەژیر ئینتیدابی دەولەتیکدا کە کۆمەلەی گەلان دیاری بکا، دابمەزرینرێ. بۆ ئەمەیش ئەو بەلینانەیان ئەکرد بە بیانو، کە کۆمەلەی گەلان کاتی خۆی بە کوردی دابو.

داواکەیان پیچەوانەی بۆچونی کاربەدەستانی عیراقو، لەگەڵ سیاسەتی بریتانیدا نە ئەگونجا، لەبەر ئەوەی ئومیدی جیبەجێ کردنیان لی نەئەکرا. وەفدی وەزاری گەرایەوە بەغداد بێ ئەوەی لەگەڵ سەرانی کورد گەیشتبیتە هیچ جۆرە لەیەك گەیشتنێ.

٢-٢-٣ ناردنی بروسکەو یادداشت

هەیئەتی وەطەنیە کەوتە جموجولیکی سیاسی فراوان: هاندانی سەرانی کورد بۆ ناردنی بروسکە، یادداشت، نامە.. بۆ کاربەدەستانی عیراق، بەریتانیاو، کۆمەلەی گەلانو، سازدانی خۆپیشاندانی جەماوەری فراوانو هیمنانە. سەرانی کورد ئومیدیکی زۆریان بە (عەدالەتی عەسبەتول ئومەم) هەبو. تەنانەت ئەو لافیتانەی لەکاتی خۆپیشاندانەکانی پیشوازی ئەمیر غازیو، وەفدی وەزاریو، رۆژی ٦ی ئەیلولدا بەرزیان کرد بوەوە، بریتی بو لە دو دروشمی سەرەکی: (رەوا بێ مەطالیبی میللەتی کورد)و (بەرقەرار بێ عەدالەتی عیصبەتول ئومەم).

لەناو ئەوانەدا کە بروسکەو یادداشتیان ناردوە بۆ کۆمەلەی گەلان: ئەشرافی سلیمانی، سەرانی عەشیرەتەکانی پشدەر، هەورامان، هەمەوەند، جاف، تەنانەت ژنانی سلیمانی‌یش لەم هەولە نیشتمانیە دوانەکەوتن، حەپسە خانی نەقیبو دەستە خوشکەکانی داوای مافەکانی کوردیان کرد.

لەو کاتەدا بریتانیا گەورەترین هیزی دنیاو بە دەسەلاتترین هیزی ناو کۆمەلەی گەلان بو، لە هەمان کاتدا ماندانۆری عیراقیش بو. نامەو یادداشتەکانی سەرانی کورد لە ریگەی ئەوانەوە ئەنیردرا بۆ کۆمەلەی گەلان. بریتانیا بریاری‌دا بو کە عیراق بە یەکگرتویی بمینیتەوەو بکریتە ئەندامی کۆمەلەی گەلان، لەبەر ئەوە نەك هەر

گوێی نەدایە خواستەکانی کورد، بەلکو لە راپۆرتەکانی‌دا لەسەر پیشکەوتنی عیراق کە پیشکەشی کۆمەلەی گەلانی ئەکرد، پاکانەی بۆ عیراق ئەکردسەبارەت بەو شکاتانەی لیی ئەکراو گەواهی درۆی بۆ ئەدا کە خواستەکانی کوردی بەجێ هیناوە، کۆمەلەی گەلانیش شایەتیەکانی دەولەتی ماندتۆری لەبەرچاو ئەگرت، لەبەر ئەوە گوێی نەدایە خواستەکانی کورد.

ئەحمەد موختار جاف، کە چەند جارێ لە مەجلیسی نوابدا، نائیبی هەلەبجە بوە، دیارە لە کەینوبەینی ژیر بەژیری کۆمەلەی گەلان ئاگادار بوە، بۆیە بێ مەلامەت نیە کە لە شیعرە بەناوبانگەکەی‌دا بە راشکاوی ئەلی:

ئەم قەراری عیسبەیە وا خەلق ئەلین بۆ کورد ئەبێ،

هەر قسەی روتەو، قسەیش ناچیتە ناو گیرفانەوە!

سەرەنجام پیشبینیەکەی ئەم هاتە دی.

٢-٢-٤ بادینان و خواستەکانی کورد

لەم جولانەوە سیاسیە فراوانەدا، بادینان بە هۆی هەلویستی سەلبیی: شیخ رەقیبی سورچی، فارس ئاغای زیباری، رەشید بەگی بەرواری، شیخ نوری بریفکانی و، چەند کەسیکی کەوە.. دابرابو، ئەمانە بە ئاشکرا پشتیوانییان لە حکومەتی عیراق کردو، دژی خواستەکانی کورد راوەستان و، نەریتیکی خائینانەیان بەرامبەر جولانەوەی نەتەوەیی کورد، بۆ کورو نەوەکانیان داهینا، تا سالانیکی دریژ لەسەری رۆیشتن و، هەر لە سۆنگەی ئەمانەوە:

یەکەم، ئەگەرچی حکومەتی عیراق لە ناوچە کوردنشینەکان‌دا، زمانی کوردی بە زمانی رەسمیی خویندن و دادگاو دائیرەکانی ناسی، لە بادینان ئەمە جیبەجێ نەکرا.

دوەم، ئەو پرۆژەیەش، کە کاربەدەستانی ئینگلیزی چەند جارێ بۆ کاربەدەستانی عیراقیان پیشنیار کرد دەربارەی ئەوەی، قەزا کوردیەکانی موسل، دهۆك، زاخۆ، ئامیدی و ئاکرێ، بکرین بە لیوایەکی سەربەخۆ، بە رەزامەندی ئەمان و، بەهۆی دەسەلاتدارەکانی موسلەوە، سەری نەگرت.

٢-٣ هەلبژاردنی ٩٣٠

وەزارەتەکەی نوری سەعید گوێی نەدایە نارەزایی کوردو نارەزایی عەرەب، سور بو لەسەر ئەنجامدانی هەلبژاردن و ئیمزاکردنی پەیمانی بریتانی - عیراقی. وەزارەتی داخلیە نوسی بۆ هەمو لیواکان کە دەس بکرێ بە بە هەلبژاردنی هەیئەتی تفتیش بۆ هەلبژاردنی نائیبەکان بە پەلە تا ئەتوانن.

٢-٣-١ شەری بەر دەرگی سەرا

تۆفیق وەهبی کە موتەصەرریفی سلیمانی بو لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا کیشرایەوە بۆ بەغدادو لیخرا. ئەمە نارەزاییەکی زۆری لەناو دانیشتوانی سلیمانی و سەرانی ئیلەکاندا خولقاند. حکومەت لای وابو وەهبی بەگ یەکیکە لە هاندەرانی جموجولی سیاسی سلیمانی. لەو سەردەمەدا موفەتیشی ئیداری، کە ئینگلیز بو، لە هەمو لیواکانی عیراقدا خاوەن دەسەلات بون. موفەتیشی ئیداری سلیمانی، کابرایەك بو بە ناوی گاون، بەلام ئەمیش بە ئیجازەی ٦ مانگ سەفەری کرد بو. سلیمانی موتەصەرریفی نەبو، موفەتیشی ئیداریەکەیشی لە ئیجازە بو، کەسی یەکەمی خاوەن دەسەلات، وەکیلەکەی گاون، کابرایەکی ئینگلیز بو بەناوی ئەلبان. داوودەزگای بەریوەبەرایەتی سلیمانی رینوینی و فەرمانیان لە میستەر ئەلبان وەرئەگرت.

شەوی ٤ی ئەیلول هەیئەتی وەطەنیە لە مالی عەزمی بەگی بابان دانیشتن و بریاریاندا: لە هەلبژاردندا بەشداری نەکەن.

رۆژی پینج شەمە، ٤ی ئەیلول، فایەق بیکەس قوتابیەکانی زانستی لە گەرەکی صابونکەران هینایە خوارەوە. بە دەوری سەرادا دانیشتن، سرودی نیشتیمانییان ئەخویندو هوتافیان ئەکیشا، لەپر سەیارەکەی موفەتیشی ئیداری دەرکەوت دایانە بەر بەرد.

رۆژی شەمە، ٦ی ئەیلول، دانرا بو کە هەیئەتی تەفتیش، بۆ سەرپەرشتی هەلبژاردنی (منتخبە ثانویەکان) لە سەرای سلیمانی ئامادە بن. نزیکەی ٣٠ کەسیك لە سەرادا کۆبونەوە بۆ هەلبژاردنی نائیبەکان.

سەرانی هەیئەتی وەطەنیە لایەنگری توندو تیژی نەبون، هەر لەبەر ئەوە لەم خۆپیشاندانەدا بەشدار نەبون. ئەوەی هاندەری سەرەکی بوەو سەرکردایەتی کردوە، فایەق بیکەس بوە. فایەق بیکەس و، قوتابیەکانی زانستی لە بازار کەوتنە داخستنی دوکان بە خەلك. بەشی زۆری خەلك دوکانیان داخست و بەرەو بەردەرکی سەرا رۆیشتن.

لـه چايخانـەكاندا بـە گرامـەفۆن سـرودی نيشـتمانيی لی ئـەدرا. خـەلك زۆر كۆبونـەوە. هوتـاف و شـيعارات بـە دەنگـی بـەرز لـە دژی هـەلبژاردن ئـەدرا. وەكـو بەيانەكەی حكومەتيش ئەليت ژمارەی خۆپيشاندەران زيادی گەيشتە ٢ تا ٣ هەزار كەس. خۆپيشاندەران بەردەركی سەرايان گرت بو. ريگەيان لە هاتوچۆی ناو سەراو دەرەوەی ئەگرت. پۆليس نەيتوانی بلاوەيان پێ بكاو ريگای هاتوچۆ بكاتـەوە. لـە نيوان پۆليس و خەلكدا بو بە شەرە دارو بـەردەفركێ. ئـەم روداوە لـە سـەعات ١١ی پيش نيوەرۆ رویدا.

دەسەلاتداری يەكەمی حكومەت لە سليمانی، وەكيلی موفەتيشی ئيداری ئەلبان، بو. داوا لـە فـەرماندەی جـەيش كـرا سـريەيەك سـەرباز بنيرێ، ئـەويش بەشـی نـەكرد، داوای فـەوجيكيان كـرد. سـەربازەكان لـە حەوشـی سـەراو سـەربان دامـەزران و، بـە مـەترەلۆز (رەشاش) كەوتنە تەقە لە خۆپيشاندەران. چەند كەسێ كـوژران (بـەپێی بەيانی رەسميی حكومـەت...و، بەقسـەی خـەلك نزيكـەی ٦٠ كـەس كـوژراوە)و چـەند كەسێ بريندار بون و، ئەوانی تر بلاوەيان لی كرد.

هيزە چەكدارەكانی عيراق دەستيان گرتـەوە بەسـەر جادەكاندا. كوژراوەكان لـە حەوشی سەرادا كەلەكە كران و، بريندارەكانيش لەناو قاوشيكدا ريز كران و، كەوتنە راونان و گرتنی هاندەرو ريكخەرو بەشدارانی خۆپيشاندانەكە، تا دوسـێ رۆژ هـەر خەلك ئەگيران و پۆليس و سەرباز شـايەتييان لی ئـەدان. ژمـارەی گيراوەكـان لـە ١٠٠ كەس تێ پەری.[٣٠]

٢-٣-٢ ئە نجامدانی هەلبژاردن لە سليمانی

كارەساتی بەردەركی سەرا، ئەگەرچی لە رۆژنامەكانی عيراق و، لە رۆژنامەكانی بريتانيياندا دەنگی دايەوە، بەلام كاربەدەستانی عيراق گوييـان نەدايـەو، برياريـاندا هەلبژاردنەكە بە ئەنجام بگەيەنن.

وەزارەتی كاروباری ناوخۆ لە رۆژی ٩٣٠/٩/٩ بە بروسكەيەكی نهينی داوای لـە موتەصـەريفی سـليمانی كـرد، بـەهۆی ئـەو روداوەوە، هـەلبژاردن حەفتەيـەك دوا

[٣٠] دەسخەتەكانی مامۆستا مستەفاو لولی ئەويش لە خواليخوشبوان: رەمزی فەتاح، مامۆستا جەلال ئەمحەد، مامۆستا عومەر عەبدورەحيم، مەلا محەممەدی كوردی، مامۆستا ئـەخولی شاعير، وەری گرتون.

بخريت. بەڵام موتەصەرريفيەتی سليمانی، کە ئەلبان حوکمرانی بو، لە ١٩٣٠/٩/١١دا لە وەڵامدا پييان لەسەر ئەوە داگرت، کە ئەنجامدانی هەلبژاردن گرنگيەکی زلی هەيە، لەبەر ئەوە نابێ دوا بخريت. وەزيری کاروباری ناوخۆيش لە ١٩٣٠/٩/١٤ بە نوسراويکی نهينیو پەلە پشتيوانی بريارەکەی موتەصەرريفەتی سليمانی سليمانی کرد.

رۆژی ١٩٣٠/٩/١٥ لە (مەقامی موتەصەرريفیدا عوموموی ئەشرافو توجارو سائيری طەبەقەی ئەهالی بۆ ئينتيخاباتی هەيئەتی تەفتيشيە کۆبونەوە)يان راستتر کۆکرانەوەو، هەلبژاردنيان پێ ئەنجام دان. کە کۆبونەوەی مەجليسی نواب لە رۆژی ١٩٣٠/١٠/١دا لە بەغداد کرايەوە بە نوينەرايەتی سليمانی ئەم نائيبانە: ئەحمەد صالح، ئەحمەد موختار، محەممەد صالح، سەيفوڵڵا خەندان، ئامادە بون.

٢-٣-٣ دانانی ئەحمەد بەگی تۆفيق بەگ

شوينی موتەصەرريف چۆڵ بو. لەناو رۆژنامەکانی بەغدادا ناوی چەند کەسايەتی کوردی لەوانە: محەممەد ئەمين زەکی، جەمال بابانو ئەحمەد بەگ، هينرايە ناو تا بکرينە موتەصەرريفی سليمانی سەرەنجام ئەحمەد بەگی تۆفيق بەگ دانرايەوە بە موتەصەرريفی سليمانی.

ئەحمەد بەگ، لە بنەماڵە ناسراوەکانی سليمانیو، خۆيشی پياويکی تيگەيشتوو بەريزی ناو خەلك بوە. ئەگەرچی ئەم يەکێ بۆ لەوانەی چون بەپير شيخ مەحمودەوە کاتێ لە ديلی گەرايەوەو، ماوەيەکيش هەر لە سليمانی بو، بەڵام لەسەردەمی حوکمرانی شيخ مەحمودا ئەم هيچ کاريکی پێ نەسپيردراوە. لە داگيرکردنی دوەمی سليمانیدا ئەم رۆيشتە بەغدادو بو بە ئەندامی (مەجليسی تەئسيسيی عيراق) تا هيزەکانی عيراقو بريتانيا بۆ جاری سييەم سليمانيیان بە يەکجاری داگيرکردو، وەکو ليوايەك بەستيان بە عيراقەوە، ئەم کرا بە موتەصەرريفی سليمانی (١٩٢٤ – ١٩٢٧). ئەو ماوەيەی موتەصەرريف بو، بايەخيکی زۆریدا بە کاروباری خويندەواری، ئاوەدانیو رۆشنبيریو، يەکەمين (سەرۆکی جەمعييەتی

زانستی کوردان) بو. لە ١٩٢٧دا دەستی لە کار هەلگرت، لە جیگەی ئەم ئەحمەد عوسمان کرا بە موتەصەرریفی سلیمانی.

لەکاتی گفتوگۆی عیراقی بریتانیدا بۆ بەستنی پەیمانی ٩٣٠ ئەمیش لە بروسکەیەکدا کە بۆ مەندوبی سامیو سەرۆکی وەزیرانی عیراقی نارد، پشتیوانی لە خواستەکانی گەلەکەی کرد.

دوای شکانی شۆرشەکەی شیخ مەحمود کە مەلیك فەیصەل هاتە سلیمانی، نیشانی (الرافدین)ی بە خەلات کرد بە بەرۆکی ئەحمەد بەگدا.

٢-٣-٤ وەفدی کوردستان

کوشتارەکەی بەردەرکی سەرا، ویژدانی شاعیرە گەورەو ناسراوەکانی ئەودەمی سلیمانییان هەژاندوە. پیرەمیرد، حەمدی، بیکەس، گۆران، ئەخۆل، شیعری بەسۆزیان لەسەر داناوە، لە ویژدانی خەلکیشدا (شەشی رەشی ئەیلول) بوە بە میژویەکی ناسراو، لە دایك بونو مردنو، ژنهینانو شوکردنیان پێ دیاری کردوە.

لەکاتی کوشتارەکەی ئەیلولدا مەلیك فەیصەل بۆ تیماری نەخۆشی، لە لەندەن بو. دوای ئەوەی گەرایەوە بەغداد، بۆ نوێ کردنەوەی دلسۆزیو دەربرینی گویرایەلی، وەفدی شارەکانی کوردستان، کە زۆربەی نائیبە کوردەکانی تێدا بو، چون بۆ دیدەنی مەلیك. رۆژنامەکانی بەغداد ئەم هەوالەیان بە خۆشیەوە بلاوکردەوە. پیرەمیر بەم بۆنەیەوە شیعرە بەناوبانگەکەی (وەفدی کوردستان)ی بەسەردا هەلداون، کە پییان ئەلی: ((میللەت فرۆشان))و، نائیبە کوردەکان بە ((هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان)) ناو ئەبا بیکەسیش کردویەتی بە پینج خشتەکیو ئیشارەت ئەکا بۆ بازرگانەکانو ئەلی: ((حاجی توتنەکەت مادەم فرۆشرا، قیروسیا لە صەد کوشتنو هەرا)).

بەڵگەکانی:

٢-کوردو پەیماننانەی ١٩٣٠

{} نامەی هەمفریس (F. H. Humphrys)، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق بۆ لۆرد پاسفیلد (Passfield)، سکرتیری دەولەت بۆ کاروباری کۆلۆنیەکان

بارەگا، بەغداد

٢٣ی نیسانی ١٩٣٠

گەورەم

١- ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە گەورەییتان ئاگادر بکەم، لەوەتی من گەیشتومەتە عیراق بە ئاگاییەوە شکاتی بەردەوامی کوردەکانی عیراق، سەبارەت بەو بەلینانەی لە بابەت ئەو ئیمتیازاتە تایبەتییانەوە کە پییان دراوەو بە تەواوی جیبەجێ نەکراون، لەبەرچاو گرتوە.

٢- سەرەتای ئەمساڵ مەلیك فەیصەل پێی وتم حەز ئاکا کە هەمو پرسی کوردم بە تایبەتی لەگەڵ باس بکاو، لەسەر ئەوە ریك کەوتین هەرچی زوتر کە من کاتم هەبێ بۆ ئەوەی خۆم ئاگادار بکەم لە فاکتو بیرو بۆچونی ئەوانەی ئاگاداریی تایبەتییان هەیە

لەم بارەیەوە، ئەوسا پێکەوە دایئەنێین کە حکومەتی عیراق چ کارێ بکا بۆ رازیکردنی کوردەکان.

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت، لەسەر داوای من، سیر کیناهان کۆرنوالیس (Sir Kinahan Cornwallis) موستەشاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆ، کەوتە هەلسەنگاندنی ئەو بەلینانەی بە کوردەکان دراون و رادەی جیبەجێ کردنیان. هەروەها لەگەل موفەتیشە ئیداریەکانی ناوچە کوردیەکان و لەگەڵ موفەتیشی بەریتانی پەروەردەی گشتی گازاندەی کوردەکانی بە تیروپری باس کرد. ئەم گفتوگۆیانە وایان لێ کردوە بتوانێ کە لەسەر هەمو مەسەلەکە تیبینییەکی گشتلایەنی ئامادە بکات و، راسپیری دیاریکراو بخاتە بەردەم حکومەتی عیراق.

٣- لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپییەکی ئینگلیزی ئەو تیبینییەی سیر کیناهان کۆرنوالیس بۆ وەزیری ناوخۆی نوسیوە، بۆ ئاگاداری گەورەییتان ئەنیرم، کە بە رەئی من زۆر بە رونی هۆیەکانی شکاتەکانی کوردو ریگەی چارەسەرکردنی باس کردون.

سیر کیناهانم ئاگادار کردەوە کە من راسپاردەکانی پەسند ئەکەم و نفوزی خۆیشم لەگەڵ مەلیك و سەرۆکی وەزیران بەکار ئەهینم بۆ پشتیوانی لە تەقەللاکانی بۆ قانیعکردنی حکومەتی عیراق کە پیرەوییان بکا.

٤- یەکەم بەری تیبینییەکانی سیر کیناهان بۆ وەزیرەکەی بەیانیکە، کۆپیەکی پاشکۆی دوەمی ئەم نامەیەیە، کە لە ٩ی نیساندا لەلایەن حکومەتی نوری پاشاوە بە ریگەی هۆکانی راگەیاندنەوە بلاوی کردۆتەوە. راگەیاندنی ئەم سیاسەتە بەجۆرێ کوردەکانی رازی کردوە کە لە ژمارەیەك تەلەگرامی پیخۆشحالی و سوپاسدا دەریان بریوە کە تازە لە زۆر شوینی کوردستانەوە بە من و سەرۆکی وەزیران گەیشتوە.

هەمفریس مەندوبی سامی لە عیراق*.

لەم ماوەیەدا لەگەڵ موفەتیشە ئیداریەکانی لیواکانی سەرو خەریکی تویژینەوەی هەلومەرجی کوردەکان بوم و، بەفەرمانی خاوەن شکۆ مەلیك لەوەم کۆلییەوە، کە ئاخۆ هیچ راستیەك لە قسەی ئەو کوردانەدا هەیە کە ئەلین ئەو بەلینانەی دراویانەتێ، بە باشی جیبەجێ نەکراون.

١- * (FO371/14521).

٢- بەلینەکان ئەمانەی خوارەوەن:

(١). بـەیانی سـیر پیرسـی کۆکـس (Sir Percy Cox) لـە لایـەن راویژکـارانی بریتانیـەوە لـە لیواکـانی موسـڵ، کـەرکوك، سـلیمانیدا لـە ٦ی مـەی ١٩٢١ بلاوکراوەتەوە.

(٢). بەیانی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٢٢:

((حکومـەتی خـاوەن شـکۆی بریتانیاو حکومـەتی عیراق دان ئەنین بە مـافی ئـەو کوردانـەدا کـە لـەناو سـنوری عـیراقدا ئـەژین بـۆ ئـەوەی حکومـەتیکی کـوردی لـەو سنورانەدا دابمەزرینن و هیـوادارن کـە تاقمـە کوردیـە جیاوازەکـان، بـە زوتریـن کـات، لەناو خۆیـاندا بگەنـە ریککەوتنیك لەسـەر شـیوەی ئـەو حکومەتـەی خۆیـان ئـارەزوی ئەکەن و لەو سنورەدا کە ئەیانەوێ دریژ ببیتەوەو دەستـەیەکی نوینەرایـەتی بـەرپرس بنیرن بۆ بەغداد بۆ باسی پیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان لەگـەڵ حکومـەتی خـاوەن شکۆی بریتانیاو حکومەتی عیراق)).

(٣). بریاری ئەنجومەنی وەزیران لە ١١ی جولای ١٩٢٣.

(١) حکومـەتی عیراق بەتـەما نیـە هیچ فەرمانبـەریکی عـەرەب لەناوچـە کوردیـەکاندا دابمەزرینێ جگە لە فەرمانبەرانی تەکنیکی.

(٢) هەروەها بەتەما نیە دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان ناچار بکا بە زمانی عەرەبی لە مراسلاتی رەسمییدا بەکار بهینن.

(٣) مافـەکانی دانیشتوان و تاقمـە دینیی و شارستانیەکان لـە ناوچـەی نـاوبراودا بـە تەواوی پاریزراوە.

(٤) تەلەگرامی سەرۆکی وەزیران بۆ موتەصەرریفی کەرکوك:

(أ) تکایـە ئەنجومـەنی بەریوەبەرایـەتی ئاگـادار بکـە کـە پیشـنیارەکانیان پەسـند کراوەو حکومـەت موافیقـە دامەزراندنـەکان تـەنیا لـە خـەلکی ناوچەکـە بـێ و زمـانی ناوچەیی بە رەسمیی بناسێ.

(ب) ...ئەشێ ئەنجومەنی بەریوەبەرایـەتی ئاگـادار بکـەی و بـەلینی جیبـەجێ کردنـی ئەم مەرجانەیان بە شیوەیەکی رەسمیی بدەیتێ.

(٥) وتاری سەرۆکی وەزیران لە ٢١ی جەنیوەری ١٩٢٦دا :

((... ئیمە ئەبێ مافی کوردەکان بدەین. فەرمانبەرەکانیان لە خۆیان بن، زمانەکەیان ئەبێ زمانی رەسمییان بێ و منالەکانیان ئەبێ لە قوتابخانەکانیاندا زمانی خۆیان فیر بن، ئەوە ئیلتیزامە لەسەر ئیمە کە مافەکانی خۆیان بدەینێ)).

سەرۆکی وەزیران رینمایی‌دا بە هەمو وەزارەتەکانی:

((پایە بەرزتان بیگومان ئەو وتارەی دیوە کە سەرۆکی وەزیران لە مەجلیسی نوابدا داویتی و، رۆژی دوایی لە رۆژنامەکاندا بلاوکرایەوە. ئەم وتارە ئەو سیاسەتە دەرئەبرێ کە حکومەت ئەیگرێ و لە بەریوەبەرایەتی ناوچە کوردیەکاندا پیرەوی ئەکرێ، بە دیاریکراوی کە فەرمانبەران ئەبێ کوردو زمانی رەسمی ئەبێ کوردی بێ. پایەبەرزی ئاگاداری کردم داوا لە پایەبەرزتان بکەم هەولی جیبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە بدەن و لە هەمو دامەزراوەکانی ناوچەی باسکراودا جێبەجێی بکەن)).

(٦) راسپاردەی کۆمەلەی نەتەوەکان :

((ئەبێ گوێ بدریتە ئەو ئارەزوانەی لەلایەن کوردەکانەوە دەربرراوە کە فەرمانبەرانی بە رەگەز کورد دابمەزرینرین بۆ بەریوەبەرایەتی ناوچەکەیان، رەوتی دادگاو فیرکردن لە قوتابخانەکانداو، کوردی ئەبێ ببێ بە زمانی رەسمیی هەمو ئەم خزمەتانە)).

٣.بەرەئی شەخسیی من، ئەو بەلینانەی کە گەورەترین گرنگییان هەیە، بەلینەکانی ژمارە ٣، ٤، ٥، ٦ن کە پیوەندیان هەیە لەگەڵ:

أ- فەرمانبەران.
ب- زمان.
ت- گفتوگۆی ناو دادگا.
پ- پەروەردە.

ئەو بەلینەی بە ئەنجومەنی بەریوەبەرایەتی کەرکوك دراوە نالەبارە چونکە زۆرایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردن، چونکە دوای ئەوەی بەلینەکە دراوە هەمو قەزا کوردیەکانی چەمچەماڵ و گل لە لیوای سلیمانی کراونەتەوە. لەبەر ئەوە ئەو بەلینەی بە کورد دراوە تا رادەیەك ناکۆکە.

من پیشنیار ئەکەم کە هەر چوار بەلینەکە جێبەجێ بکرین، بەلام حەز ئەکەم لە پیشەوە رەئی خۆم رون بکەمەوە، حکومەتی عیراق بە چ گیانیکەوە لە پاشەرۆژدا کار لەگەڵ کورد ئەکا زۆر گرنگترە لە جیبەجێ کردنی حەرفیی هەر بەلینیکیان.

راست بێ یان درۆ، کوردەکان وا هەست ئەکەن مافەکانی خۆیان وەرنەگرتوە، بۆیە یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەمرۆی حکومەت ئەوەیە ئەم هەستە نەهیلێ و، هەستی متمانەو باوەریان تیدا بچینێ. وەکو من هەولئەدەم پیشانی بدەم، ئەبێ لەچەند مەسەلەیەکدا گلەیی لە حکومەت بکرێ. نە لە پرسە گەورەکانی سیاسەتدا ئەوەندەی لە مەسەلەی کەمتر گرنگدا وەکو دامەزراندنی خراپ و ریکخستنی نالەبار. ئەگەرچی، سکالای بچوك هی گەورەتر لە میشکی خەلکدا دروست ئەکاو زۆر جاریش ئەبیتە هۆی تورەیی و نارەزایی.

یەکەمین ئەرکی حکومەت ئەوەیە لەم سکالایانە بکۆلیتەوەو بە گیانی بەزەییەوە چارەسەریان بکا.

فەرمانبەران

٥.ئەم ژمارانەی خوارەوە پیشانی ئەدەن چ فەرمانبەرێ دامەزینراون:

ك–کورد ت–تورکومان ع–عەرەب م–مسیحی ج–جو

	نوسراو				نەنوسراو		
هەموی	ك.	ت.	ع.	م و ج	ك.	ت.	ع. م. و ج
سلیمانی	١٩	٨	١	٢	٩٠	١٤	١١
ئەربیل	١٨	٥	٤	١	٩٥	٢٣	٣٤
کەرکوك	١٦	١١	١٨	٢	٢٩	١٠٧	٤٠
موسل و (قەزا کوردیەکان)	١١	٣	١٤	٤	٤٦	٨	٤٣

٦.بە راشکاوی بلیین، دامەزراندنی ئەو هەمو نەکوردە شکاندنیکی ئاشکرای بەلینەکەیە. لە سلیمانی، بۆ نمونە، ٩٩٪ دانیشتوانی کوردن، کەچی ٣٠٪ فەرمانبەرەکانی نەکوردن. لەناوچە کوردیەکانی کەدا ژمارەکان بۆ خۆیان قسە ئەکەن.

هەروەکو ئەبینرێ ٣٢٤ فەرمانبەری کورد هەیە، ١٦٥ عەرەب، ١٨٠ تورکومان و ٦٢ مەسیحی و جو هەیە. ژمارەی فەرمانبەرانی نەکورد ٩٣ کەسی لە فەرمانبەرانی کورد زۆرترە.

ئەمەش نمونەیەکی رونی پشت گوێ خرانی رینماییەکانی حکومەتە، چونکە هیچ کەسێ بەتایبەتی بەرپرسی ئەوە نیە بزانێ بەلینەکە حەرفیی جیبەجێ کراوە. ئەم پشت گوێ خرانە هەلی باش ئەرەخسینێ بۆ رەخنەگرتن لەلایەن هەر یەکیکەوە کە بیەوێ بە خراپ لیکی بداتەوە. من پیم باشترە سەیری گیانەکەی بکرێ نەك زۆر بەجدی روکەشی شتەکە وەربگیرێ، چونکە لە زۆر حالەتدا نەکوردەکان یان کەرکوکین لە لیوای کەرکوكدا خزمەت ئەکەن یان دانیشتوی کۆنی لیواکەن خزمەت ئەکەن وایان لی هاتوە لە کوردەکان جیا نەکرینەوە. دائیرەکانی (بەتایبەتی تاپۆ، گومرگ و کشتوکالٌ)، زۆر کەم هەولیان داوە گوێ بدەنە بەلینەکەو کوردەکان بیگومان هۆیەکی راستەقینەیان هەیە بۆ سکالاْ لەمە، بەتایبەتی لە بواری وەزیفە نەتەکنیەکاندا. وا ئەزانم مەسەلەکە تا ئیستا بە ریگەیەکی راست رەفتاری لەگەلٌ نەکراوە. کوردەکان بە توندی پێ دائەگرن لەسەر ئەو بەلینانەی پییان دراوە. عەرەبەکان بیزارن لەوە کە لیوا کوردییەکان بۆ کورد بهیلرینەوە (بە ناویش بێ، بەکردەوە وا نیە وەکو ژمارەکان دەری ئەخەن)، بەلاْم ریگەیان لی ناگرن لەوەی خزمەت لە بەشەکانی تری ولاْتدا بکەن. زۆر باشتر ئەبێ ئەگەر زانینی زمان بکرێ بە پیوانەو ریگە بدرێ بە دامەزراندنی عەرەبی کوردیزان لە لیوا کوردیەکانداو بە کوردی عەرەبیزان لە لیوا نەکوردیەکاندا. ئەمەش ناکرێ تا ئەو زەمانەی کورد گومان لە سیاسەتی حکومەتی ناوەندی ئەکات. لام وایە ئەگونجێ جیبەجێ بکرێ، ئەگەر یاسای زمان کە لە پەرەگرافی ۲دا باس کراوە تێ بپەرێ و پەلەپەل نەکرێ و بە هوشیاری دابمەزرینرین.

۷.دامەزراندنی فەرمانبەری کارامە گرنگیەکی گەورەی هەیە. رەنگە کوردەکانی لیوای هەولیر حالی حازر لە کوردی لیواکانی کە زیاتر بیزار بن. بە داخەوەم ئەوە بلیم کە بەو ئەنجامە گەیشتوم ئەمە بە زۆری ئەگەریتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی مەجید بەگی موتەصەرریف، پیرەوی کردوە. ئەم فەرمانبەرە بەتوانایە بەلاْم تورکومانەو خۆی وا پیشان داوە حەز لە چارەی کورد ناکا. نمونەیەکی بەدی داوە بە فەرمانبەرەکانی ترو بونی وەکو بۆچونیکی دژی کورد لە بەریوەبەرایەتیدا زیانبەخشە. ئەم لەماوەی ئاسایی خۆی زیاتر لە خزمەتدا لە هەولیر ماوەتەوە، لام وایە گویزانەوەی دەسبەجێی لە ناوچە کوردیەکان شتیکی پیویستە. ئەبێ فەرمانبەریکی کورد لە جیگەی ئەم دابنرێ کە حکومەت و هاولاْتیەکانی متمانەی پێ بکەن.

٨.ئەو کەمایەسییەی پێویستی بە چاککردنەوە هەیە لە هێزی پۆلیسدا ئەبینرێ کە کەمیی ئەفسەری پۆلیسی کارامەو پشکنەری کوردە. لە ئەنجامدا دامەزراندنی فەرمانبەری عەرەبە، کە لە هەندێ حالەتدا کوردی نازانن و لە ریگەی تەرجومانەوە کار ئەکەن. ئەمە بە ئاشکرا هەلەیەو ئەبێ کارئاسانی زۆرتر بکرێ بۆ مەشق پێ کردنی پۆلیس - کورد بن یا عەرەبی کوردیزان - بۆ ئەوەی ببن بە پشکنەرو ئەفسەری نوسراو.

٩.لام وایە هەر بە تەنیا بۆ وەزارەتی ناوخۆ پارمەتیدەر نیە، بەلکو بۆ کوردەکانیش مایەی شادمانی ئەبێ، ئەگەر پارمەتیدەریکی کورد بۆ بەریوەبەری گشتی بەریوەبەرایەتی لە وەزارەتدا دابنرێ. ئەم فەرمانبەرە لە پلەی یەکەمدا خەریکی ئەو نامەکارییانە ئەبێ لە لیوا کوردیەکانەوە دین لەژێر فەرمانی کارگێری گشتی بەریوەبەرایەتیدا. ئەم دامەزراندنە خەرجیکی زیادەی ئەبێ، بەلاّم دلنیام کە ئەمە تبریر ئەکرێ بە هەستی رەزامەندی کە کەسیکی بە ئاگاداریەکی زۆرەوە لەسەر لیوا کوردیەکان لە وەزارەتدا هەیە.

١٠.کوردەکان هەستیان کردوە بەوەی کە بە ئەندازەی کافی لە دەزگا بەرزەکانی پایتەختدا نوینەرایەتی ناکرین. دیارە ئەم هەستە لەناو کەنارو شوینەکانی تریشدا هەیە، بەلاّم من لام وایە کە ئەبێ سەرنجی تایبەت بدرێ بە ژمارەو گرنگی سیاسی کوردەکان و هەولّ بدرێ رازی بکرین، ئەگەر کەسانی کارامە هەبون شوینە بۆشەکانیان پێ پر بکریتەوە.

١١.مەسەلەی زمان شتیکە کوردەکان لە بارەیەوە زۆر بە پەژارەن. بەلینەکان بە تەواوی رونن و من لام وایە نابێ کات بە فیرۆ بدرێ بۆ تیپەراندنی قانونیك کە کوردی بکا بە زمانی رەسمیی لە بەریوەبەرایەتی سلیمانی و هەولیرو لەو قەزایانەی لیوای موسلّدا، کە زۆرایەتی دانیشتوانی کوردن و، داننان بە کوردیدا وەکو یەکێ لە زمانە رەسمییەکانی لیوای کەرکوك. دوای تیپەراندنی قانونەکە، زانینی زمانەکە نەك رەگەز، وەکو لەسەرەوە پیشنیارم کردوە، بکرێ بە مەرجێ دامەزراندنی فەرمانبەران لە ناوچە کوردیەکاندا.

١٢.تا ئیستا هەندێ لە دائیرەکان فەراموّشکار بون لە جیبەجیکردنی بەلینی زمانداو، زەمینەی راستەقینەی سکالاّکان ئەو راستیەیە میکانیزمیکی کافی نیە بۆ تەرجومەی قانونەکانی ولاّت و زۆر لە نیزامەکانی -دارایی و هی تر- کە بەردەوام دەر ئەچن. قانونە بنەرەتیەکان وەکو قانونی سزادانی بەغدادی هیشتا تەرجومە نەکراون و

له هەولیر، بۆ نمونه، نەك هەر زمانی دادگا عەرەبیه بەلكو ئیجرائاتو حوكمدانیش به عەرەبی تۆمار ئەكرین. قانون، نیزامو نامەكاری بەریوەبەرایەتیه گشتیەكان بۆ لیوا كوردیەكان به عەرەبیەو ئەبێ مودیری تەحریرات وەر بگیرێ. ئەمەش شتیكی ئابوری نیه چونكه فەرمانبەرانی چوار لیوا ئەبێ خەریكی تەرجومەی هەمان شت بن. ئەمەش بۆ هەموان شتیكی نارەوایە چونكه تەرجومەكان وەك یەك نابن. تەرجومەی دروستی بەلگەی قانونی پیویستی به وریایی و شارەزایی هەیه. بەلگەی لەو بابەته ناتوانرێ به باشی تەرجومه بكرێ لەلایەن كەسانی لینەهاتوەوە كه له هەمان كاتدا به كاری بەریوەبەرایەتیەوە سەرقالەو، زۆر جار لەوانەیە به تەرجومە نەكراوی بمینیتەوە. ئەنجامەكەیشی ئەوەیە فەرمانبەرانی عەرەبی نەزان ناتوانن كارەكانیان به دروستی ئەنجام بدەن و خەلكەكەیش بێ بەش ئەكرین لەو مافە بنچینەییەی كه ئەبێ باج بدەن و حوكم بكرین بەپێی قانونگەلی كه به زمانی خۆیان نوسرا بێ. لام وایه كه ئەبێ مەكتەبیكی تەرجومەی لیهاتو دابنرێ، باشترە لەم وەزارەتەدا بێ، بۆ تەرجومەكردنی قانونەكانو، ئەو بەلگانەی كه وەزارەت به پیویستیان ئەزانێ به كوردی و بلاوكردنەوەیان له جەریدەی رەسمییدا. هەروەها لام وایه ئەبێ رەوتی دادگاكان و حوكمدان له دادگاكاندا به كوردی تۆمار بكرین.

پەروەرە

١٣.سكالاكانی كورد له سیاسەتی پەروەردەیی حكومەت زۆرن. هەندیكیان رەوان و ئەوانی تریان، من لام وایه، زل كراون. كاریكی زەحمەته بۆ حكومەتیك كه پارەی نەبێ، هەمو شتێ به جاریك بكا، لەم مەسەلەیەدا كیشەكه ئالۆزە سەبارەت بەو راستیەی كه تازە كوردی بۆته زمانی نوسین لەبەر ئەوە مامۆستای لیهاتو كەمن.

به رەئی من دو كەمایەسیی سەرەكی هەن. یەكەمیان ئەوەیە، ئیستا ناتوانرێ منالانی كورد له لیوا كوردیەكاندا به باشی پەروەردە بكرین، چونكه هیچ فیرگەیەكی ناوەندی تەواوی لی نیه، دوەمیشیان ئەوەیە، ناوچەیەكی پەروەردەی كوردی نیه. هەولیر لەسەر ناوچەی موسڵو سلیمانی و كەركویش لەلایەن كاربەدەستانی ناوچەی پەروەردەی بەغدادەوە بەریوە ئەبرین. سكالام بیستوه كه سیاسەتی پەروەردەیی كه لەلایەن فەرمانبەرانی ناوچەیی بەرپرسەوە پیرەوی كراوە بەپێی بەلینەكان نیه. ئەمە ئەگەر وابێ یا نه ، من لام وایه، ناوچەیەكی پەروەردەیی له هەولیرو كەركوك و

سلیمانی، بەبێ دواخستن، لەژێر سەرپەرشتی کوردیکی لیهاتودا، دابمەزرینرێ. هەروەها لام وایە، کە کۆرسی تەواوی فیرگە ئامادەییەکان لە قوتابخانە ناوەندیەکانی هەولیرو سلیمانیدا بوتریتەوەو، ئەگەر پارە پەیدا کرا زۆرتر فیرگەی سەرەتایی بکریتەوە. ئەگەر ناوچەی پەروەردەیی کوردی دامەزرینرا ئەوسا فەرمانبەرانی کوردی کاربەدەست روبەروی رەخنەی کوردەکان ئەبنەوەو، کەمتر بیانویان بە دەستەوە ئەبێ بۆ ئەوەی، کەمتەرخەمی بەریوەبەرایەتی، کە وەکو لەسەرەوە من رونم کردەوە، کە بە زۆری ئەگەریتەوە بۆ نەبونی پارە، بە هەولی ئەنقەستی حکومەت بۆ پشت گوێ خستنی بەلینەکان، لیك بدریتەوە.

١٤.لام وایە گرنگیەکی زیاد لە پیویست دراوە بە هۆیەکانی فیرکردن لە قوتابخانە کوردیەکاندا. ئەوە ئاشکرایە کە کوردەکان ماف ئەوەیان هەیە فیرکردنی سەرەتایی بە کوردی بێ، بەلام من باوەرم وایە کە ئەگەر قانونی زمان دەربچێ و، کوردەکان باوەر بینن بەوەی کە بیری نەهیشتنی ناسنامەی نەتەوەیی لە کایەدا نیە، ئەوسا خۆیان داوا ئەکەن هۆکانی فیرکردن لە هەندێ بابەتی گرانتردا، لە ئاستی بەرزتری خویندندا، بە زمانی عەرەبی بێ. لەگەلْ کرانەوەی پیوەندیدا، لیوا کوردیەکان چیتر دانابرین، لاوانی کورد لەوە تێ ئەگەن، کە بێ زانینی عەرەبی، ناتوانن لە ژیانی نیشتمانیدا بەشداری بکەن. ئەمە مەسەلەیەکە لەم رەوتەدا خۆی لە خۆیدا بەلادا ئەکەوێ و شتیکی چەوتە ئەگەر تیکەلْ بکرێ بە کیشەی نەتەوایەتی.

١٥. کورتە راسپیریەکانم ئەمانەن:

فەرمانبەران

١– هەر کە قانونی زمان دەرچو، زانینی زمانی کوردی، نەك رەگەز، بکرێ بە پیوانەی دامەزراندن.

٢– لە هەمان کاتدا ئەبێ داوا لە هەمو دائیرەکان بکرێ بایەخی زۆرتر بدەن بە دامەزراندنی موچەخۆری کورد.

٣– موتەصەرریفی هەولیر بگویزریتەوەو کوردیکی کارامە لە جیگەی ئەو دابنرێ.

٤– ئەبێ کارئاسانی زۆرتر بۆ پۆلیس بکرێ کە مەشق بە ژمارەیەکی زۆرتری فەرمانبەرو پشکنەری کوردیزان بکا.

٥– یارمەتیدەریکی کورد بۆ کارگیری گشتی بەریوەبەرایەتی لە وەزارەتدا دابنرێ.

٦–توانای دۆزینەوەی کوردی گونجاو بۆ هەندێ لە وەزیفە بەرزی دائیرەکانی بەغداد تاقی بکریتەوە.

زمانو کاروباری دادگا

٧–ئەو قانونەی کە ئەبێ دەربچێ کوردی ئەکا بە زمانی رەسمیی لە سلیمانی، هەولیرو قەزاکانی لیوای موسڵ کە زۆرایەتی دانیشتوانیان کوردنو دان ئەنێ بە کوردیدا وەکو یەکێ لە زمانە رەسمیەکانی کەرکوك.

٨–مەکتەبیکی تەرجومە لە بەغداد دابمەزرینرێ.

٩– ریوشوینی بەریوەچونو دادگایی لە دادگاکاندا بە کوردی تۆمار بکرێ.

پەروەردە

١٠– بۆ مەبەستی پەروەردە لیواکانی هەولیر، کەرکوکو سلیمانی لە ((مەنتیقەیەك))دا ریك ئەخرین لەژیر بەریوەبەرایەتی کوردیکی کارامەدا.

١١– فیرگەی ناوەندی تەواو لە هەولیرو سلیمانی هەبنو ژمارەی فیرگەی سەرەتایی، ئەوەندەی بودجە ریگە ئەدا، زۆرتر بکرین.

راسپیری دی

١٢– دانانی رەمزیکی کوردی لەناو بەیداخی عیراقدا بە راکیشانی عاتیفی کوردەکان دائەنرێ.

١٦.پایەبەرزتان ئەبینن من لە راسپیریەکانمدا خواستەکانی کوردە نەتەوەییەکانم فەرامۆش کردوە بۆ دریژکردنەوەی ناوچە کوردیەکان بۆ لیواکانی دیالەو کوتو، بۆ هەر گۆرینیکی کە ببێ بە هۆی جیابونەوەی لیوا کوردیەکان لە مەملەکەتی عیراق. من ئەو جۆرە خواستانە بە باشترین قازانجی کورد خۆیان یا بە هی عیراق دانانیم. راسپیریەکانی من تیری نەتەوەییە خوین گەرمەکان ناکا، کە لایەنی هەرە کەمی داواکانیان فراوانکردنی ناوچەی پەروەردەیی کوردیو دروستکردنی

لیوای دهۆكه. دهرگا با كراوه بێ بۆ فراوانكردنی ژیرانهی لهم بابهته، بهڵام من لام وایه ئهبێ داخراو بێ له روی ههر شتیكدا كه دژی یهكیتی عیراق بێ.

ئهوهی من به شیوهیهكی سهرهكی داوای ئهكهم هاودهردیه لهگهڵ سكاڵا رهواكانی كوردا. بیستومه وتویانه مهسهلهی كورد نیه. لام وایه ئهمه له راستیهوه دوره. كوردهكان نارهحهتن و گومانیان ههیهو لیشاویكی زۆری پروپاگهندهی زیانبهخش ههیه بهتایبهتی له بهغدادهوه، ئهگهر ریگه بهمه بدرێ بهبێ لیپرسینهوه بهردهوام بێ و، ئهگهر هیچ نهكرێ بۆ چارهسهكردنی گازانده راستهكان و چاندنی ههستی متمانه، دلنیام لهوێ كیشه پهیدا ئهبێ. نهك ههر بهتهنیا كیشه پهیدا ئهبێ، بهلكو خواستی كوردهكانیش لهگهلی زیاد ئهكا، ههتا ئهگاته ئهوهی حكومهت ناچار بێ بههیز روبهروی راوهستێ یان خواستهكانیان قوبوڵ بكا، كه هیچ هیوایهكی تیدا نابینرێ بۆ ئارامیی پاشهرۆژی.

ههلهیهكی گهوره ئهبێ ئهگهر حكومهت به تهنیا به تهمای جیبهجێ كردنی حهرفیی بهلینهكان بێ. ئامانجی ئهوان ئهوهیه كورد تیكهلی میللهتی عیراق بكهن، لهبهر ئهوه گیانهكهی له جیبهجێ كردنی حهرفییان گرنگتره. باوهرم وایه، ئهگهر حكومهت به بیریكی فراوان و به هاودهردیهوه رهفتار لهگهڵ مهسهلهكه بكا، ئهتوانێ بناغهی ههندێ شتی ههمیشهیی لهماوهی دو سالی داهاتودا دابنێ.

گیروگرفتهكه یهكیكه له گرنگترین و به پهلهترینی ئهو گیروگرفتانهی كه ئهبێ حكومهت روبهروی ببیتهوهو، هیوادارم پایهبهرزتان بهمزوانه بیخاته بهردهم وهزارهت.

موستهشار (FO371/14521)

پاشكۆكان

١. بەیانیك دانیشتوانی قەزا كوردیەكانی موسڵو لیواكانی هەولیر، كەركوكو سلیمانی پیشان ئەدا.

٢. سەرژمیری فەرمانبەران بەپیێ رەگەز. (FO371/14521)

<u>RACIAL STATISTICS FOR KURDISH AREAS ACCORDING TO LATEST FIGURES (FEBRUARY 1930).</u>

Liwa	Kurds	Arabs	Turcomans	Jews	Christians	Persians	Assyrians	T al
Arbil Liwa	83,430	4,492	9,921	3,225	2,689	287	2,090	,13
Kirkuk Liwa	67,703	26,561	28,741	8,472	1,228	-	-	,70

Mosul Liwa :

(Kurdish Qadhas):

Name of Qadha	Arabs	Kurds	Yezidi	Assyrians	Xtians of all creeds	Jews	Total	mar
Zakho	198	18,731	500	340	5,614	1,471	26,854	
Amadiya	-	20,914	-	3,416	5,882	732	27,944	
Zibar	-	9,900	-	800	150	100	10,950	
Aqra	-	12,675	-	400	737	1,000	14,812	
Dohuk	5,645	16,645	1,692	4,536	2,388	843	31,753	
	5,847	78,865	2,192	9,492	11,771	4,146	112,313	

Sulaimani Liwa :

	Kurds	Arabs	Turcomans	Jews	Christians	Persians	Assyrians	T al
Sulaimani Liwa	91,426	37	-	1,327	148	-	-	938

Percentage of Kurds :

Arbil Liwa________________: 78,6

Kirkuk Liwa______________________: 49,5

Mosul Liwa (Kurdish Qadhas): 70

Sulaimani Liwa___________________: 99

OFFICIALS EMPLOYED IN ARBIL, KIRKUK & SULAIMANI LIWAS AND IN THE KURDISH AREAS OF THE MOSUL LIWA.

(i) showing Kurds and others by departments

Government department	Gazetted	Officials	Non-Gazetted	Officials	Total No.	Officials	Remarks
	Kurds	Others	Kurds	Others	Kurds	x others	x Arabs are shown brackets after the total fig
Administration (Genral)	43	25	61	49	104	74 (24)	From these final lis will be seen that out of a t number of
Agriculture	-	3	4	18	4	21 (17)	731 officials emplo in the
Awcaf	4	2	3	2	7	4 (1)	northern Liwas (in case of
Census	-	1	2	3	2	4 (2)	Mosul, statistics h only been
Customs	2	7	5	20	7	27 (11)	given for the Kur areas),

Education	1	2	79	101	80	103 (31)	there are 324 Ku and 407
Finance	1	2	52	39	53	41 (9)	Officials who are Kurds. Even
Health	-	8	6	15	6	23 (9)	Allowing for Kirkuk promise
Jails	-	1	-	1	-	2 (1)	there are still Arabs
Law courts	9	7	16	9	25	16 (6)	Employed in the No If again
Police	3	9	11	36	14	45 (27)	the statistics for Kirkuk Liwa
Posts and tels	1	-	7	11	8	11 (6)	are excluded , it wil found that out of a t number of 502
Public works	-	1	4	17	4	18 (9)	Officials employed the other Kurdish areas, th are <u>279</u>
Surevys	-	-	-	-	-	-	<u>Kurds</u>, <u>107 Arabs</u>, Turcomans
Tapu	-	5	7	7	7	12 (8)	and 54 Christians, J etc.
Veterinary	-	1	3	5	3	6 (4)	From the departm statistics it
Total	64	74	260	333	324	407 (165)	will also be seen t the following departme
	138		593	731		(165)	have paid least regard the literal fulfilment of pledge.

{} نامەی هەمفریس (F. H. Humphrys)، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق بۆ نوری سەعید، سەرۆکی وەزیرانی عیراق.

بۆ نوری سەعید، سەرۆکی وەزیرانی عیراق

بارەگا

بەغداد، ٧ی مارتی ١٩٣١

نیشانە بە نامەی پایەبەرزتان ژمارە ٦٤٦ی رۆژی ١٦ی شوبات و ژمارە ٨١١ی ٥/٤ی مارت، دەربارەی سیاسەتی کوردیی حکومەتی عیراق.

٢.پایەبەرزتان لە بیریتی، دەربارەی نامەی رۆژی ١٨ی شوبات، من وتم کە پیشنیار ناکەم هیچ کارێ لەسەر نامەی یەکەم، کە نیشانەی پێ دراوە، بکرێ تا کیشەی قانونی زمانە ناوچەییەکان بەلادا ئەخرێ. ئیستا حەز ئەکەم بە دریژی وەڵامی نامەی یەکەمی پایەبەرزتان و، خالەکانی نامەی ٥/٤ی مارتتان بدەمەوە. پایەبەرزتان ئەلین حەپەساون لە داوای بێ برانەوەی موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ کە پەیتا پەیتا ئەیخاتە بەردەمتان و، لە ئەنجامی ئەوەدا گومانتان پەیدا کردوە لە بزوینەرو هۆی راستەقینەی ئەم داوایانە. پایەبەرزتان دریژەی ئەدەنێ کە ئەگەر هیچ مەبەستیکی سیاسی لە دواوە نەبێ، ئەبو ئەم داوایانە لە ناوچە کوردیەکاندا قەتیس بکرین بێ ئەوەی توخنی ریکخستنی حکومەت بکەوێ، بۆ نمونە، دروستکردنی هەندێ وەزیفەی دیاریکراو لە پایتەختدا. پایەبەرزتان داوا ئەکەن سنورێ دابنرێ بۆ ئەو داوایانەی کە موستەشار بەناوی ((رازی کردنی کوردەکان))ەوە ئەیخاتە بەردەم وەزیری ناوخۆ، یان ئەم داوایانە سنوردار بن و قەتیس بکرین لە ناوچە کوردیەکادا بێ ئەوەی توخنی ریکخستنی دەولەت بکەوێ.

حەزئەکەم ئەوە بە تەواوی رون بکەمەوە بۆ پایەبەرزتان کە من نیازم نیە دەس بخەمە ئازادی کاری موستەشاری وەزارەتی ناوخۆوە سەبارەت بەو پیشنیارانەی کە ئەو پێی وایە گونجاون یا هیچ بابەتیکی تر. پایەبەرزتان ئەزانن، هەروەکو منیش لە ئامۆژگاری کردندا ئەیکەم، ئەوە ئیشی خۆیەتی بیکا وەکو خزمەتکاری حکومەتی عیراق، ئەوەی پالی بە موستەشارەوە ناوە تەنیا ئارەزوی یارمەتیدانی حکومەتی عیراقە لە کارگیری گشتی بەریوەبەرایەتی‌داو، بەدەستهینانی پایەی دەولەتیکی بە تەواوی خۆ حوکم کردوی ئەندامی کۆمەلەی نەتەوەکانە.

لەبابەت ئەو ئامۆژگاریيانەی ناو بە ناو لەلایەن سیر کیناهان کۆرنوالیسەوە دراون بە وەزیری ناوخۆ، پیویستە من دلنیاتان بکەم کە بە گەرمی پشتیوانییان

ئەکەم چونکە باوەرم وایە ئەو لە یەك نەگەیشتنەی کە لە نیوان کوردەکانو حاکمەکانیاندا دروست بوە ناهیلیّو، چەرخی بەریوەبەرایەتی چەور ئەکاو، کەشیکی برایەتیو نیازپاکی ئەخولقینیّ، کە پیویستن بۆ ئاشتیو حکومەتی باش لە ولاتدا.

باوەرم وایە ئەو ئامۆژگاریەی هەمیشە بە پایەبەرزتان ئەگا بە شایانی بایەخ پیّدانیکی جددی وەرئەگیریّو، نارەزاییو پشیوی لەناوچە کوردیەکاندا، کە لە چەند مانگی رابوردودا پەژارەیەکی ناخۆشی بۆ من دروست کردوە، بە جیبەجیّ کردنی ئەو پیشنیارانە نامینیّ.

پیویست ناکا پایەبەرزتان هیچ ترسیکی هەبیّ لەوەی کە ئەم پیشنیارانە هیچ مەبەستیکی تری هەبیّ جگە لە بەهیزکردنی ماکینەی دەولەتو، دەنگیکی بە بەزەییتر لە بەرەیوەبەرایەتی کوردستاندا.

من هەست ئەکەم دلنیام، لە هەلسەنگاندنەوەکەتاندا، پایەبەرزتان ئەوە ئەسەلمینن کە پیشنیارەکانی موستەشار بۆ وەزارەتی ناوخۆ، یان هی هەر موستەشاریکی تر، کە بزوینەری سیاسی هەبیّ، بیّ بناغەیە.

٣.من بە تەلەگرام ئاگاداری حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیام کرد لەو وەلامەی لەلایەن وەزیری دەرەوە نیردراوە بۆ تەلەگرامی وەزیری عیراقی لە ئەنقەرە، کە تییدا راپۆرتی دابو کە حکومەتەکانی تورکیاو ئیران پیشنیاریان کردوە پرۆتیستیکی هاوبەش بدەن لە کۆمەلەی نەتەوەکان دژی راسپیرییەکانی لیژنەی ئینتیداب. منیان راسپاردوە کە بۆ پایەبەرزتانی رون بکەمەوە، ئەگەر هەر کاریّ بە ئاشکرا لەگەلّ پرۆتیستی پیشنیارکراوی ئیرانو تورکیا بکا، بەمە حکومەتی عیراق راستەوخۆ سوکایەتی بە دەسەلاتی کۆمەلەی نەتەوەکان ئەکا. کاریکی وەها لە هەمو حالەتیکدا، هەر ئەبیتە هۆی شیواندنیکی لە چاککردن نەهاتوی وینەی داهاتوی عیراق، بلاوبونەوەی راپۆرتەکە لە دەرەوەی کۆرەکانی کۆمەلەدا، کەوا حکومەتی عیراق پشتیوانی یا تەنانەت تعاطفی لەگەلّ ئەم پرۆتیستەدا دەربریوە، کاردانەوەیەکی زۆر بەهیزی ئەبیّو، حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا ئەوسا بە مەحالی ئەزانیّ داکۆکی لە سیاسەتی کوردیی عیراق بکا کە دائەنریّ بە نادلسۆزو، دائەنریّ بەوەی لەژیر گوشاری ولاتانی بیگانەدا داریژراوە. بە رەئی حکومەتی خاوەن شکۆ، لەو حالەتەدا، هیوای چونی عیراق بۆ ناو کۆمەلەی نەتەوەکان بە تەواوی نامینیّ.

پایەبەرزتان ئەبینیّ کە حکومەتی خاوەن شکۆ هاوبیر نیە لەگەلّ ئەو وەلامەی کە بەپیّی رینوینیەکانی پایەبەرزتان نیردراوە بۆ وەزیری عیراقی لە ئەنقەرە، کە هیچی تازەی تیّدا نیە، بەلام وا ئەگەیەنیّ کە حکومەتی عیراق ئەیەویّ بەشداربیّ لەگەلّ

حکومەتەکانی تورکیا و ئیران، لە پرۆتیستی پیشنیارکراودا. پیشنیار ئەکەم بۆ پایەبەرزتان ئیستا ئەوە بۆ وەزیری عیراق لە ئەنقەرە رون بکەنەوە کە حکومەتی عیراق نیازی شتی وای نەبوە. (FO371/15311)

{} دانیشتنی ٢٦ەمی رۆژی پینجشەمەی ١٩٣٠/٢/١٣ی کۆبونەوەی ئاسایی سالآنی ١٩٢٩ - ١٩٣٠، بە سەرۆکایەتی تۆفیق السویدی.

سەرۆك: مادەی دوەمی بەرنامەکە بە وەزیری لیپرسراو رائەگەیەنرێ.

پرسیاری مەعروف جیاوك (هەولیر) ئاراستەی سەرۆکی وەزیران کراوە دەربارەی ئەو بنچینانەی حکومەتی عیراق داینـاون بۆ ئەو گفتوگۆیەی ئەویستریٚ بکریٚ بۆ بەستنی پەیمانە تازەکەو، ئەو مەرجانە کۆمەلەی گەلان دانی پیٚدا نابون دەربارەی ناوچەکانی سەرو. پرسیارەکە خویندرایەوە، ئەمیش دەقەکەیەتی: تکام وایە ئەم پرسیارانە لە سەرۆکی وەزیران بکریٚ، بۆ ئەوەی بە دەم لەبەردەمی مەجلیسی بەرزدا وەلآمیان بداتەوە. ئەو بنچینەو ریوشوینانە چین کە حکومەت داینـاون بۆ گفتوگۆی ویستراو بۆ بەستنی پەیمانە تازەکە؟ ئایا هیچ ئیعتیرازیٚ لەسەر ئەو مەرجانە هەیە کە کۆمەلەی گەلان لە بابەت ناوچەکانی سەرو سەلماندویەتی؟ ئایا حکومەت بە تەمایە لەناواخنی پەیماننامەکەدا جیگیری بکا، هەروەکو خوا لی خۆش بو عەبدولموحسین سەعدون بەگ سالی ١٩٢٦ لەبەردەمی مەجلیسی بەرزدا پشتیوانی لی کرد؟

ناجی السویدی (سەرۆکی وەزیرانو وەزیری ناوخۆ): هیشتا گفتوگۆ نەکراوە. ئەو بنچینەو ریوشوینانەی حکومەت لە کاتی گفتوگۆدا پیرەوییان ئەکا، هەمان بنچینەن کە حکومەت لە کارنامەکەی خۆیدا لەبەردەم ئیوەی بەریزدا خویندویەتیەوە.

هیچ ئیعتیرازیٚ لەسەر هیچ مەرجیك کە ئەوتریٚ کۆمەلەی گەلان سەلماندویەتی نیە.

حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە یا لای وا نیە شتیٚ لە پەیماننامەیەکی ناودەولەتیدا باس بکا کە لەسەر بنچینەیەکی سیاسی دەولی گشتی لە نیوان دو دەولەتی بە تەواوی سەربەخۆدا ئەبەستریٚ.

مەعروف جیاوك (هەولیر): وەلآمی پایەبەرز سەرۆکی وەزیران ناتوانیٚ نە منو نە مەجلیسی بەرز قانیع بکا. لیرەدا رونی ئەکەمەوە کە هەندیٚ ماف هەن کۆمەلەی گەلان سەلماندویەتیو حکومەتی عیراقیش سورە لەسەر پشتیوانیو چەسپاندنی،

لەو مافانە کە خویندن لە هەمو ناوچەکانی سەرودا بە زمانی کوردی بێ، فەرمانبەرەکان لەو کوردانە بن کە بە باشی زمانی کوردی ئەزانن بۆ ئەوەی خەلك و فەرمانبەران لە یەکتری تێ بگەن. باوەرم وایە ئەو بریارانە خراونەتە ناو قانونی ئەساسیەوە کە سویندمان بۆ پشتیوانی خواردوە، هەروەها خراوەتە ناو پەیماننامەی ١٩٢٢ەوە. ئەم مافانە یەکگرتویی عیراق دابین ئەکا، حەز ئەکەم پایەبەرز سەرۆکی وەزیران رونی بکاتەوە کە حکومەت گرنگی بەم مافانە ئەداو ئەیخاتە پەیمانەکەوە.

ناجی السویدی: (سەرۆکی وەزیرانو وەزیری ناوخۆ): نازانم ئەو نوقتانەی نائیبی بەریز... بۆ دلنیاکردنی بیرو بیری نائیبی بەریز ئەلیم ئەو بنچینانەی حکومەت لەسەری رۆیشتوە بۆ باش بەریوەبردنی کاروباری دەولەت لە هەمو عیراقداو، لەو ناوچەیەشدا کە نائیبی بەریز باسی کرد، جیگەی ستایشی کۆمەلەی گەلانو دەولەتی هاوپەیمانیش بوە. ئەو بەلینو پەیمانانەی حکومەتی عیراق داویتی ناتوانێ لێی پەشیمان ببیتەوە. نازانم چ هۆیەك هەیە بۆ گومان کردن لە نیازی باشی حکومەتی عیراق سەبارەت بە جیبەجێ کردنی بەلینەکانیو، بەردەوام نەبونی ئەم بارودۆخو لە پاشەرۆژدا، لە کاتیكدا ئەو بەلینانە لە قانونی ئەساسیدا دراون. باوەر ناکەم هیچ هۆیەك هەبێ بۆ دودلیو گومان لەو بنچینانەی کە ئیستا حکومەتی لەسەری رۆیشتونو لەپاشەرۆژدا لەسەر ئەروات.

مەعروف جیاوك (هەولیر): پایەبەرز سەرۆکی وەزیرانو، مەجلیسی بەرزو میللەت ئەزانن کە نارەزاییەکی بەهیز بەرامبەر سیاسەتی گشتی حکومەت هەیەو، ئەو وتارە من بلاوم کردۆتەوە هەموی راستە. (محاضر مجلس النواب، جلسة ٢٦ في ١٣/٢/١٩٣٠، ص٣٥٦).

{} مولاحەڤاتمان دەرحەق بەیاناتی وەزارەتی حاچرە (سەعیدیە)

لەپاش تەدقیقو تەحقیقی ئەو بەیاناتە رەسمیەی وەزارەتی حاضرە کە لە ١٠/نیسانی/١٩٣٠دا لە جەرائیدی بەغادا نەشر کرا بو لە نەظەر میللەتی کوردا وا دیارە: کە سیاسەتی وەزارەتی حاضرە، سیاسەتیکی تەفرەدانو وەقت بەسەر بردنە، چونکە مەضمونی ئەم بەیاناتە شتیکی تازە نیە، ئەم وەعدە بیلفیعل بە حلی قەراری عصبە الامم‌و بە سیهەمین مادەی معاهدەی سالی ١٩٢٢و مادەی ١٧مینی دەستوری عیراقی موئەییەدەو لە طەرەف مەرحوم عەبدولموحسین بەگ سەعدونیشەوە چەند جاریك لە مەجلیسی نیابیدا رەسمەن وە بە کەمالی صەراحەت بەیانو ئیعتیراف کرا بو. ئەساسەن قیسمیك لە مەوادی ئەم موقەرەرانە لە قیسمیکی کوردستاندا بە تەواوی تەطبیق کراوە، بینائەن عەلەیهی میللەتی کورد وای لا خۆش ئەبو، کە وەزارەتی حاضرە دەرحاڵ ئیکمالی بەقییەی بکردایە. ئیتر میللەتی کورد نایەوێ

ئەوقاتی خۆی بە تەفرەدان ضایع، وە بە وەعدی ئیمرۆ سبەی خۆی ئیغفال بکا. بینا لەسەر ئەمە بەرامبەر ئەم وەعدەی وەزارەتە کە لە حاڵ زیاتر بۆ ئیستیقباله میللەتی کوردیش تەشەکوراتی خۆی بۆ ئیستیقبال هەلدەگرێ.

لە مەسائیلی ئیداری حاضرەدا هەرچەندە لە تەعیین بونی (تۆفیق وەهبی بەگ) بۆ موتەصەرریفی سلیمانی نامەمنون نین چونکە ئومیدو ئینتیظاری چاکەی لێ دەکرێ، لە عەینی وەقتدا وامان ئەویست بۆ لیواکانی تریش پیاوانی دلسۆزو حاڵ شوناس‌و کوردخواهو کوردنەژاد تەعیین بکرایەو بکرێ. لەبەر ئەمە بۆ جەلبی ئیعتیمادی میللەتی کورد دەبوایە... کوردی موتەصەرریفی کرکوکدا ئەم جیهەتە بەرچاو... ئەمجا ئیستاش بۆ ئەوەی ئیمان بە حوسنی نییەتی وەزارەت بهینن، کوردان ئارەزو ئەکەن بۆ موتەصەرریفی (هەولیر) ذاتیکی وا تەعیین بکرێ کە حائیزی ئەو صیفاتە بێ کە لە سەرەوە بەیانمان کرد.. وە هەروەکو لە مەجلیس‌دا لە طەرەف مەندوبە کوردەکانەوە طەلەب کرا بو حالەن لیوای (دهۆك‌و باجەڵان) تەشکیل بکرێ.

ئیتر لە ئەقوال زیاتر ئینتیظاری ئەفعال ئەکرێ‌و، کوردیش قسەی خۆی بۆ دوایی هەلگرتوە..!

{} هەمو شەویك رۆژیکی لە دوایە

شەری گەورە بە هەمو ئەوضاعی جانسۆزانەوە کە خەریطەی سەرزەمینی تیك‌داو لەلایەکی ترەوە کە چەند خانمانی قەرالیتی تارومار کرد کەچی لە سەریکی ترەوە زۆر میللەتی تری بەختیار کردو چەند حکوماتی وەکو لیتوانیا، ئۆقرانیا، پۆلۆنیا...ی هینایە وجود. وە دیسانەوە وەکو عائیلەی یالی عوثمانی سەفیل‌و سەرگەردان‌و دەربەدەر کرد کەچی جمهوریەتی تورکیای، بە هەمو تازەگی‌و فەعالیەتەوە هینایە وجود.

بینائەن عەلەیهی ئیمەیش ئەتوانین بەپێی ئەوضاعی خۆمانەوە موقابیل بەم هەمو فەلاکەت، بۆمباردومان، موهاجەرەت‌و سەفالەتەوە کە میللەتی کورد بیلخاصە لیوای سلیمانی چاوی پێ کەوت‌و، بە ئیعتیباری ئەو ئینتیظاری لوطف‌و شەفەقەتەی کە لە حکومەتی ئەکردو کە بەرامبەر بەم هەمو فەلاکەتە بە عەزمیکی تەواوەوە بە ئومیدی پاداشی چاکە ثەباتی کرد نەتیجە بە موکافاتی خۆی گەیشت، ئەوا شەوی لێ رۆژ بوەوە، ئەوا ئەمرۆ دەرگای بەختیاری بۆ کرایەوە یەعنی بە کوردی بیلیین بەرامبەر بەم هەمو تەحەمولی فەلاکەتە، بەرامبەر بەم هەمو چاوەروانیە، دەرگای لوطفی حکومەتی لێ کرایەوە: لە تیگەیشتوترین‌و چاکترینی میللەتەکەمان‌و لەسەر

ئەفرازانی عیلمو مەعریفەت کە ئەم وەطەنە پێی گەیاندوەو کـە هـەمو میللـەت بـە دلیکی رونو بێ غەشەوە خۆشی ئەوێو کە یەگانە هەر ئومیدی بە عیلمو عیرفانی بوە سەعادەتی تۆفیـق وەهـبی بـەگ تـەعین کـراو بـو بـە موتەصـەرریفی لیواکـەمان. بەجدی ئەلیین ئەم لوطفو شەفەقەتەی کە حکومەت ئەمجارە لەگەلیا کردیـنو کـە ئومیدو تەمەنای میللەتەکەی هینایە جێ هەمو فەلاکەتیکی لەبیر بردینـەوە، ماندوی حەسـانینەوە، تـاریکی لەسـەر لابردیـن، نـائیلی رۆژیکـی رونـاکی دائیمـی کردیـنو ئیستقبالیکی زۆر باشی بۆ حاهر کردین.

ئیمە بەهەمو مەوجودیەتمانـەوە بەرامبـەر بـەم جولاَنـەوەو حوسـنی نیـەتی ئـەم قابینە عالیەی حکومەتە لە بەجێ هینانی شوکران زبانو قەلەممان عاجز ئەبینین. هەر ئـەتوانین بـەدلّو بـەگیان تەمـەنای سـەرکەوتنی قابینـەی حـاضرە بکـەین. وە بـۆ مۆفەقیـەتو سـەرکەوتنی ئەم موتەصەرریفە خۆشەویستەمان کە سـەعادەتی تۆفیـق وەهبی بەگە هەمو لایەك دەست بدەینە یەکتریو بۆ بەرزیو بلندی موشار ئیلەیهی لە خوا بپاریینەوە، وە بۆ سەرکەوتنو پیشکەوتنی وەطەنەکەمان هەول بدەینو لە هـەمو خصوصیکەوە یاریەی بدەین.

پشت بەخوا لـە غەزەتـەی دواییمانا تەرجومـەی حالی مەشار ئیلەیهی عـەرضی خویندەوارانی ژیان ئەکەین.[31]

{} تەشریف بردنەوەی موتەصەرریفی پیشو سەعادەتی ئەحمەد بەگ:

سەعادەتی موتەصەرریفی ئەکرەمی پیشومان رۆژی جومعە کە تـەصادەفی نوێ مانگی کرد بە رێو کەرکوکدا تەشریفی بردەوە هەولیر، بەصورەتیکی حورمەتکارانە لە طەرەف عمومی ئەشرافی شار، رەئیسی بەلەدیە، رۆئەسای دەوائیرو مەئمورینی لیـواوە بە ئۆتۆمۆبیل لە طەرەف قیسمیکەوە هـەتا تـەینالّو لـە طـەرەف قیسـمیکی ترەوە هەتا کەرکوك رەوانەو عەرضی خواحافیظی لی کرا.

ژیان: سەعادەتی ئەحمەد بەگ لە مودەی ئەم سێ سالەدا کە لەم لیوایەدا مایەوە حەقیقەتەن وەکو ئەمنیەتو ئاسایشی لیواکەی تەئمین کرد، بۆ ئاوەدانی شارەکەیش گەلی هـەولیداو بەرامبـەر بـە ئـەهالی لوطـفو شـەفەقەتیکی تـەواوی هـەبو، گـەورەو بچوکی لیواکە لی مـەمنون بـو و دائیمـەن بەرامبـەر بـەم شـەخصە عالیـە حورمـەتکار

[31] ژیان، ژ۲۳۹، ۱۹ی مایسی ۱۹۳۰

بـون. ئوميـد ئەكـەين لەهـەر كوێيـەكا ببـێ هـەر موفـەقو بـە بـەختياری بـژیو ئـەم مەحەبەتەی كە دەرحەق بە ئەهالی ئەم ليوايە هەيەتی هەر باقی بمينيتەوە.[٣٢]

{} تەشريف هينانی سەعادەتی موتەصەرريفی ئەكرەمی مان

موتەصـەرريفی تازەمـان جـەنابی تۆفيـق وەهـبی بـەگ لەگـەڵ رەفيقـەی فاضيلـەی موحتەرەمەیدا شەوی دەی مانگ لە بەغدادەوە بە ريگای ئاسن حەرەكەتيان فـەرمو و لە بەيانیدا گەيشتنە ئيستاسيونۆ كەركوكو لـە طـەرەف لاوە پيگەيشـتوانی كـوردەوە لـە ئيستاسيونۆكە ئيستيقبالو بە چەپلـە ليـدان عـەرض بـە خيرهـاتنی كـراو لـەويوە لەگـەڵ موسـتەقبيلندا بـۆ ئيسـتراحەتيكی چـەند دەقيقـەيی تەشـريفيان بـردە نـادی مەلـەكی كـەكوكو لــە دوای مــاندو حەســانەوەيان بــە تۆتۆمۆبيــل رو بــە ســليمانی حەرەكەتيان فەرموو لە طەرەف رەئيسی شارو عومومی ئەشرافو رونەسای دەوائيرو ئەكثەری ئەهالی سليمانیو هەمو مەئمورينەوە قيسميكی هەتا چەمچەماڵو قيسميكی لـە مەركـەزی تـەيناڵدا ئيسـتيقباليان فـەرمو وە عـەرضی بـەخيرهاتنو بەرامبـەر بـەم تەشريف هينانەی دەرەجەی دلخۆشیو شادمانی ئەهاليەكەيان عـەرض كـرد. كوشـار ئيلەيهی لـە مەركـەزی تـەيناڵدا لـە ئۆتۆمۆبيلەكەی تەشـريفيان هينايـە دەرێو يەكـە يەكە دەستی موستەقبيلينی گوشیو لە دوای خيطاب بە حاضرون ئەم نوطقە جوانـە كـە بـو بـو سـەبەبی مەسروريەتی هـەمو لايـەك ئـەی فـەرمو. وە فـەرموی موقيبـل بـەەەم تەعينەم زۆر مەسرورمو خۆی بە بەختيار ئەزانم چونكە يەگانە ئارەزوی من هـەر ئـەوە بوە كە فرژەتيكم چنگ كـەوێ خدمـەتی وەطـەنو ميللەتەكـەم بكـەن. وا شـوكر مۆفـەق بـومو تەمەناكـەم هاتـە جـێو بـۆ خدمـەت كردنـی وەطـەنو ميللەتەكـەم، خـوا ئـەم فرصـەتەی پێ بەخشيم ئيتر ئوميد ئەكەم هـەمو فـەرديكی ميللەتەكە بـە دليكـی پاكو جديـەوە معاوەنـەتم بكـەن، دەسـت بدەينـە دەسـت يـەكتریو بـۆ پيشـكەوتنو بەرزبونـەوەی قەومەكـەمان لـەژير بـەيداغی عيراقی خۆشەويستدا تـێ كۆشينو ببينـە كاركەريكی بەشود لەناو ئەم وەطەنە شيرينەدا. ذمەتی موتەصەرريفی پيشو ئەحمـەد بەگ شايانی تەقديرە. چونكە بناغەی پيشـكەوتنی قـەوميچك ئاسايشيەتیو ئـەويش بە راستی لەلايەنی ئەو ذاتە موحتەرەمەوە زۆر چاك دامەزراوە منيش بۆ ئاسايش هەر

---

[٣٢] ژيان، ژ٢٣٩، ١٩ی مايسی ١٩٣٠

لەسەر ئەو ریگایە ئەرۆمو بۆ زانست، ژیحەت، دەولەمەندی، ژنعەت، وە تەعمیرو زەراعەتی مەملەکەتەکە لە داخلی هیزی بەشەریەتدا تێ ئەکۆشم.

لە دوای تەواو بونی فەرمودەکەی لەگەڵ ئەو هەمو قالەبالغە زۆرەدا تەشریفیان هینایە سلیمانیو هەتا نا شار طاقم طاقم ئەهالی لە رێدا صەفبەستەی ئیستیقبالو ئیحتیرام بون.

ژیان: ئیمەش دیسانەوە بە ناوی عمومی میللەتی کوردو ئەهالی لیواکەمانەوە عەرضی بەخیرهاتنی ئەکەینو تەمەنا ئەکەین خوای گەورەو مەزن هەمو فرصەتیکی پێ ببەخشێو بۆ خدمەتکردنی وڵاتو میللەتەکەی موەفەقی بکات.[٣٣]

{} **داخلی:** موفەتیشی ئیداری خۆشەویستمان سەعادەتی کاپتان گاون بە مەئذونیەتی شەش مانگ رۆژی شەمەی ٣ی ئەم مانگە تەشریفی بردەوە بەریطانیا، لە طەرەف سەعادەتی موتەصەرریفی ئەکرەمیو رونەسای دەوائیرەوە تەشیعو خواحافیظی لی کرا.

لە جێی موسار ئیلەیهی هەتا عەودەت ئەفەرمویتەوە سەعادەتی کاپتان ((البن)) موفەتیشی ئیداری عەمارە تەشریفی هینایە سلیمانیو موباشەرەتی بە ئیش فەرمو، عەرضی خواحافیظی سەعادەتی کاپتن گاونو بەخیر هاتنی موفەتیشی ئیداری تازەمان ئەکەین.[٣٤]

{} موفەتیشی ئیداری تازەمان سەعادەتی کاپتان گاون

بە موناسەبەتی مەئذونیەتو تەشریف بردنی موفەتیش سەعادەتی کاپتن لاینەوە هەرچەند مودەتیك سەعادەتی میجەر لوئیدی موفەتیشی ئیداری کەرکوك بە وەکالەت تەماشای ئەم لیوایەشی ئەکرد، بەڵام ئەمجارە سەعادەتی کاپیتان گاون کە خاطرەو مەوقیعیکی عالی هەیە لەم لیوایەدا بۆ ئەم وەظیفەیە تەعین کرا. رۆژی پینجشەمەی ١٣ی مانگ تەشریفی هینایە سلیمانی.

وەقتیك کە حکومەت ئەم لیوایەی ئیشغال کردەوە موشار ئیلەیهی بە صیفەتی قوماندانیتی لەگەڵ جەیشی عیراقیدا تەشریفی هینایە ئیرەو مودەتیکی زۆر کە

[٣٣] ژیان، ژ٢٣٩، ١٩ی مایسی ١٩٣٠

[٣٤] ژیان، ژ٢٣٨، ٨ی مایسی ١٩٣٠

قوماندانی عمومی عەسکەری بوە وە کە سلیمانی لە ئینقیلاب و فەلاکەتیکی گەورەدا بو زۆر خدەمەتی کردین و بە هەمو قوەتیەوە بۆ محافظەی حەیات و مالمان و بۆ ئیصلاحی ئەو حالەمان سەعی و هیمەتی فەرمو، لە دواییشدا بە سەبەبی شارەزایی و خەدەماتی پیشویەوە بۆ بە موفەتیشی ئیداری لیواکەمان و مودەتیکی زۆریش لەم وەظیفەیەدا بۆ تەرەقی و تەعالیمان هەولیدا نەتیجە ئیدارەیەکی باشی لەم لیوایەدا تەنظیم و تەئسیس کرد، بە نەوعیك کە ئیستاش ئەهالی مەدیونی شوکرانیتین تەعینی ئەمجارەیشی بو بە سەبەبی مەسروریەتی هەمو ئەهالی و فەرەح و خۆشیەکی خستە دلی هەمو لایەکەوە.

بەناوی عمومەوە عەرضی بەخیرهاتن و قدومی موبارەکی ئەکەین و تەمەنای سەعادەت و مۆفەقیتی ئەکەین.[٣٥]

{} بەیانی رەسمی لەبابەت موعاهەدەی تازەوە:

موفاویزەکانی عیراق و بەریتانیا ئیتیفاقیان کرد لەسەر ئیمزای موعاهەدەیەکی تەعاروف و سەداقەت، کە لەگەڵ عیراق داخڵ بە عەسبەتول ئومەم بو پەلە ئەکرێ لە تەنفیزیدا، وە کە هەردولا ئیتیفاقیان لەسەر کرد لە عەینی وەقت و میعاددا لە بەغدادو لۆندەرە نەشر ئەکرێ، ئەساساتی موعاهەدەکە ئەمەیە:

١- ئیعتیراف بە ئیستیقلالی تەواوی عیراق، وە دەر عوهدە کردنی مەسئولیەتی ئیدارەی هەمو شئونی بە تەنها. وە دەر عوهدە کردنی مەسئولیەتی داخلیە، وە بە پێی تەحالوف بەرامبەر بە ئیعتیدایەکی خاریجی مودافەعەی.

٢- لەغوی موعاهەدات و ئیتیفاقاتی کە لە بەینی عیراق و بەریتانیای گەورە کراوە.

٣- کە موعاهدەکە هاتە حەییزی تەنفیزەوە ئیعتیراف ساحیبی جەلالەتی مەلیکی بەریتانیا بەتەواو بونی مەسئولیاتی ئینتیدابیە کە ساحیبی جەلالەتی مەلیکی بەریتانیا دائیر بە عیراق قوبولی کرد بو لە خۆیەوە تەواو ئەبێ.

٤- کیشانەوەی هەمو قوای بەریتانیا لە هنیدی و موسڵ لە مودەتیکدا کە لە ئیعتیباری تەئثریخی تەنفیزی موعاهەدەکەوە لە پینج ساڵ تەجاوز نەکات، وە بە ئیجار دانی سێ ٣ قاعیدەی هەوائی لە غەربی فورات و شەتتول عەرەبدا لەلایەنی

[٣٥] ژیان، ژ١٨٠، ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢٩

حکومەتی عیراقییەوە بە ساحیبی جەلالەتی بەریتانیا بە شەرتی موحافەزەی ئەم قاعیدانە لەلایەنی حەرەسی خاسی ساحیبی جەلالەتی مەلیکی عیراقەوە ئیجرا بکرێ بە مەسرەفی خاسی ساحیبی جەلالەتی بەریتانیا.

٥- مودەتی موعاهەدە لە ئیعتیباری دەستکردن بە تەنفیزیەوە بیستو پینج ساله.

بینا لەسەر تەلەبی یەکێ لە فەریقەینی موتەعاقیدین دەست ئەکرێ بە موفاوەزە لە بابەت موعاهەدەیەکی تازەوە بۆ تەئمینی موواسەلاتی ئەساسیەی جەوییەی ئیمپراتۆر، ئەگەر لەم مەسئەلەیەدا ئیختیلاف حاسیل بو حەوالەی مەجلیسی عەسبەتول ئومەم ئەکرێ.

٦- هەر تەرەفە لە موتەعاقیدەین لە ولاّتی ئەوی تریانا لە تەرەف مومەسیلیکی دیپلۆماسیەوە تەمسیل ئەکرێ. بەپێی ئوسولی مومەسیلینی دووەلی مەستەقیللە ئیعتیمادی ئەدریتێ.[٣٦]

{} بە واسیطەی موتەصەرریفەوە بۆ ئەهالی سلیمانی

برقیتکم س١٤١ فی ٩ الجاری نرجو تبلیغ الجواب الاتی الی حفیدزاه عبدالقادر ورفقائه الموقعین علی البرقیه الموجهه الی رئاسه الوزرا .

ان المعاهده تشمل جمیع سکان العراق علی اختلاف طبقاتهم وتعود منافعها وواجباتها لهم وعلیهم جمیعا وبالطبع ان اخواننا الاکراد هم منهم والیهم اما الحقوق الممنوحه للاکراد فمحفوظه تماما بحکم القانون الاساسی الڑی فی واجب الجمیع تاییده ورعایه احکامه.

س٢٢٣٣ الداخلیه

جواب

١٥ تەموزی ٩٣٠

بەغدا: وەزیری داخلیە

تەلغرافی مەعالیتان بە واسیطەی موتەصەرریفەوە تەبلیغمان کرا. ئیمە تەطبیقی قەراری عیصبەتول ئومەم مان ئەوێ کە ئەمەیش بە تەواوی تەوافوق ئەکات بە ماددەکانی ١٠٩و ١١٠ لە قانونی ئەساسی.

عومومی ئەعیانو ئەشرافی سلیمانی.[٣٧]

---

[٣٦] ژیان، ژ٢٤٩، ٧ی تەموزی ١٩٣٠

{} ڕۆژی ۱۹۳۰/۷/۲۲ عمومی ئەشراف‌و قیسمیك عەشایەر چونە تەلغرافخانە ڕەئیسەل وزەرایان بانگ کردە سەر تەلەفۆن، لە وەکالەتی عمومەوە حەمە ئاغای عەبدورەحمان ئاغا ئەم قسانەی لەگەڵا کرد:

فەخامەتمەئاب!

لەو موعاهەدە تازەیەی کە کراوە ئەو حقوقەی کە عیصبەتول ئومەم خستویەتە قەرارەوەو بە کوردی بەخشیوە تیا دەرج نەکراوە، بۆ ئەم خصوصە موتەعەدید دەفعە لە طەرف عمومی عەشائیر، ئەشراف، توجار خولاصە هەمو کوردەکانەوە تەلغراف بۆ ذاتی دەولەتیتان نوسراوە، مەعەلئەسەف هەتاوکو ئیستا جوابیکی شافیمان‌و عادلمان وەرنەگرتۆتەوە، ئینتیظار ئەکەین.

جوابی ڕەئیسەل وزەرا بە تەلەفۆن

منیش وەکو ئیوە کوردم‌و ئارەزوی سەعادەتی ئەکەم‌و بۆ ئەم خصوصە سەعی ئەکەم‌و لەگەڵ مەندوبی سامیدا لە موذاکەرەداین، هەتا چوای ڕۆژی تر بۆ ئەم خصوصە دیینە سلیمانی‌و کفتوگۆتان لەگەڵا ئەکەین. ڕەئیسەل وزەرا.[38]

{} تەلەغرافی ئەشرافی هەولیر کە نوسیویانە بۆ ئەشرافی سلیمانی

سلیمانی: میرزا تۆفیق قەزاز

لە موطالەباتی حقوقمان ثەبات باعیثی نەجاتە، میللەت پشتیوان خواش لەگەلمانە. ۲۰ی تەموزی ۱۹۳۰. عوثمان ئەفەندی زادە: ئەحمەد. مەعروف جیاووك

جوابی سلیمانی

هەولیر: ئەعیان ئەحمەد بەگ‌و جیاووك

ثەبات ئەبەدیە پشتیوانی وەطەنپەروەران کافیلی موفەقیەتە. بەناوی سلیمانیەوە تۆفیق قەزاز.[39]

---

[37] ژیان، ژ٢٥٤، ٢٨ی تەموزی ١٩٣٠

[38] ژیان، ژ٢٥٤، ٢٨ی تەموزی ١٩٣٠

[39] ژیان، ژ٢٥٥، ٣١ی تەموزی ١٩٣٠

{} **له چەمچەماڵەوە:**

سلیمانی گەورەکانی موتەظاهرینی کوردان

بۆ بەرزی میللەتمان خۆمانو عەشیرەتمان فیداکارین بۆ سەرکەوتن پشتیوانین.

لاوانی کوردی چەمچەماڵ: رەئیسی بەگزادە، محەممەد ئەمین، رەئیسی هەمەوەند، ئەمین.

جوابی سلیمانی

چەمچەماڵ ئەمین ئاغا، ئەمینی رەشید ئاغا

حسیاتی بەرز، پشتیوانیتان هەزار قات قوەتی داینێ. بژی کورد، هەمەوەند.

بەناوی موتاظاهیرینەوە عەبدولقادر.[٤٠]

{} **١٩٣٠/٧/٢٣**

بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

بەغداد فەخامەتی رەئیسەل وزەرای عیراق

بۆ مەعلومات بۆ سەعادەتی موتەصەرریفی ئەکرەمی سلیمانی

بۆ مەعلومات بۆ سەعادەتی موفەتیشی ئیداری سلیمانی

مەوثوقەن خەبەر وەرگیراوە بە موناسەبەتی هاتنی فەخامەتتان بۆ کوردستان مەئمورینی ئەلویەی کوردیە کوردەکان تەضییقو تەهدید ئەکەن بۆ دەست هەلگرتن لە حقوقیان ئەگەر مەقصەد لە ئیستیفتایە لەژیر ئەم شەرائیطەدا نەمەعقولو نەمومکینە تا کوردستان لەژیر تەئثیری نفوذی مەئمورینی ئیدارەی عەرەبدا بیت ئیستیفتایەکی عادلەو وەطەنپەروەرانە موستەحیلە. وە لە تاریخی بەشەردا نەبینراوە بۆ ئیستیفتا ئەفکاری حوررەی میللەتیك تەضییق بکریت بۆ قبولی تەرجیحی ئەسارەتی خۆی بەسەر حوررییەتدا. موقابیل بەم حالە بەشیدەتەوە پرۆتیستۆ ئەکەین. ئەشرافی سلیمانی.[٤١]

---

[٤٠] ژیان، ژ٢٥٤، ٢٨ی تەموزی ١٩٣٠

[٤١] ژیان، ژ٢٥٤، ٢٨ی تەموزی ١٩٣٠

{} ٢٤ی تەموزی ١٩٣٠

لەندەن – نیەر ئیست، تەلغراف

ئەو مەقالەیەی ئیوە کە لە خصوص موعاهەدەی ئینگلتەرەو عیراقەوە نوسی بوتان و ئیهمالی حقوقی کوردتان دەرخست بو و جەهدی غەیر ئەندیشانەتان بۆ حیمایەی.. لە طەرەف کوردانەوە بە تەقدیریکی عەظیم و تەشەکوراتی قەلبیەوە قبوڵ کرا، ئەم معامەلەی بەشەرپەرستانەیەی ئیوە موظاهەرەتیکی جوانی قەضیەی موحیقەی کوردانە.

کوردەکان موتەئەسیفن لە موعاهەدەکە، چونکە هیچ باسی ئەو حقوقەیان نەکراوە تیا، کە بە موجیبی ئەوە حکومەتیکی کورد لەژیر ئینتیدابی عیصبەتول ئومەمدا تەشکیل بکرێ.

مەئمورینی حکومەتی عەرەبیە تەهدیدات و تەضییقاتی ئیمە ئەکەن کە دەس لە حقوقی خۆمان هەلگرین، لوطفەن دائیمەن ئەم حەقیقەتە لە لاپەرەکانتانا نەشر بکەن.

تۆفیق قەزاز.[٤٢]

{} پرۆغرامی

فیرقەی موتەظاهرینی کوردان

کە لە رۆژی ١٦ی تەموزی ١٩٣٠ ئیجرا ئەکرێ

١- ئاما و مەقصەد لەم موظاهەرەتە صرف لە رییەکی مەشروعەوە طەلەبی حقوقی مەعلومەی کوردانە کە وەختی خۆی عصبە الامم پیێ ی بەخشیوەو قەراری لەسەر دراوە.

٢- فیرقەی موتەظاهرین بە عمومی مەجبورە تەبەعییەتی هەمو قەوانین و نیظاماتی حکومەتیی بکات و حەتتەلئیمکان مەیدان بە حەرەکەتیك نەدات کە ببێ بە سەبەبی ئیخلالی ئەمنییەت و ئاسایش.

٣- مەحەللی ئیجتیماع لەبەردەمی سەرای حکومەتی و لەباغی بەلەدییەدا ئەبێ.

٤- عمومی ئەشراف مەملەکەت و رؤەسای عەشائیرو ئەهالی ئەمرۆ کە موصادیفی ١٦ی تەموزی ٩٣٠ه ساعەت لە نۆی عەرەبی لەناو باغی بەلەدییەدا ئیجتیماع ئەکات.

٥- ساحەی جولاّنی فیرقەی موتەظاهرین لە بەردەمی سەرای حکومەتیەوە هەتا بەردەمی مزەوتی گەورەو لەم مەنطیقە مەحدودەدا ئەبێ.

---

[٤٢] ژیان، ژ٢٥٤، ٢٨ی تەموزی ١٩٣٠

٦–لـه ساعەت نـۆو نیـوی عـەرەبیدا فیرقـەی موتـەظاهرین لـە حـالی سـکونەتو ئیعتیدالدا لە مەحەللی ئیجتیماعدا حەرەکەت ئەکاتو ئەچیتە بـەردەمی مزگـەوتی گەورە.

لـەویدا بـەناوی عومومـەوە (لـە طـەرەف رەمـزی ئەفـەندی حـاجی فـەتاح)ەوە قۆنفرانسیك ئەدریت.

٧–لـەدوای قۆنفرانسـەکە لــە سـاعەت دەی عـەرەبیدا فیرقـەی موتـەظاهرین بـڵاو ئەبیتەوە.

٨–هەیئەتی مومەثیلەی فیرقەی موتەظاهرین ئەم ذاتانەی لای خوارەوەن:

عەبدولرەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. عیزت بەگی عوسمان پاشا. حفیدزادە شـیخ قـادر ئەفەندی. حەمە ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا. رەمزی ئەفـەندی حـاجی فەتـاح. میرزا تۆفیـق قەزاز. مەجید ئەفەندی حاجی رەسوڵ ئاغا.

سلیمانی: ١٦ی تەمزی ١٩٣٠

{} تەشریف هینانی وەلیعەهدی بلند پایە و موڤاهەرەتیکی عومومی کورد

رۆژی ١٦ی مانگ ئەمیر غازی وەلیعەهدی بولوندپایەی عیراق تەشریفی هینایە سـلیمانی، هــەمو ئــەهالی لیـوای سـلیمانی، عولــەما، سـادات، ئەشـراف، تیججـار، رونەسای عەشایەر، رونەسای دەوائیر، مـەئمورینی حکومـەت، شـاگردانی مەکتـەب لـە سەعات دوی کوردیەوە چون بەپیریـەوەو لەسـەر جادەی دەباخانـە لـەو چادرانـەدا کـە لەلایـەن بەلەدییـەوە هـەلدرا بو حازیرو مونتـەزیری تەشـریف هینـانی بولوندپایـەیان بـون، لـە سـەعات دەوری ٣ی کوردیدا تەشـریفیان گەیشـت. کـە گەیشـتە نزیـك ئـەم عەشاماتە لـە ئۆتۆمۆبیـل تەشـریفی هاتـە خـوارەوەو تەفتیشـی حەرەسـی شـەرەفو کەششـافەی کـردو لەگــەڵ هــەمو ئەشــرافو رونەســای عەشــایەرو مــەئمورینـدا موسافەحەی فەرمو.

لەدوای ئەمە تەشریفی سواری ئۆتۆمۆبیلی خوسوسی خۆی بو، هاتنە ناو شارو لە مالی سەعادەتیموتەصەرریفی خۆشەویستمان دابەزی.

ئەم میوانە گەورەو خۆشەویستە بە هەمو ئیحتیرامیکەوە قبوڵو ئیستقبال کرا.

هـەر عــەینی رۆژ لەلایــەنی رونەســای عەشــایەر، ئەشـراف، تیججـارو ئــەهالی سلیمانیەوە نومایشیکی ... موتەنتەنو بەدەبدەبە ئیجرا کرا.

بەلێ ئەم نومایشە، رۆحیکی غایـەت بـەرزو بەقیمـەت، بـە حیسسـیکی غایـەت عیلویو موقەددەسـەوە ئیجـرا کـرا. نـەك هـەر عولمـا، سـادات، ئەشـراف، تیججـارو رونەسای موحتەرەمەی عەشایەر بەلکە هـەمو میللـەتی کورد، گـەورە پیچون، منداڵی

مەعسوم لە باوەش دایکیانا لەگەڵ دایکە بە رەئفەت و شەفەتەکەیان، بەلکە رۆحی هەمو مردوانی کورد لە سەمای مەعنەوییەت و رەحمەتدا ئیشتراکیان کرد.

بەلی ئەووەڵ جار ئەم ئیزدیحتمە لە سەعات نۆی کوردیدا روەو بازار رۆیشتن و لەپاشا گەرانەوە ناو باغچەی بەلەدییە–بەردەمی سەرای حکومەت. دو بەیداخ کە لەسەر شانی ئومیدی ئیستیقبالی میللەت: تەلەبەی مەکتەب، هەڵ گیرا بو ئەمانەی لی نوسرابو: *((رەوا بێ مەتالیبی کورد))، ((بەرقەرار بێ عەدالەتی عەسەبەتول ئومەم)). لە دەمی هەمو فەردیك بەبێ ئیختیار گورانی وەتەنی ئەهاتە دەرەوە. ئەم ئیزدیحامە ئەوەندە زۆر بو ئەتوانین بلیین بەحریکی کەللە شەپۆلی ئەدایەوە. لەبەر زۆری قەلەبالغ لە باغچەی بەلەدییەدا جیگا نەبووەوە ئینجا هەمو چونە سەر جادەی سابونکەران و لەبەردەمی چایخانەی حەمە ئاغا و مەکتەبی موتەوەسیتەدا راوەستا. لەوێدا جەنابی وەتەنی غەیور رەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح لەسەر سەربانی چایخانەکەی حەمە ئاغا راوەستاو نوتقیکی غایەت قیمەتدارو موهەییجی خویندەوە کە هەر حەرفیکی شایستەیە بە قەلەمی زەرین لە سەحیفەی تەئریخ و ئەعماقی... بنوسریت و لە طەرەف میللەتەوە بە ئیحترامەوە چەپلەریزان کرا وا عەینەن لە خوارەوە دەرجی ئەکەین.

لەدوای ئەمە جەنابی میرزا تۆفیق دیسان لەسەر عەینی سەربان ئیرتیجالی بەرامبەر بە میللەت چەند کەلیمەیەکی شیرینی ئەدا کرد. وە لە تەرەف هەمو میللەتەوە دەنگی چەپلەریزان و بژی، بژی گوێی ئاسمانی کەر کرد. وە لەلایەنی هەمو میللەتەوە تەوکیل کرا مەطالیبی میللەت بە وەلیعەهدی بلندپایە عەرز بکات.

ئەم نومایشە بە نەوعیکی وا مەدەنی و سکونەت جەرەیانی کرد کە چارەی هیچ کەسیك غەیری سرورو تەبەسوم هیچ عەلامەتی یەئس و تەئەسور وە یا تەهەور موشاهەدە نەئەکرا. لە دوای ئەمە لە سەعات دەو نیوی کوردیدا عولەما، سادات، ئەشراف، تیجار، رۆئەسای موحتەرەمەی عەشائیر، روئەسای دەوائیر چونە دەولەتخانەی سەعادەتی موتەصەرریفی خۆشەویست و لەوێدا زیارەتی میوانی عەزیزو بلندپایە کرا.

لەوێدا لەسەر تەکلیفی میللەت وەکیلی موحتەرەم جەنابی میرزا تۆفیق هەلسایە پییان لەپاش ئەوەی کە بەناوی هەمو میللەتەوە عەرضی بەخیرهاتنی وەلیعەهدی خۆشەویستی کرد مەطالیبی میللەتی بەم تەحرە کە لە خوارەوە ئەینوسین بە عەرضی گەیاندو جوملە جوملە لە طەرەف مودیری تەحریرات جەنابی جەلال صائیب ئەفەندییەوە بە عەرەبی تەرجومەو بە عەرض گەریەنرا. وەلیعەهدی خۆشەویست زۆر چاك لە هەمو جوملەیەکی گەیشت و بە دیققەت گوێی راگرت.

لەدوای تەواو بون موطالەباتەکە کە عیبارەت بو لە مەضبەطەیەکی عمومی لەلایەن خەطیبی موحتەرەمەوە تەقدیمی سموی وەلیعەهد کرا. تەرجومەو جوابی سموی وەلیعەهدیش بە واسیطەی رەئیسی بەلەدییەوە بە میللەت گەیەنرا کە ذاتی بلندپایەیان وەعدی فەرمو ئەم مەطالیبی میللەتە بە عەرضی عەتەبەی ملوکانەی بگەیەنێو بەم تەحرە موظاهەراتەکە هەتا ئیوارێ درەنگ دەوامی کردو لە دوای ئیوارێ خەلقەکە بڵاوبونەوە.[٤٣]

{} نوطقی موحتەرەم رەمزی ئەفەندی ئەی کوردینە!

هەر وەکو قەطعیەتی ریاضیە ثابیتە ئیتر هەمو قەومیك بەلیسان، ئەدەبیات، تەئریخ، عەنعەنات، عورفو عادەتی خۆی تەرەقی ئەکاتو ئەم عەصری بیستەمینی مەدەنییەتە عەصریکی مىللییەتە.

موحیطو حالاتی عومومیەی هیچ قەومیك نەبوە بە سائیقی تەرەقیو ئیعتیلا بۆ قەومیکی تر، بیلعەکس بوە بە سەبەبی فەلاکەتو ئیضمیحلالی.

لەپاش حەربی عومومی، تەئریخو خەریطەی عالەم بۆ ئەم موددەعایە شاهیدیکی عادلە.

هەمو زەریفی ئەزانین قەومی کورد ئایا لە ئەثنای حەرب عومومیداو ئایا لە پاشدا گەلی فرصەتی قیمەتداری دەست کەوت، مەعەئلەسەف لە هیچیان ئیستیفادەمان نەکرد، لە هەمو دەوریکدا ئەم فرصەتە باشانە یەکە یەکە بون بە سەبەبی فەلاکەتو ئیدبارمان، مەسئەلە ئەهمیەتی کەسب کرد، لازمە ئەسبابی تەحلیلو تەحەری بکەینو برینەکانی ئیحتیماعیمان دەرمانو ساریژ بکەین، لە نەتیجەی ئەم تەحەرییاتەدا دو عیللەت لە خۆمانا ئەبینین: یەکیکیان، لەناو ئەفرادا نیفاقی دائیمیو بێ مەحەببەتی. دوهەمیان، بۆ ئیحقاقی حەقو تەرویجی ئامالو مەطالیبی عومومییە، موراجەعەت بە عەقلو فیکر نەکردن.

بیو لاپەرەکانی تاریخی ئەقوام هەلبدەینەوە لە هەمو ئەقوامی مونقەریضدا ئەم دو عیللەتە موشتەرەکە ئەبینین کە بوە بە سەبەبی فەلاکەتو ئینقراضیان، ئەی کوردینە! لەم حالەشدا نابێ ئیمە مەیئوس ببین. چونکە ئیسلامین. پیغەمبەر (صلعم) فەرمویەتی: ((الیأس کفر)) یەئس کوفرە عەطالەت تەولید ئەکاتو نەتیجەی عەطالەتیش کردنە، فەلاکەتە، میللەتیك صاحیبی مەتانەتی ئەخلاقیە بێ بە عەقڵو

---

[٤٣] ژیان، ژ٢٥٢، ١٩٣٠/٧/٢٧

تەدبیری جوالیەوە لە فەلاکەت دەرسی عیبرەتو ئینتیباھ وەرئەگریّو، فەلاکەتەکە ئەکات بە سائیقی تەیەقوظو ئیعتیلا بۆ خۆی.

کەوابو لازمە لەپیش هەمو شتیکدا لەناو خۆمانا نیفاقەکە هەڵ کرینو، لە جیگای ئەم کەلیمە مەشئومە تۆوی مەحببەتو ئیتیفاق بچینین. زۆر شوکر ئەمرۆ ئەثەری خیری ئەم ئیتیفاقە لە میللەتەکەماندا ئەبینین، گەورەو بچوك، داخلو خاریج بۆ حقوقی موکتەسەبەو مەشروعەمان لە دائیرەی عەقڵو قانون، مەنطیقو فیکردا موطالەبەو مودافەعە ئەکەنو هەوڵ ئەدەن. وە لازمە لەمەودواش لە هەمو ئیشیکمانا حەقو حەقیقەت بکەین بە پشتیوانو رەهبەرمان.

ئینجا بیینە سەر مەوضوعی ئەم ئیجتیماعو موظاهەریە:

مەعلومتانە، حکومەتی عیراق لەگەڵ حکومەتی بەریطانیا موعاهەدەیەکی تازەی کرد.

حقوقی ئیمە لە مادە ٣و ٤ی قەراری مەجلیسی عالی عصبە الامەو مادە ٣ی موعاهەدەی ١٩٢٢و مادە ١٠٩و ١١٠ی قانونی ئەساسی حکومەتی عیراقییە تەثبیت کرا بو، وە کە لە طەرەف حکومەتی فەخیمەی بەریتانیاوەو جەلالەتی مەلیكو رەئیسی حکومەتی عیراقییەوە رەسمەن تەئییدو ئیعتیراف پیّ کراوە. مەعەلئەسەف هیشتا ئەسیری دۆسیەو کاغەذەو لە شکلی عەنقادا ماوەتەوەو حەتتا لەم موعاهەدە تازەیەش‌دا کە یەك دفعە موناسەباتی ئینگلیزو عیراق قەطعییەتی کەسب کردوەو ئینتیداب نیهایەتی هاتوە دیسانەوە خراوەتە گۆشەی نسیانەوە، موعاهەدەکە وەکو فەلاکەتیکی تاکمەضهور ئومیدی ئیستیقبالی مەحو کردوینەتەوە.

لەبەر ئەمە غایەی موظاهەرەکە ئیحتیجاجیکە بۆ مەطالیبو حقوقی مەشروحەو مەشروعەمان. لازمە گەورەو بچوك هەمو کوردیك دەست بدەینە دەستی یەکتریو لەم رۆژە تاریخیە ئیستیفادە بکەن.

ئەمرۆ قەومی کورد بە وجودی مولاقاتی وەلیعەهدی عیراق مەسرورو شادانن بۆ عەرضی بەخیرهاتنو مەطالیبی حقوقیە لە طەرف عومومەوە کۆمەلیك هەلبژیراون. ئەم مۆمەلە هەیئەتی عمومیە تەمثیل ئەکەن بە پشتیوانی ئیوەوە موەفەق ئەبن. لازمە لە طەرف کۆمەلەوە سەعیو لە طەرف ئیوەوە موظاهەرەتو قوەت. ئیتر حەق رەفیقمانە.

بژی قەراری مەجلیسی عصبە الامم
بژی مەطالیبی قەومی کوردو موختارییەتی ئیدارە
بژی مەلیکی عەرەبو کوردان کە مەلیك فەیصەلی ئەووەلە
بژی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا.[٤٤]

---

[٤٤] ژیان، ژ٢٥٢، ١٩٣٠/٧/٢١

{} موطالەباتی عمومی میللەتی کورد کە بە واسیطەی میروا تۆفیق قەزازەوە تقدیمی صاحب السمو ولیعهدی خۆشەویستی عیراق کراوە

لە پیشەوە بەناوی هەمو کوردانەوە عەرضی بەخیرهاتننتان ئەکەین. وە خۆمان بە بەختیار ئەزانین کە لەم فرصەتەدا تەشریفتان هیناوەتە لیواکەمان.

کوردەواری، کە لە هەمو وەقتیکدا بە ئیرتباطـیکی مەتین و صەمیمەوە مەبوطی عەرشی بەرزی عیراقە خۆی بە شەرەف ئەزانێ کە مەعروضاتی ئاتییە بخاتە بەر نەظەری صاحیب سموتان:

مەعلومی صاحیب سموتانە کە لەم چەندانەدا موناسەباتی داخلییەو خارجییەی حکومەتی صاحیب جەلالەت مەلیك فەیصەلی ئەوەل لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا رەبطی موعاهەدەیەك کراوە کە موافیقی ئەم موعاهەدەیە ئینتیداب مولغاو تەنها حکومەتی عیراق مەسئولی ئیدارەی داخلییە ئەبیت. لەم موناسەبەتەدا ئەمانەوێ بیهینینەوە خاطر کە وەقتێ لوجنەی ئیستیفتای عصبە الامم و حەللی ولایەتی موصل هاتە عیراق لە تەقریرەکەیدا وەهای تەوصیە کردوە ئەگەر کوردستانی جنوبی رەبطی عیراق بکریت لازمە بۆ موحافەظەی مەوجودییەتی میللیە، عەنعەنە، زمان و عصبە الامم و مادە: ۱۰۹و ۱۱۰ی قانونی ئەساسی عیراقدا تەئییدو تەثبیت کراوە.

حالی حاضر، موافیقی موعاهەدەی تازە ئینتیدابی بەریتانیا رەفع و لەسەریکی تریشەوە لە بنودی موعاهەدەدا حقوقی مەشروعەو موئەییدەی کورد کە عیبارەتە لە موختارییەتی ئیدارە طەیو ئیعتیراف پێ نەکراوە، کوردەواری بە عمومی ئەم موعامەلەیە بە تەجاوزیکی صەریحی ئەزانن بۆ حقوقی موعتەرەفەیان بە یەك دڵ و یەك ئاواز مەطالیبی خۆیان کە عیبارەتە لە موختارییەتی ئیدارە بۆ کوردستانی عیراق یەعنی لیوای کەرکوك، هەولیر، سلیمانی، ئەقظییەی شیمالیی موصل و قیسمی سەروی لیوای سیروان ئیدیعا و عەرضی صاحیب سموتانی ئەکات کە بۆ تەطبیقیکی سەریعی حەوالەی سولطاتی عولیای بفەرمون.[٤٥]

---

[٤٥] ژیان، ژ٢٥٢، ١٩٣٠/٧/٢١

{} روداوەکانی کورد:

زۆر بە داخەوە نامەکانی سلیمانیم بە وردی خویندەوەو چەندم حەز ئەکرد لە وشەکانی بەریوەبەری رۆژنامەکە تینەپەرم. وەکو لی‌ی تیگەیشتم ئەم نامانە ئازارم ئەدەن‌و، هەمو عیراقییەکی دلسۆز، کە سور بێ لەسەر قازانجی ولاتەکەی‌و لە پیناوی یەکیتی‌و سەربەخۆیی‌دا گیانبازی بکا، کە ببینێ کوردەکان لەم هەلومەرجە سەختەدا کە ولاتی پیدا ئەروا، بۆ ئەوەی مافەکانی بە خۆپیشاندان‌و ئاژاوە بسینێ، دور نیە بە هاندانی بیگانە یا کەسانی نەفس نزم بوبێ، بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان زولم لە گەلەکەیان ئەکەن. نمونەی ئەمان زۆرن رۆژگار کەسایەتیەکانیمان بۆ دەر ئەخا. لەوەتی ئەم نامانە بلاو بونەتەوە چاودیرم ئەکرد بزانم کاریگەرییان چۆنە گەیشتمە چەند ئەنجامیکی تاڵ، لیرەدا هەندیکیان ئەنوسم:

١- کەرکوکیەکان ئینزاری کورد ئەکەن سەبارەت بەو شتانەی لە خواستەکانیان‌دا هاتوە کە خراونەتە بەرچاوی خاوەن شکۆی شاهانە ئەمیر غازی مەزن لەلایەن میرزا تۆفیقەوە کە کەرکوک لەناو ئەو کوردستانی عیراقەدایە کە ئینگلیز بۆی سەلماندون بە ویستی خۆیان بەریوەی بەرن یا ئیدارەی موختارییەت.

٢- کەرکوکیەکان بە هیچ جۆرێ دان بە کوردا نانین چونکە ریچەلەکیان بۆ دنیا ئاشکرایە، بەلکو هەمو بریاریان داوە لەگەڵ برا عەرەبەکانیان بژین‌و، هیچ پیوەندی‌و پەیوەستیەکیان بە کوردەوە نیە.

٣- کەرکوکیەکان داوا لە کورد ئەکەن ناوی کەرکوک‌و کەرکوکیەکان بەهیچ جۆرێ لەگەڵ داواکانی خۆیان‌دا باس نەکەن، چونکە هەرگیز لە پلەیەکدا نەبون دەستی بیگانە بتوانێ تۆوی ناکۆکی‌و نیفاقیان لەناودا بچینێ.

٤- کەرکوکیەکان ئامادەن سەرو ماڵ لەسەر یەکیتی عیراق دابنین.

بژی عیراق‌و بژی ئەوەی لە پیناوی یەکیتی عیراق‌دا هەوڵ ئەدا.

بمرێ‌و بروخێ ئەوەی هەولی تەفرەقەو نیفاق ئەدا. کەرکوک حەسەن سوداد.[٤٦]

{} کەرکوک:

لەسەر موراجەعاتی موتەمادی کوردانی سلیمانی‌و کەرکوک‌و هەولیر فەخامەتی وەکیلی مەندوبی سامی‌و وەکیلی رەئیس ئەلوزەرای عیراق رۆژی جومعە ١٩٣٠/٨/٨ لە بەغدادەوە تەشریفیان هینایە کەرکوک‌و لە عەینی رۆژدا لە قشلەدا عمومی

---

[٤٦] الجهاد، ع٢٢٤، ١٩٣٠/٨/١٦

ئەشراف‌و ئەعیانی کەکوك‌و روئەسا گەورەکانی ئەو لیوایە کە هەمو کوردن کۆیان کردەوە لە دوای بەستنی کۆمەلەکە رەئیس ئەلوزەرا هەلسا ئەو بەیانەی کە هەمو کوردیك خویندویەتیەوەو لە پیشا نەشر کرا بو و کو گۆیا حکومەتی عیراق قەراری داوە بۆ کوردەکان موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم تەطبیق بکات خویندیەوەو لە عەقەبی ئەوەوە فەخامەتی مەندوبی سامیش هەلساو نوطقیکی خویندەوەو تەئیدی بەیانەکەی حکومەتی عیراقی کردو فەرموی ئیمەش لەگەڵ عیراقا موتەحدین بۆ تەطبیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم.

لە دوای ئەمانە عەبدوللا صاڤ ئەفەندی یەعقوبی هەلساو گوتی: لەم بەیاناتە زۆر موتەشەکیرین ذاتەن ئەم لیوایە عیبارەتە لە تورك‌و عەرەب یەعنی نفوسەکەی صەد هەزاری لەم دو عونصورەیەو ئیمە عیراقین لە وەحدەتی عیراق جیا نابینەوە. مصطەفا ئەفەندی برایشی عەینەن تەئییدی قصەکەی کاکی کردەوە. بەڵام ئیتر لە حاضرون‌و لەو هەمو قەلەبالغە غەیری فارس ئاغای بەیاتی نەبێ کە پیاویکی عەرەبەو شیخ محەممەد حەبیب ئەفەندی طالەبانی نەبێ کە چونکە کە قاضی‌و مەئمورەو مەجبورە کەسیکی تر تەئییدی نەکردنەوەو، حەتتا چونکە قسەکانی عەبدوللا صاڤ ئەفەندی هەموی عیبارەت بو لە بەیاناتیکی غەیرە حەقیقی‌و بە ئاشکرا مەوجودیەتیکی ئەکثەریەی کوردی پەنهان کرد، وەطەنپەروەرو جەوانمەردی غەیوری کورد محەممەد بەگی جاف مەندوبی پیشوی کەرکوك، هەلسایە سەر پێ‌و بە هیمەتیکی مەردانەو بە دەنگیکی بەرز فەرموی: ((لیوای کەرکوك ئەکثەریەتی عەظیمەی کوردن یەعنی لە ١٥٠ هەزار نفوس ١٢٠ هەزاری کوردیکی خالیصە. ئینجا ئەگەر بە زیادەوە حسابی بکەین ئەوی تری ئینجا تورك‌و عەرەبن‌و ئەم قسەیەی منیش مەعلوم‌و ئاشکرایەو فەرموی بەندە کە لیرەدا تەمثیلی عەشیرەتیکی زۆر گەورەی وەکو جاف ئەکەم غەیری ئەمیش روئەسای داودە، زەنگەنە، جەباری، شوان‌و سائیرە روئەسای کوران کە لەم کەجلیسەدا حاضرن بەندەیان تەوکیل کردوە کە بە ناوی عومومەوە عەرضتان بکەم کە ئەم کوردانە بەیەك وجودو یەك زبان داوای تەطبیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم ئەکەن. ئەمە حەقمانەو ئەم حەقەمان ئەوێ‌و هەتا ئاخری تەعقیبی ئەکەین)).

لەدوای ئەمە عەبدوللا صاڤ بەگ متەهەویرانە کە خیلاڤی ئاداب‌و ئیجتیماعیات بو هەلسا، گوتی: ((ئەم ذاتە بەناوی کیوە قسە ئەکات؟ ئەم جافانە عائیدی سلیمانیە، هەموی دو سالە رەبطی کەرکوك کراوە، با بچیتە سلیمانی داوای حەقی خۆی بکات!)).

لەسەر ئەوە محەممەد جافیش هەلساو جوابی دایەوە: ((من بە ناوی ١٥٠ هەزار جافەوە قسە ئەکەم. من کوردم، کورد ئەژیم‌و بەکوردی ئەمرم. ئەم مەملەکەتە کوردە،

لەبەر ئــەوە هــەمو كوردیـك حــەقی هەیــە لــە مەملەكــەتی كــورداندا طەلــەبی حقوقــی میللەتی وەطەنەكەی بكات)).

حەقیقەتەن خوینی كوردایەتی بە ئاشكرا لـە دەمارەكانیا جـەوەلانی ئـەكرد. لـەو ئەڤنایـەدا جەعفەر پاشا هەلسـاو روی كـردە محەممـەد جـاف، گوتـی: ((بـە شـەرەفی حكومەت و خۆم تەئمینت ئەكەم كە بـە تـەواوی موقـەرەراتی عیصبـەتول ئومـەمتان بۆ تەطبیق ئەكریٚ و ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لی ئەكات)).

محەممەد جافیش لە جوابا گوتی: ((سا باشە تەشەكورتان ئەكەم!)).

لـەو ئەڤنایـەدا سـەید ئەحمـەد ئەفـەندی خانــەقاو سـەید محەممــەد ئەفـەندی جەباری و سائیری رونەسا موحتەرەمەكانی كورد عەلەنەن هەلسان تەئییدی محەممەد بەگی جاف و حقوقی كوردیان داوا كردەوە. بـەم نەوعـە موناقەشـەكە دوایـی هـات و كۆمەلەكە بلاو بونەوە.[٤٧]

{} بە درۆ خستنەوە: بروسكەیەك لە توزخورماتووەوە رۆژنامەكانی الجهاد، البلاد

ئەو بەیاناتـەی لەلایـەن فەخامـەتی سـەرۆەزیران و مـەندوبی سـامیەوە دەربـارەی مەسەلەی كورد لە كەركوك دراوە ئەوەیە كە بە گشتی ئەمانـەویٚ، لەسـەری موافیقین و پشتیوانی ئەكەین و دەس ئەگرین بە عەرشی مەلیكی خۆشەویستمانەوە.

رەئیسی عەشیرەتی بەیات، حارس. رەئیسی داودە، رەفعەت.[٤٨]

{} ملاحظیه المطبوعات

وەفـدی وەزاری رۆژی ١٩٣٠/٨/٨ گەیشـتە كـەركوك لــە فرۆكەخانــە پیشــوازی كران، ئەشرافی لیواو وجەهاو زوعەمای سەعات دەی بـەیانی بانگ كران بۆ دیوانــی موتەصەرریفیەت. بەیانەكە خویندرایەوەو رستە بە رستـەی كرا بـە كـوردی. وەفدەكـە رو ئەكاتە سلیمانی. ئەهالی بـە ارتیاح و ابتهاجی تـەواوە پیشوازییان كردن و، زۆر بـە گەرمی دلسۆزیی و بەسترانەوەی خۆیان بە عەرشی هاوەن شكۆوە دەربری.[٤٩]

---

[٤٧] ژیان، ژ٢٥٧، ١٩٣٠/٨/١٤

[٤٨] الجهاد، ع٢٦٦، ١٩٣٠/٨/٨

[٤٩] الجهاد، ع٢٢٧، ١٩٣٠/٨/١٠

{} زیارەتی هەولیر:

رۆژی شەمەی ۱۹۳۰/۸/۹ لە کەرکوکەوە تەشریفیان بردە هەولیرو لەویش لە سەعات دەی ئینگلیزیدا لەسەرا لە مەقامی موتەصەرریفیدا ئەشراف و رونەسای عەشائیرەکان کۆبونەوە، لە دوای کۆبونەوە رەئیس ئەلوزەرا ئەو بەیاناتەی کە لە کەرکوکیش خویندبویەوە بەیان و خویندیەوەو فەخامەتی مەندوبی سامیش هەلسا و نوطقیکی خویندەوەو بەیاناتەکەی رەئیس ئەلوزەرای تەئیید کردەوە.

لە دوی ئەمانە جەنابی ئەحمەد ئەفەندی ئەعیان و وەطەنپەروەری غەیوری کورد هەلسا فەرموی: لە پیش ئەمەدا قسە بکەین ئیجاب ئەکات رونەسای عەشائیر فکری خۆیان بەیان بکەن چونکە ئەوانیش مەضبەطەیان تەقدیم کردوە.

مەندوبی سامی فەرموی: باشە.

لەسەر ئەوە رونەساکان گوتیان بە عمومی جەنابی خضر بەگی ئەحمەد پاشای، لە رونەسای دزەییمان کردوە بە وەکیل و موما ئیلەیهی هەلسا گوتی: ئیمە هەمو عەشائیر موتەفیقەن تەئییدی مەطالیبی ئەهالی سلیمانی ئەکەین. ئیمە لەگەڵ سلیمانیدا ئەژین و ئەمرین!. یەکیکین. ئیستیرحام ئەکەین ئەم سێ لیوایە کەرکوك، سلیمانی، هەولیر نابێ لەیەك جیا بکرینەوە، هەرچی بە سلیمانی بدرێ ئەبێ ئیمەش ئیستیفادەی لی بکەین.

لە دوای ئەمە جەنابی ئەعیان ئەحمەد بەگ هەلسا فەرموی: ((ئیمە کوردین و حقوقی خۆمان ئەوێ بەندە چەند سالە لە خدمەتی حکومەتام و تیگەیشتوم کە کورد بە عمومی لەسەر حقوقی خۆی ئیصرار ئەکات و ئەم حەقە بە قەراری عیصبەتول ئومەم دامەزراوە پیویستە بماندریتێ)) وە لەسەر ئیعتیراض و تەئثیری جەعفەر پاشا خیطابەن بە جەعفەر پاشا گوتی: ((پاشا تۆ بۆ عەرەبەکان دو پەنجەت دانا ئیمەش حەقی خۆمانە لە ریّی ئەم حەقە میللیەمانا رۆحی خۆمان فیدا کەین. کەس حەقی عیتابی نیەو قەراری عیصبەتول ئومەم ئەوەیە: لوغەتی کوردی رەسمیی بێ. ئیمە بۆ ئەم حەقە موصیررین)).

وە لە پاش ئەم گفتوگۆیانە ئیسماعیل بەگی رەواندوزی هەلسا گوتی: ((پاشا ئیمە لەم قسە بروپوچانە تیر بوین. بەحثی موستەقبەل ئەکەین. موستەقبەل هەم سبحەینێ هەم دە سالی تر وەها ئاخری هەر موستەقبەلە ئیمە حالەن تەطبیقی قەراری عیصبەتول ئومەممان ئەوێ. وە فەورەن ئەبێ لیوای دهۆك تەشکیل بکرێ. میللەت بە ئارەزویەکی قەطعی ئەم طەلەبە ئەکات)).

له پاشا مەعروف بەگ جیاوك هەلسا گوتی: ((وا ئەزانی جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی موعتەمیدی سامی موساعەدە ئەفەرموێ دو قسە بکەم. بەندە عەرضێكو سوئالیکم هەیە: ئەو بەیانەی کە جەعفەر پاشا خویندیەوە دو شتی تیگەیشتم ١- طەلەبی وەحدەتی عیراقی - کوردو عەرەب. ٢-عەدەم ئیمکانی تەئییدی حقوقی کوردان بە ماددەیەکی خاص لە موعاهەدە. (لە پیش جواب دانما جەنابی مەندوبی سامی فەرموی: کە بەعضێ مەحافیل وا ظەن ئەکەن کە ئیمە تەشویقی بەعضێ کەس ئەکەینو ئەگەر کەسیکی وا ببێو بیتە دارەل ئیعتیمادو لە دوایی‌دا لە خۆیەوە قسەیەکی وای کرد بێ رەدی ئەکەینەوە ئیمە لەگەڵ حکومەتی عیراق یەکین) بەندە لەسەر ئەم فەرمودەیەی ئەلیم ئەبێ فەخامەت پەناه و جەعفەر پاشا چاك بزانن بەندە کوردمو هەمو کوردیکیش وەکو من تابیعی هیچ تەئثیرێ نیە. میللەتی کورد بە سائیقی ویجدانی قسەو ئیددیعای حقوقی ئەکات. بەلی زۆر دەفعە بەعضێ کەسو بەعضێ لە گەورەکانو کە ئیستا لە مەواقیعی گەورەدان، تەئەددوب ئەکەم لەم مەجلیسەدا ناویان بینم روبەرو بە منیان ئەگوت ئیوە بە پەنجەی ئەجنەبی ئەم طەلەبە ئەکەن)).

مەندوبی سامی پرسی: ((ئەجنەبی کێیە؟)).

((ئەجنەبی یەعنی ئیوە: ئینگلیز! وە دەلیلم ئەوەیە کە پار ساڵ ئەم جەمال بابانە کە دانیشتوەو کە وەزیرە بە مەضبەطە داوای حقوقی میللی کردبو دیسان بەم تەرحە ئیهتیمامیان ئەکرد. بیینەوە سەر حقوقمان. جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی مەندوبی سامی چاك ئەیزانێ کە حکومەتی بەریطانیا بە شەرەفی خۆی تەعەهودی کرد بو کە موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم تەطبیق بکات ئیستا هەمو کوردیك مونتەظیرو ئەمینە کە حکومەتی بەریطانیا تەعەهودی خۆی دینیتە جێ. زۆر ئارەزو ئەکرا کە جەعفەر پاشا لەباتی ئەو کاغەذەی لە جانتاکەی دەری ئەهینێ، موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمی لەگەڵ خۆی بهینایەو عەلەنەن بیخویندایەوە کە هەمو کەس تێی بگەیشتایە. مەعە مافیقی بەندە بە نەظەریکی حقوقی خویندومەتەوە، جەمال بابانو جەعفەر پاشایش چاك ئەیزانن کە من حقوقیم (لەسەر ئەمە جەعفەر پاشاو مەندوبی سامیو موفەتیشی ئیداری دەستیان کرد بە سرکە سرکو موفەتیشی ئیداری چوە دەرەوە) موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم چیە؟ ١-ئەبێ مەئمورەکانی کوردستان لە عونصوری کوردی بن. ٢-لوغەتی کوردی رەسمیی بێ)).

لـەم ئەثنايـەدا موفەتيشـی ئيـداری گەرايـەوەو لـەناو فايليكيـا موقـەرەراتی عيصبەتول ئومەمی تەسليمی مەندوبی سامی كرد، ئەويش فەرموی ئەمە موقەرەراتی عيصبەتول ئومەم.

مولاحەظە: لەپيش ئەمەدا جەعفەر پاشا موصيررەن ئەيگوت نالی مەئمورەكانی كورد لە عونصوری كورد بن، ئەلی هەر كوردی بزانن.

مـەندوبی سـامی خويندیـەوەو تەرجومـە كـراو مەعلـەم بـو كـە ماددەكـە ئـەلی مەئمورەكان لە عونصوری كورد بن.

لەسـەر ئـەوە ئەحمـەد ئەفـەندی هەلسا فـەرموی: ((ئەمـە تـەئويلو تەفسير قوبوڵ ناكات چونكە صەريحەو مەعلومە)).

لەو وەقتەدا جەعفەر پاشا نەختيك شلەژاو مەوضوعيان گۆری فەقەط جياووك دەوامـی كـرد گوتـی بـە مـەندوبی سـامی: ((وا ئـەزانم فەقـەرەی ئـەخيری قـەراری عيصبەتول ئومەم ئەلی: ﴿ئەگەر تەبديليك لە حكومەتی عيراقا بو ئەبێ حوكميكی ذاتی بە گويرەی رەغائيبييان بدرێ بە كوردەكان﴾)).

مـەندوبی سـامی فـەرموی: ((دوينـێ ئـەم قسـەيەم لـە كـەركوكيش بيسـت. ماددەيەكی وا نيە)).

جياووك جوابی دايەوە: ((لە نيهايەتی لائيحەی هەيئـەتی عيصبـەتول ئومـەم لـە سەطری ئەخيريا ئەم ماددەيە مەوجودە. بەندە تەدقيقم كردوەو مەنظوری عاليشت بوە)).

مـەندوبی سـامی: ((بـەلی! ئـەم لائيحەيـە لـە طـەرەف عيصبـەتول ئومەمـەوە تەصديق كراوەو بڵاوكراوەتەوەو، شكلی قەراری وەرگرتوە)).

لە دوای ئەمانە جياووك هاتەوە سەر ئەصلی مەوضوع گوتی: ((وەكو عـەرضم كـردن بەياناتەكـەی جەعفـەر پاشـا دو شـتی تيايـە: ١-ئيتيحـادی كـوردو عـەرەب.

جەعفەر پاشا چکی ئەزانێ ئیمە لەگەڵ عەرەبا مومکین نیە بە صورەتی تەوحید – جیاووك پەنجەکانی خستە نا یەکترو گوتی بەم صورەتە – بژین. فەقەط بە صورەتیکی – ئەمجارە پەنجەکانی جوت کرد کوتی – قابیلە بەم نەوعە وەکو ئاوستریاو مەجەرستان بژین. هەمو کەسیك ئەمەی ئیدراك کردوەو میللەت لە حالی ئینتیباه دایە. لەپاش ئەمە جەریدەکانی بەغداد هاوار ئەکەن ئیمە عەرەبین و حکومەتمان عەرەبە. ئەبێ کوردەکان وەکو ئەرمەنیەکان لی بکەین. ئیتر مومکین نیە پیکەوە بژین)).

لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا بە تەهەورەوە گوتی: ((من قسەت نادەمێ و حەقت نیە ناوی عەرەب بینێ!)).

جیاووك: ((پاشا من قسەم لە مەندوبی سامی سەندوە. بەندەیش بە قەدەر تۆ عەرەبەکان تەقدیس ئەکەم. فەقەط کوردمو، کورد حەقی خۆی ئەوێ. وا دیارە ئەم جەرائیدانە بە رەضای حکومەت ئەنوسن وە ئیللا ئەباویە تەعطیل بکرانایە. بیینەوە سەر ماددەی دوەم، تەناقوضیکی ظاهیریی لەو قسەیەی جەعفەر پاشادا هەیە، چونکە لە جیهەتیکەوە ئەلی بۆ ئەم حقوقە موغایری ئوصولە مادەیەك داخلی موعادەکە بکرێ. بەندە ئەلیم بە نەظەریکی حقوقی مومکینە ماددەیەك داخلی معاهدەکە بکریت کە ئەو مادیە بە قانونیکی خاص حقوقی کوردەکان تەئمین بکات. لەمەدا مانیع چیە؟ خولاصە هەمو کوردیك مونتەظیری تەطبیقي موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمە)).

بەم نەوعە خیتامی بەیاناتی جیاووك هاتو، حاضرون بە عوموومی بێ ئیستیثنا فەرمودەی جیاووکیان تەئیید کردوەو مەجلیسەکە دوایی هاتو بڵاوبونەوە.[٥٠]

---

[٥٠] ژیان، ژ٢٥٧، ١٩٣٠/٨/١٤

{} زینەلعابدین مەحمود، خەلکی هەولیر:

هەندێ کەس لایان وایە ئەهالیی هەولیر داوای مەسەلەی کورد ئەکەن، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە خۆیان بە بەشێ لە مەسەلەی کورد دانانین چونکە دلنیان لە ئەنجامی ئەم جوڵانەوەیەی کارەساتی بە دوادا دێ و نمونەیەکی بۆ قسە بە ناوبانگەکەی: ((فرق تسد)).[٥١]

{} تەشریف هینانی فوخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرای عیراق

موافیقی تەلغرافێ کە رەسمەن بۆ مەقامی موتەصەرریفی هاتوە، رۆژی ١٩٣٠/٨/٩ کە تەصادوفی ئەم شەمەیە ئەکات فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرای عیراق تەشریف ئەهیننە سلیمانی.[٥٢]

---

[٥١] الجهاد، ع٢٦٦، ١٩٣٠/٨/٨

[٥٢] ژیان، ژ٢٥٦، ٧ی ئاغستۆسی ١٩٣٠

{} بەیاننامە

ئەم میللەتی کورد!

بە دیققەتەوە گوێ بگرن، ویجدانی میللی، ڕۆحی پیشینانو پاشینان خیطابتان ئەکاتێ. داوای تیکوشینو تیهەلچونتان لی ئەکات.

ئەی کورد!

لەم عەصری میللەتو ئازادیەدا، لەم عەصری نورو سەربەستیەدا تەنها هەر کوردی بێ چارە ذەلیلو بێ بەش ماوەتەوە، وەطەنی کورد وەك مالی منالیمی نابالق بەسەر بیگانەدا دابەش کراوە.

مەعلەمی هاوخوینە خۆشەویستەکانمانە لەم چەندانەدا موعاهەدەیەك لە بەینی حکومەتی بەریطانیا و عیراقدا بەستراوە هەرچەنەدە موافیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمو سائیری وعودی بەینەلدوەلی ئەبوایە مەسئەلەی کوردستان بخرایە ئەوەل بەندی ئەم موعاهەدەیە، فەقەط بە کەمالی تەئەسسوفو تەعەجوببەوە ئەبینین کە ئەمە هاتوە کە لەو حالەدا لازمە عیصبەتول ئومەم لە خصوص کوردەکانەوە حەرفییەن تەطبیق بکرێ.

بینائەن عەلەیهی ئیمە بە پشتیوانی ئیوە هەتا ئیستا بە وەسائیلی موختەلیفە بۆ موحافەظەی حقوقی کورد لە جەهدو موراجەعەت غافڵ نەبوینو هەتا ئاخر نەفەس دەوام ئەکەین. هەدەفو غایەی تەشکیلی حکومەتیکی کوردیە لەژیر نەظارەتی عیصبەتول ئومەمدا. بۆ مەشرعییەتی ئەم طەلەبە دو دەلیلی غەیرە قابیلی ڕەدمان بە دەستەوەیە:

١- قەراری عیصبەتول ئومەم صەراحەتەن ئەلی: وەقتێ کە ئینتیداب نیهایەتی هات ئەبێ بۆ کوردەکان موافیقی ڕەغائیبی خۆیان حکومەتیکیان بۆ تەشکیل بکرێ.

٢- بەیانیکی ڕەسمیی موشتەرەك کە لە ڕۆژی ٢٤ی کانون ئەوەلی ١٩٢٢دا لە طەرەف حکومەتی بەریطانیا و عیراقەوە نەشر کراوە، ئەم بەیانە بەر وەجهی ئاتیە:

حکومەتی صاحیب جەلالەتی بەریطانیاو حکومەتی عیراق ئیعتیراف ئەکەن بە حقوقی ئەو کوردانەی لە داخلی حدودی عیراقا ساکنن، بۆ تەشکیلی حکومەتیکی کوردیە لە داخلی ئەو حدودەداو حکومەتی بەریطانیا و عیراق ئومیدیان هەیە کە عەناصیری کوختەلیفەی کورد لە بەینی خۆیاندا ڕێ ئەکەون بۆ خصوص حدودو شکلی ئەو حکومەتە کوردیەو بۆ ناردنی موفاویضینی مەسئول بۆ بەغداد کە

موذاكەرە بكەن لەبابەت موناسەباتی ئیقتیصادیەو سیاسیەیانەوە لەگەڵ حكومەتی ئینگلتەرەو عیراقدا.

ئەی میللەتی نەجیب!

پاش ئەم تەفصیلاتە ئیخباریان ئەكەین كە رۆژی یەكشەممە ١٠ی ئاغوستوسی ١٩٣٠ مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرای عیراق بۆ موذاكەرە كردنی ئەم مەسئەلەیە دین بۆ سلیمانی. قەناعەتی تامەمان هەیە كە هەمو كوردەواری یەك دڵو یەك زبان لە طەلەب كردنی ئەم حەقە مەشروعەدا پشتیوانمانن.

ئەی كور!

تاریخ لاپەرەكانی كردۆتەوە حەرەكاتمان تەسجیل ئەكات، موحافەظەی شەرەفی رابوردو و ناموسی ئایندەمان بە دەست نەسلی حاضرەیەوە. ئێوەش خۆتانو عیرەتتان.

عەزمی بابان. عەبدولقادر حەفیدزادە. حەمە ئاغا عەبدورەحمان ئاغا. عیززەت عوسمان پاشا. حەمە صالح محەممەد عەلی بەگ. شێخ محەممەد گولانی. عەبدورەحمان ئەحمەد پاشا. فائیق بابان. تۆفیق قەزاز. رەمزی حاجی فەتاح.

{} سەردانی وەفدی وەزاری بۆ سلیمانی

لە دوای تەواو بونی موناقەشەو موجاهەدەی هەولیر، فەخامەتی مەندوبو رەئیسەل وزەراو هەیئەتەكە روەو سلیمانی تەشریفیان هینا. ١٩٣٠/٨/١٠ لە سەعات ٣ی كوردیدا كە میعادی هاتنیان بو عومومی روئەسای دەوائیرو مەئمورانو عولەماو ساداتو ئەشرافو روئەسای عەشائیر كە بیلعموم لە سلیمانیدا حاضر بون. چون بە پیریەوە. لە جادەی دەباخانە لەو رەشمالانەدا كە بەلەدییە هەلی دابو دانیشتن، غەیری ئەمانیش طاقمیك عەسكەری جەیش دور لە ئەهالییەكەوە وەستا بون. كەششافەی مەكتەب، قوتابی مەكتەبەكان، بیلعموم ئەهالی شار هەمو طەبەقەیەكی حاضر بو بو. دوكانو بازار چۆڵ كراو قیسمی ژنانیش لە دەباخانەوە هەتا قاپی (سەرای) حكومەت كۆمەڵ كۆمەڵ وەستا بون. فەخامەتی مەندوبی سامیو هەیئەتەكە لە سەهات دوی عەرەبیدا مواصەلەتی چەمچەماڵ ئەكەنو لەویش هەمو ئەهالیو روئەسای عەشیرەتی هەمەوەند لەسەر جادە وەستا بون. كە تەشریفیان گەیشتە ئەوێ هەمو بە دەنگی بەرز هاواریان كردو داوای حقوقی كوردایەتییان كرد بو. لە دوای ٣٠ دەقیقە ئیسراحەت لە چەمچەمالەوە حەرەكەتیان كردو ذاتەن سەعادەتی موتەصەرریفو موفەتیشی پۆلیسو مودیری پۆلیس بە ئۆتۆمۆبیل لە بەیانییەوە

بەرەوپیریان رۆیشت بون. لە سەعات چوارونیوی کوردیدا گەیشتنە سەرجادەی دەباخانە. لە دوای ئەوەی لەلایەنی عەسکەرەکەوە بە سەلام بەخیرهاتنیان کرا هاتە بەردەمی ئەو عەشاماتە زۆرەوە کە بێ حەددو حساب راوەستا بون کە لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین بە کەرەتی دەست کرا بە چەپلەریزانو هەر بژی کوردو کوردستانو بە کەرەتیك هاوار ئەکرا کە بە قەطعی تەشکیلی حکومەتی کوردیمان ئەوێ. لەو وەقتەدا قوتابیەکی مەکتەب بە جلی کەششافەوە هاتە بەدرەمیانو خیطاب بە مەندوبی سامی نوطقیکی ئینگلیزی خویندەوە کە لە خوارەوە دەرج کراو نوقطەکە بە چەپلە لیدانو هەر بژی حکومەتی بەریطانیاو کوردستانو هەر بژی فەخامەتی مەندوبی سامی موقابەلە کرا. لە دوای ئەمانە بە ئۆتۆمۆبیل هاتنە ناو شارەوە. لە ریگا لە هەمو نوقطەیەکدا ژنەکان لە کۆڵانو سەربانەوە هاواریان ئەکرد: هەر بژی کوردو کوردستانو حکومەتی کوردیمان ئەوێ.

وەکیلی فەخامەتی مەندوبی سامی تەشریفی بردە مالی موفەتیشی ئیداریو وەکیلی رەئیسەل وزەراو وەزیری داخلییە لە مالی موتەصەرریفو وەزیری عەدلیە لە مالی بابان عەزمی بەگ میوان بون.

ئەو قەلەبالغییە هەتاکو ئیوارێ لەبەر دەرکی سەراو جادەکانا مایەوەو، موتەمادی هاواریان ئەکرد: حقوقی کوقەددەسی خۆمان ئەوێ. ئەو رۆژە وا دەوامی کرد. هەر شەو تەرتیبات کرا بۆ موذاکەرە. تەذکەرە نوسرا بە شوین ئەشرافو روئەسای عەشائیردا. سبەینێ سەعات دوی کوردی هەمو لایەك لە مەقامی موتەصەرریفدا کۆبونەوە. دیسان بازار داخراو ئەهالی روی کردە بەردەمی سەرای حکومەتی. طەلەبەی مەکتەبو هەمو ئەهالی لە حالیکی مونتەظەمدا وەستا بون کە فەخامەتی مەندوبی سامیو هەیئەتەکە تەشریفیان هینایە سەرا لە بەردەمی تەلخانەدا بە کەرەتیك چونە بەدرەمی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوەو بە کەرەتێ هاواریان ئەکر: حقوقی میللیەمان ئەوێو ئەبێ حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا بۆمان تەئمین بکات.

حاصلی بەم نەوعە داخلی سەرا بونو چونە مەقامی موتەصەرریفیو لەوێدا هەمو لایەك کۆبونەوە. ئەوەڵ جار لە طەرەف رەئیسەل وزەراوە ئەو بەیانەی کە لە پیشا لە جەریدەکانا نەشر کرابو و خوینرایەوە. لە دوای ئەو فەخامەتی مەندوبی سامییش هەلسا ئەو بەیانەی کە لە کەرکوكو هەولیر دابویان عەینەن خویندییەوە.

لە خیتامی ئەمانەدا، جەنابی حەمە ئاغای عەبدورەحمان ئاغا هەلساو، فەرموی: ((جەماعەتی حاضرە کە تەمثیلی هەمو ئەشراف، سادات، عولەما، عەشائیری لیوای سلیمانیو قسمیك لە لیوای کەرکوك ئەکات بە عومومی رەمزی ئەفەندییان تەوکیل

کردوه کە جوابی بەیاناتی فەخامەتی مەندوبی سامی و ڕەئیسەل وزەرا بداتەوەو طەلەبی حقوقی میللیەمان بکات)).

لەدوای ئەمە ڕەمزی ئەفەندی هەڵساو گوتی:

((فەخامەتمەئاب!

بەناوی عومومی ڕوئەسای عەشائیرو ئەشرافی کوردەوە عەرضی بەخێرهاتنتان ئەکەم. میللەتی کورد تەشریف هێنانتان بۆ حەیاتی حورپیەت و موستەقبەلەی خۆیان بە فەئلێکی خێر عەدد ئەکات. بەیاناتی ڕەئسەل وزەراو مەندوبی سامی کوللیەن موخالیفی موقەڕەراتی عیصبەتول ئومەمو ئیعتیرافاتی فەخیمەی بەریطانیا و عیراقە. لە پێش هەمو شتێکدا ئەبێ اطاعەی حقوقی موقەددەسەو ئیستیقلالی کوردان ببێ بە سەبەبی ئیتیحادی عونصوری کوردو عەرەب.

لای فەخامەتمەئابتان مەعلومە کە کوردەکانی کوردستانی جنوبی لە ئەثنای حەربی عومومیەوە تا ئەمڕۆ بۆ تەئمینتی حورڕیەت و ئیستقلالی خۆیان لە سەعی دوانەکەوتون و بۆ ئەم غایە موقەددەسە دائیمەن ئیلتیجایان بە موعاوەنەتی موشفیقەی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز کردوە، مەعەل ئەسەف تا ئەمڕۆ نائیلی ئامالیان نەبون گەرچی لەم خصوصەوە گەلێ مەواعیدیشیان دراو، بە عیصبەتول ئومەمەیش ئەم مەواعیدانە تەئیید کرا لاکین تا ئەمڕۆ هیچیان بۆ تەطبیق نەکرا.

مەعلەمی فەخامەتتانە ئەوەڵ موعاهەدەی حکومەتی عیراق و ئینگلیز لە تاریخی ١٠ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٢دا تەصدیق کراوەو لەپاش ٧٤ ڕۆژ لە تاریخی ٢٤ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٢ بۆ تەشکیلی حکومەتی کوردیە لە بەینی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا و عیراقدا ئەم بەیانە نەشرو ئیعلان کرا بو. مادامکە ئەصڵ عیصبەتول ئومەم ئینتیدابی عیراقی داوە بە ئینگلیزو لە قەراری ئەم ئینتیدابەدا کوتویەتی هەچ وەقتیک عیراق صالح بێ ئیستیقلالی ئەدریتێ لەهەمان کاتیشدا پیویستە حکومەتیکیش بۆ کوردەکان تەشکیل بکرێ. حقوقەن وا لازم بو کە لە پیش تەنظیمی موعاهەدەی تازەی ئینگلیزو عیراقدا، کە تەئییدی قەراری عیصبەتول ئومەم و ئیستیقلالی حکومەتی عیراق ئەکات، حکومەتیکیش بۆ کورد بە صەراحەت بخرایە مەتنی ئەم موعاهەدە تازەیەوە. لەمەشدا ضەربە لە حکومەتی کوردەکان درا.

لای فەخامەتتان مەعلومە کە حکومەتی عیراق کوردەکانی بە قوەتی تۆپ و تفەنگ ئیستیلا نەکردوە لە عەقەبی موتارەکەدا کوردەکان بەو شەرطە خۆیان خستە حەلقەی رابیطەی ئینگلیز کە حکومەتیکی کوردیەی موستەقیلمان بۆ تەشکیل بکرێ و، لەسەر ئەمە ئیتیفاق واقیع بوە کەوا لازمە چۆن عەرەبەکان لە قەراری

عیصبەتول ئومەم موستەفید كراون كوردەكانیش موستەفید بكرین كە طەلەبی هەمو كوردەكان: تەشكیلی حكومەتیكی كوردیە لەژێر ئینتیدابی حكومەتی فەخیمەدا)).

رەئیسەل وزەرا: ((من لەو بەیاناتە زیاتر كە لە پیشا بۆم خویندنەوە صەلاحییەتم نیە بە صورەتی رەسمیی گفتوگۆیەك بكەم. وا فەخامەتی مەندوب قسەتان لەگەڵا ئەكات)).

لەسەر ئەمە فەخامەتی مەندوبی سامی هەلساو ئەم بەیانەیدا:

((لە خوطبەی رەمزی ئەفەندیدا دو نوقطەی موهیم هەیە: ١-بەیانی ١٩٢٢و، ٢-موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم. بەیانی ١٩٢٢ هەروەك رەئیس وزەرا وتی وەختی خۆی لەلایەن حكومەتی بەریطانیا جواب دراوەتەوە، لەم كاتەدا حەظ ناكەم لەسەر ئەم مەوضوعە موناقەشە بكەم. دوەم، موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم. بەلای منەوە تەوصیاتی عیصبەتول ئومەم تەطبیق كراوەو من موتەئەسیفم ئەگەر ئەم تەوصیاتە شكینرابێ، فەقەط تەقدیری تەنفیذو عەدەم تەنفیذی ئەم موقەرەراتە بە دەست عیصبەتول ئومەم خۆیەتی. حكومەتی بەریطانیاو عیراق هەردولا هەوڵ ئەدەن بۆ تەنفیذی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم. عیصبەتول ئومەم ئەگەر بینی موقەرەراتەكەی تەطبیق نەكراوە موداخەلە ئەكات)). وە گوتی: ((بەعضێ كەس موراجەعەتیان كردوە بە عیصبەتول ئومەمو جوابیان وەرگرتۆتەوە كە بە تەوەسوطی حكومەتی مونتەدەبەوە ئەبێ موراجەعەت بكرێو ئیستاكە عەینی موراجەعەت بە من كراوە. من لەم خصوصەوە موفەصەلەن لەگەڵ حكومەتی عیراقدا موذاكەرە ئەكەم. لەم قسانە كەس وا تێ نەگات كە مەقصەدی من مانیع هینانە پیشەوە بۆ موراجەعاتی خەلقی. هەمو كەس سەربەستە لە موراجەعەت كردن. فەقەط لازمە مەطالیبو تەصریح بە تەفصیل بەیان بكرێ. تەشكیلی حكومەتیك لیرەدا موشكیلە... ئایا قابیلە كوردستان ئەم حكومەتە بتوانێ رابگرێ؟ ئەمەوێ بزانم رەمزی ئەفەندی تەمثیلی سائیری كوردستان ئەكات یا هەر سلیمانی؟)).

رەمزی ئەفەندی: ((مەضبەطەی هەولیر مەعلومتانە. ذاتەن لەوێ بە خۆشتانیان وتوە كە رەئیمان لەگەڵ خەلقی سلیمانیە. قیسمیك لە عەشائیری كەركوك وا لەم مەجلیسەدا حاضرن. ئەوانیش هەر لەگەڵ ئیمەدانو مەضبەطەی عمومی عەشائیری كەركوك تەقدیم ئەكەمو مومەثیلی هەولیریش لیرەدا حاضرە)).

مەندوب: ((چوینە هەولیرو کەرکوك. لەویش مومەثیلی کوردان کۆبونەوە عەینی موناقەشە کرا. فەقەط کەس ئیظهاری جیابونەوەی نەرکرد تەنیا سلیمانی طەلەبی ئیفتیراق ئەکات)).

رەمزی ئەفەندی جوابەکەی سەرەوەی تیکرا کردەوەو، وتی: ((ئەم دو لیوایە لەژیر تەضییق و تەئثیرا بون لەبەر ئەوە حسیاتی حەقیقیەی خۆیان ئیظهار نەکردوە ئەمر بفەرمو بینە ئیرە ئەوسا مەعلومتان ئەبێ کە ئەمە تەئکید ئەکەنەوەو، کوردستان هەموی لە هەمان فیکر دایەو یەك هەدەف تەعقیب ئەکات کە سەربەخۆیی کوردستانە)).

مەندوبی سامی: ((کەوا بو لازمە هەمو لایەك مەطالیبی خۆیان بە صەراحەت و بە تەفصیل بۆ عیصبەتول ئومەم بەیان بکەن.کوردەکان چ جۆرە حکومەتیکیان ئەوێ، مەلەکی یا جمهوری؟ پارلەمان، رەئیسی وزەراو مەجلیسی وزەرایان ئەبێ یا نە؟ ئایا فیکریان بەرامبەر بە مەلیك فەیصەل کۆریوە یان نە؟ ئایا ئەیانەوێ هەرجۆرە... حکومەتی و گومرگ و مەکوس، ئیشغالی عامە، پۆلیس، صیحەو عەسکەریان ببیت؟ ئایا موناسەبات و عەلائیقی حکومەتەکە وا تەشکیل ئەکریت چی ئەبێ لەگەڵ بەریطانیا؟)).

رەمزی ئەفەندی، خیگاب بە مەندوبی سامی گوتی: ((فەخامەتتان فەرموتان کە بەیانی ۱۹۲۲ رابوردو کۆنە. حەق کۆن ئەبێ نامرێ. ئەم بەیانە کافیلی حقوقی موقەددەسەی ئیستیقلالی قەومیکە طەلەبی تەطبیقی ئەکەین)). بەسە. بەسە. بەسە!

حەمە ئاغا: ((ئیمە کوردین و، کوردستان عیبارەت نیە هەر لە سلیمانی. لە زاخۆوە هەتا خانەقین کوردەواریتیەو، نایانەوێ لەگەڵ عیراقدا بژین و، حکومەتیکی موستەقیللەی کوردیمان ئەوێ لەژیر ئینتیدابدا. ئەگەر ئینگلیزیش ناماندا تێ موراجەعەت بە عیصبەتول ئومەم ئەکەین)).

خیطاب بە رەئیس وزەرا: فەخامەتتان زۆر چاك ئەیزانن کە حیسسیاتی میللیە بە نەوعیك چۆتە میشکی عونصوری عەرەب و کوردەوە کە هیچ هیزیك نیە مەحوی بکاتەوە، بینائەن عەلەیهی ئیمکانی ژیانیکی موتەحید نیە لە نیوان عەرەب و کوردا و هیچیان ئیستیفادە لە یەکتر ناکەن. بۆ هەردولا وا چاکە کوردستانیك لەژیر ئینتیدابێ عیصبەتول ئومەم چونکە ئەمە ئینتیدابە بە نەوعێ عەرەبەکان ئیستیفادەیان لی کرد کە لە ماوەی ۰ ساڵدا ئەوەتا ئیستیغنا لە حکومەتی ئینگلتەرە ئەکەن)).

خیطاب بە مەندوبی سامی: ((ئەم دەنگی کوردایەتیە تەنها، وەکو جەنابتان ئەفەرمون، مەخصوصی دۆلی سلیمانی نیە. هەولیرو کەرکوك لەژیر تەضییقی

مـەئمورینی عـەرەب دان. ئەگـەر بـانگ بکرینـە ئـیرە مـەعلوم ئـەبێ کـە هــەمو غایــە یەکیکە)).

رەئیس وزەرا: ((تەشەکوری بەیانەکەتان ئەکەم. زۆر مەسرورم کە لە قیطعەیەکی عیراقدا ئەهالی لەسەر غایەیەکی وا ئیتیحادی کردوە. لە خصوصـی بـەیانی ١٩٢٢ەوە ئەمەوێ بە صورەتـی خصوصیـەوە قسە بکەم، چونکە ئـەوی صەلاحیـەتدار بم بلیـم عیبارەتـە لـەو بەبانـەی کە لـە پیشـەوە عـەرضم کـردن. وەکـو رەمـزی ئەفـەندی ئـەلی موعاهەدەی عیراق و ئینگلیز هەرچەندە لـە ١٩٢٢دا عـەقد کراوە فەقـەط لـە ١٩٢٤دا لـە طـەرەف مەجلیسـی تەئسیسـیەوە تـەصدیق و حـەقی قـانونیی کەسـب کـردوەو لــەو مەجلیســەدا مومــەثیلینی کوردیــش هــەبو. زۆر چــاك لەبیرتانــە لــەژیر ریاســەتی و ئەمارەتی شیخ مەحمودا ئیدارەیەکتان بۆ دامەزرا بو، لە پاشا ئەهالی کەوتە تەظەلوم و شکایەت لە شیخ مەحمود کە ئیستاش دلن پیتان ئەسوتێ کە حکومـەتی مـەجبور بو بە ناردنی ئۆردو. لەپاش ٣ سالْ حەرەکاتی عەسکەرییە ئەوسا وەضعییـەتی بۆ چاك کرا. ئەم بەیاناتەم بە صورەتی خصوصییە بۆ تەنویری ئیوەیە)).

شیخ قادر: ((شیخ مەحمود فەردیکی ئەم میللەتەیە. میللـەتی کورد ئەبـەن عـەن جـەد حورمـەتی شـیخ مـەحمودو ساداتیان گرتـوە. ظولمـی شـیخ مـەحمود بەقـەدەر ظولمـی عـیراق تـەئثیری نەکردۆتـە سـەر ئیمـە. رەئیـس وزەرا گوریـز ئـەکات. ئیمـە میللـەتیکی سـەربەخۆین لـەژیر ئینتیـدابدا حکومــەتیکی کوردیمــان ئــەوێ وەگــەر ناژین)).

رەمزی: ((ئـەم حەقـە بـە میللـەتی کـورد دراوە. ئەگـەر شـیخ مـەحمود خـەطای کردبێ دیسانەوە میللـەت قەباحـەتی نیـە. مـەعلومی فەخامەتتانـە خـەطای کەسـیك حقوقی میللـەتیکی وا مـەحو ناکاتــەوە. شـیخ مـەحمود لەلایـەن دوژمنـانی کـوردەوە ئیغفال کرا بو. مەسئەلەی شیخ مەحمود تـەئثیری نـەبو بـۆ ئیمحـای میللـەتمان. بـەلاّم ئیوە ئەتانەوێ بە کەرەتیك بمانکەن بە عەرەب)).

عیززەت بەگ: ((میللـەتی کورد تەنها عیبارەت نیـە لـە سلیمانی. لـە زاخـۆوە تـا خانـەقین هـەمو داوای ئـەم حەقە ئـەکات و هیـچ کوردیـك کـەرەتیکی تـر لەگـەلْ عیراقـا نـاژی. بـۆ ئیحقـاقی حـەقمان موراجەعـەت بـە حکومـەتی مونتەدەبـە ئەکـەین. ئەگـەر ئـەویش نەیپرسـی، شـکایەت ئەبەینـە بـەر عیصبـەتول ئومـەم. کـورد حکومــەتیکی موسـتەقیللەی ئـەوێ لـەژیر ئینتیدابـدا. بەهــەمو هیزمانـەوە بـۆ ئـەم غایەیـە سـەعی ئەکەین، ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەلەم و موراجەعاتە)).

رەئیـس وزەرا: ((لام وایـە عونصـوری کـورد لی عـیراقدا لـە عونصـوری عـەرەب مەحتـەرەمترو مورەفـەهترە. هـەرچی مەشـەققەتو ئەذییەتـە بەسـەر عەرەبەکانەوەیـە. حقوقی کورد مەحفوظە، یەکێ بلی مەئموریکی عەرەب ظولمی لە کورد کردبێ؟)).

مەجید ئەفەندی حاجی رەسول ئاغا: ((بەلی کورد دائیمـەن مـەعروضی ظولمی عەرەبەکان بوە. پار کە لە بەینی عەرەبەکانی فەلەستینو سـەهیۆنیەکاندا شـەر بـو عـەرەبی عیراق بە یـەکجار کەوتنـە تەعزییـەوە. ئەنواعی موراجەعاتو موظاهـەراتیان کرد، کەچی ئیستا هاوخوینو براکانمان لە کوردستانی شیمالی لەلایەن تورکەوە سەر ئەبررین، غەزەتەکانی بەغدا بە ئاشکرا تەقدیری تورکەکان ئەکاتو بەیانی شادمانی دەرئەکاو، بە تۆپو تفەنگو مەترەلۆز تـەهدیدی ئیمە ئەکات کە ئەلی لەگەڵ تورکا ئەتان پلیشینینەوەو عەرەب هیچی لە تورك کەمتر نیە. عەلاوەی ئەمەش، لە رۆژی تەشـەکولی حکومـەتی عیراقەوە هـەتاکو ئیستا موتەعەدید موعـەللیمتان لـە ئـەوروپا، ئینگلتەرە، سوریەو جیگاکانی ترەوە تـەرتیب کـردوەو، هەمو سالیك کۆمەلیکی زۆر قوتابی عـەرەب کـە بـە ئیسـتیعدادو زیرەکـی لـە کوردەکـان دونـترن داخلـی بەعثـەی عیلمییان ئەکەن کەچی قوتابیە کوردەکان لەسەر مەصرەفی خۆیان ئەچن بۆ بەغدادو غوربـەت ئەکیشن بۆ ئـەوەی داخلی بەعثـە بکریـن. بـەخۆرایی نومرەیـان ئەشـکینن‌و دوایان ئەخەن. ئەمساڵ ٥٠ قوتابی کورد کە دائیمـەن لەپیش عەرەبەکانـەوە بـون هـەر لەبەر ئەم سەبەبە دوایان خستن)).

رەئیس وزەرا: ((بۆچی ئیوە نـازانن کـە غەزەتـەکانی بـەغداد بـەیانیو ئیـوارێ چەند جنیو بە حکومەتی عیراق ئەدەنو چۆنمان تەنقید ئەکەن. کێ ئـەلی غەزەتـەکان بە تەشویقی حکومـەت عەلەیـهی کـوردن؟ بۆچـی مـەعلوم نیـو غەزەتـە چـۆنو بـە چ واسیطەیەکەوە شت ئەنوسێ؟ قوتابی وەرەقەی ئیمتیحانیان مەوجودەو کەس ناتوان' خیلافی ئەوە بکات. لام وایە قوتابیەك بێ ئیستیحقاق تەرفیع بکات نە بۆ خۆیو نە بۆ وموجتەمەعی موجیبی ئیستیفادە نابێ)).

مـەجید ئەفـەندی: ((بـەلی غەزەتـەکانی بـەغداد کـە لـە عەلەیـهی حکومـەت مەقالەیـەکیان نوسـی گـورج دای ئەخـەن، بـەلاّم کـە تـەهدیدی کوردەکـان بکـاتو لـە عەلەیهی ئیمە بنوسن تەشویقیان ئەکەنو پارەیان ئەدەنێ)).

حەمـە ئاغـا: ((هـەمو ئـەیزانین کـە فەخامـەتی رەئیـس وزەرا شـەخصیکی نیشتیمانپەروەرەو بۆ غایەی وەطەنییە زۆر سەعیی کردوە، بینائەن عەلەیهی، ئەبێ

تەقديرى ئيمەش بكات و حەقمان بداتێ بۆ حەقيكى مەشروعى وەطەنى و ميللى خۆمان تى ئەكوشين)).

رەئيس وزەرا: ((بەلى هەمو نوعە حيسسياتيكى وەطەنييە بە ئيحتيرامەوە قوبوڵ ئەكەم فەقەط لەم مەسائيلانەدا ئيمە لازمە مەنطيقى و عەمەلى تێ فكرين عەجەبا كوردستان وەكو ئەلين لە خانەقينەوە هەتا زاخۆ جيا بيتەوە بەبێ عيراق ئەژى؟ واريداتى كيفايەت ئەكات؟ بەرامبەر بە دراوسيكانى حدودى پێ موحافەظە ئەكرێ و، خاصەتەن لە نوقطەى تيجارەتەوە لە عيراق زياتر بەندەريكى هەيە؟ بۆ ئومورى نافيعەى كوردستان هەتاكو ئيستا عيراق بە لەكها روپيەى صەرف كردوە)).

رەمزى ئەفەندى: ((يەك دەفعە عەرضمان كردن كوردو عەرەب قابيل نيە پيكەوە بژين. ئيمە ئاريين و ئەوان ساميين، ئيمە شاخيين و ئەوان دەشتەكيين، حەتتا خاكى كوردستان بەرين بۆ عەرەبستان و هى عەرەبستان بهينين بۆ كوردستان هەردوكيان هيزى ئينباتييەيان ون ئەكەن)).

رەئيس وزەرا: ((ئەى توتنەكەتان بۆ كوێ ئەبەن؟)).

رەمزى ئەفەندى: ((ئەيبەين بۆ ئەوروپا. غەيرى ئيمەش مەجبورن توتنى ئيمە بكرن چونكە لەمە هەرزانترتان دەست ناكەوێ و، لە ئيمەش زياتر لە بازرگانى‌دا لەم توتنە ئيستيفادە ئەكەن)).

رەئيس وزەرا: ((نە نايبەن بۆ ئەوروپا هەموى لە عيراقا صەرف ئەكرێ. كوردەكان ئەلحەمدوليلا بازرگانى زۆر وريايان تيايەو زۆر چاگ تەقديرى ئەكەن كە كوردستان بێ عيراق ناژى))).

رەمزى ئەفەندى: ((لە بيدايەتى حەربى عومومى‌دا كە ريگاو بەندەرەكانى عيراق گيرا بو كە بەغداديش ئيستيلا كرا ئيمە لەگەڵ شيمال و شەرق و غەرەبدا مونتەظەمەن تيجارەتمان ئەكرد. ثەروەتى عوموميەو وەضعى ئيقتيصاديەمان لە ئەمرۆ گەلى باشتر بو. جەعفەر پاشا ئەفەرموێ كە بە لەك پارەمان بۆ ئومورى نافيعەى كوردستان صەرف كردوە. ئەو ئومورى نافيعەيەى ئەوان ئەلين قەلاو ئيستحكاماتە بۆ موحافەظەى جەيشەكەى خۆتان لەباتى ئەمە مەكتەبتان بۆ بينا بكردينايە. ئەگەر حكومەتى كورديە تەشكول بكات هيچ لزومان پێى نابێ و ئيستيغناى لى ئەكەين)).

رەئيس وزەرا، بە تەئەثورو هەيەجانەوە، : ((براكانم بزانن كە لەم دەمارەدا خوينى كورديشم تيايە وەلاكين من عارەبم. بۆ كەلكى ئيوە قسە ئەكەم. بە حيسسيات حەرەكەت مەكەن. مەبن بە ئالەت بە دەست خەلكەوە. بەزەييتان بە ميللەتەكەدا بيتەوەو توشى نارەحەتييان مەكەن. ئەوا لە سەرەوە كوردەكان پارچە پارچە ئەكەن و

سەریان ئەبرن. لە دنیاوە ئاشکرایە کە کورد میللەتیکی دیندارە. لە بیرتان نەچێ کە دینتان عەرەبییە. قورئان عەرەبییە. محەممەد عەرەبە. وە فەیصەل کوری محەممەدە. براکانم تکاتان لێ ئەکەم فاجیعەی کەربەلا دوبارە مەکەنەوە)).

ششیخ قادر: ((جەعفەر پاشا بە بەیان کردنی فاجیعەی کەربەلا هەرەشەمان لێ ئەکات. ئەبێ بزانێ ئەگەر ئینگلیز لە بینا نەبێ عەرەب ناتوان' بیتە خاکمانەوە)).

جەعفەر پاشا: ((رجا ئەکەم سوئی تەفاهوم پەیدا نەبێ. مەبەستم هەرەشە نیە.

رەمزی ئەفەندی زۆر جار داوای قسەکردنی کرد. مەیدانی نەدرا. نیهایەت بە حیدەتەوە هاتە پیشەوە گوتی: ((پاشا! دین، ئیمان، مەفکورەی میللی، حکومەتیکی میللی کوردی ئەوێ. جەماعەت وانیە!)).

خەمو بە جاریك: ((بەلی وایە!)).

رەمزی ئەفەندی دەوامی کرد: ((پاشا! ئەم قسانەت ناچیتە جەوالی کوردەوە. ئەمە هەموی ئیغفالاتەو بیخەرەوە جەوالەکەی خۆتەوەو دەرگای ببەستەرەوە)).

جەعفەر پاشا: ((قسەکەت وەرگرەوە. تۆ پیاویکی دنیادیدەیت لە کۆبونەوەیەکی وادا نابێ قسەی ناشیرین بکرێ)).

رەمزی ئەفەندی: ((تۆ قسەم نادەیتێ. لە سوئالەکانم گوریز ئەکەی. بەلی تەسلیم بوم)).

میرزا تۆفیق: ((ئیستاکە دیانەت بابەتی باس کردن نیە. مەسەلە میللەتەو دامەزراندنی حکومەتیکی کوردیە. ئەگەر بە دین بێ ئەبێ ئیرانیش واز لە میللەتی خۆی بهینێ و داخلی حکومەتی عیراق ببێ. داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم باسەکە مەگۆرە!)).

جەعفەر پاشا: ((قیاس مەعەل فاریق کردن زۆر بێ مەنطیقیە.ئیرانیەکان دو هەزار ساڵ زیاترە کە دامەزراوە)).

میرزا تۆفیق: ((ئەگەر لەبەر دین لازمە ئیمە تابیعی ئیوە بین لە هەمو عالەم ئاشکرایە کە کورد زۆر دیندارە. بینائەن عەلەیهی، پیویستە عەرەب لەژیر ئیدارەی ئیمەدا بێ)).

رەمزی ئەفەندی: ((یەکەم قسەم هەیە. خەلافەتی عەبباسییە لە کۆتایی سەلتەنەتیدا دەستی کرد بە بەکارهینانی کاربەدەستانی تورك، فارس و کورد. ئەمە بو بە یەکتا سەبەبی ئیضمحلالیان. حەز ئەکەم حکومەتی عیراق ئەم تاقی کردنەوەیە دوبارە نەکاتەوەو کاربەدەستانی کورد لەناو خۆیانا بەکار نەهینیت، چونکە ئەبێ بە

سەبەبی ئینحیطاطی. هەروەها بەکارهینانی کاربەدەستی عەرەبیش لە کوردستانا ئەبێ بە هۆی لەناو چونی بو نەوەی کوردەکان)).

رەئیس وزەرا: ((سوپاسی پەندو ئامۆژگاریەکانت ئەکەم کە لە پیش رودانی ئاگادارتان کردین)).

لە پاش ئەوە رەئیس وزەرا کە بینی باس کردن لەم باسەوە سودیك نابەخشێ و، میللەت یەك ئاواز بۆ داواکارییەکانی خۆی دوپات ئەکاتەوە. پیویست نەبینرا بە دریژ کردنەوەی باس و کۆبونەوەکە بەتاڵ بوەوە.

لە ناوەراستی کۆبونەوەکەدا سالار مستەفا جەعفەر سولتان هەلساو بە ناوی سادات، عولەما، شیخان و بە ناوی ئەو هۆزانەی سنور کە لە ناو عیراق دان تەئییدی داواکارانی کوردی کرد بۆ تەشکیلی حکومەتیکی کوردی و لە هەمان بابەتەوە مەضبەطەیەکی مۆرکراوی پیشکەش بە نوینەر کرد. لە کۆتایی کۆبونەوەکەشەوە لەلایەن فەتاح ئاغای حەمە رەضای سەرۆکی هەمەوەندەوە کە لە شاری کەرکوك دائەنیشن لە هەمان مەئال مەضبەطەیەکی تۆی پیشکەش بە مەندوبی سامی کرد. هۆزی جاف کە ئیستاکە سەر بە کەرکوکن لەم کۆبونەوەیەدا لەلایەن جەنابی کەریم بەگی فەتاح بەگەوە تەمثیل کرا بون.[٥٣]

{} بەیاناتی فەخامەتی رەئیس وزەرا لە سلیمانی لە وەقتی ئیجتیماعەکە خوینرایەوە

((موشەررەف ئەبم بەیانی ئیضاح کردنی ئەو سیاسەتی خۆشەویستییە کە حکومەتی عیراق خەریکە ئیتیباعی بکات بە نەظەر ئەو وەعدانەی کە بە کوردەکانی هاووڵاتمان و براکاتمان دراوە. ئەو کوردانە کە عضویکی موهیمن لە جیسمی مەملەکەتی عیراقدا. ئاگاداری ئەو تەلغوراف ئیستیدعایانە بوم کە لەلایەن هەندێ ئەشخاص بە ئیحتیجاج لەبەر ناو نەبردنی مەسئەلەی کورد لە ناو موعاهەدەکەی ئاخریدا تەقدیم کرا بو. بە صەرفی نەظەر لە بەحث کردن لەو ئەسباب و عەوامیلە کە سەبەبییەتیدا بە تەقدیم کردنی ئەو ئیحتیجاجاتانە من بۆتان تەصریح دەکەم کە حکومەتی عیراق بە صورەتیکی ئەکیدە قەراری داوە کە بە نەظەری ئیعتیبار تەماشای ئەو وەعدانە بکات کە بۆ تەئمینی ئارەزوی برا کوردەکان دابوی لەوەش نەك تەنها هەتا سالی ١٩٣٢ مەرعیەل ئیجرا ئەبێ بەڵام هەتا ما بەعدب ئەو تاریخەش

---

[٥٣] ژیان، ژ٢٥٨، ١٩٣٠/٨/٢٨

دەوام دەکات. هەروەکو حکومەتی صاحیب ئەلجەلالە ملک فیصل بە تەواوی وە بە هەمو مەعناوە حەریصە بۆ لزومی موحافەظەی و تەطبیق کردنی ئەم پرۆگرامە کەوا لەسەرەوە بەیان کراوە لە عەینی زەمانا بە هەمو شیددەتیك بۆ مەحو کردنی هەمو جۆرە تەعرەیەکی کە ببیتە سەبەبی تەفرەقەو ئیخلالی وەحدەتی وەطەنییەی عیراق، یاخود ببیتە سەبەبی ئیخلال کردنی حقوقی دراوسیتی لەگەڵ هەردو حکومەتی دۆستمان: ئیران و تورك. دیسان حکومەتی عیراق بە پیویستی ئەزانێ تەقدیم کردنیی ئەبنای وەطەنی عیراق لەناو دائیرەی یەکیتی عیراقدا بەبێ تەفریق لە مابەینی کوردو عەرەبا مەمنون و مەسرور ئەبێ، هەر بەم رۆحەوە لە هەمو هەنگاویکا چۆتە پیشەوە لەم خصوصەوە ئیستیعدادی نیشان داوە.

هەروەکو لاتان مەعلومە ئیمە کە ئەوسا مەسئولیەتی ئیدارەمان هاویشتە سەر شانی خۆمان بەیاننامەیەکمان نەشر کرد بو، لەو بەیاننامەدا گوتمان کە ئیمە حازرین بۆ دانانی لائیحەیەکی قانونی بۆ زبانی کوردی لەو جیگایەنەدا کە ئەکثەرییەنی ئەهالیەکەی کوردن وە ئەو لائیحەیەشمان بالفعل تەواو کردوە.. لە اجتماعی اولی پەرلەمانا بە هەمە حاڵ تەقدیمی مەجلیسی ئەکەین وە هەتا ئەمەش ئەکرێ ئەمرمان داوە بۆ دائیرەی مختصە کە بە موافیقی رۆحی ئەو ئوصولی لە لائیحەکەدا دانراوە حەرەکەت بکا لە خوصوص موعامەلاتی عەدلییەو، ئیدارەی مەعاریفەوە. غەیری ئەمەش وا حکومەت موفەتیشیکی مەعاریفی تەعیین کردوەو دائیرەی تەرجومەیەکی کوردی دامەزراند کە ئیشی ئەم دائیرەیە هەر تەنها موعەمەلاتی کوردەوارییە، وە موعاونیکی کە مودیری ئیدارەی داخلیەی عامەی تەعیین کردوە کە خەبەرداره لە ئوموری ئەلویەی کوردیە، وە موفەتیشیکی مەعاریف تەعیین کراوە بە صورەتی عام مەداریسی لیوای سلیمانی و مەداریسی کوردییەی لیوای هەولیرو کەرکوك تەفتیش بکاو حکومەت تەدابیری لازمەی ئیتیخاذ کردوە بۆ ئیحضاری قۆمیسەرو ظابیطان و مسجل پۆلیس کە ئاشنای زبانی کوردی بن بۆ ئیستیخدام کردن لە مەناطیقی کوردیە.

من نامەوێ ئەم بەیاناتەم تەواو بکەم بەبێ تەقدیم کردنی تەشکوراتم بۆ جەنابی وەکیلی مەندوبی سامی کە لەم سەفەرەمدا مورافەقەتی کردین و ئومید وایە کە موشار ئیلەیهی ئیستا بۆتان سیاسەتی حکومەتی بەریطانیا لەم خصوصەوە بەیان ئەکات و بە تەواوی ئاگاداری حەقیقەتی حاڵ ئەبن وە قسەی بەعضێ ئەشخاصی صاحیب غەرەض کە چاویان لە تەقدیر کردنی رەفاهی حەقیقی کوردانە وە رەعییەتی صاحیبی جەلالەت مەلیك فەیصەلی موعەظەم و تەبەعەی دەولەتی عیراق کویر بوە وە قسەیان ئیغفال نەبن.

بەم موناسەبەتەوە جەنابی وەکیلی فەخامەتمەئاب موعتەمیدی سامی بۆ قسە کردن دەعوەت دەکەم بزانن ئیمە هەردولا بە تەواوی لەسەر تەعقیب کردنی ئەم پرۆگرامە موتەفیقین. ئیستا بۆتان بەیان ئەکات)).[٥٤]

{} بەیاناتی فەخامەتی وەکیلی مەندوبی سامی

بینا لەسەر طەلەبی حکومەتی عیراق، لەگەڵ فەخامەتی وەکیلی رەئیسە وزەرا هاتوم، بۆ ئەوەی کە هەر کەسیك لە مەوضوعیكدا شكو شوبهەیەکی هەیە بە تەواوی بۆی ئاشکرا بکەم، کە قەت شتیکی وا نیە لە هیچ نوقطەیەکی عیراق، کە بلین حکومەتی عیراق یان حکومەتی بەریطانیا هەر یەکە بۆ خۆی تەعقیبی سیاسەتیك بکا. تازە ئەوا موعاهەدەیەك ئیمزا کراوە کە ئەم دو مەملەکەتە بۆ ٢٥ سالی تر لەگەڵ یەکتری بە تەحالوفیکی صەمیمی رەبط دەکات. ئەمە بە تەنها ئەبێ کافی بیت بۆ ئەوەی دەلالەت بکات کە لە بەینی ئەمانە هیچ مەسئەلەیەکی موهیمو ریك نەکراو نەماوە. ئەبینم قیسمیکتان ئیحتیجاجی حکومەتی بەریطانیا و عیصبەتول ئومەم ئەکەن بۆ ئەوە کە لە موعاهەدەی تازە باسی کوردستان نەبوە.

وەکو فەخاکەتی وەکیلی رەئیس وزەرا ئیضاحیان فەرمو ئەسبابی ئەوە عیبارەت لەمە بو: کە هەردو حکومەت، هیچ لزومی ئەوەیان نەکرد. چونکە حکومەتی عیراق قەراری داوە کە بۆ حالی حازرو موستەقبەل تەطبیقی ئەو سیاسەتە ئەکات، کە تازە فەخامەتی وەکیلی رەئیس وزەرا بەیانی فەرمو. بە زەریفی تێ دەگەن کە حکومەتی عیراق بە صیفەتیکی منەوەر بە تەواوی ئەوەی تەقدیر دەکات کە هەتاکو چ حەدیك خۆی موجب بینی، ئیعتیراف بکات کە لە قسمیکی موهیمی عیراقدا زمانی کوردی، نەك هی عەرەبی، زمانی دایکوبابە. هیچ شتیکی وەها نیە کە بلی مندالیکی کورد ئیجبار بکریت کە تەحصیلی ئیبتدائی خۆی بە زمانی تر نەك هی باوكو دایکی بخوینیت، یان بلی کوردیك ئیجبار بکریت لە مەحکەمەدا خۆی بە زمانیکی تر دیفاع بکات، یان گوێ لە مەسئەلەیەیکی خۆی بگرێ بە زمانیکی کە تێی نەکات مەحاکەمە دەکریت. هەروەها تەعیینی مەئمورانی کە کوردی ئەزانن لەناو فروعی مەرکەزی ئیدارە دەلالەت لەوە دەکات کە حکومەتی عیراق رازیە کە لە بەینی کوردو عەرەبو رەعیەتی جەلالەتی مەلیك فەیصەل هیچ نەوعە جیاوازییەك نەکات.

---

[٥٤] ژیان، ژ٢٥٨، ١٩٣٠/٨/٢٨

هـەتا ئـەو حـدودەی کـە عـائید بـە حکومـەتی بەریطانیایـە ئـەوان قـانیعن کـە حکومەتی عیراق بە تەواوی ریعایـەتی ئـەو وەعدانـە ئـەکات کـە عـائیدی کوردەکانـە وە بەناوی خۆی لە طەرەف حکومـەتی بـەریطانیا لـە عیصبـەتول ئومـەم دراوە وە غایـەی یەکەمینیان ئەوەیە کە تەئمینی تەئسیس دەولەتیکی عیراق بکات کە ئازادو سەربەخۆ بیت وە بە شوکرانەو حـەق شوناسـی مـەربوطیان وە لـە عیصبـەتول ئومـەم لـە گـەلیان عضویك بیت. هەرچی حەرەکەتیك لەگەڵ ئەم سیاسـەتە تـەوافوق نـەکات حکومـەت بـە باشـی سـەیری ناکات، وەکو جیابونـەوەی کوردان. سـەیر دەکـەم بەعضـێ جیـهاتی نامەسئول وای دەهینیتە پیشـەوە کـە تەشـجیع کردنـی حەرەکـەتی قەومییـەی کـوردی سیاسەتیکی قەطعیەی حکومەتی جەلالەتی مـەلیکی بەریطانیایـە ئەمـە نـەك تەنـها بـۆ عیراق بەلکو بۆ دراوسێو دۆستەکانی تری کـە حکومـەتی ئیرانو تورکیایـە موجیبـی ئیرتیباك دەبیت. هیچ شتیك نیە کە لەمـە زیـاتر لـە حەقیقـەت دور بیـت. هەرکـەس تەصەووری ئەوە ئەکات کە بە هـاتنی بـۆ لای فەخامـەتی مـەندوبی سـامی یـان بـۆ لای من بۆ سیاسەتیکی وەها تەشجیعی دەست ئەکەوێ خەطایەکی گەورە دەکات.

ئەوەی کە هەردو حکومەت: بەریطانیاو عیراق، حـەز ئەکـەن ببیـنن پیشـکەوتنی صولحپەروەرانـەی عـیراقی یـەکگرتوە، کـە لـەوێ هـەمو ئـەو عونصـورە موختەلیفانـەی ئـەهالیی تەشکیل دەکـەن، غـەرەضـی زۆر موهیمیـان ئـەوە بـێ کـە ببن بـە: عیراقییـەکی چاك)).[55]

{} گیروگرفتی کورد لە عیراقدا

دەربارەی راگەیاندنـە رەسمییەکـەی حکومـەت لەبابـەت روداوە کوردیەکانـەوە لـە ژورو.

روداوە کوردیەکان لە سەروی عیراقدا، بە تایبەتی لە سلیمانی، خەریکە ئەچیتە قۆناغیکی نویوە. هەندێ درکاندنو داوا کە لەو پەری خطورەتان، بڵاو کراونەتەوە، چ ئەوانـەی لەبـەردەم خـاوەن شـکۆی شـاهانە ئـەمیر غـازیدا خوینرایـەوە، چ ئەوانـەی بـە بروسکەو عەریزە نیردراون بۆ هەندێ جیگای رەسمیی لە بەغدادو لەندەنو جنیڤ.

ئەم جوڵانەوەیە دوای ئیمزاکردنی پەیمانی عیراقی بەریتانی چالاك بوەو هـەندێ رۆژامـەی ئیسـتیعماریی ئینگلـیزی ئاگرەکـەیان خۆشـتر کـردوە. ئـەوەی سـەیرە جوڵانـەوەی کورد لـە عیراقدا کەوتۆتـەوە چالاکیو تونـد بـوە لـە کـاتیکدا حکومـەتی

[55] ژیان، ژ٢٥٨، ١٩٣٠/٨/٢٨

توركی دووەمین شۆرشی کوردی لە ئارارات دامرکاندۆتەوەو، حکومەتی فارسی بە سەر شۆرشگێرانی کوردا زاڵ بووەو تەفروتونای کردون. لامان وایە حکومەتی عیراق هەستی کرد دوژمنانی وڵات خەریکی پیلانگێرانن، وەزارەتەکەی ئیستا بە راگەیاندنی مەرسومی زمانی کوردی دەستی پێکرد، وای زانی ئەم تەگبیرە ریگە تەخت ئەکا بۆ سەرکوتکردنی ئەو بیروبۆچونانەی لە میشکی داواکارانی موختارییەتی کوردی دایە.

ئەگەر هەلومەرجی نائاسایی ناچاری کردبین ماددەکانی ١٠٩و ١١٠ بخەینە قانونی ئەساسییەوە کە ریگە بە هەندێ رەگەز ئەدا زمانەکەی بەکار بهینێ، نابێ ئەمە وا بگەیەنێ کە رێ ئەدەین بە دەستی بەدی بیگانە یەکیتی عیراق هەلبوەشینێ و نیشتمانی خۆشەویست پارچە بکا.

پیش ئەمرۆ رونمان کردەوە ئەوەی کورد لە عیراق کەلکی لێ وەر ئەگرێ، هی عەرەب لەوە باشتر نیەو ئاسودەییان بەستراوە بە مانەوەی حالەتی ئیستایانەوە. ئەگەر لەم نیعمەتە بێ بەش کران و توشی نەگبەتیی جیابونەوە یان سەربەخۆیی بون، نەمان ئەبێ بە نسیبیان وەکو ئەوەی بە دوای مردنی خۆیدا ئەگەرێ بە گوللەیەك، چونکە نە تورکیا لەلای ژوروی و نە ئیران لەلای رۆژهەلاتیەوە ریگە بە دامەزراندنی ئەم کورەیە ئەدا کە پریشکی شۆرش و پشیوی ئەهاویژێ. لە راستیدا ئەگەر ریماندا کورد ئەوەی پێی ئەلین (موختارییەت یان سەربەخۆیی ئیداری)یان بدریتێ، بەوە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ هەردو دراوسیمان تورکیا و ئیران ئەدرینین. لە دوای ئەوەی حکومەت بە رونی سیاسەتی خۆی بەو بەیانە راگەیاند کە فەخامەتی وەکیلی سەرۆکی وەزیران لە لیواکانی ژورو خویندیەوەو دوای ئەوەی خەلگ گوییان لەو بەیانە بو کە نوینەری حکومەتی بریتانی خویندیەوە کە وازهینانی حکومەتەکەی لە سیاسەتی هاندانی نەتەوەی کورد راگەیاند، پیویستە ئیتر حکومەت ریگەی توندی بگرێ و بە زۆر سیاسەتەکەی خۆی دریژە پێ بدا.

هەروەها لەسەر حکومەت پیویستە وڵاتی کورد پاك بکاتەوە لە فەرمانبەرانی عیراقی یا بریتانی، کەوا لەمەوپیش ناسراون بە هاندانی راپەرین، لە ریگەی نەتەوەیی کوردەوە یان کارکردن بۆ حسابی بیگانە لەناو جەرگەی وڵاتەوە.[٥٦]

---

[٥٦] الجهادن ع٢٢٩، ١٩٣٠/٨/١٢

{} کوردو یەکیتی عیراق:

تـا ئیسـتاش بەسەرسـورمانەوە ئـەو هەوالآنـە وەرئـەگرین کـە لـە ناوچـەکانی ژوروەوە بەتایبەتی لە سلیمانی و هەولیرەوە دین و ئەلیت برا کوردەکانمان لەوێ کە داوای مافەکانیان ئەکەن لەبەردەم سەرای حکومەتدا لـە سـلیمانی خۆپیشـاندانیان کردوەو لەویش زیاتر ئەگیرنەوە کە موراجەعەتی دار الاعتماد لە بەغدادو کۆمەلەی گەلان ئەکەن.

لەم حالەتـەدا دلـی هـەمو عیراقییـەك، کە سور بـێ لەسـەر یـەکیتی و هەسـت بـە فرمانی خۆی بەرامبەر نیشتمان بکا، ژان ئـەکا. چونکە ئەم جۆرە جولآنەوانـە، ئەگـەر راست بێ بوبێ، لە سەرچاوەی موغریزەوە دائەکەوێ کە خیری عیراقیان ناوێ و، بە زۆریی لەوانەوە دێ کە تـەماع و مەبەسـتی تایبـەتییان هەیـەو زۆر دورە لـە بەتەنگـەوە هاتنی قازانجی کوردو پاشەرۆژو چارەنوسیان، چونکـە ئەگـەر ئیمـە لـەبارو دۆخـی کوردەکانی عیراق لەم سەردەمەدا ورد ببینـەوە ئـەبینین کەسایەتی رەگـەزیی خۆیـان هەیە، هیچ کاتیکی کەی ئەو زەمانەی بە حکومەتە دوابراوەکانـەوە بەسـترا بـون نـەیان بوە. ئەوەندە بەسـە بـۆ کورد کە ئـەمرۆ حالی خۆی بـە ئـەقلیکی پیگەیشتوو دلیکی هۆشـیارەوە، دور لـە عاتیفـە، ریـك بخـا، ئـەبیێ کەسـایەتی لـە کۆمـەلی عـیراقی و حکومەتەکەیدا ئشـکراو رونـەو هیچـی کـەم نیـە. بـە ئازادیـەکی بـێ سـنور ئـەژی و زمانەکـەی بـە رەسمـی دانـی پیـا نـراوەو، کـەلك لـە هـەمو ئـەو ئیمتیـازات و مافانــە وەرئەگرێ کە بۆ هـەمو عیراقییەکانە بێ جیاوازی عیراقی عەرەبی و تەعەرەبی. ئـەو پارەیە گەنجینەی دەولەت لە ئاوەدانی و پرۆژەکانی لیواکانی ژورودا سەرف ئەکا.

ئەگەر ئاورێ لە بەشداری کوردا لـە مەسئولیات و کاروباری حوکمدا بدەینـەوە ئەبینین ئەوانە ریچەلەکیان کوردە یا کوردەکانی ئیستا پایـەو وەزیفـەی دەولـەتیان بەدەستە لە هـەمو پلە جیاوازەکانی ناوەندی حکومـەت و سەرانسـەری عیراقدا هـەن. لەم سالآنەی دواییدا حکومەتی عیراق هەولی دا فەرمانبەرانی ناچە کوردیەکان کورد بن. گـەلی کـورد هـەن لـە سەرانسـەری عیراقدا پایـەو وەزیفـەیان بـە دەسـتە. میـژوی حوکمی نیشتمانی لە عیراقدا پرە لەو ضماناتەی لەم ولاتـەدا کەسایەتی و ژیانیك بۆ کورد تۆمار ئەکەن، کە لە هیچ جیگەیەکی تری رۆژهەلآتدا نایبینین. ئەوە کوردەکانی تورکیا بە دەس قەلاچۆ کردنەوە ئەنالینن و ژیانیـان وەکـو زەهـر لی تـالْ کـردون و ئـەوە کوردەکانی ئیران بەبێ بەرگری و توندو تیژی چاو لیك نانین.

سلامەتی ژیانو بەختیارییان بەستراوە بە رادەی توندی خۆبەستنەوەیانەوە بە یەکیتی عیراقەوە.

ئەوەی زۆر ئەمانترسینیّ دەربارەی پاشەرۆژی براکانمان ئەوەیە، ئەوان بەم جولاّنەوانە، کە لامان وایە کوردی عیراق بە گشتی ئیستینکاری ئەکەن. زولم لە خۆیان بکەن پشیوی بیان خواو، ببن بە خۆراکی مەبەستو ئارەزوی بیگانە وەکو بەسەر ئەرمەن هات، کە ئارەزوی جۆراوجۆر شروهوری کردن.

باوەرمان زۆرە کە پیاوە ژیرەکانی ناو برا کوردە عیراقییەکانمان، هەست بەو مەترسییانە ئەکەن کە لەسەریانە، پیش ئەوەی شەرەکەی بتەنیتەوە چارەی ئەکەنو، زۆر بەتوندی ئەوە ئەگرن کە شانی عیراق بەرز ئەکاتەوەو قەوارەی ولاّت بەهیز ئەکا.[57]

{} موفارەقەتی سەعادەتی
تۆفیق وەهبی بەگ بە تەواوی تەئثیری کردۆتە میللەتەکەمانەوە.

رۆیشتنی موتەصەرریفی غەیورمان سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ بۆ بەغدادو خەبەری ئینفیصالی لە موتەصەرریفیەتی لیرە جدەن زۆر تەئثیری کردە ئەهالیەکەمان. بە عومومی کوردەکانی عیراقو بەتایبەتی ئەهالی ئەم لیوایە بە گەورەو بچوکو ژنو پیاوەوە موتەئثیرو بۆ ئیعادە کردنەوەی حەسرەتکەشنو بۆ هاتنەوەی لە هەمو لایەکەوە ئیستیرحامنامەیان تەقدیمی حکومەت کردوە.

ئەمیش حەقیقەتەن حەقە چونکە ئەم لیوایە کە لە عیراق لیوایەکی موهیمو عادەتەن بە مەرکەزی کوردستانی جنوبی ئەناسریّ مودەتیکی زۆر لە هەمو ترەقیاتیك مەحرومو بیّ بەش مایەوەو ئەم موحیطە کە طەبیعەتەنو فیطرەتەن ئەهالیەکەی مایلی عیلمو عیرفانو مەحەبەتی مەعاریفیان هەیە پەردەیەکی جەهل بە سەریا راکشا بو فەقەط بە هاتنی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ کە لە پیگەیشتوانی ئەم وەطەنەیەو ذاتیکی داهیو موتەبحیرە ئەهالیەکەمان لە تاریکی جەهل رزکاری بوو ولاّتەکەمان بە چرای مەعاریف روناك کرایەوەو حەقیقەتەن موشار ئیلەیهی لە پیش هەمو شتیکا بۆ ئینتیشاری مەعاریفو بۆ تەئسیسو دامەزراننی موئەسەسەی عیلمیەو بۆ زیاد کردنو کردنەوەی مەکاتیبی ئینتیدابی لە تەشەبوث کردن غافڵ نەبو و بە عەزمیکی مەتینەوە بۆ تەرەقیو تەعالی وەطەنەکە هەولیداو غەیری ئەمانیش بە واسیطەی تەطبیقی قوانینو نیظاماتی حکومەتەوە عەدالەت بە هەمو مەعنایەوە لە

[57] التقدم (بدلا من جريده البلاد)، ع٢١٣، ٢٣ تموز ١٩٣٠

ناو ئەم موجتەمەعەدا تەجەسومی پێ کرا بو وە بەم سەبەبەوە لە بەینی حکومەتو میللەتا مەحەبەتیکی موتەقابیلە هاتبوە وجود.

بەلی هەرچەند لەو زەمانەدا وەکو ئیستا بە موناسەبەتی بەستنی موعاهەدەی تازەوە میللەتەکەمان بۆ طەلەبی حقوقی موقەرەرەو موعتەرەفەیان کەوت بونە موراجەعاتەوە فەقەط ئەم حەرەکەتە وەنیە هەر لە سلیمانیا بوبێ بەلکو لە هەمو لیوا کوردەکانی تراو لە هەمو مەنطیقەیەکی کوردستان دەستی پێکرا بو. وە ئەم حەرەکەتەیش هیچ وەقتیك نەبو بو بە سەبەبی تەفرەقەو نەفرەتیکی ئەهالی بەرامبەر بە حکومەت. ئەهالی لەگەڵ ئەم هەمو موراجەعەتەیشیا زیاتر مەربوطوچاکتر موطیعی ئەوامیرو قەوانینی حکومەت بو.

ئەگەر بە نەظەریکی رەئفەت تەماشای موراجەعاتو ئیستیرحامنانەی ئەم ئەهالیە بکرێ مەعلوم ئەبێ کە ئەم تەشەبوثاتە لە فکریکی خراپەوە نەهاتۆتە دەرێو بە واسیطەیەکی غەیرە مەعقولە پەیدا نەبوە، وەنیە ئەمە ئەوەڵ جار بێ کە ئەهالی طەلەبی حەقی خۆی ئەکات، هەتاکو ئیستا موتەعەدید دەفعە ئەهالی بۆ ئەم حەقە صەریحەیان تێ کۆشاونو ئەمجارەیش ئەهالی رێ ئەکی مەدەنییانەو مەعقولانەی گرتوەو لە عورفو عادەت دەرنەچوەو شوکور حەرەکەتیکی وا نەکراوە کە ببێ بە سەبەبی ئیختیلالی ئەمنیەتو ئاسایشو لە هەمو ئانیکدا سەطوەتی حکومەتی زیاتر مەوجودو ئەهالی زیاتر ئیطاعەتی کردوە ئەمیش هەر بە سەبەبی تەدابیری حەکیمانەی مەئمورینی ئیدارەو سەعادەتی موتەصەرریفی غەیور تۆفیق وەهبی بەگەوە هاتۆتە جێ چونکە حەقیقەتەن حکومەت لەگەڵ ئەهالیدا بە لوطفو شەفەقەتەوە جولایەوەو ئەهالیش بەرامبەر بەم لوطفە قەراریدا کە هەمو موراجەعاتەکەی حەصر بکاتە سەر تەشەبوثات، سەر نوسینو ئیستیرحام کردنو غەیری ئەمە نەیویستو قەطعیەن نایەوێ رییەکی تۆ بگرێو غایەیەکی خراپ تەعقیب بکات.

ئینجا ئەگەر حکومەت بە نەظەریکی موشفیقانە تەماشای وەضعیەتو تەدقیقی مەسائیل بکات بە تەواوی بۆی مەعلوم ئەبێ کە بەقای سەطوەتی حکومەتو مەوجود بونی ئەمنیەتو ئاسایشی کامیلەی ئەم لیوایەو مەربوطیەتو ئیطاعەتی ئەهالی بەرامبەر بە حکومەت بە سەبەبی دەهای خاریقەو تەدابیری حەکیمانەی مەئمورینی ئیدارەو خصوصەن سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگەوە هاتۆتە وجودو محافەظە کراوە.

ئینجا ئەهالی بەرامبەر بەم شەفەقەتە ئومیدی قەوی هەیە بە حکومەت ئەو ئیستیرحام نامانەی کە بۆ ئیعادەی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ لە هەمو لایەکەوە تەقدیم کراوە قبولی ئەفەرموێ و بە ئیعادەکردنەوەی موشار ئیلەیهی میللەتەکە مەسرور ئەکاتەوە.[58]

{} ئەو رۆژە کە سەعادەتی موتەصەرریفی ئەکرەمی تۆفیق وەهبی بەگ تەشریفی بردە بەغداد ئەهالی لە تەئەثوردا چونە تەلغورافخانەو ویستیان لەگەڵ فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرادا بە تەلەفۆن گفتوگۆ بکەن. فەقەط لەبەر ئەوەی فەخامەتی مەندوبی سامی لە کوردی نەئەگەیشتن و فەخامەتی رەئیسەل وزەرایش لە دائیرە مەوجود نەبو مەجبورەن قەراریان دا ئەم تەلغورافەی کە لە ژێرەوە بە عەرەبی عەرض ئەکرێ کەشیدەو تەقدیمی بکەن و نەتیجە بەم ئیمضایانەوە تەقدیم کرا.[59]

{} **لە سلیمانیە ١٩٣٠/٨/٢٠**

بغداد: فخامه مندوب السامی

((**رئیس الوزرا**))

بعد سفركم تاملنا بالمباشرة في تطبيق المقررات الاممية بتبديل موظفين غير اكراد لكن خاب املنا بتحويل موظفين الاكراد الى اماكن البعيدة في الجنوب وجلب المتصرف الى بغداد هذه الامور استوجب التوحش والهياج ان طلب الحقوق التي اقرتها العصبة لا يستوجب التحامل قانونا بالنظر الى وجود الانتداب الفعلي في العراق. سعينا بكل ما لدينا في الطلاقة والطاقة في تسكين الاهالي والعشائر منعا لحدوث امور لايرضى بها فخامتكم خارت قوانا. لهذا نتجرد عن مسئولية تتولى في المستقبل راجين الاهتمام بكف المعاملات التي من شئنها الاستياء.

حمه اغا عبدالرحمن اغا بابان: عزمي بك. عزت بك عثمان پاشا. حفيدزاده: شيخ قادر. ميرزا توفيق قزاز. عبدالرحمن اغا احمد پاشا. حمه صالح بك حاجى حمه علي بك. فايق بك بابان. مجيد افندي حاجى رسول اغا. رمزي افندي حاجى فتاح.

---

[58] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

[59] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

وەقتێك كە سەعادەتی موتەصەرریف تۆفیق وەهبی بەگ مواصەلەتی بەغدادی کردو کە غەزەتەکان نوسییان ینفیصال پێ کراوە لە هەمو لایەکەوە ئەهالیو روئەسای عەشائیر بۆ ئیستیرحامی ئیعادە کردنەوەی موشار ئیلەیهی ئەم تەلغورافانەیان نوسیو تەقدیم کرد وا قیسمیکی تەلغورافەکان بە ریزە نەشر ئەکەین.[٦٠]

{} ١٩٣٠/٨/٢٤

بەغداد: فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی بۆ فەخامەتی رەئیسەل وزەرا

تەبدیلی موتەصەرریف موغایری ئەفکارمانو سەبەبی تەئەثوری عومومی کوردانە. ئیتیرحام ئەکەین زو ئیعادەی بفەرمونەوە.

هەورامان، ئەفاسیاب بەگی رۆستەم سولتان. هەورامان، مصطەفا بەگی جەعفەر سولتان. هەورامان، محەممەد ئەمین بەگی مەحمود خانی دزلی. هەورامان، شیخ محەممەدی شیخ حیسامەدین.[٦١]

{} ١٩٣٠/٨/٢٦

بغداد: فخامە مندوب السامی

((رئیس الوزرا))

گۆرینی موتەصەرریف تۆفیق وەهبی بەگ ئەبێ بە سەبەبی تەئەثوری عومومی کوردان رجا ئەکەین ئیعادەی بفەرمونەوە.

رەئیسی هەورامان جەعفەر سولتان.[٦٢]

{} لە سلیمانیەوە لە عەینی مەئال بە ئەشرافو توجارو ئەهالی سائیرە سێ تەلغوراف نوسراوە.

لە پشدەریشەوە بە ئیمضای جەنابی عەباس ئاغای مەحمود ئاغاو قیسمیکی زۆر لە روئەساکانی تریان سێ تەلغراف نوسراوە.

لەبەر ئەوەی صورەتەکانمان لا نەیو نەمانتوانی عەینەن دەرجیان بکەین.[٦٣]

---

[٦٠] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ ئەیلولی ١٩٣٠

[٦١] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ ئەیلولی ١٩٣٠

[٦٢] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ ئەیلولی ١٩٣٠

{} بەیانی رەسمیی:

بە بۆنەی هەلبژاردنی هەیئەتی تەفتیشەوە لە لیوای سلیمانیو کۆبونەوەی هەیئەتی هەلبژیردراو ئەمرۆ لە مەرکەزی حکومەت، مقاطعینی انتخاب لە بەردەمی شوینی کۆبونەوەکەدا مظاهرەیان کرد، بەو هۆیەوە پیکادان رویدا، هەندێ لە پۆلیسو سەربازو خەلك ئەنگیوراون. پاش چەند دەقیقەیەك ئاسایش گەرایەوە. ئەوانی بون بە هۆی ئەم روداوە گیراونو لیکۆلینەوە بەردەوامە.[٦٤]

{} روداوەکەی سلیمانی:

لەسەرچاوەیەکی رەسمیی پەیوەندیدارمان پرسی کە ژمارە کوژراوەکانی روداوەکەی سلیمانی بە بۆنەی دەسکردن لە هەلبژاردنی نیابیەوە وەکو بەیانە رەسمییەکەی لەکاتی خۆیدا بلاومان کردەوە، چەندە. نەمانتوانی ژمارەی ویستراوی لی بەدەس بهینین، بەلام بریندارەکانی پۆلیسو خەلك بۆ چارەسەرکردن نیردراون بۆ نەخۆشخانە.[٦٥]

{} بەیان لە (مدحظیه المطبوعات)ەوە

روداوەکەی سلیمانی: لەبەر بلاوبونەوەی زۆر واتەواتی درۆ دەربارەی ئەو روداوە ناخۆشەی کە لە ٦ی ئەم مانگەدا لە سلیمانی قەوماوە، لەلایەن کەسانیکەوە کە ئەیانەوێ ترسو نائومیدی بخەنە دلەوە، حکومەت بە پیویستی زانی ئەم بەیانە دەربکا سەبارەت بەوەی روی داوە.

وەکو وەکیلی موتەصەرریف ئاگادار کرا بو ژمارەیەکی زۆر ئەشرافو تاجیرەکان ئەیانویست هەلبژاردن بکرێ. لە ٥ی ئەیلولدا ریوشوینی هەلبژاردنی هەیئەتی تەفتیشی بۆ رۆژی دوایی دانا. لەبەر ئەوەی زانی کە ژمارەیەکی کەمی ئەشارف ئەیانەوێ موقاطەعە بکەن، ئاگاداری کردن کە هەلبژاردن ئازادە، کەس ناتوانێ زۆریان لی بکا هاوبەشی بکەن ئەگەر خۆیان نەیانەوێ، هەروەها کەسیش هەقی نیە رێ لەوانە بگرێ کە ئەیانەوێ ئازادی خۆیان بەکار بهینن، ئیتر ئەوە بە زۆر بێ یان بە

---

[٦٣] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ ئەیلولی ١٩٣٠

[٦٤] الزمان، ع٢٤٩، ١٩٣٠/٩/٧

[٦٥] الزمان، ع٢٥١، ١٩٣٠/٩/٩

ترساندن‌و هەرەشە. وەکیلی موتەصەرریف تێی گەیاندن کە کاری وەها بە تاوانیکی گەورە دائەنرێ‌و، ئەرکی حکومەتە منتخبەکانیان لی بپارێزێ.

بەیانی رۆژی شەشی ئەیلول دەعوەتنامە نیردرا بۆ نزیکەی ٣٠ لە ئەشراف کە نوینەرایەتی هەمو گەرەکەکانی شارەکەیان ئەکرد بۆ ئەوەی لەسەرای حکومەت بۆ هەلبژاردن ئامادە بن. بەراستی ئامادە بون‌و لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی کۆبونەوە. دوای ئەوە هەواڵ گەیشت کە نزیکەی ٥٠ کەس لە قوتابی‌و هەرچی‌و پەرچی لە بازار کۆ بونەتەوە خەریکن بە زۆر دوکانیان بێ دائەخەن‌و خەلك کۆ ئەکەنەوە، ئینجا رویان کردە سەرای حکومەت. ریزیك پۆلیس ریگەی لە کۆبونەوەکەیان گرت. قەلەبالغییەکە زۆر بو و لە نیزام دەرچون، دەرکەوت کە هیزی فریاکەوتن پیویستە. داوا لە فەرماندەی حامیەی جەیشی عیراق کرا ١٠٠ سەربازی بێ چەك بۆ یارمەتی پۆلیسەکان بنیرێ. بارو دۆخەکە تا ئەهات دژوارتر ئەبو. هەندێ لە قەلەبالغییەکە کورسی چایخانەکانیان وەکو چەك لە دژی پۆلیس بەکار ئەهیناو هەندیکیان بریندار کردن. لەبەر ئەوە دەرکەوت هیز پیویستە، داواکە گۆرا، داوای سریەیەکی چەکدار کرا. قەلەبالغییەکە پەلاماری پۆلیسەکانیاندا کە بە ژمارە کەم بون. کەوتنە بەردبارانی پۆلسەکان‌و سەرای حکومەت. داوا لە فەرماندەی حامیە کرا فەوجێ بنیرێ بۆ پشتیوانی لەو سریەی بە ریگەوە بو بۆ سەرا. قەلەبالغییەکە بەردبارانی زیادکردو کەوتە بەکارهینانی دارو تیلا. کە سەریە پیادە چەکدارەکە گەیشتە سەرا بەردبارانیش راوەستا. لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە قەلەبالغییەکە کشایەوە، بەلام بەشیکیان لە شوینی خۆیاندا مانەوە. فەرمان بە سەربازەکان درا بلاوەیان پێ بکەن. بە بلاوی بە جادەکەدا کەوتنە رۆیشتن. ئاژاوەچییەکان بە تیلای گەورەو، بەو بەردانەی بو بەردریژی جادەکان دانرابون‌و، بە کورسی‌و شتی تر تییان بەر بون.

لەم کاتەدا گوللەیەك تەقی‌و سەربازیکی عیراقی کوژرا. بەدوای ئەوەدا چەند گوللەی دەمانچە تەقی دو سەربازیش بریندار بون. سەربازەکان دەستیان کرد بە تەقەو قەلەبالغییەکە بلاو بوەوە. لەو کاتەدا فەوجەکە گەیشت‌و چاودیری شاری گرتە ئەستۆو ئاسایش گەرایەوە.

ئەنگاوتە: لە پۆلیس تا گەیشتنی سەربازەکان ١٠ پۆلیس بریندار بون. نۆیان بە بەردو تیلاو یەکیکیان بە خەنجەر. ١٥٣ پەنجەرەی سەراو ١٨ گلۆپی جادەکە شکاوە.

لە جەیشی عیراق: یەك سەرباز کوژراوەو دو سەرباز بریندار بوە، یەکیکیان بە بەرد.

لە ئەهالی: ٣ کوژراو و ٢٣ بریندار.

گیراوەکان: ئەم مەسانەی ناویان لەخوارێ نوسراوە دوای ئاژاوەکە گیراون: ١- شیخ قادری برای شیخ مەحمود. ٢-میرزا تۆفیق. ٣-رەمزی ئەفەندی. ٤-حەمە ئاغا. ٥-عەزمی بەگی بابان. ٦-عیززەت بەگی عوسمان پاشا. ٧-ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاش. ٨-محەممەد صالح بەگ. ٩-مەجید ئەفەندی کانیسکان. ١٠-فایەق بەگی بابان. ١١-شیخ محەممەدی گولانی.

بەم راپۆرتەدا دەرئەکەوێ دەسەلاتی حکومەت ناچار کراوە بۆ بەکارهینانی هیز لە بلاوەپیکردنی هەرچی و پەرچیە یاخییەکاندا کە ئەیانویست ئاسایش تیک بدەن. ئەم پشیوییە لەوە دروست بوە هەندێ کەسی هەلخەلەتینراو ئەیانەوێ فەرمانبەرانی گویرایەلی قانون و ئەوانەی ئەیانەوێ لە هەلبژاردندا بەشدار بن، بتۆقینن. ملاحظ المطبوعات.[٦٦]

لیدوانی رۆژنامەی (بەغداد تایمس):

وا دەرئەکەوێ بارودۆخی ناوشاری سلیمانی و لیواکەش هیمن بێ و حکومەت کاروباری گرتۆتەوە دەست. ئەو هەوالانەی بە شیوەیەکی تایبەتی بۆمان هاتون ئەلین ئاژاوەکە تەواو بو بە کوشتنی ١٣ کەس کە یەکیکیان سەربازیکی عیراقییەو ٣٥ بریندار کە ٤یان سەربازو ٩یان پۆلیسن. ئەمانەش کە ناویان لە خوارەوە نوسراوە گیراون: عیززەت عوسمان پاشا، عەزمی بەگی بابان، فایەق ئەفەندی بابان، رەمزی حاجی فەتاح، شیخ قادر شیخ سەعید، محەممەد صالح، مەجید ئەفەندی، محەممەد عەبدورەحمان، تۆفیق قەزاز، ئەمانە نیردراون بۆ کەرکوك بۆ لیکۆلینەوەیان لەگەل بکەن. خۆپیشاندەران دژی هەلبژاردن لەسەرەتادا ژمارەیان زۆر نەبو تا گەیشتە ١٠٠٠ تا ٢٣٠٠ کەس. هوتافیان ئەکیشا بروخێ هەلبژاردن. لەناو خۆیاندا ئەیانوت هەلبژاردنەکە ئازاد نیە. کۆمەلانی خرۆشاو سەعات ١١ی بەیانی دەستیان کرد بە بەردبارانی پۆلیس و سەرا. زۆر لە خۆپیشاندەرەکان دەمانچەو خەنجەرو تیلایان پێ بو، لە بەردەرکی سەرادا کۆبونەوەو چونە ژورو هاتنە دەرەوەیان خست بوە مەترسیەوە. دەسبەجێ فەرمان بە پۆلیس درا، کە تەنیا داریان پێ بو، بلاوە بە عەشاماتەکە بکا. بەلام هیزەکەیان بەس نەبو بۆ چارەسەکردنی کیشەکە، کاربەدەستانی وا لی کرد جەیش بانگ بکەن بۆ یارمەتیدانیان. لیرەدا پیکاهەلپژان دەستی پێ کرد. جەیش ناچار بو تەقە لە خۆپیشاندەران بکا. تەئکیدمان کردوە کە

[٦٦] الزمان، ع٢٦١، ١٩٣٠/٩/٢١

پۆلیس و جەیش دەستپیشخەر نەبون لە دەستدریژیدا. جەیش وەڵامی ئەو تەقانەی دایەوە کە خۆپیشاندەران لە جیگەیەکی نزیکەوە کردبویان.[٦٧]

◊ ئینتیخابات لە سلیمانی:

رۆژی ١٩٣٠/٩/١٥ لە مەقامی موتەصەرریفیدا عمومی ئەشارف و توجارو سائیری طەبەقەی ئەهالی بۆ ئینتیخاباتی هەیئەتی تەفتیشیە کۆبونەوە.

لەنەتیجەدا ذەواتی ئاتیە بە ئەکثەریەتی ئارا بە ئەعضای هەیئەتی تەفتیشیە ئینتیخاب کران.

چەند رەئی بوە
٣٤ حاجی ئیبراهیم ئاغا
٢٢ مەجید بەگی حاجی رەسوڵ بەگ
٢٢ غالی ئاغا
٢١ حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم
٢٠ عەبدولکەریم ئەفەندی عەلەکە
١٩ سەید ئەحمەدی توتونچی
١٧ کەریم بەگی محەممەد بەگ
١٦ حاجی کاکە حمە
١٥ حاجی مەلا محیدین
١٥ حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی.[٦٨]

◊ تەشریف هینانی سەعادەتی موتەصەرریفی تازە

رۆژی یەکشەمە موصادیفی ٢٨ی ئەیلولی ١٩٣٠ سەعادەتی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، موتەصەرریفی تازەو خۆشەویستی سلیمانی تەشریفی لە کەرکوکەوە مواصەلەتی فەرموە سلیمانی لە رۆژی لەوە پیشەوە قیسمیکی زۆر لە ئەشراف و روئەسای دەوائیرو مەئمورین و منەوەرانی سلیمانی بۆ ئیستیقبالی موشار ئیلەیهی چو بون بۆ کەرکوك هەتا سەر محەطەی شەمەندەفەرو قیسمیکی تریش لە روئەسای

---

[٦٧] الزمان، ع٢٥٣، ١٩٣٠/٩/١١

[٦٨] ژیان، ژ٢٦٠، ٢٢ی ئەیلولی ١٩٣٠

دەوائیر کە خەسەبەل وەظیفە ئیمکانی چونی کەرکوکیان نەبو رۆژی مواژەلەت هەتا دەربەندی بازیانو تەینالّو بیجگە لەمانەش هەمو ئەهلی مەملەکەت بە ئیختیلافی هەمو طەبەقاتیانەوە، لەگەڵ بلوکیک عەسکەری جەیشو طاقمیك پۆلیس بەناوی حەرەسی شەرەفەوە لەبەردەمی جادەی دەباخانە بە دلیکی پر فەرەحو سرور حاضری ئیستیقبالو چاوەروانی تەشریف هینانی سەعادەتی بون.

لەبەر ئەوەی لە ریگاو لە دەربەند تەئخیر بو بون لە سەعات نزیك هەشتی عەرەبی مواصەلەتی فەرمو، ئەوەل جار زیارەتی حەرەسی شەرەفی جەیشو پۆلیسو لە پاشا لەگەڵ عولەما، سادات، ئەشراف، رونەسای دەوائیرو مەئمورینی حکومەتدا بە لیویکی پر تەبەسومەوە کە ئاوینەی صەفوەتی قەلبو حوسنی نیەتی بو یەکە یەکە موصافەحەو بەیانی خۆشنودیو مەمنونیەتی لە موستەقبیلین فەرمو وە بە چەند کەلیمەیەکی شیرینو جوانو ئومیدبەخش ئەم ئیستیقبالەی لەسەر خۆی بە قەرضیك وەرگرت کە بە سەعی کردن بۆ تەئمینی ئەمنو ئاسایشو هەوڵ دان بۆ تەرەقیو تەعالی میللەتو مەملەکەت مەجبور بێ بە ئەدای ئەم قەرضە. ئیتر لەویوە لەگەڵ ئامیر مەنطیقەی عەلی رەضا بەگو حەمید بەگی شالچی ئامیری فەوجو سائیری موستەقبیلیندا بە ئۆتۆمۆبیل تەشریفیان هینایەوە دەولەتخانەو لەوێ لەپاش ئیسراحەت کردنو قاوە خواردنەوە ئیتر ویداعی لی کرا..

موشار ئیلەیهی کە یەکیکە لە منەوەرانو ئەنجەبی خانەدانو ئەشرافی سلیمانی، نەعین فەرمونی بۆ ئەم وەظیفەیە بە راستی هەمو ئەهلی سلیمانی خاصەتەنو، هەمو میللەتی کوردی بە عمومی مەمنونو بەرامبەر لەم لوطفی حکومەتە مەدیونی شوکران کرد.

ژیان: لەگەڵ هەمو میللەتی کورد تەمەنای موەفەقیەتو سەعادەتو ئیلەل ئەبەد دەوامو بەقای ئەکات.[٦٩]

{} وەفدی سلیمانی:

رۆژی ١٩٣٠/٩/٢٨ وەفدی سلیمانی کە لە ریاسەتی رەئیسی بەلەدیە موحتەرم مەحمود ئەفەندیدا تەشەکولی کردوەو عیبارەتن لە محامی نەجیب ئەفەندی، وە لە رونەسای جاف جەنابی ئەحمەد بەگی محەممەد صالح بەگ، وە حاجی مەلا کوری حاجی عەباس ئاغا رەئیسی پشدەر، بۆ عەرضی تەعظیماتو ئیستیقبالی جەلالەتی

[٦٩] ژیان، ژ٢٦١، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

مەلیك فەیصەل ئەوەل کە لە لەندەنەوە عەودەتی فەرمۆتەوە، تەشریفیان بردۆتە بەغداد.[70]

{} وەفدی کوردەکان:

شەوی پینجشەممە ٩/١٨ گەیشتە پایتەخت وەفدیك لە لیوای کەرکوك و چەمچەماڵەوە کە پیکهاتوە لە ٧ کەس کە ئەمانەن: سەید محەممەد ئەفەندی رەئیسی جەباری، عەبدولکەریم وادی رەئیسی زەنگەنە، رەئیسی عەشیرەتی بزەینی، سلیمان ئاغای هەمەوەند، رەشید ئاغا رەئیسی شوان، عەلی ئاغا رەئیسی سنجاوی. دیدەنی فەخامەتی رەئیسی وزەرایان کردو دەسگرتنیان بە یەکیتی عیراق و خۆبەستنەوەیان بە عەرشی جەلالەتی مەلیکەوە دەربری. هەر ئەم وەفدە رۆژی دوینێ سەردانی پایەبەرز وەزیری ناوخۆ جەمیل مەدفەعی و وەزیری دیفاع جەعفەر عەسکەری یان کرد. ئەم وەفدە پیشوازی لە دو نوینەر کرد: یەکیکیان هی بیلاط شیخ عەبدوللا ئال مەضایفی، دوەمیان سەروەزیران و یاوەرەکەی جەمیل بەگی روحی. وەفدەکە لە ئوتیلی ماجستیك دابەزینران.[71]

{} وەفدی لیواکان بۆ بەخیر هاتنەوەی خاوە شکۆ:

مەلیك فەیصەل لە ١٩٣٠/١٠/١ گەیشتەوە عیراق. ئەم وەفدانە چونە بەغداد بۆ بەخیرهاتنەوەی:

وەفدی سلیمانی: ١-مەحمود ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی. ٢-ئەحمەد بەگی حەمە سالح بەگ. ٣-حاجی مەلا ئاغا عەبباس ئاغا. ٤-عوسمان ئاغای عومەر ئاغا. ٥-نەجیب ئەفەندی غەتاح ئەفەندی.

وەفدی هەولیر: ١-عەبدوللا ئەفەندی ئەلموفتی. ٢-ئیبراهیم بەگ ئەلیوسف.

وەفـدی کـەرکوك: ١-حاجی محەممەد عەلی قیردار. ٢-موظەفەر بەگ ئەلیەعقوبی. ٣- جەمیل بەگ بابان (کفری). ٤-محەممەد رەشید ئاغای هەمەوەند (چەمچەماڵ). ٥-دارا بەگ رەئیسی داودە (چەمچەماڵ). ٦-رەفعەت بەگ رەئیسی داودە (چەمچەماڵ). ٧-فارس بەگ رەئیسی داودە (چەمچەماڵ). ٨-نەجیب بەگ

---

[70] ژیان، ژ٢٦١، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

[71] الزمان، ع٢٦١، ١٩٣٠/٩/٢١

رەئیسی تالەبانی (چەمچەماڵ). ٩-نوری ئەفەندی (مەسیحی). ١٠-ئیسحاق ئەفرایم (موسەوی).

موصل: ١-حازم شەمدین ئاغا. ٢-شیخ حەبیب سەعید (میری شیخان). ٣-شیخ غیاثەدین.[٧٢]

{} وەفدی کوردستان

بێ کەس

((پینج خشتەیەکی لەسەر شیعری پیرەمیرد))

قەدری میللەتتان بەجارێ شکان
نە حەیاتان ما نە ناوونیشان
باری تەعنەتان وا هاتە سەرشان
((وەفدی کوردستان، میللەتفرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان))

حاجی توتنەکەت مادەم فرۆشرا
قیروسیا لە صەد کوشتن و هەرا
دەخیلە هەستە ریکەوە خیرا
((دەسکێ لەو گولەی باغەکەی سەرا
کەوا بە خوینی لاوان ئاو درا))

تاقمێ ریکخەن زۆر بە پەرلاقی
بە بەزم و رەزم و ئاهەنگ و ساقی
بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراقی
((ببیەنە بەردەم عەرشی عیراقی
بلین یار باقی و، هەم صوحبەت باقی))

نە بارانتان دی، نە با ئەی فەقیر
نە لاوان کوژران بە گوللەو شەستیر[١]

---

[٧٢] الزمان، ع٢٧٠، ١/١٠/١٩٣٠

[١] ئەم نیوە بەیتە لە هەندێ نوسخەدا بەم جۆرەیە:
نە لاوان کوژران بە سونگی و شەستیر

نه پێی نازداران خرایه زنجیر

((پەردەو تارای سور بەرن بۆ ئەمیر

بلین پاش کوشتار هیشتا تۆی دلگیر؟))

هاوا به مالم چیمان پێ کرا

له چارەکیکا صەدمان لی خرا[2]

هیشتا خەڵاتیان ئەکەن به بەرا

((دەك خەجالەت بن له روی مەحشەرا

ئیمەش خاکی غەم ئەکەین به سەرا))

قەت وا تێ نەگەن چاومان شکاوه[3]

کوشتن‌و برین دائیم بۆ پیاوه

لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوه؟[4]

((خەیالتان خاوه، کورد نەفەوتاوه

بەراتی نەجات به خویت نوسراوه))

میللەت مەتینه عەزمی نانەوێ

له غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ

لەت‌و پەت کرێ حوقوقی ئەوێ

((من رەنگی سورم بۆیه خۆش ئەوێ[5]

مژدەی شەفەقی لی دەرئەکەوێ!))

سلیمانی ١٩٣١

---

[2] ئەم نیوه بەیته له هەندێ نوسخەدا بەم جۆرەیه:

له چارەکیکا صەد مالی کوژرا

[3] ئەم نیوه بەیته له هەندێ نوسخەدا بەم جۆرەیه:

قەت وا تێ نەگەن چاومان ترساوه

[4] کەی حەق سەنراوه: له هەندێ نوسخەدا نووسراوه (حەق نەسەنراوه).

[5] سوورم: له هەندێ نوسخەدا نووسراوه (ئالم).

هەروەها - حەمدی - وتویەتی

بۆ هەوا ئالۆزە بۆچی لێڵ و سوورە ئاسمان ؟
گێژەلووکەی نەگبەتە یا فیتنەی ئاخر زەمان
هەوری قەهری مەوجی دەریایی غەضەب دینێتە جۆش
یا فورغان و دووکەلی ئاهی هەناسە سەردەکان
رەنگی گوڵ بۆچی پەری، بولبول دلی بۆچی شکا ؟
ناکرێ ئەوەڵ بەهاری شادمانی بێخەزان
بەفرە باریوە لەسەر بەختی رەشی خاکی وەطەن
یا بەدەم شەصتیرەوە میشکی هەژارانە بژان
بۆ وەطەن زەرد هەلگەراوە بەرگی سوورە شین ئەکا ؟
رەنگە ئەشکالی شەهیدی بێنەوامان دانیشان
وەك بریشکە قرچە قرچی جەرگی سك سووتاوە دێ
یا گورەی مەترە لۆزە قرمە قرمی طوپەکان
ئەم هەموو لاوە نەمامن نیژران لەم باغچەیە
ریشەی کوردایەتی بوو یەعنی بۆمان نیژران
جەژنی قوربانە سلیمانی بە مەزبەح دانرا
کورد مەرن بۆیە بەجارێ هەر لەوێدا سەربران
یان (کە ئیبلیسی (علیە اللعنە) قاورمە بکا
کۆمەلی ئینسان بەجارێ وائەبێ بکرین لە جان
بۆ شەریفی کورد خەلاتە هاتووە سەر تا بەپێ
یا کەلەبچەی دەست و طەوقی گەردن و پیوەندیان
بۆچ مەغۆل هەلساوە یاخو دەوری نەحسی جەنگیزە
قەتڵ و عامی ئەرمەنە یا حادیثەی رۆم و بەیان
ناوی خۆی نابوو زەمانی میللەتی کورد خۆ ژیان
بۆچی بەستراوە زمانی وادەبێ ئاخر زەمان
بۆ نەبوو قەط ئەهلی حالێ دەردارێ بۆ نییە

ئەم و قووعاتە چ بوو بۆچی کرا بیکا بەیان
چا وەطەن فەرمووی لە پەردەی سینەما وەك (سینەما)
صوورەتی گیراوە فەرموو بۆت بکا یەکسەر عەیان
جارێ تەئریخی بنووسە جا بگۆرە قافی‌یە
تا بەیاناتم بنووسی لیت نەبێ حەرفێ نیهان
بێ‌هەزار ناوی سلیمانی بە تەئریخ (مشهد) ە
ئەم حسابە عاقیبەت رۆژێ دەبێ بیکا زەمان
مەقصەدی ئەصلی و ئەساسی هەر دوعاکەی پیشووە
ئیستە تیکراری بکە بەلکە بکا مەبجەث رەوان
رەبی مووی لی‌بێ زمانی و پەنجەکانی هەلوەرێ
هەرکەسێ گولشەن بە دەردی دۆزەخ بەرێ

شەهید

گۆران

((بەیادی شەشی ئەیلوول ، شەری بەردەرکی سەراوە))

هەزارو نۆصەدو سی بوو ، شەشی ئەیلوول کە رۆژ هەلهات :
غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلیمانی ؛
(هەلۆ بەگ) ئەو جوانەی پر دلی بوو بۆ وەطەن ئاوات ،
لە پیش جەمعیکەوە تا بەرسەرا رووی هەلمەتی هانی .

لە گەڵ یارانی ئەیوت : ((ئەی حوکوومەت ! تا نەکەی تەثبیت
حوقووقی کوردەواری ، نایەوێ کورد ئینتیخاباتت ؛
ئەوانەی بانگ‌کراون‌و تۆ بە بەقووەت دەوریان ئەگرت :
دەنی‌و قانزاج پەرستن ، هیچ نەبێ پێیان مەبالاتت !

ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمثیلی رەئی کەن ؟

حوکوومەت ! ئیمە کوردین ، وا ئەلیین : ((نامانەوێ نوواب

کە داوینی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست، وەطەن بەردەن !

نەکی ، مەشرووع نی‌یە .. دەرکە لەسەر سەودایی ئینتیخاب ! ..))

ئەمە جوملەی قسەو ئامالی یارانی هەلۆ بەگ بوو ،

نە نامەشرووعی تیا بوو ، نە تەجاوز بوو بە ئەمنی‌ییەت ..

کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتلی عام دەرچوو ؛

درایە بەر شەقەی شەستیر رجا و ئامالی میللی‌ییەت !

شەقەی شەستیرو قرچەی دەستریژو هەلمەتی سونگی

بە خوینی وردی بێتاوان شەپۆلی خستە سەرجادە :

نەما جوانێ کە سونگی نەیسمیبێ صەد کەرەت سنگی ،

نەما پیرێ لە ریزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە ! ...

هەلۆ بەگ گوللەیی ئەووەڵ لە رانی دا ، دووەم دەستی :

کە خۆی‌و قەومەکەی وادی ، بە چەشنی شیر نرکانی ،

پەلاماری کە دا بۆ ضابطێ : یەك زللە خێ خستی ..

دەمانچەی سەنگ لە دەستی‌و ئاگری دا تاوەکوو توانی ...

بەڵام فیشەك نەما ، هەر ضابطو یەك دوو نەفەر کەوتن ..

لە پاشا عەسکەریش دەستریژی لی کردو بەلادا هات ؛

لەسەر دەریای خوین بوو کەشتی‌یی عومری بەرەو مردن
ئەچوو ، ئەیوت : خوا حافیظ ، ئەوا ئەمرم وەطەن ! هەیهات ،

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی ،
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما ،
ژیانم عارو ذیللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنما ،
بە خوین بێو ، گڵ هەلی لووشێ ، کەوابێ ، هەیکەلی هەستی ! ...

خواکەی بولبولی باغی سەرا ! .. هەرچەندە پاییزە ،
بەخەینی خۆم گولت بۆ ئاو ئەدەم ، سا بۆم بلاوینە !
لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ریزە
لە خوینا وینە شیواوین ، بە دایکمان بناسینە ! ...

بلێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم ،
نەلێ خۆی بۆ وەطەن کوشت و لەریی عەشقی منا نەژیا ..
وەظیفەم بوو لە پیناوی وڵاتیکا سەرم بەخشم :
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوینی چیاو کەژیا ! ...
ئەگەر خوای گەورە بەخشی پیت هەتیوێ ، پیی بلێ : رۆلە
لە من فرمیسکی ویست باوکت ، لە تۆش داوا ئەکا تۆلە ! ...

هەلەبجە . ئەیلوولی ١٩٣٢

بۆ کۆمەلی ئەقوام[1]
(عصبة الامم)
تەرجیع بەند

-١-

(عصبة الامم) کۆمەلی گەورە
بە پیچو پەنا بە فیڵو دەورە
لە دوور بە دوور بۆ حەقی کوردان
تەکانت ئەدا خۆت دائەشرنگان
بە جۆشو کوڵبووی بۆ کوردی هەژار
ئەتگوت ئەم قەومە ئەکەم رستگار
لوجنەی ئینتداب[2] مەرەخەسی هات
گەرا کەشفی کرد سەراسەر وڵات !
ئەگەر راست ئەکەی هەلی سوورینە
بەس بۆ سیاسەت هەلمان پەرینە

---

[1] ئەم هەلبەستە لە کۆواری (هاوار)دا کە لە شام دەر ئەچوو بەکوردی. وە بەتەرجەمەکراوی فەرەنسەیی بلاوکراوەتەوە، وەهەروەها میستەر مینۆرسکی رۆژهەلا ت ناسی بەناوبانگی ئینگلیزی سالی ١٩٣٤ کە بۆ یادی هەزار سالەی(فردەوسی) هاتبوو پچی بۆ ئیرانو هاتە سلیمانی وینەیەکی ئەم هەلبەستەی لەگەل وینەی شاعیردا وەرگرتو لەگەل خۆی بردی ، بەلام هیچ ریو شوینی دەرنەکەوت، وەهەروەها قونسلی ئیران شازادە محمد فاضل میرزا کە لە سلیمانی قونسل بوو وینەیەکی ناردوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئیران ، وە لەهیچ رۆژنامەیەکی ئیراندا نەم دی بنوسری. وەهەروەها (قرەبیدیان)ی ئەرمەنی لە دوای تەرجەمە کردنی فرەنسەیی وینەیەکی بە پۆستەدا ناردووە بۆ کۆمەلەی ئەقوام، ریو شۆینی ئەویش نازانم.

[2] لوجنەی ئینتیداب یەکیچکە لە لیژنەکانی (عصبە الامم) و لە سالی ١٩٢٥م دا بۆ ئیستفتای رەئی (جینوە) وە هەندی لە ئەندامەکانی هاتنە (موسل) وە هەموو شارەکانی کوردستان خواروو گەراو سەرۆکی لیژنەی ناوبراو ناوی مستەر(تلیکی)بوو.

تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن)[3]

-٢-

بۆ ئەقەلیات کەوتیتە سەما
خزمی نەستووریت لە کوی بنیات نا ؟
مەر بە هیچ و پووچ بەم دەنگو باسە
تۆ خوینی کوردت بۆ کردە کاسە؟
هەر چوار دەورمان لی بو بەدوژمن
ئیران و تورکو....
نفووسی ئیمە کەم ئەکەیتەوە!
وەها نەستووری ریك ئەخەیتەوە؟
لە عدالەتا کەی ئەمە دەئبە؟
یاخو هەر شیوەو ئوسوولی غەربە!
کۆمەلی درۆ، جیگەی مەکرو فەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)

-٣-

خۆ تۆ وەصی بووی، ئەقوام بوون هەتیو
دەمی کوردت کرد بە تەلەی تەقیو
غایە ئاسووری ناوی کورد بردن
لایەق بە خۆتە پیچ و ناو ئاخن
تا تۆ نەگەرای بە ناومانا
دەستمان گرتبو بە کلاومانا
بۆچ کوردت فەوتان بەم بەنوباوە
ئیستەش لە جینوە[4] خۆت مەلاس[5] داوە

[3] میستەر هەندسەن : لە سالی ١٩٣١م دا وەزیری دەرەوەی دەولتی بەریتانیا بوو.
[4] جینوە : ناوچەی گشتی کۆمەلەی (عصبە الامم) بووە.
[5] مەلاس : ئەم وشەیە هەر بۆ حەیوانی درندە بەکار ئەهینری یەکجار بۆ بەراز.

مەنشەئی فیتنە کۆمەلی تەزویر

وا ئەدەی حەقی ئەقوامی (صغیر)؟

کارخانەی فەساد کۆمەلی میحەن

(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)

-٤-

لە عەدالەتتان واقم ورماوە

لە سیاسەتتان سەرم سوورماوە

خوینی ملیۆنی کورد ئەرژینی

بۆ ئەوەی تۆزی تورك بترسینی

خوینی مەزلومی کوردی رووت و قووت

حەڵالە لەلای.....

لە سلیمانی جادەی بەسەرا

بە خویناوی کورد ئاورشین کرا

تۆ نەبی نایکا دوژمن بە دوژمن

حەق بۆ نەستووری ئیمە بۆ کوشتن

چۆن عاجز نابی لەم خوین رشتنە

لەلای تۆ ئەلبەت حقووق کوشتنە

ناترسی تەئریخ لەعنەت بکەن[١]

(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)

---

[١] ئەم نیوە بەتیە بەلامەوە لەبگە ودەبوایە وابوایە.

(ناترسن تەئریخ لە منەتتان بکەن).

ئەی وەتەن

بیکەس

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆمو شیوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی‌یو ئەسارەتم، پی بە تەوق‌و کۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غافل نەبووم وا تی نەگەی
حەپس‌و تی‌هەلدان‌و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بی‌شەریك‌و لامەکان‌و واحیدە[1]
عەشقی تۆ نەوعی لە دلما ئاگری کردۆتەوە
ئاگریکی‌وا هەزار سال ئاوی برژینیتە سەر[2]
قەت. نەگرو گلپەو بلیسەی تا ئەبەد نەکوژیتەوە
باسی مەحزوونی‌و کەساسیی خۆت نەکەیت توخوا وەتەن
چونکە بەو باسە برین‌و زامەکەم ئەکولیتەوە
ماتەمینی تا بە کەی، دەی پی کەنەو سەر هەلبرە
موفتەخیر بە شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە
نەگبەتی لاچوو سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ
کەوکەبی بەخت‌و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشیتەوە
گەرچی بەینیکە زەلیل‌و دیلی دەستی زالمی
نۆبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لیك بیتەوە
لافی میللی‌ییەت بەدەم لەم عەسرەدا کەلکی نی‌یە
رۆژی هەولە هەر بەهیممەت گۆی هونەر ئەبریتەوە
بی قسوورە چەند جەسوورە صەد شوکر ئەولادەکەت
وا لە ریی تۆدا لە خوینا سەیری چۆن ئەتلیتەوە[3]
بەسیە تەعنەم لی مەدە هەر رۆلەکەی جارانتم
هیندە حیلمت بی هەتاکو دەست‌و پیم ئەکریتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بی گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت بکەم وەکوو سەگ بیخەمە ژیر پیتەوە...

---

[1] لامەکان‌و واحیدە: لە هەندی نوسخەدا نووسراوە(تاك‌و تەنیا‌و بێکەسە)

[2] هەزار سال : لە هەندی نوسخەی نوسراوە(بە شیددەت)و، لە هەندی نوسخەی تردا نووسراوە(کە صەد سال).

[3] وا لە ریی تۆدا : لە هەندی نوسخەدا نووسراوە (وا لە ژیر پیدا).

ئەیلوولی خویناوی

ئەخۆل

بەجارێ مالی ویرانم سلیمانی خرۆشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە
بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لەناکاو گوللەی وەك باران
لەباری بۆ قری میللەت، ئەوی پیرەو ئەوی لاوە
بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکو زۆربەی گەڵاریزان
لە ریدا عەینی ئەت وت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە
لەبەر دەرکی سەرا دیارە لە هەر لایەك تەماشاکەی
سەواسەر پر لە لاشەی مردووە شیلراوە کوژراوە
لەهەر کووچەو پەنایەکدا تەری‌و سوریت ببینیایە
ئەوە خوین‌و سروشکی دایك‌و جوانان بوو کە ریژراوە
لەکام ماڵ گویت ئەگرت هەر باوکە رۆ بوو رۆلە رۆو کاکە
لەکوێ سەیرت دەکرد هەر لاشەیە تیکەڵ بە خویناوە
ئەوی دوینێ جگەر گۆشەو عەزیزی باب‌و دایك بوو
ئەوا ئەمرۆ لەژیر خاکا شەهیدەو چاوی لیك ناوە
دەمەو ئیوارە ئەتنواری بە وینە ریچکە میرووله:
بە ریز تابووتی کوژراوان بەرەو سەیوان ملی ناوە
چەقینیکە چە زۆلمیکە،؟ چە کوشتارو برینیکە؟؟
ئەبێ قەت بیر نەچێ هەرگیز هەتا کورد زیندوەو ماوە

چوارینە

ساقی پیری هات... جوانیش دوعا خواز
تۆ مەی بەدەست‌و منیش هاوراز
دوا جامم بەرێ با ببریتەوە
لە دنیای فانی هیندە گلەیی‌و راز

نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ((کۆمەڵەی گەلان)) (عصبه الامم)

پاریس ٢١ مارس ١٩٣١

بەڕێز جەنابی سەرۆك

شانازی ئەوەم هەیە ترس و شکاتی نەتەوەیەکتان پێ ڕاگەیەنم کە حودی خۆتان خستوتانەتە ژێر ئینتداب و پاراستنی خۆتانەوە و دەشگوترێ ئەوەی ئینتداب دەکات، پارێزەریشتە. ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم بەیەکێك لەوان دەژمێریم و ئێستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشوری وڵاتیگەورەی کوردان کە بە عیراقەوە لیکنراوە، نیشتەجێیە.

من بە ئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خالە ڕاکێشم کە خاکی کوردستانی لیکنراو بە عیراقەوە، بە هیچ شێوەیەك وەك ((بین النهرین)) نەکەوتۆتە ژێر دەستی هیچ یەك لە هێزەکانی دەولەتە یەکگرتووەکان یان دەولەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە ١٩١٨ دا چەکیان هەلگرت و هێزەکانی تورکیان ناچار کرد خاکەکەیان چۆڵ بکەن، سەربەخۆییان ڕاگەیەند و دەولەتێکیان دروستکرد کە بەڕیوبەرایەتی وڵاتی بەناوی ((دەولەتی کوردستانی باشور)) گرتە دەست. لەو سەردەمەدا عیراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو (متحد) و هاوپەیمانی (متفقین) لە ناویدا جەنگیان دەکرد. پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە عیراقەوە لکێنرا و ئەوروپاش کە لافی ئەوەی لێدەدا بۆ بەرگریکردن لە ماف و دادپەروەری چەکی هەلگرتووە، لە بەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێدەنگ بوو. ستەمێك کە چارەنوس و داهاتووی نەتەوەیەك کەئەگەرچی نەك بە رەسمی بەڵام بە کردەوە بوو بوە خاوەن دەولەتی خۆی بەستەوە بە چارەنوسی نەتەوەیەکی دیەوە، کە نەژادو داب و نەریت و مێژوو و زمان و سیمایان لەیەك جیاوازە. گەرچی هێشتا جێی سوپاس بوو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەلینە کەم بۆوە کە

((كۆمەلەیگەلان)) سەبارەت بە بەخشینی خودموختاریەکی تەواو بە کوردستانی باشوری دابوو.

بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا کەچەندان سالّ بەسەر ئەو بەلینەدا تیدەپەرێ کەچی نەك هەر بەلینەکە جیبەجێ نەکراوە بەلکو بە پیچەوانەوە ژیانی خۆمان و ژن و منالّو باوکمانمان لەژیر هەرەشەی ئاگری تۆپ و فرۆکە بۆمبهاویژەکان و رەشاشەدایە، بەو تاوانەی ئامادەنین ببین بە عەرەب و چاو لەرێی جیبەجیکردنی ئەو بەلینانەین کە پیمان دراوە.

دەولەتی عیراقی هیچ دوو دلّ نەبووە لەوەیشاری سلیمانی - پایتەختی کوردستانی باشور - بۆمباران بکات و کوردەکانی ئەم شارەی کوشتووە بە تاوانی ئەوەی ئامادە نەبوون بەشداری لە هەلبژاردنیکدا بکەن کە ئەو دەیەویت بۆ بەدەستهینانیرەزامەندی سەبارەت بە بریاریك ئەنجامی بدات کە هەموو مافە رەواکانی کوردان پیشیل دەکا و کۆشکی ئومید و ئارەزویان بۆ ئایندە. دەرمینێ.

ئیمە بروامان وایە ئەم تۆپ و گوللانەی بەسەر قوربانیانی کوردی دانیشتوی کوردستانی باشوردا دەبارێ، لە بنەرەتدا هیرشیکیشە دەکریتە سەر حەیاو ئابرووی ((کۆمەلی گەلان)). چونکە کوردەکان لە ژیر ئینتدابی ئەو ((کۆمەلە))یەدان، واتە لەژیر پاریزگاری ئەودان .

ئەگەر هیزەکانی دەولەتی عەرەبی عیراقی پشتیان بە فرۆکەو سوپاکانی دەولەتی ئینگلیز نەدەبەست کە ((کۆمەلی گەلان)) ئینتدابیئەم سەرزەمینەی بەوان سپاردووە تا بە ناوی ((کۆمەلەی گەلانەوە) بەریوەی بەرن، ئەوا میژوو دوبارە دەبۆوەو هیرشکردن بۆ بەغدا و داگیرکردنی بۆ کوردەکان وەك کاری رۆژانە ئاسان دەبوو. ئیمە ئامادەین و هەمیشەش ئامادە دەبین لەبەرامبەر عەرەبەکاندا، بەرگری لە ولاّتەکەمان بکەین. بەلاّم لەبەرئەوەی نامانەویت توشی روبەروبونەوەیەکی چەکداری بین لەگەلّ دەولەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو ((کۆمەلە)) بەریزەوە وهەنگاو

دەنێ،ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن روبکەینە ((کۆمەلی گەلان)) و داوای جیبەجیکردنی ماف و داد پەروەری بین.

بیگومان بە داواکاری ئەوەی ولآتی ئیمە بە عیراقەوە بلکینرێ و هەولدان بۆ رازیکردنمان بۆ قبولکردنی ئەم لکاندنە بە زۆری چەك، بەهیچ شیوەیەك ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە ((کۆمەلی گەلان)) دەیەویت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکریت. تا ئەو کاتەی چارەنوسی ولآتی کورد بە دەستی رۆلەکانی خۆی نەسپیرێ و تا ئەو دەمەی دەولەتیکی کوردی بەریوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگریتە دەست، ئومیدیك بە ئاشتی و ئاسایش لەم ناوچەیەدا نیە. کورد کە خاوەن میژویەکی هەزار سالەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی میژودا زانیویانە و توانیویانە بەرگری لە ژیان و ولآت و میژوو و دەزگانەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئیستا بریاریانداوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەلآم مل بۆ کۆیلەیەتی عەرەبەکانی عیراق ، کە چ نەکەن. ئیمەی کورد دەمانەویت لەگەلٚ هەموو گەل و نەتەوەکاندا دۆست بین و بەرامبەر بەهیچ گەلیکیش رقمان لە دلدا نیە. بەلآم لە کاتیکدا کەسەربەخۆی تەنانەت بە هەندێ گەلی سەرەتایی ئەفەریقا وەك لیبریا دەردریت و لە گەلی وەك ئیمە زەوت دەکریت کە توانویتی بە شەرەف و ئازایەتیو قارەمانیتی و غەریزەی پالەوانی و هۆش و زیرەکی خۆی پایەیەکی مەزن لەمیژووی گەلاندا بە دەست بهینی، ئیدی ئەمە ستەمیکە کە ناتوانین لی بیدەنگ بین. بە تایبەتی کە پیش ماوەیەك دەولەتی عیراق کە تووشی نەخۆشی دەمارگیری توند رەوی نەژادی بووە، هەولٚ دەدا بە پشتیوانی دەولەتی ئینگلیز و بە هۆی خویناویترین هەنگاوی جەنگیەوە، بەرگریکردنمان تیك بشکینێ .

خوین و ئاگر هەرگیز نەیتوانیووە و ناتوانن راستیە میژوەیەکان بگۆرن و سەدان هەزار کوردی وەك سەلاحەدین و کەریم خانی زەند بکەن بە عەرەب. نەتەوەی من و خودی خۆشم بە هیچ شیوەیەك دەمارگیری ئاینزایی (مزهبی) مان نیەو تینوی

خویـنریژی نـین و ئەگـەر چەکیشـمان هـەلگرتووە تەنـها لەبەرئەوەیـە کـە ناچاریـان کردوین و بەسەریاندا سەپاندوین .

ئیمـە خواسـتی دەسـەلاتگرتن بەسـەر هیـچ نەتـەوەو هیـچ ولاتیکمـاندا نیـە و نامانەویت ئاغاو سەرداری هیچ کەسیك بین. بەلام ئەوەش قبـولّ ناکەین کە خـەلکانی دی بەسـەرماندا زالّ بـن یـان جگـە لـە خۆمـان سـەردار و ئاغایـەکمان هـەبیت. ئەمـەش خـۆی ئامانج و ئایدالیکە کە چەندان هـەزار کـەس لـە کاتی ئـەم جـەنگی دوایـدا، لـە پیناویدا گیانی خۆیان فیدا کرد. ئەمە جگە لەوەی ئەمە مافیکە کە خودی ((کۆمـەلی گەلان)) هەر لەم رۆژانەی دوایدا، بۆی سەلماندوین.

ریگەم بدەن بە دلنیاییەوە پیتان رابگەیەنم ئەم دۆخی شۆرشگیریەی کە هۆکارەکەی دەگەریتەوە بۆ بەدنیەتی دەسەلاتدارانی عیراق، کۆتایی پیّ نایەت ئەو کاتە نەبیت کە هەموو مافە رەواکانی کورد بە رەسمی بناسریّ و لەبەرچاو بگیری .

ئەوەی ئیمە دەمانەویت داننانە بە سەربەخۆی ولاتەکەماندا... واتـە ((دەولـەتی سـەربەخۆی کوردسـتانی باشـور)) دا و بریـن و لـەناوچونی هـەموو پەیوەندیـەك بەدەولەتی عەرەبی عیراقەوە. جگە لەمەش پەیمانی تازەی نیوان ئینگلیز و عیراق کە کۆتایی بە ئینتیدابی ئینگلیزی بەسەر عیراقدا دینیّ، ئەو راستیە دەردەخات کـە ئـەو ریگە چارەیەی پیشنیارمان کردووە بەتـەواوی لوژیکیـەو هیـچ ریگەیـەکی دەربازبونی لی نیە.

کۆمەلی گەلان دەبیّ گەر بەسەرنجدان لە کرۆکی روداوەکانیش بووە، بگەریتـەوە بۆ بریارەکەی خۆی کە ١٩٢٥دا داویتی .

لەگەلّ ئەوپەری ریزمدا
شیخ مەحمود بە نوینەرایەتی
دانیشتوانی کوردستانی باشور

٣- تیهەلچونەوەی شیخ مەحمود

٣-١ هەولدانی ئینگلیزی - عیراقی بۆ بیلایەن کردنی

تا ئەو کاتە شیخ مەحمود لە سەر سنوری ئیران لە گوندی پیران بە گۆشەگیری دانیشت بو. شیخ مەحمود دەستی لە روداوەکەی بەر دەرکی سەرای سلیمانیدا نەبو، هەروەها لە چالاکیەکانی هەیئەتی وەطەنییەو، جموجۆلی ئەو رۆژانەدا بیدەنگو تەماشاکەر بو. مەیدانی بۆ ئەوان چۆڵ کرد بو بە شیوەی خۆیان کار بکەنو دەستی نەئەخستە کارەکانیانەوە. دوای کوشتاری ٦ی ئەیلول، کەسوکاری هەندێ لە کوژراوەکان، جلی خویناوی کوژراوەکانیان برد بو بۆ شیخ مەحمودو داوای لی ئەکەن تۆلەی خوینی بە ناهەق رژاوی کورەکانیان بسینیتەوە. دیارە حکومەت بەم هاندانەی زانیوە، بۆیە وەزیری کاروباری ناوخۆی عیراق ٤ رۆژ دوای روداوەکە نوسراویکی ئاراستەی شیخ مەحمود کردوە، داوای لی ئەکا کە بە دۆرو دەلەسەی ئەوانە فریو نەخواو کارێ نەکا پیچەوانەی ئەو بەلینانە بێ کە لە ١٩٢٧دا بە حکومەتی داوە.

مەندوبی سامیو کاربەدەستانی عیراق داوایان لە شیخ مەحمود کرد دەسبەجێ ئەرزی عیراق بەجێ بهیلێو بگەریتەوە ئەو گوندەی لە ئیران لێی دانیشت بو، لە هەمان کاتدا هەرەشەیان لی کردبو کە ئەگەر کویرایەلی فەرمانەکانی حکومەت نەبێ، (ئیجرائات)ی بەرامبەر وەر ئەگیرێ. هەروەها هەرەشەیان لە دیهاتەکان کرد هەر دییەك یارمەتی یا دالدەی بدا، بۆردومان ئەکرێ.

شیخ مەحمود گوێی نەدایە ئەم هەرەشانە، دریژەیدا بە جولانەوەکەی. پیرانی بەرەو شارباژیر بەجێ هیشتو، کەوتە خۆپیشاندانی چەکدارو چالاکی سیاسی. دەستی کردەوە بە پەیوەندیەکی فراوان لەگەڵ سەرانی ئیلەکانی کوردو داوای لی

کردن بۆ سەندنی ماف کورد هاوکاری بکەن، بەوەی پاڵ بدەن پاڵ جوڵانەوەکەیەوە، یان بەوە مەزبەتە بنوسن بۆ کۆمەڵەی گەلان.

سێ ئەفسەری کورد: مەحمود جەودەت، حامید جەودەت، کامیل حەسەن، ریزی جەیشی عیراقی و، هەندێ لە قوتابی و گەنجەکانی سلیمانی شاریان بەجێ هیشت و دایانە پاڵ جوڵانەوەکەی شیخ مەحمود.

٣-٢ چالاکیەکانی

شیخ مەحمود کەوتە خۆپیشاندانی چەکدارو کۆکردنەوەی هیز، لە هەمان کاتدا زنجیرەیەك نامەی نوسی بۆ موفەتیشی ئیداری سلیمانی، بۆ مەندوبی سامی بریتانی لە بەغدادو، بۆ کۆمەلەی گەلان. لە نامەکانیدا باسی کوشتارەکەی سلیمانی و، گرتنی رۆشنبیرو ئەشراف کوردو رەفتاری خراپی حکومەتی عەرەبی ئەکا. داوا ئەکا داوودەزگای مەدەنی و سپایی عەرەب لە زاخۆوە هەتا خانەقین بکیشریتەوەو کاروباری ناوچەکە بدریتە دەس حکومەتیکی کوردی لەژیر چاودیری بریتانیا یان هەر ئەندامیکی تری کۆمەلی گەلان. گرنگترینیان ئەو نامەیەیە کە بۆ کۆمەلەی گەلانی ناردوە.

٣-٣ لەشکرکیشیی عیراق

٣-٣-١ هەلویستی بریتانی

ئەنجومەنی وەزیران بریاریدا بۆ سەرکوتکردنی شیخ مەحمود لەشکرکیشی بکات. داوایشی لە بریتانیا کرد یارمەتی بدا. جەیشی عیراقی و پۆلیس لیڤی لە شارباژیرەوە دەستیان کرد بە پەلاماردانی و هیزی ئاسمانی بریتانیاش کەوتە هیرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەو دییانەی کە هیزەکانی شیخی لی بو. تا ئارامی ناوچەکانی پینجوین، چوارتا، هەلەبجە، شارەزور، دۆلی سورداش، دەبەرندیخان، قەرەداخ...گرتەوە. بەم لەشکرکیشییانە نەیانتوانی شیخ مەحمود بگرن یا شکستی پێ بدەن. چالاکیەکانی دریژەیان کیشا.

لە ١٢ی کانونی دوەمی ١٩٣١دا لە بارەگای مەندوبی سامی بریتانی لە بەغداد، لە ئامادەبونی نوری سەعید، کۆنفرەنسیك بەستر کە مەندوبی سامی، میجەر پۆنگ، کۆرنوالیس و هەندێ ئەفسەری بریتانی و، بەشداری بون. ئەگەرچی بیروړای نوری

سەعیدو مەندوبی سامی سەبارەت لە سەرکوتکردنی شیخ مەحمود یەك بو، بەڵام لەسەر جۆری رەفتار لەگەڵ کیشەکەدا جیاواز بو.

ئەندامیتی عیراق لە کۆمەڵەی گەلاندا بو بو بە گرییەکی دەرونی سیاسیەکانی عەرەب لە عیراقدا. پییان وابو بەمە دەرگای بەهشتیان بۆ ئەکریتەوە، لەبەر ئەوە لە هەمو گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ ئینگلیز، هەمیشە ئەم باسەیان وەکو یەکێ لە باسە سەرەکیەکانی خۆیان ئەهینایە کایەوە. ئینگلیز خەریك بو ریگەی بۆ عیراق تەخت ئەکرد ببیتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، بۆ ئەمەیش ئەبو ئەو گەرەنتییانەی بە کورد درا بون جیبەجێ بکرین. کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ ئەوەی ناوبانگی عیراق لای ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان نەشیوێو، پەلامار دانی شیخ مەحمود نەبیتە هۆی تاوانبار کردنی حکومەتی عیراق بە ((سەرکوتکردنی هەستی نەتەوەیی کورد))و تەگەر لیدانی ئەندامیتیەکەی، ئەیانویست حکومەتی عیراق لە پاڵ لەشکرکیشیدا بۆ سەر شیخ مەحمود، هەندێ هەنگاویش لە بواری سەلماندنی مافەکانی کوردا بنێ، بەتایبەتی ناسینی رەسمیی زمانی کوردی. نوری سەعیدو هاوبیرەکانی پییان وابو ئەمە هاندانی کوردە!

٣-٣-٢ راستکردنەوەی رەئیەکی چەوت

(عبدالرزاق احمد النصیری: ل٢٣٩) لە نامەی ماجستیرەکەیدا نوسیویتی: نوری سەعید داوای لە بریتانیا کرد هیزی ئاسمانی بەکار بهینێ دژی شیخ مەحمود، بەڵام بریتانیا خۆی گنخاند تا لە ٢٤ی ئازاردا عیراق ریکەوتنی ئیمتیازی نەوتی مۆر کرد، ئینجا هیزی ئاسمانی بریتانیا لە ٢٨ی ئازاردا کەوتە پەلاماردانی شیخ مەحمود. ئەم بۆچونەی نوسەر راست نیە. چونکە:

١- هەر لەو کاتەوە کە شیخ مەحمود پیرانی بەجێ هیشت کاربەدەستانی بریتانی چ موفەتیشی ئیداری سلیمانیو، چ مەندوبی سامی لە بەغداد گەفیان لێ کردو، داوایان لێ کرد پێ نەنیتە ئەرزی عیراقەوەو دەس نەخاتە کاروباری حکومەتەوە. هەر لەسەر ئەوەیش ئامادە نەبوون هیچ نامەکارییەکی لەگەڵ بکەن.

٢- لەشکرکیشیی عیراق بەپێی راگەیاندنە رەسمییەکانی (ملاحظیه المطبوعات) لە ٨ی تشرینی دوەمی ١٩٣٠ەوە دەستی پی کردوە، ئەگەرچی بەپێی راگەیاندنەکانی دواتر راونان بەردەوام بوە بەڵام بەهۆی خراپیی هەوای زستانو سەختی ناوچەکەوە پیشکەوتنیکی ئەوتۆیان بەدەس نەهیناوە، رەنگە فرۆکەیش هەر لە بەر ئەو هۆیە، یاخود لەبەر نەگونجاوی پلانە جەنگییەکانی جەیشی عیراق، بەشداری نەکردبێ.

ئەگینا لە مانگی یەکەمی سالی ١٩٣١ەوە هیزی ئاسمانی بریتانی چالاکانە بەشداری شەرەکانی کردوە. راگەیاندنیکی رەسمیی (ملاحظیە المطبوعات) لە ١٧ی شوباتدا ئەلی:

((هیزی ئاسمانی بریتانی ٩ جار بۆ پەلامارو نۆرین دەرچوەو، لەسەر داوای وەزارەتی دیفاع رەفیك لە فرۆکەکانی بریتانیا بەستراوە بە رەتلی جەیشی ناسراو بە رەتلی روشدی. ئەم رەتلە بە هۆی خراپی ئاووهەواوە لە ٣١/١/١٧ تا ٣١/١/٢١ لەسەراو مایەوە. هەوالّ هات شیخ مەحمود ئەیەوێ هەلەبجە بگرێ لە ٣١/١/٢١دا رەتلەکە بەرەو هەلەبجە جولاّو چەند پیکادانێ لەگەلّ چەتەکان رویدا، هیزی ئاسمانی لە چەتەکانیدا یەکیکی لی کوشتن‌و یەکیکیشی لی بریندار کردن.

لە رۆژانی ١/٢٤ تا ١/١٦ لەناوچەی سلیمانی‌و پینجویندا بەفریکی زۆر باری‌و لە رۆژی ١/٢٦دا رەتلەکە بەرەو خورمالّ جولاّو دەستی بەسەردا گرتەوەو هەوا خۆش بو و، هەل لەبار بو بۆ لەناوبردنی شیخ مەحمودو چەتەکانی‌و، ریوشوینی تۆ دانراو هیزی جەیش‌و پۆلیس زیاد کراو رەفیکی تری فرۆکەی بریتانی خرایە سەر ئەم رەتلەو سەربازەکان لە خورمالّ مانەوەو ئەوی تری گەرایەوە سەراو و شاملو. ئینجا لە ٣١/٢/١ جەیش چو بۆ گوندەکانی هەورامان، هیزی ئاسمانی بریتانی کەلکیکی گەورەی هەبو بۆ پاراستی ریگەی هاتوچۆ لە نیوان هەر پینج رەتلەکەدا. چەتەکان بە شەو توانیان رو بکەنە پینجوین. جەیشی ئیران لە خواروی مەریوانەوە بەرەو ناوچەی هەورامان جولاّ بۆ گەمارۆدانی شیخ مەحمود لە ١٩٣١/٢/٢دا)).

٣- نوری سەعید لەکاتی گفتوگۆکانیدا لە تورکیا لە ئەیلولی ١٩٣٠دا کە گلەیی دواکەوتنی ئەو ریگەوتنە نەوتییەی لی ئەکەن ئەلی ١٠ قاتی ئیوە ئیمە پەلەی بەستنیمانە، لەو کاتەدا شیخ مەحمود بە گۆشەگیری دانیشت بو.

٣-٣-٣ دەنگدانەوەی لە کابینەو پارلەماندا

کیشەی شیخ مەحمود بو بە گرنگترین پەژارەی حکومەتی عیراق. بەشی چاپەمەنی راگەیاندنی لەسەر جولاّنەوەکانی جەیش بلاّو ئەکردەوەو، رۆژنامەکانی بەغداد لی ئەدوان. ئەم باس لە ئەنجومەنی وەزیران‌و لە مەجلیسی نواب‌و ئەعیاندا باس ئەکرا. هەردوکیان لەوە نائومید بون کە کیشەی شیخ مەحمود بە شەر کۆتایی بێ. ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی ١٩٣١/٣/٢٤دا یەکێ لە بریارەکانی، کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کیشەیە دابوی، ئەوە بو: ئەو ناوچانە چۆلّ بکەن. مەلیك

قەیصەل ئەم بریارەی قوبوڵ نەکر، چونکە لای وابو بە نیشانەی لاوازی حکومەت لیك ئەدریتەوە.

لە مەجلیسی ئەعیانیش‌دا کە داوای زیادکردنی بودجەی ئاسایش‌و سازدانی چەند سەد پۆلیسیکی ئیسترسوار کرا، ئەگەرچی هەندێ لە عەینەکان لە هەلویستدا توندوتیژ بون بۆ دامرکاندنەوەی هەرچی خیراتری شۆرشەکەی شیخ مەحمود، بەلاّم هەندیکیان لایەنگری پیشاندانی نەرمی‌و چارەسەری کیشەکە بون بە ریگای لە یەك گەیشتن، لەم بارەیەوە یەکێ لە عەینەکان وتویەتی: ((... یاخیبونەکەی شیخ مەحمود لە ناوچەکانی سلیمانی‌د لەم پینج شەش مانگەدا رودایك نیە ئەمرۆ قەوما بێ، بەلکو روداویکی کۆنەو نەمانتوانیوە لەم کابرایە بسرەوینین... من راستیی چۆنیەتی کیشەی ئەم کابرایە نازانم ئاخۆ کیشەیەکی شەخسیە یان سیاسیە. ئەگەر کیشەکە سیاسیە تکا لە حکومەتی بەریز ئەکەم لەگەڵ ئەم پیاوەو لەگەڵ ئەوانەی لەگەلین لە یەك بگەن. ئەگەر کیشەی حقوقیە وەلاّمی بدریتەوە تا کەی دەستەوسان رابوەستین‌و ئەم پارەیە بە خۆرایی سەرف بکرێ. تکای خۆی لە حکومەتدا دوبارە ئەکەمەوە ئەم کیشەیە تاووتوێ بکا، ئەگەر لە توانای حکومەتدا نیە بیکوژینیتەوە با رای بگەیەنێ کە ناتوانێ)).

(عەین)یکی تریش ئەلی: ((... ناتوانم لە کیشەی شیخ مەحمود تێ بگەم. لە هەمو هەلیك‌دا بەرگری ئەکاو هیم ئەبیتەوە. پەیمانێ یا ریککەوتنی نەوت دیتە کایەوە، شیخ مەحمود رائەپەرێ. بۆیە ئەبێ لە پیش هەمو شتیك‌دا شیخ مەحمود لە کۆڵ بکەینەوە، یا سەربەخۆیی بدەینێ یان راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە گەلی تیك بگەین)).

بەم پییە ئەگەر شیخ مەحمود بیتوانیایە دریژە بە جولاّنەوەکەی بدا، لەوانە بو حکومەتی عیراق ناچار بێ نەرمی لەگەڵ بنوینێ‌و، گفتوگۆی لەگەڵ دابمەزرینێ.

٣-٤ گەلەکۆمەکێی ٣ قۆڵی

ئیران لە ١٩٢٩دا بە رەسمی دانی بە دەولەتی عیراقدا ناو، پیوەندی دیپلۆماسییان دامەزراند. بریتانیا نفوزی خۆی لەلای ئیران بەکار هینا بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی لەگەڵ جەیشی عیراقی‌دا بکا بۆ سەرکوتکردنی جولاّنەوەکەی شیخ مەحمود. ئیران قایل بو. بۆ ئەو مەبەستە موفەتیشی ئیداری هەیئەتی ئەرکانی عیراق،

که ئەفسەریکی ئینگلیز بو، وە سەرکردەی ناچەی رۆژهەلاتی جەیشی عیراقی چون بۆ مەریوان. لەگەڵ فەرماندەکانی ئەرتەشی ئیران پیک هاتن کە رۆژی ١٤ی مایسی ١٩٣١ لەشکرکیشی هاوبەشی دژی شیخ مەحمود دەس پێ بکەن.

ئەمە یەکەمین جار بو جەیشی عیراق و ئەرتەشی ئیران هاوئاهەنگی جەنگیی بکەن و، ئەمەیش بو بە سەرەتایەك بۆ کاری لەوە دوایان. سالی دواتر کە ئەرتەشی ئیران چوە سەر جەعفەر سولتان، جەیشی عیراق لەسەر داوای ئیران بۆ هاوئاهەنگی هیزی ناردە سەر سنور بۆ ئەوەی ریگەی پەرینەوەی لی بگرێ.

٣-٥ خۆبەدەستەوەدانی شیخ مەحمود: کۆتایی قۆناغیك

هەروەکو عیراق تەنگاو بو بو، شیخ مەحمودیش گیروگرفتی جیددی هەبو. حیزب یا ریکخراویکی سیاسی نەبو پشتیوانی لی بکا. دەولەتیکی دۆستی نەبو یارمەتی بدا یان لەسەر هەلبداتێ. ئەوەی هەیبو هەر ناوونا و بانگی خۆی و ئەو دەرامەتە داراییە کەمە بو، کە هی مولکەکانی خۆی بو. هیرشی بەردەوامی فرۆکەکانی هیزی ئاسمانی بریتانی تەنگیان پێ هەلچنی بو، ئەچو بۆ هەر کۆییەك لە کۆلی نەئەبونەوە. جولانەوەکەیشی لە ناوچەیەکی تەسکی سلیمانیدا قەتیس مابو، نەتەنیەوە بۆ کەرکوك، هەولیر، بادینان. تەنانەت شیخ ئەحمەدی بارزانی، کە لەو کاتەدا حکومەتی عیراق بە یاخی دائەناو، خەریك بو ریوشوینی سەرکوتکردنی دائەنا، نە هیچ هاوکاری یان هاوئاهەنگییەکی لەگەڵ هەبو، نە ئامانجی سیاسی شۆرشەکەیشی وەکو ئەو بو. ئەمانە سەرەرای گیروگرفتی لۆجستیکی نەبونی سەرچاوەی چەك و پارەو خواردن.

شیخ مەحمود هیزەکانی گویزایەوە گەرمیان. لەوەیش مەبەستی ئەوە بو گوشار بخاتە سەر کەرکوك و، ئەگەر بتوانێ کەرکوك بگرێ. هیزی ئاسمانی بریتانی بێ پسانەوەو، هیزی زەمینی جەیش و هیزی پۆلیسی سوارەو هیزی لیڤی بە دوایەوە

بون. له گوندی ئاوباریك قرسەتیان لی هیناو پەلاماریاندا. شیخ مەحمود لەم شەرەدا نەك هەر شاكا، بەلكو لە مەسەلەی كاری چەكدار نائومید بو. هیزەكانی شیخ مەحمود لەگەڵ هیزەكانی عیراق و بریتانیا زۆر نابەرامبەر بون، جگە لەوەیش عەشایەری هاودەنگی شیخ وەكو بەلینیان پێ دابو بە دەنگیەوە نەئەهاتن، عەشایەری لایەنگری حكومەت كەوتنە چەك هەلگرتن دژی جولانەوەكە. شیخ مەحمود گەرایەوە ناوچەی سنور، بەڵام ئەمجارە حكومەتی ئیرانی‌یش هیزەكانی خۆی لە مەریوانەوە هینا بوە سەر سنورو، خۆیان ئامادە كرد بو بۆ لەشكركیشیی هاوبەش. شیخ مەحمود كەوت بوە نیوان دو بەرداشەوە، بەرنگاریی بە بیهودە ئەزانی، بەتایبەتی دوای ئەوە لای وابو ئەو ئیتر ئەركی نەتەوەیی خۆی بەجێ هیناوەو، پەیامی گەلەكەی بە گەلانی جیهان گەیاندوە، بریاری خۆ بەدەستەوەدانی‌دا.

شیخ مەحمود، كە لە مانگی ئەیلولەوە دەستی كرد بوەوە بە شۆری چەكدار، لە ۱۳ی مایسی ۱۹۳۱دا لە پینجوین خۆی بە دەستەوە داو، هەر لەویوە بە فرۆكە كویزایانەوە بۆ خواروی عیراق و لەسەماوە دایان نیشاند. بە خۆبەدەستەوەدانی شیخ مەحمود ئیتر تۆماری خەباتی سیاسی - چەكداری كورد لەو قوناغەدا پیچرایەوەو، بانگی سەربەخۆیی كوردستان و داوای دامەزراندنی حكومەتی سەربەخۆی كوردی، بە یەكجاری خنكا.

بەلگەکانی:
٣- تیهەلچونەوەی شیخ مەحمود

{} **بەشی نامەنوسی نهینی**

س/ ٢٩٨٠

رۆژی ١٠ی ئەیلولی ١٩٣٠

بەریز جەنابی شیخ مەحمود

سلاّوو ریز

ئەبێ هەوالی ئەوەتان پێ گەیشتبێ کە هەندێ نەزان لە شاری سلیمانی لە ٦ی ئەم مانگەدا بە بۆنەی هەلبژاردنی هەیئەی تەفتیشیەوە ئەو دەستدریژییەی لەلایەن ئەوانەوە کراوەتە سەر هیزەکانی پۆلیس‌و جەیش کە حکومەتی ناچار کردوە ریوشوینی تەمێ کردنی ئەو ئاژاوەگیرانە دابنێ کە بەرپرسی ئەم کارە داخدارەن‌و، هیشتا لیکۆلینەوە لەگەلّ ئەوانی تریان بەردەوامە. ئاسایش لەپاش چەند دەقیقەیەك گەراوەتەوە شارو شتێ نەقاوماوە بیشیوینێ.

پییان راگەیاندین هەندێ ئاژاوەگیری کە پیشەیان دروستکردنی گیروگرفتە هەولّ ئەدەن هەوالّ هەلّ ببەستن‌و هانتان بدەن بۆ کردنی کاری پیچەوانەی ئارەزوی حکومەت‌و پیچەوانەی مەرجەکانی ئەو ریککەوتنەی لە ١٩٢٧/١/١٩دا لەگەلتان کراوە. ئیمە باوەرمان بە لیزانی‌و هەلویستی دروستتان هەیەو، باوەر ناکەین شوین هەولی هەندێ پیاوخراپ بکەون، بۆیە ئەم نامەیەمان بۆ ناردن بۆ ناردن داوای خۆ لادانتام لێ بکەین لە هەر شتێ کە هیمنیی‌و ئاسایشی گشتی تیك ئەداو مەرجەکانی ریککەوتنی

گۆریــن هەلئەوەشــینێ، بەمــەش دلســۆزی خۆتــان بــۆ حکومــەت ئەســـەلمینن و بەلینەکانتان بەجێ ئەهینن، لەگەڵ ئەوپەری ریزدا.

وەزیری ناوخۆ جەمیل مەدفعی (عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیە، ص٧٤)

{} وەزارەتی داخلیە

ژمارە: س/٢٥١٣

رۆژ: ١٩٣٠/١٠/٢

بۆ شیخ مەحمود ئەفەندی

بەپێی ئەو موقاوەلەیەی کە لە ١٩٢٧دا ئیمضاتان کردوە بۆ مەوادی خوارەوە تەعەهودتان کردوە:

١- کە خۆت و کورەکانت و ژنەکانت و فاطمە خانی خوشکت لە دێیەکدا دانیشن کە خاریجی حدودی عیراق بیت.

٢- کە خۆت و ئەو کەسانەی لە فەقەرەی یەکەمدا ذیکر کراوە بە ئیذن و موساعەدەی حکومەت داخلی مەملەکەتی عیراق نەبن

٣- کە نە خۆت و نە هیچ کەس لەو شەخصانەی لەسەرەوە ذیکر کراون بە هیچ نەوعێ نە لە لیوای سلیمانی و نە لە جیگایەکی تردا لە عیراقدا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکەن و بۆ ئەم مەقصەدە خەلقی تر تەشویق نەکەن و چە خۆت و چە ئەوان لە هەمو مەسئیلیکی سیاسیە کە عەلاقەی بە عیراقەوە ببێ لە موداخەلە کردنی ئیجتیناب بکەن.

کەذالیکە موافەقەت کرا کە ئەگەر خۆت وە یا هەر کام لەو شەخصانەی کە بەحثیان کرا لە هەر وەقتیکدا یەکێ لەم شەرطانەیان بەجێ نەهینا حکومەتی عیراق هیچ مەسئولییەتیکی بەسەرەوە نەمینێ و هەر ئیجرائاتێ بە لازمی بزانێ بۆ ئیتیخاذ کردنی سەربەست بێ.

ئەگەرچی لە ١٠ی ئەیلولدا لە طەرەف فەخامەتمەئاب موعتەمیدی سامی و وەزیری داخلیەوە ئەو تەعوهدانەی کە داوتانە بە حکومەتی عیراق هینرایەوە بیرتان و ئەگەرچی تەوصیە کران لە کەملی سکونەتدا لە دێی پیراندا بمیننەوە ئیوە گویتان نەدایە ئەو ئیخطارانەو بێ ئیذن داخلی خاکی عیراق بون.

دیسانەوە وەکیلی موتەصەرریفی سلیمانی لە کاغوزی ١٨ی ئەیلولدا ئیخباری کردن کە ئیوە موغایری ئارەزوی فەخامەتمەئابان مەندوبی سامیو وەزیری داخلیە حەرەکەت ئەکەنو شەرایطی ئەو ئیتیفاقنامایەی کە ئیمضاتان کردوە شکاندوتانەو بۆی نوسین کە بۆ ئەو دییە کە خاریجی حدودی عیراقە فەورەن عەودەت بکەنەوەو ئەو ٣ ضابطە کوردە کە لە جەیشی عیراق رایان کردوەو زانرا بو کە لەلای ئیوەن تەسلیمیان بکەنەوە.

ئەم ئەوامیرەی کە وەرتان گرت دیسانەوە خستانە گۆشەی نیسانەوەو لەو وەختەوە بەو غایەی کە شۆرش بەرپا بکەن لە مەناطیقی لیوای سلیمانیدا ئەسورینەوە.

لە ٢ی تشرینی ئەوەلدا تەکلیفی موفەتیشی ئیداری سلیمانیتان کردوە کە لە شاربازیردا مولاقاتتان بکاو موفەتیشی موما ئیلەیهی جوابی دانەوە کە لەبەر ئەوەی بەبێ ئیذنی حکومەت داخلی خاکی عیراق بونو لەبەر ئەوەی ئیطاعەتی ئەو ئیخطاراتو ئەوامیرەیان نەکردوە کە تەوجیهتان کراوە مومکین نابێ کە مولاقاتتان بکاتو دیسانەوە تەبلیغتان کرا کە بیلا تەئخیر بۆ پیران بگەرینەوە.

وا ئیستا عەینی ئەوامیرتان بۆ تیکرار ئەکەمەوە کە بۆ پیران عەودەت بکەنەوەو ئیخطارتان ئەکەم بە گەیشتنی ئەم کاغەزە ئەگەر دەستبەجێ ئیطاعەتی ئەوامیری سالیفولذیکر نەکەن لە حەق خۆتانو ئەتباعتان ئیجرائات ئیتیخاذ ئەکرێو هەر ئەملاکیکتان لەم مەملەکەتەدا ببێ موستەحەقی موصادەرە ئەبێ. وەزیری داخلیە.[٧٣]

{} ئیدارەی موعتەمیدی سامی لە عیراق

تاریخ ٢٠ تشرینی ئەوەلی ١٩٣٠

بۆ شیخ مەحمود ئەفەندی

سەلەفی من چەند کاغەزیکی لە ئیوەوە وەرگرتوە بەلام هەتا لە خاکی عیراق نەچنە دەرەوەو ئەو تەعوهدانەی کە کردوتانەو لە ئیتیفاقنامەی سالی ١٩٢٧دا ئیمضاتان کردوە بە جێ نەهینن پیم ناکرێ موخابەرەتان لەگەڵ بکەم.

دیارە دەر خاطری ئەکەن کە یەکێ لە شەرایطی ئیتیفاقنامەی مەذکور ئەوە بو کە بێ ئیذنی حکومەت داخلی عیراق نەبنو بە هیچ کلۆجێ دەخلتان بەسەر ئیدارەوە نەبێ کە حکومەتی عیراق لە لیوای سلیمانی وە یا لە جیگایەکی تری عیراق تەعقیبی

[٧٣] ژیان، ٢٦٢، ٦ی تشرینی دوەمی ١٩٣٠

ئەکاتو بۆ مەقصەدیکی وەها کەسی تر تەشویق نەکەنو لە مەسائیلی سیاسیەی عیراق خۆتان دور بگرن.

ئیوە بەو ئیخطاراتە کە تەوجیهتان کراوە ئیطاعەتتان نەکردوەو گویتان نەداوەتە ئەو نەصیحەتانە کە لە طەرەف فەخامەتمەئابانو وەکیلی مەندوبی سامیو وەزیری داخلیەوە لە کاغەزی رۆژی ۱۰ی ئەیلولی ۱۹۳۰ بۆتان نوسراوەو دیسان موخالەفەتی ئەوامیری وەکیلی موتەصەرریفی سلیمانیشتان کردوە کە بە تاریخی ۱۸ی ئەیلولی ۱۹۳۰ بۆی ناردونو لەو کاغەزەدا ئەمری پێ کردبون کە ئەبێ دەرحاڵ لە ئەراضی عیراق بچنە دەرەوە وا ئیستا منیش ئەمەوێ ئیشراکی ئەو ئەمرانە بکەم کە لە طەرەف وەزیری داخلیەوە بە ئیوە دراوە بۆ ئەوەی کە فەورەن لە خاکی عیراق بچنە دەرەوەو ئیتر واز لە موداخەلە کردنی ئوموری حکومەتی عیراق بهینن و بەم واسیطەیەوە ئیخطارتان ئەکەم کە عەدەم ئیطاعەت بەم ئەمرانە ئەبیتە موجیبی عاقیبەتیکی وەخیمە بۆ خۆتانو طەرەفدارانتان. مەندوبی سامی عیراق.[٧٤]

{} بەیاننامە بۆ کوردەکانی لیوای سلیمانی

بەپێی ئیتیفاقنامەیەك کە لە سالی ۱۹۲۷دا ئیمضای کردوە شیخ مەحمود تەعەهودی کرد بو کە لە دێیەکدا لە خاریجی حدودی عیراقدا ئیقامەت بکاو بەبێ ئیذنی حکومەتی داخلی عیراق نەبیتەوەو بە هیچ وەسیلەیەك نە لە لیوای سلیمانیو نە لە هیچ جیگایەکی تری عیراقدا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکا.

شیخ مەحمود ئەم شەرطانەی هەمو شکاندەوەو هەرچەند ئەمری پێ کراوە کە خاکی عیراق بەجێ بهیلێ ئیطاعەتی ئەو ئەمرانەی نەکردوە کە دراویتێو لەم چەند هەفتەی رابوردوەدا لە مەناطیقی لیوای سلیمانیدا دەستی کردوە کە لە ضیدی حکومەت شۆرش بەرپا بکا.

لەبەر ئەوە ئەمری پێ کراوە فەورەن خاکی عیراق بەجێ بهیلێو ئەگەر ئیطاعەتی ئەم ئەمرە نەکا لە حەقی خۆیو ئەتباعی ئیجرائاتی لازمە ئیتیخاذ ئەکرێ.

بینائەن عەلەیهی وا ئیخطارتان ئەکەین کە هەر کەس پەنا بدا بە شیخ مەحمودو ئەتباعی وە یا موعاوەنەتیان بکا خۆی توشی جەزای شەدید ئەکا. ۱۹۳۰/۱۰/۲۰.[٧٥]

---

[٧٤] ژیان، ۲٦۲، ٦ی تشرینی دوەمی ۱۹۳۰

[٧٥] ژیان، ۲٦۲، ٦ی تشرینی دوەمی ۱۹۳۰

{} بەیان لە (ملاحظیه المطبوعات)ەوە ١٩٣٠/١١/١٢

حکومەتی عیراقی هێزێکی جەیشی لە سلێمانی سازدا، ئەم دو رەتلەی لێ رەوانە کردون: رەتلی ئەلف بۆ پێنجوێن‌و رەتلی ب بۆ چوارتا.

چەتەکان پێش گەیشتنی رەتلی ئەلف پەلاماری مەخفەری پێنجوێنیان‌دا، بەڵام کوردە موالیەکانی حکومەتی عیراق دەریان کردن. پاش ئەوەی رەتلی ئەلف چەند رۆژێ لە نزیک چوارتا راوەستا بەرەو شوێنێکی نزیکی بەیانان لەسەر روباری سیوەیل کشا.

شەوی ٨ - ١٩٣٠/١١/٩ چەتەکان هێرشیان کردە سەر رەبیەیەکی معەسکەرێکی چەپەك، ئەو رەبیەی بەرگرییەکی ئازایانەیان کرد لە ٦ کەس ٥یان برینداربون بەڵام لە چەتەکان ٢ کەس کوژراو ٢ کەس بیندار بو.

هەردو رەتڵ رۆژانە لە ئاواییەکانی دەوروپشتی بنکەکانیان‌دا خۆیان پیشان ئەدەن‌و کارەکانیان باش ئەرواو لەو پەری هیمەت‌و چالاکی دان. بنکەی هێزی ئاسمانی هاوکاری لەگەڵ هەردو رەتڵ کردوە.[٧٦]

{} راگەیاندنی رەسمیی لە (ملاحظیه المطبوعات)ەوە

لە ١٩٣٠/١٢/١٨دا رەتلێکی جەیش شێخ مەحمودی لە کانیەکی نزیك گوندی حاجی ئاوا دەرکرد، لە کاتێك‌دا جەیش فریای مەخفەری پۆلیسی سورداش لە ٣٦ میل لە سەروی رۆژئاوای سلێمانی کەوت.

چەتەکان لە ١٩٣١/١/٣دا لە دەوری گوندی سەراوی نزیك هەڵەبجە بە ماوەی ٣٧ کم‌و، لە ١٩٣١/١/٩دا دەستیان بەسەر مەخفەری پۆلیسی خورماڵ‌دا گرت‌و، لە ١٩٣١/١/١٠دا هەلیانکوتایە سەر مەخفەری شانەدەری لە ٥ کم سەروی رۆژهەڵاتی سەراو لەسەر رێگەی پێنجوێن‌و، لە ١٩٣١/١/١٢دا رەتلێکی جەیش چوە سەریان.

شەوی ١٣ - ١٩٣١/١/١٤ تاقمێ لە چەتەکان کە پێکهاتبو لە ٥٠ کەس پەلاماری ٣ رەبیەی معەسکەری رەتلەکەی سەراویان‌دا رەبیەکان راویان نان. شەوی ١٥ - ١٦و

---

[٧٦] ندا الشعب، ژ٣٢٨، ١٩٣٠/١١/١٤

١٦ – ٩٣١!/١/١٧ تەقەیان لە معەسکەرەکە کرد یەك سەباز شەهید بو، یەکیکیش لە شۆرشگیرەکان کوژراو چەند کەسیکیشیان بریندار بو.[٧٧]

{} راگەیاندنی رەسمیی ١٩٣١/٢/١٧

هیزی ئاسمانی بەریتانی ٩ جار بۆ پەلامارو نۆرین دەرچوەو، لەسەر داوای وەزارەتی دیفاع رەفیك لە فرۆکەکانیی بەریتانیا بەستراوە بە رەتلی جەیشی ناسراو بە رەتلی روشدی. ئەم رەتلە بە هۆی خراپی ئاووهەواوە لە ١٩٣١/١/١٧ تا ١٩٣١/١/٢١ لەسەراو مایەوە. هەوالٌ هات شیخ مەحمود ئەیەویٚ هەلەبجە بگریٚ لە ١٩٣١/١/٢١دا رەتلەکە بەرەو هەلەبجە جولاٌ و چەند پیکادانیٚ لەگەلٌ چەتەکاندا رویدا، هیزی ئاسمانی لە چەتەکانیدا یەکیکی لی کوشتن و یەکیکیشی لی بریندار کردن.

لە رۆژانی ١/٢٤ تا ١٦/ ١ لە ناوچەی سلیمانی و پینجویندا بەفریکی زۆر باری و لە رۆژی ١/٢٦دا رەتلەکە بەوە خورمالٌ جولاٌو دەستی گرتەوەو هەوا خۆش بو و، هەل لەبار بو بۆ لەناوبردنی شیخ مەحمودو چەتەکانی و، ریوشوینی تر دانراو هیزی جەیش و پۆلیس زیادکراو رەفیکی تری فرۆکەی بەریتانی خرایە سەر ئەم رەتلەو سەربازەکان لە خورمالٌ مانەوەو ئەوی تری گەرایەوە سەراوو شاملو. ئینجا لە ١٩٣١/٢/١ جەیش چو بۆ گوندەکانی هەورامان، هیزی ئاسمانی بەریتانی کەلکیکی گەورەی هەبو بۆ پاراستنی ریگەی هاتوچو لە نیوان هەر پینج رەتلەکەدا. چەتەکان بە شەو توانیان رو بکەنە پینجوین. جەیشی ئیران لە خواروی مەریوانەوە بەرەو ناوچەی هەورامان جولاٌ بۆ گەمارۆدانی شیخ مەحمود لە ١٩٣١/٢/٢دا.[٧٨]

{} بەیان لە (ملاحظیە المطبوعات)ەوە ١٩٣١/٣/١٨

پلانیك دانرا بۆ پاریزگاری مەخفەرەکانی پۆلیسی هەلەبجەو خورمالٌ. لە ١٩٣١/٣/٤دا ئەندازیاری ئەشغال کەلوپەلی پاریزگاری لەگەلٌ خۆی لە سلیمانی هەلگرت و بەرەو خورمال و هەلەبجە چو ٤ سیارەی سریەی رشاشات ئەیانپاراست.

[٧٧] مجلە لغە العرب، ج٢، سالی٢، شوباتی ١٩٣١، ل١٥٨

[٧٨] الاستقلال، ع١٣٥٩، ١٩٣١/٢/١٨

قافلەکە چو بۆ رۆژهەڵاتی هوانە چەتەکانی شیخ پەلاماریاندا. شەر ٧ سەعاتی خایاند ١ زابت سەف شەهیدو ١ سەرباز زامار بو. قوەی سیارە بەرگریەکی توندیان کرد ئینجا قافلەکە لە ١٩٣١/٣/٥دا گەرایەوە بۆ سلیمانی و، لە رۆژی ٣/٧دا رەتلەکە روی کردە هەلەبجە لە لای خواروی رۆژئاوای گوندی ویلەکەوە، دیسان قافلەکە گەرایەوە بۆ سلیمانی و، لە ١٩٣١/٣/١٠دا هیزی ئاسمانی بریتانی لە ناوچەکەو ریگەی سلیمانی هەلەبجەی ئەنۆری لەو ریکەیەدا لە چەتەکانیداو، لە نزیك موانەوە شەریك بو. فرۆکەکان چەتەکانیان لە ١٩٣١/٣/٩دا لە نەوتی لە دۆلی قەرەداخدا بینیی و لییان دان.[٧٩]

{} راگەیاندنێ لە (ملاحظیە المطبوعات)ەوە ١٩٣١/٤/٢٢

چەند کەسێ لە تیرەی شەرەفبەیانی کە عوسمان بەگ سەرۆکیانە تەقەیان لە حەسحەسی پۆلیس کردوە لە ناحیەی هۆرین و شیخان لە خواروی چەمی سیروان و ١ پۆلیسیان کوشتوە. عوسمان بەگ هاواری بۆ شیخ مەحمود بردوە. تاقمێ لایەنگری شیخ مەحمود بە یارمەتی ئەوان و هەندێ کەسی ئیلی جاف چونەتە ناو ناحیەی هۆرین و شیخانەوەو مەخفەری پۆلیسی بیلولەیان ئابلۆقەداو، کەوتنە کۆکردنەوەی باج لە خەلك. هیزی ئاسمانی لە بەغدادەوە نیردرایە سەر یاخیەکان، بەڵام توانییان خۆیان لە فرۆکەکان رزگار بکەن بەوەی پەنایان بردە بەر دیهاتەکانی دەوروپشت.

لە ١٩٣١/٣/٢٤دا بەیانیك بەسەر دیهاتەکاندا بەر درایەوە کە فرۆکەکان بۆردومانی ئەو دییانە ئەکەن کە داڵدەی یاخیەکان بدەن. لە ١٩٣١/٣/٢٨دا فرۆکەکان یاخیەکانیان لە گوندەکانی شاوازی، کانی ماران و نارین بەدی کردو، راپۆرتەکانی مەخفەری پۆلیسیش بونی لەو دییانەدا تەئیید کردو، بۆ وریاکردنەوەیان بەیانیان بۆ بەردرایەوە. خەلك گوندەکانیان چۆڵ کردو داوا لە عوسمان بەگ کرا خۆی بدا بە دەست حکومەتەوە بەڵام رەفزی کردو، فرۆکەکان کاریان کردە سەر ورەی یاخیەکان کە لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان شاردبوەوە، گەمارۆی مەخفەری بیلولە شکینراو، یاخییەکان، لە ئەنجامی بەکارهینانی هیزی ئاسمانیدا، نەیانتوانی ناوەندی قورسایی خۆیان بگویزنەوە خواروی چەمی سیروان.[٨٠]

---

[٧٩] الاستقلال، ع١٥٦٥، ١٩٣١/٣/١٨

[٨٠] الاستقلال، ع١٥٧٨، ١٩٣١/٤/٢

راگەیاندنی رەسمیی لە (ملاحظيه المطبوعات)ەوە

١- راگەیاندنی رەسمیی رۆژی ١٩٣١/٣/١١ کە شێخ مەحمود پەلاماری ئەفسەری ئەشغالی گشتیدا لە نزیك موان لە سەر ریگەی سلیمانی بۆ خورماڵو هەلەبجە، لەبەر ئەوە لە تواناذا نەما لەشکرکیشیی دوا بخرێ.

٢- لە ناوچەی سلیمانیدا جەیش لەگەڵ پۆلیسی سوارە کۆبوەوە.

٣- لە بەیانی ١٩٣١/٣/٢٨دا لەشکرکیشی دەستی پێ کرد. رەتلیکی گەرۆکی پۆلیس لە قەرەداخەوە شۆر بوەوە بۆ دۆلەکەی رۆژهەلاتی شاخی قەرەداخ کە شیخی لێ بو، مەفرەزەکانی پیادە لای خوارویان ئەپاراست. شیخ لە پەیکولی شەری کردو بە شەو لە ریگەی شاخی قەرەداخەوە توانی هەلی. لە ١٩٣١/٣/٣٠دا هیزی ئاسمانی بریتانی شوینەکەیان لە بانی قەرت دۆزیەوەو زۆر بە توندی پەلاماریاندا بەلاّم لە دەس دەرچو چونکە رەتلی گەرۆك بەشاخەکەدا نەیتوانی بگاتە پەیکولی بەرەو بانی قەرتو، شیخ مەحمود لەگەڵ سەید محەممەدە پچکۆل کشایەوە بۆ ناو زەنگنە لە دەوری خان زورو ئیبراهیم خانچی.

٤- قۆناغی دوەمی لەشکرکیشی سەعات ٤٢٠ی رۆژی ١٩٣١/٤/٥ دەستی پی کرد. ئەم رەتلچە گۆپتەپەی بەجێ هیشت بەرەو ناو زەنگنە کە شیخ مەحمودی تیدا بینرا بو. هیزی ئاسمانی بریتانی دیسان توانی شوینەکەی بدۆزیتەوەو گەمارۆی بدا. رەتلی گەرۆك پیشرەوی کرد بەر لە ١٥٠٠ لە چەتەکاندا لە کەریم باسام لیکیاندا و سەعات ١٧٠٠ پیادەو سوارە هیرشیکی پیرۆزیان کردە سەر شیخ مەحمودو چەتەکان لە گوندی ئاوباریك. سیەیەکی سوارە توانی لە خواروی گوندا جیگیر ببێ و فرۆکەکانی هیزی ئاسمانی بریتانیش بە دریژایی هیرشەکە لە ئاسمانەوە بە ئاگرباران پشتیوانی سوارەو پۆلیسی ئەکرد. کە تاریك داهات رەتلەکە گەرۆکەکانی قەلاّی گوندیان بۆ نەگیرا بو کشانەوە دۆلیکی سەروی دییەکە، رۆژی دوایی رەتلەکە توانی گوندەکەو قەلاّکەی بگرێ. تا ئیستا زیانی چەتەکان نەزانراوە کە ئەلین زۆر بوە. زیانەکانی ئیمە لەم هیرشەدا ١ کوژراوو ١٨ بریندار کە دوانیان ئەفسەرن.

٥- لە ١٩٣١/٤/٦دا رەتلەکەمان گوندی ئاوباریکی گرتو کەوتە راونانی چەتەکان کە لە تاریکایی شەودا بەرەو لای رۆژ هەلاّت هەلاّتون.[81]

---

[81] الاستقلال، ع١٥٩٠، ١٩٣١/٤/١٦

{} بریاری ئه نجومه‌نی وه‌زیران له‌ رۆژی ٢٤ی ٣ی ١٩٣١دا له‌سه‌ر کێشه‌ی شێخ مه‌حمود

١- له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و سیاسه‌ته‌ی تا ئیستا جیبه‌جێ کراوه‌ نه‌بۆته‌ هۆی چه‌سپاندنی ئاسایش له‌ لیوای سلیمانی و، دابینکردنی ئاره‌زوه‌کانیان له‌ هیمنی و ئارامی‌دا که‌ ئه‌بێ ئه‌وانیش وه‌کو لیواکانی تر که‌لکی لی وه‌ربگرن و، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دریژه‌دان به‌م سیاسه‌ته‌ ئه‌بێ به‌ هۆی زیاد بونی پشیوی و، له‌ سۆنگه‌ی ته‌ماعی هه‌ندێ که‌سه‌وه‌ ئه‌بێ به‌ هۆی باری قه‌رسی ماددی و مه‌عنه‌وی به‌ پیویستا زانرا له‌و لیوایه‌دا به‌ریوه‌به‌رایه‌تی عورفی له‌و لیوایه‌دا رابگه‌یه‌نرێ و، به‌ریوه‌به‌رایه‌تی شارستانی و سپایی بدریته‌ ده‌س سه‌رکرده‌یه‌کی کارامه‌ی سپایی تا به‌ ته‌واوی کاری جه‌رده‌یی نامینێ و ئارام و ئاسایش ئه‌گه‌ریته‌وه‌ جیگه‌ی خۆی.

٢- ئه‌گه‌ر به‌ریوه‌به‌رایه‌تی عورفی رانه‌گه‌یه‌نرا، سه‌رکرده‌ی سپایی باسکراو هه‌مو ئه‌و ده‌سه‌لاته‌ جه‌زائی و مه‌ده‌نییانه‌ی بدریتێ که‌ له‌ نیزامی ده‌عوی عه‌شائیری‌دا هه‌یه‌، به‌ هه‌مو ئه‌و هۆیانه‌وه‌ که‌ یارمه‌تی ئه‌ده‌ن ئه‌رکه‌کانی به‌جێ بهینێ.

٣- ئه‌گه‌ر هیچ کام له‌م دو ریوشوینه‌ په‌سه‌ند نه‌کرا، له‌باتی ئه‌وه‌ی سامان و سه‌ر بێ هوده‌ به‌ فیرۆ بدرێ، ئه‌نجومه‌ن به‌ باشی ئه‌زانێ ناوچه‌ی سلیمانی چۆڵ بکرێ و، به‌ شیوه‌یه‌کی کاتی هیزه‌کانی حکومه‌تی لی بکیشریته‌وه‌، تا ئه‌و کاته‌ی ریوشوین دائه‌نرێ بۆ گیرانه‌وه‌ی ئاسایش و ئارامی بۆ لیوای ناوبراو.[٨٢]

{} دانیشتنی ٥٤٨ه‌م، رۆژی ٢٩ی ٣ی ١٩٣١

عیزه‌دین ئه‌لنه‌قیب (دیاله‌): پیش چه‌ند رۆژێ مه‌جلیس خه‌رجی ٢ له‌ك و ٧٥ هزار روپیه‌ی په‌سه‌ند کرد بۆ خه‌رجی ئاسایش له‌ سنوره‌کانی سه‌رودا.

سه‌رۆك: روی ده‌می له‌ عیزه‌دینه‌، باسی (فه‌صلی ٥٧ أ) ئاسایشی سنوره‌کانی خوارو.

حاجی سه‌لیم (به‌ریوه‌به‌ری گشتی پۆلیس): بیگومان بارودۆخی سنوره‌کانی خوارو باش بوه‌، به‌لام ئه‌کرێ ده‌س له‌ بادیه‌ هه‌لبگرین دیسان عه‌شایه‌ر په‌لاماری یه‌کتری بده‌نه‌وه‌.

سه‌رۆك: (فه‌صلی ٧٥ ب) ئه‌خوینریته‌وه‌، ئه‌لی: بۆ خه‌رجی سنوره‌کانی سه‌رو ٢٧٥ هوار روپیه‌.

تاقمێ له‌ نائیبه‌کان داوای قسه‌ ئه‌که‌ن.

---

[٨٢] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیه، ط٥ ص١٣٣-١٣٤

عـيزەدين ئەلنـەقيب (ديالـە): وتم مـەجليس خـەرجى سـنورەكانى لاى سـەروى پەسند كرد (كە ٢ لەكو ٧٠ هـەزار روپيە بو). ئـەم خەرجانـەيش وەكـو زانيمـان بـۆ كوژاندنـەوەى شـۆرش يـان يـاخيبون يـان شـەقاوەت، چۆنتـان ئـەوێ نـاوى بنيـن، ياخيبونەكەى شيخ مەحمود لـە ناوچـەكانى سـليمانىدا لـەم پينـج شـەش مانگـەدا روداويك نيە ئەمرۆ قـەوما بـێ، بـەلكو روداويكـى كۆنـەو نـەمانتوانيوە لـەم كابرايـە بسرەوينين... من راستيى چۆنيەتى كيشـەى ئـەم كابرايـە نـازانم ئـاخۆ كيشـەيەكى شەخسيە يان سياسيە. ئەگەر كيشەكە سياسيە تكا لە حكومەتى بەريز ئەكەم لەگەڵ ئەم پياوەو لەگەڵ ئەوانـەى لەگـەلين لەيـەك بگـەن. ئەگـەر كيشـەى حقوقيـە وەلامـى بدريتەوە تا كەى دەستەوسان رابوەستينو ئەم پارەيە بە خۆرايى سەرف بكرێ. تكاى خۆم لە حكومـەت دوبارە ئەكەمـەوە ئـەم كيشـەيە تـاووتوێ بكـا، ئەگـەر لـە توانـاى حكومەتدا نيو بيكوژينيتەوە با راى بگەيەنێ كە ناتوانێ.

صالح جەبر (مونتەفيك): گەورەكانم! چەند رۆژێ لەمەوبەر وتمان سـەرفكردنى پـارەيكى زۆر لـە جـەيشدا بـە خۆرايـى ئـەروا. پييـان وتـين نـەخير ئـەو پارەيـە لـە جـەيشدا سـەرف ئـەكرێ زەروريـەو وتيـان جـەيش خزمەتـەكانى بـە باشـى ئـەكا. حكومـەت ئيستا بـەم فەصلەدا داوا ئەكا هيزيكى تـازە دروست بكـا لـە ٥٠٠ ئيسـتر سوار داواى لى ئەكرێ ئاسايش لە سنورەكانى سەرودا دابين بكـا. لـە ژمـارەى ئـەو ياخييانەمان پرسى كە ئاسايشى سنورەكانى سەرويان تيك داوە، وتيان ژمارەيان لە نيوان ٤٠٠ تا ٥٠٠ كـەس دايـە. مەبەست لە دروستكردنى هيزى ٥٠٠ ئيستر سوار لەناوبردنى ئەم عەسابەيەيە. منيش ئەليم ئەگەر جەيش كە ژمارەى ١٠ هـەزار كـەسو پۆليس كە ژمارەى ٨ هەار كەسە نەتوانن ئەم تاقمە لانو ببەن چۆن ئەتوانين خۆمان قانيع بكـەين كـە هـيزيكى وا بچـوك ئـەتوانێ ئـەم عصابەيـە لـەناو بـەرێ؟ جەيشـيك چەردەيـەكى زۆر پـارەى تيدا سـەرف ئـەكرێ نـەتوانێ ئاسايشـى سـەرو دابـين بكـاو ئيستا بيگۆرين بە هيزيك پىێ ئەلين ئيستر سوار.

سەعد صالح (ديوانيە): نامەوێ ئەو قسانەى دوبارە بكەمەوە كە لەسەر بودجەى وەزارەتى ديفاع كردم، بەلام ئەمەوێ لە كيشەى شيخ مەحمود تێ بگەم كە ئاسايشى عيراق تيك ئەدا. لەهـەر فرسـەتيكدا عيراق هـەنگاوێ ئـەنێو بـۆ پيشـەوەو، لـە هـەمو چورتميكـى سياسـىدا كـە چـاوەرێ ئـەكرێ عـيراقى تـێ بكـەوێ، اسـتغفرالله، شـيخ مـەحمود بەم شـەرزەمەيەوە ديتە پيشـەوە تەگـەرە لـە تەقـەللاكانى حكومـەت ئـەدا. لـە ليژنەى داراييدا لەسەر شۆرشگير ناويان ببەين وتى ئەوانە ئەشقيان. باشە با پييان

بلێین ئەشقیا، ژمارەیان چەندە وەڵامی دایەوە ٤٠٠ یا ٥٠٠. ئاخۆ ئەوانە هێزێکی نهێنیان هەیە یان ئەمە هێزە نهێنیە رواڵەتیەکەیانە.

ئەگەر ناتوانرێ ئەم هێزە رواڵەتیە لەناو ببرێ، هەمویش لایان وایە شێخ مەحمود پشت ئەستورە بەهێزێکی کە، جگە لە هێزی ئەمانە، کەواتە بەر لە وەی ٢ لەك و ٧٥ هەزار روپیە تەرخان بکەین بۆ دروستکردنی هێزی ئیستر سوار بۆ لەناوبردنی شێخ مەحمود، ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە بە ریگەی سیاسی هێزە نهێنیەکەی لەناو بەرین. یان وەزیری دیفاع ئەبێ پێ لەوە بنێ کە ئەم جەیشە کارامە نیەو، بلین هێزەکەی شێخ مەحمود لە ٤٠٠ – ٥٠٠ کەس زۆرترەو دەرەقەتی نایەین و پیویستیمان بە چەندین ئەستوڵ و لەشکری زل هەیە.

ناتوانم لە کیشەی شێخ مەحمود تێ بگەم. لە هەمو هەلیکدا بەرگر ئەکاو هیمن ئەبیتەوە. پەیمانێ یا ریککەوتنی نەوت دیتە کایەوە، شێخ مەحمود رائەپەرێ. بۆیە ئەبێ لە پیش هەمو شتیدا شێخ مەحمود لە کوڵ بکەینەوە، یا سەربەخۆیی بدەینێ یان راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لەگەلی تیك بگەین. ئایا شێخ مەحمود تا هەتایە ئاسایش تیك بداو هەر رۆژێ عیراق ئەچیتە پیشەوە شێخ مەحمود بە دو دەستی ئاسنین ئەیهێنیتەوە دواوە. ئەمە کیشەی ٤٠٠ ئیستر سوار نیە، بەلکو کیشەی ژیانی وڵاتیکە. ئەگەر ئەتوانین لە نوی بەرین یان مافەکانی خۆی بدەینێ.

سەلمان ئەلبەرراك (حیللە): من چی لە دلم دایە دەری ئەبرم و ئەلیم هەمو سالی حکومەت دیت و داوای خەرجی تازە ئەکا بۆ سنورەکانی سەرو بۆ تەمێ کردنی ئەشقیا، نازانم شێخ مەحمود جەردەیە و رێ ئەگرێ، شێخ مەحمود پێی ئەوترێ شۆرشکار دژی حکومەتی عیراق. دوینێ گەمارۆی زریپۆشەکانی داین، ئەوەی کرد کە کردی. هەروەکو وەزیری دیفاع وتی هێزەکەی لە ٤٠٠ – ٥٠٠ کەس تێ ناپەرێ. ئەی ئیمە جەیشیکمان نیە ١٠ هەزار سەربازو ٨ هەزار پۆلیس بە ئەفسەرو بەریوەبەرەکانیەوە ئاخۆ ٥٠٠ پۆلیسی مەشق پێ نەکراو. لە باتی ئەو هەزارانە ٥٠٠ پۆلیس مەشق پێ نەکراو ئەهینن و ئەلین وەرن ببن بە سەرباز بۆ شەری شێخ مەحمود.. فەوجێ لە جەیشەکەمان بە ٤ بە ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر بنیرین بۆ کەرکوك. لەبەر ئەوە پیویست بە پیکهێنانی پۆلیسی ئیستر سوار ناکا چونکە چەکەکانیان تەسلیمی شێخ مەحمود ئەکەن.

حکومەت ئەبێ جەیشی بنیریتە سەرو من خۆم ئەکەم بە قوربانی ئەم جەیشە بۆ ئەوەی... هەمو سالی بە میزانیەیەکەوە بین. بەر لە دو رۆژ ١٠٢ لەك رۆپیەمان بۆ

وەزارەتی ناوخۆ تەرخان کرد. جەیش چی کردوە ئەگەر مەسەلەکە پێوەندی بە شێخ مەحمودو ئەو ٣٠٠ کەسەوە هەیە ئەوا من بە فویەك ئەتوانم دەریان بکەم.

ئەحمەد ئەلجەلیل (موسڵ): ئەمە دە ساڵە ڕوداوەکان دوبارە ئەبنەوەو دوبارە ئەبنەوە. کە لە حکومەت ئەپرسین ئەوانە ئەشقیای یاخین ئەیانەوێ خەڵك لە پارەو کەلوپەل ڕوت بکەنەوە. باوەڕم وایە ڕوداوەکانی سلێمانی ڕوداوی شێخ مەحمود نین...... دەسکەلایەکی ڕوخێنەرە کە بێ شەرەف بۆ لێدانی عیراق بەکار ئەهێنرێ. شێخ مەحمود کێشەی شۆڕشێکی سادە نیە، بەڵکو مەسەلەیەکە لەسەر ڕەفە دانراوە، هەر کات پیویست بو پێی ئەلین هەلسە حکومەت دریخی کردوە......

ئیمە لەبەر دەرگای چونە ناو کۆمەلەی گەلاندا‌ین شیخ مەحمود بەکار ئەهینرێ یان بەکاری ئەهینن بۆ ئەوەی بلین: عیراق هیمن نیەو پریتی لە شۆڕش. ئەگەر حکومەت بیەوێ لەناوی بەرێ، ئەبێ بە تەجنیدی ئیجباری بیفلیقینیتەوە. هەر یەکە لە ئیمە دەس بداتە چەکەکەیو دە ساڵ شەری ئەم شۆڕشگیرە چارەرەشە بکات. حکومەت گرتیو هینای بۆ بەغداد کەچی پێی وت بە سەلامەت برۆ، رۆیشتو شۆڕشی بەرپا کرد.

مەجلیس چوی لە ٣ لەك روپیە یا بە ملیۆنی نیە بۆ سەلامەتی عیراق. حکومەت چۆن لەگەڵ ئەم شۆڕشگیرەی کە ٤٠٠ کەس زیاتر هیزی نیە گفتوگۆ ئەکا. من داوا لە حکومەت ئەکەم ئەو ئەندامە ببرێ کە کلۆر بوە یان سیل رزاندویەتی.

موزاحیم پاچەچی (وەکیلی وەزیری ناوخۆ): حکومەت سپاسی مەجلیس ئەکا سەبارەت بە بایەخ دانی بەم کیشەیە. لە هەمو دەولەتیکدا، چەند پیشکەوتویش بێ، ئەم جۆرە جولانەوانەی تیدا ئەقەومێ، لەلای حکومەتی عیراق گرنگی نیە. لام وایە برا کوردەکانمان لە سیاسەتی شیخ مەحمود رازی نینو لی مورتاح نین. جەیشو پۆلیس خەریکی کارەکانیانن، ئەبێ ئەوە بزانن شیخ مەحمود شۆڕشەکەی لە وەرزی زستاندا جەس پێ کرد. ئەم وەرزە بۆ جەیش سەختەو ریگەو بانی ولاتەکەیش سەختەو، شەری عەصابات لەم جۆرە ناوچانەد ئاسان نیە. ئەوەی نائیبی موسڵ وتی کە شیخ دەسکەلایە بە دەس هەندێ لایەنەوە هەر کاتێ بیەوێ بەکاری ئەهینێ، من باوەر بەمە ناکەم. شیخ لە رابوردودا دژی عوسمانیەکانو بریتانیەکانو دژی عیراق هەستاوە. حکومەت هەندێ ریوشوینی کاریگەری داناوەو، ئەوەی ویستم بیلیم لە کاتیکدا حکومەت لە ناوچەی سلیمانیدا لەباری سیاسیەوە مەبەستیکی تایبەتی بۆ

ئەوەی تیکەڵو پیکەلی سیاسی ناو دەولەتان، پاش سێ چوار رۆژی تر ئەنجامەکانی لەم بارەیەوە ئەبیستن. شیخ مەحمود خۆی بە شۆرشو یاخیبونەوە گرتوە.[٨٣]

{} **تەبلیغی رەسمی:**

ئەو ئالای سواری لەگەڵ قوەتی پۆلیس کە لەژیر قوماندەی عەقید (قائممقام) ئیسماعیل نامیق بەگدا بو لە تاریخی ٥ی نیسانی ١٩٣١ رویان کرد بوە ئیستیقامەتی دێی ئاو باریك کە ئیستخبار کرا بۆ شیخ مەحمود خۆیو ئەتباعی لەوینو قوەتی مەذکورە دێی ئاوباریك ئیحاطە ئەکەنو لە طەرەف طەییارەشەوە موتەمادیەن ئەشقیاکانو دەوروپشتی جێی مەذکور بۆمباردومان ئەکەن. وە لە پاش نیوەرۆوە هەتا تاریکە شەو بە شیدەت موصادەمە دەوام ئەکات. قوەتی جەیش بە دەرەجەیەکی کە شایانی ئیفتیخار بیت ئیبرازی شەجاعەتو بەسالەت ئەکەنو لەم موصادەمەیەدا ٤ عەسکەرو ١ ضابط شەهیدو ١٤ عەسکەرو ١ ضابط بریندار ئەبیت.

تەلەفیاتو خەسارەتی شیخ مەحمود جیددەن زۆرو بە دەرەجەیەك ئەبیت کە تەنها دێی ئاوباریك لە ئەششقیاکان ١٠ کوژراوو مەیتی دو کەس لە روئەسا کە یەکیکیان شیخ عەلی کوری رەحیم کە خزمی شیخ مەحمودە لە بەینی ئەم کوژراوانەدا دینراوە.

وە لە ریگای کە ئەشقیاکان فیراریان لی کردوە خوینیکی زۆر دیار بوە کە دەلالەت لەسەر ئەمە ئەکات کە شیخ مەحمود تەلفیاتیکی زۆری داوەو برینداریکی زۆی لەگەڵ خۆی نەقڵ کردوە.

ئەو عەشائیرەی کە موعاوەنەتی شیخ مەحمودیان ئەکرد هەمو بڵاوبونەوە. ئیستا شیخ مەحمود تەنها لە نەجات دانی رۆحی خۆی زیاتر شتیکی تر تەفەککور ناکات.

ئەمرۆ مەوثوقەن زانیومانە کە شیخ مەحمود تەنها لەگەڵ ٥ و ١٠ سواریدا لە شاخی قەرەطاغ تێ پەریوە.

قوەتی جەیشو پۆلیس بۆ مەحوکردنی شیخ مەحمودو ئەتباعی بە شیددەت لە تەعقیب دایەو مەحوکردنیان قەوییەن مەئمولە.[٨٤]

---

[٨٣] جلسه مجلس النواب فی ١٩٣١/٣/٢٩، ص٦٧١ – ٦٧٧

{} شەشەمین کۆبونەوەی ئاسایی مەجلیسی ئەعیان

مەحضەری ٣٨ەمین دانیشتن، رۆژی پینجشەمە، ١٩٣١/٥/١٤ بەرامبەر ٢٦ی زیحەجەی ١٣٤٩ه.

سەرۆکی وەزیران: ئەگەر مەجلیسی بەریز ریگە بدا وتارەکەم بدەم دەربارەی روداویٚ کە پەیوەندی بە یاخی شیخ مەحمودو سەرئەنجامی کارەوە هەیە.

دەنگەکان: باشە!

سەرۆکی وەزیران: گەورەکانم! ئەو کارانەی جەیشی عیراقی بە هاوکاری پۆلیس و هیزی ئاسمانی ئەنجامیدا سەرکەوتنی تەواوی بەدەس هینا. دوینیٚ شەو شیخ مەحمود خۆی تەسلیمی سەرکردەی حامیەکەی پینجوین کرد بە چەند مەرجیٚ کە حکومەت بەسەریدا سەپاند بو. ئەو مەرجانەیش ئەوەیانی ژیانی پاریزراو بیٚ و هیچی تر، حکومەت نیاوی وایە شیخ لەگەلٚ خیزان و منالەکانی بکویزیتەوە بۆ شوینیٚ دور بیٚ لە دیجلە. بە زۆری شوینی دانیشتنی لەسەر فورات دیاری ئەکریٚ. حکومەت لە هەمان کاتدا بیری لەوە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی جاریکی تر نەگەریتەوە ناوچەکەی خۆی، قانونیٚ دابنیٚ ئەم کابرایە تا هەتایە لەویٚ دابنیشینیٚ، بە شیوەیەکی قانونی بهیلریتەوە لەو شوینەدا. ئیستا حکومەت هیچ قانونیکی لەبەر دەس دا نیە جگە لە قانونی عەشائیر کە ئەتوانریٚ بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهینریٚ، بەلاٚم ئەم قانونە لەوانەیە ئەگەر ئەمسالیش هەلنەوەشینریتەوە لە دوا رۆژدا هەلبوەشینریتەوە. ئەوسا حکومەت هیچ دەسەلاٚتیچکی قانونی بە دەستەوە نامینیٚ شیخ مەحمود ناچار یا وا لیٚ بکا لەویٚ بمینیتەوە، لەبەر ئەوە بیر لە ریگەیەکی قانونی ئەکاتەوە تا ئەم پیاوە لە ژیاندایە لەو جییە بهیلیتەوە کە بۆی دیاری ئەکا.

لە هەمان کاتدا ئەم هەلە بە دەرفەت ئەزانم سوپاسی حکومەتی عیراق بە مەجلیسی بەرزتان رابگەیەنم، ئەتوانم لەوەیش تیبپەرم لەباتی حکومەتی عیراق سوپاسی گەلی عیراق پیشکەش بە حکومەتی ئیرانی بکەم کە ئەرکی خۆی بەجیٚ هینا و بە بەشداری ئەوان لەگەلٚ هیزەکانی ئیمەدا هەولەکانی ئەم دواییە سەرکەوت و، ئەگەر ئەو شەوە شیخ مەحمود تەسلیم نەبوایە بە دو هیز پەلامار ئەدرا: هیزی عیراق لە لایەکەوەو هیزی ئیرانی لە لایەکی کەوە. ئەمەیش گرنگترین هۆ بو پالی بە شیخ مەحمودەوە نا پەنا بینیٚ و خۆی بەدەست هیزەکانی عیراقەوە بداو، مەرجەکانی حکومەتی عیراق قوبولٚ بکا، کە گویتان لیٚ بو.

---

[84] ژیان، ژ٢٧٩، ١٦ی نیسانی ١٩٣١

ئاصەف ئەفەندی: لام وایە مەجلیسی بەرز ئەم کارە سوپاسکراوە ئەنرخێنێ و لە خوا ئەپاریتەوە شتێ دوبارە نەبیتەوە ئاسایش تیك بداو ولات بۆ هەمیشە بحەسیتەوە.

مەولود پاشا: بە بۆنەی دركاندنەكانی فەخامەتی سەرۆكی وەزیران حەز ئەكەم داوا لە حكومەت بكەم، كە بەتەنیا هەر شیخ مەحمود نەگرێ، بەلكو هەمو ئەوانەیش كە یارمەتی شیخ مەحمودیان داوەو هانیان داوە. هەندێ كەس هەن حكومەت لەوان باشتریان ئەناسێ. بەناوی مەجلیس و گەلی عیراقەوە كە بەم جولانەوانە ئیشاوە پیویستە بدرینە دەس قانون بۆ ئەوەی ئەم روداوانە دوبارە نەبنەوە، بە تایبەتی بۆ ئەوەی ناحەزیی و خوینرژان و ئەم جۆرە روداوە دلتەزینانە زۆر بن یا كەم. لە كاتیكدا ئیمە ئەزانین چەندین پشتە لە نیوان ئیمەو برا كوردەكانماندا جگە لە دۆستایەتی و تەبایی شتیكی تر نەبوە، هیچ كاتێ شتێ روی نەداوە ببیتە هۆی حزازات بۆیە داوا لە حكومەت ئەكەم تەعقیبی ئەو خائینانە بكا كە خۆیان بە جۆریكی جیاواز لە روالەتی راستەقینەی خۆیان پیشان ئەدەن.

سەرۆكی وەزیران: مەجلیسی بەرز دلنیا ئەكەم كە حكومەت ئەم پیویستە جیبەجێ ئەكا لەو كاتەدا فەرمان دەرچوە، تەنانەت ئەم بەیانیە دوا فەرمان دەرچوە من هەیئەتیكم ناردوە بۆ لیكۆلینەوە، هەمان مەبەست جیبەجێ ئەكا كە عەینی بەریز فەرمویان ئەویش ئەوەیە هەر كەس لەم روداوانەدا بەشداری شیخ مەحمود بوبێ یا هانی دابێ بداتە دەس عەدالەت و دادگا. مەجلیس ریگەم بدا كە رونی بكەمەوە مەبەستی حكومەت ئەوەی سزادان عادل بێ، لە هەمان كاتدا سەخت بێ.

حاجی حسین چەلەبی شەبوط: (ولكم في القصاص حياه يا اولي الالباب). لە راستیدا شیخ مەحمود تاوانیكی گەورەی كردوە، بەلام لەباری سەرنجی من و فەلسەفەوە، ئەوانەی هانیان داوە تاوانەكەیان لە هی ئەو گەورەترە. پشتیوانی قسەكەی هاوكارم مەلود پاشا ئەكەم كە ئەو نۆكەرانە بدرین بە دادگا بۆ ئەوەی بیانكا بە پەند بۆ خەلكی تر بۆ ئەوەی ئەم بیرە پیسە بمرێ و كەس هەلی نەگرێ و، بەكیتی عەرەب و كوردو ئەوانی تر لە هەمو جۆرە پەلەیەك پاك بێ. دادگا بۆ سەندنی ماف ئەبێ بەزەیی نەزانێ. داوا لە حكومەت ئەكەم ئەم ریوشوینانە بگرێ بۆ ئەوەی رزگارمان بكا لە رژانی خوین و بەختكردنی پارەو خەریككردنی بیر.[٨٥]

---

[٨٥] ملحقی وقائع، ژ٩٩٢، ٨/١٩٣١/٦/٨، ل٤٧٣

{} **خۆبەدەستەوەدانی شیخ مەحمود**

(ملاحظیه المطبوعات) ١٩٣١/٥/١٦

شیخ مەحمود بەو مەرجانەی حکومەت بەسەریدا سەپاند خۆی بە دەستەوەدا. ئیستایش بە ریگاوەیە بۆ شوینی دانیشتنی کە حکومەت بۆی دائەنێ و ئەم شوینەش بە زۆری لەسەر کەناری فورات ئەبێ.[٨٦]

{} **لە هال** (J. H. Hall) **ەوە**

بۆ کادۆگان (Cadogan)

داونینگ ستریت

٢٠ی مارتی ١٩٣١

زۆر سپاس بۆ نامەی ١٨ی مارتت لە بابەت پیشنیارەکانی بەفدادەوە بۆ لەشکرکیشی چاوەروانکراو لە کوردستانی عیراقدا لەم بەهارەدا.

ئەتوان باش تێ بگەم لەو پەژارەیەی لە ترسی ئەوەی لەشکرکیشییەکە کە لە سەرەتادا مەبەستی سەرکوتکردنی شیخ مەحمودە، لەوانەیە ببێ بە اجائاتی عسکری و بتەنیتەوە بۆ سنوریکی فراوان، انطباعیکی وا بدا کە ئەمە محاولەیەکە بۆ سەپاندنی سیاسەتیکی ناشەعبی نەویستراو بە زۆر، بەسەر کوردا.

هەروەکو ئەبینی لە ئەنجامگیریەکانی کۆنفرەنسی ١٣ی جەنیوەریدا کە لە بارەگادا بەسترا، بە تحدید دانراوە کە نابێ هیچ لەشکرکیشییەك بکرێ دژی شیخ مەحمود، یان لە ناوچەکانی بارزان و پشدەردا، بەبێ موافەقەتی تەواوی حکومەتی خاوەن شکۆ، پیرەوی کردنی ئامۆژگاریەکانی مەندوبی سامی سەبارەت بە رەفتاری سیاسی لەگەڵ کورد لەلایەن حکومەتی عیراقەوە. ئەم مەرجانە ئەبێ زەماناتی کافی بن دژی کاری سپایی گەوجانەی حکومەتی عیراق.

لەبابەت ناوچەکانی بارزان و پشدەرەوە، من رونی ئەکەمەوە کە شیخی بارزان و خەلکەکەی لە چەند سالی رابوردودا لە دۆخی یاخیبونیکی پچرپچردا بون و، ناوچەی پشدەریش هەرگیز نەهینراوەتە ژیر کۆنترۆلی بەریوەبەرایەتییەوە، بەلکو وەکو پەناگا

---

[٨٦] **عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیه، ط٥٩، ص٣٤٠**

لەلایـەن بـاندی عـیراقی و ئـیرانی و تورکیـەوە بـەکار هیـنراوە، ئەمـەیش بۆتــە هــۆی احراجیکی ئاشکرا بۆ حکومەتی عیراق. هیچ گومانی تیدا نیە کاتی ئەوە هاتوە کە هەردو ناوچە بهینرینە ژێر بەریوەبەرایەتییەکی کاریگەرەوە. ئیمەیش مایلین بە لای موافەقەتدا لەگەڵ تۆ کە مەترسی ئەوە هەیە کە هەر کاریکی لەو بابەتەی حکومەتی عیراق، لەم کاتەدا، لەوانەیە لە جنیڤ بە خراپ پیشان بدرێ وەکو اجرائاتی قمعی دژی هەستی نەتەوەیی کورد. لەبەر ئەوە ئەبێ ئامادە بین کە مەندوبی سامی ئاگادار کرا کە ئیمە پشـتیوانی لـە ئەنجامگیریـەکانی کۆنفرەنسـی بارەگـا ئەکـەین، بـۆ ئـەو پیشنیارەی کە لـە پیش پەسـەند کردنـی هیـچ فراوانکردنیکـی اجرائات دژی شـیخ مەحمود بۆ ئەوەی کاری عسکری دژی عەشایەری بارزان و پشدەر بگریتەوە، ئەبێ ئـەم مەترسـیەی لـەبیر بـێ و، تـەنیا کاتـێ بچیتـە نـاو کـاریکی وەهـاوەو، هیزەکـانی ئیمپراتۆری هاوبەش بکا، ئەگەر لەو باوەرەدا بێ کە زۆر زەرورییە.

بەشـکو وابکـەی کـە مـن بـزانم ئـاخۆ ئەمانـە لەگـەڵ پیویسـتیەکانی حالەتەکـە ئەگونجین؟(FO371/15311).

{} لە وەزارەتی دەرەوە بۆ هال (J. H. Hall)

٢٤ی مارتی ١٩٣١

کادۆگان لە پاریسە، لەبەر ئەوە نامـەی ژمارە ٣١/٨٨٠٦٩ی ٢٠ی مارت کە بۆ ئەوت نوسی بو، لەبابەت لەشکرکیشی چاوەروانکراوەوە دژی کوردەکان، من وەڵامـی ئەدەمەوە.

ئەو بە چاکی پـەی بـەوە ئـەبا کە ((پاککردنـەوە))ی ناوچەکانی بارزان و پشدەر زەروریـەو، موافیقە رینماییـەکانی کە تـۆ پیشـنیارت کـردوە بنـیردرێ بـۆ هــەمفریس (Humphrys) بــە شــیوەیەکی کــافی لەگــەڵ پیویســتیەکانی حالەتەکــەدا ئەگونجێ.(FO371/15311).

{} تەلەگرام لە مەندوبی سامی عیراقەوە بۆ سکرتێری دەولەت بۆ کاروباری کۆلۆنیەکان

ڕۆژی ٩ی مایسی ١٩٣١. لە سەعات ١،٥٢ی دوای نیوەڕۆی ٩ی مایسدا گەیشتوە.

ژمارە ٢١٨ بە ناونیشانی سکرتێری دەولەت بۆ کاروباری کۆلۆنیەکان، دوبارە بۆ تاران ژمارە ٢٩. تەلەگرامی ژمارە ١٩٥ی من:

حکومەتی ئێران موافیقە لەسەر هاوئاهەنگی سپایی کە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە پێشنیاری کرا بو. لە ٥ی مایسدا ئەفسەری عیراقی فەرماندەی ناوچەی ڕۆژهەڵات هاوڕێ لەگەڵ موفەتیشی بەریتانی هەیئەتی ئەرکانی جەیشی عیراقی، پێکەوە فەرماندەی ئێرانییان لە مەریوان بینی و گەیشتنە ڕێککەوتنێك بۆ هاوئاهەنگی داهاتوی هێزەکانی ئێران و عیراق. یەکەمین لەشکرکێشی هاوبەش ئەبێ لە ١٤ی مایسدا جێبەجێ بکرێ. لەهەمان کاتدا حکومەتی عیراق کە لە پەیوەندی دایە لەگەڵ شێخ مەحمود دوا فرسەتیان داوەتێ بۆ خۆبەدەستەوەدان پێش ئەو کاتە.(FO317/15311).

{} ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا

لە پەیامنێرمانەوە

بەغداد، ٢٠ی مایس

ئەم وردەکاریانەی خوارەوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی شێخ مەحمود، سەرکردەی یاخی کورد، لە چەند سەرچاوەیەکی نارەسمییەوە کۆکراوەتەوە:

هێزە سەربازییەکانی ئێران لە نزیك گوندی پیرانی سەر سنوری ئێران جێگیر بوو بوون کە شێخ مەحمود وەك پەناگە هەلیبژارد بو، ڕۆژی ١٤ی مایس ئێرانییەکان ڕایانگەیاند بە نیازن شێخ مەحمود لە خاکی ئێران دەرپەرینن. هێزەکانی عیراق پلان و نەخشەیان دانا بوو هاوزەمان هێرش بکەنە سەر دیوی سنووری عیراق ئەگەر شێخ هەولی پەرینەوەیدا.

رۆژی ١٢ی مایس شیخ مەحمود، کە داوای کردبوو لە خاکی عیراقدا کۆنفرانسیك ساز بکریت، ریگەی پەرینەوەی پیدراو بە سواری لە پیرانەوە گەیشتە پینجوین و لەوێ لەلایەن موتەصەرریف،کاپتن هۆلت و سکرتیری مەندووبی سامی لە خۆرهەلآت پیشوازی لیکرا. پیّی راگەیانرا کە دەبیت بەبێ هیچ مەرجیك خۆی بەدەستەوە بدات بەلآم گرەنتی سەلامەتی خۆیی و خیزانەکەی دەدریتێ. شیخ وتی لەوانەیە پیشنیازەکە قبوولْ بکات بەلآم داوای کرد ریگەی بدریت لەسنوری ئیرانەوە بگەریتەوە بۆ ئەوەی لەگەلْ لایەنگران و خیزانەکەیدا هەمو شتیك ریکبخات.

رۆژی ١٣ی مایس هیچ شتیکی نوێ لەبارەی شیخەوە نەبیسترا، هیزەکانی عیراق و ئیران بەردەوام بوون لە خۆ ئامادەکردن بۆ هیرشیکی هاوبەش لە رۆژی داهاتوودا ئەنجامی بدەن. بەیانی رۆژی ١٤ی مایس هیزەکان لە هەردوو دیوی سنورەوە ئامادەبوون بۆ جولآن کاتیك پەیامیکی بە پەلە گەیشتە ئەو ئەفسەرەی فەرماندەیی هیزەکانی عیراقی دەکرد، کەوا لە نیوە شەوی رابردوەوە شیخ بە سواری بەرەو پینجوین ریکەوتوەو لە مالیکی بچوکی قورینْدا نوستوە. پاش کۆنفرانسیك بێ هیچ مەرجیك تیکرای بە مەرجەکانی حکومەتی عیراقی قایل لوو، بەلآم داوای کرد کە نابیت هیچ پاسەوانیکی سوپای عیراقی یاوەری بکات بۆ شاری سلیمانی. لەبەر تۆماری شیخ، هەر چۆنیك بوایە پاسەوان شتیکی زۆر پیویست بوو. لە بەرامبەر شوین خستنی سوارەی عیراقی، کە لە بەشیکی ریگادا بەرەو سلیمانی پاسەوانی کرد، شیخ مەحمود دەستی کرد بە گریانیکی قوولْ و لە پاسەوانەکە پارایەوە بیکوژیت، ئاشکرایە ئەوەی رەچاوکردوە رۆیشتن بەناو چیاکانداو لەژیر پاسەوانی سوپای عیراقدا سووکایەتی کردنیکە بە کەرامەتی کە ناسریتەوە.

بە دریژایی ریگا بەرەو سلیمانی دیلەکە (شیخ مەحمود) لە هەمو شوینیك گەورەترین دلنەوایی و شیوەنی لەلایەن هەموانەوە بۆ کرا، دانیشتوانی سلیمانیش هاتنە دەرەوە بۆ سلاو لیکردن و ماچکردنی دەستەکانی. دەستبەجێ گویزرایەوە بۆ ناو فرۆکەکە، کاپتن گۆوان و موفەتیشی ئیداری سلیمانی یاوەرییان کردو فرکەکە بەرەو بەغدادی بردو لەوێ پاش وەستانیکی زۆر کورت، فرین بەرەو ئوری گالدمیل. هەمو گەشتە ٦٠٠ میلییەکە لە پینجوینەوە بە یەك رۆژ ئەنجامدرا.

لەوانەیـە خـۆ بـە دەسـتـەوەدانی شـیخ مـەحمود ئـەنجامی گرنـگو سـەرەکی لێ بکەویتەوە سەبارەت بە هیمن کردنەوەی کوردستانی باشور. خۆبەدەستەوەدانی شیخ کۆتایی هاتنی، لەوانەیە بۆ ماوەی چەند سالیك، بەرەنگاری ریکخراو دژ بە حکومەتی عیراق دەگەیەنیت. گومانی تیدا نییە، بە هەمو شـیوەیەك بـەدریژایی تەمـەنی ئـەم نەوەو ئیدارەی ئیستا، هـەرگیز حکومـەتی عیراق لـەناو کوردستاندا پشتگیری خـەلك بەدەست ناهینیت، بەلام ئەندامە وریاکانی ناو دانیشتوانی کورد درك بەوە دەکـەن کـە ناعەدالـەتی بـۆ عامـەی خـەلك لـەژیر دەسـەلاتی بـەغدا کـەمتر دەبیـت لـەوەی دەکـرا چاوەروان بکریت ئەگەر یاخی بوونکەی شیخ مەحمود سەربکەوتایە.

رۆژنامەی تایمز، ۲۱ی مایسی ۱۹۳۱

-کوردو مەلیك فەیصەل

٤-١ فەیصەل و کیشەی کورد

فەیصەل (١٨٨٣ – ١٩٣٣) پیاویکی ژیرو دنیادیدەی خاوەن تەجروبە بوە. لە سەردەمی عوسمانیدا چەند سالێ لە ئەستەمولّ بـو. زولـمو زۆری نەتەوەپەرستە ئیتیحادیەکانی تورکی دی بو. لەکاتی یەکـەمین جـەنگی جیـهانیدا، ئـەم یـەکێ بـو لەوانەی شەریف حسەینی باوکی هاندا، بۆ راگەیاندنی شۆرش و هاوکاری لەگـەلّ ئینگلـیز دژی دەولـەتی عوسمـانی، بـە هیـوای بەدەسـهینانی سـەربەخۆیی ولاّتـانی مەشـریقی عـەرەبی. شۆرشـەکەیان جەزرەبەیـەکی کوشـندەی لـە بناغـەی دەولـەتی عوسمانیدا.

دوای تـەواو بونـی یەکـەمین جـەنگی جیـهانی حکومـەتیکی عـەرەبی لـە سـوریا دامـەزراندو خۆی بە مەلیکی، بەلاّم هیزی فەرەنسـی چـوە سـەری و حکومەتەکـەیان تیکداو خۆیان بە شکاوی راونا. بریتانیا بۆ ئەوەی پاداشتی ئەم بنەمالەیە بداتـەوە، سەبارەت بە هاوکارییان لـە سـەردەمی جـەنگدا، لـە حیجـازەوە فەیصـەلیان هینـا، بێ ئەوەی خۆی خەلکی عیراق بێ، یا ئاشنا بێ بـە دانیشتوانی عیراق، عەرشی عیراقیـان پێ بەخشی و کردیان بە مەلیك.

رەنگە فەیصەل، لەچاو زۆری سیاسیەکانی ئەوسای عەرەبدا، لە هەمویان زیاتر گیانی لیبوردنی نەتەوەیی، دینیی و مەزهەبی تێدا بوبێ و، هـەولیکی زۆری داوە کـە میللـەتیکی یـەکگرتو لـە دانیشـتوانی عـیراق پیـك بـهینێ، بـەلاّم عـیراق کـە ولاّتیکـی

تیکەڵاو بو لە ئیل، نەتەوە، دین و مەزەبی جیاواز، بەم یەك نەخراو، لە دوا سالی تەمەنیدا، بە نائومیدیەکی قولەوە بەم جۆرە وەسفی میللەتی عیراق ئەکا:

عەرەبیەکەی: ((في اعتقادي لا يوجد شعب عراقي بعد، بل توجد كتلات بشرية خالية من فكرة الوطنية، مشبعة بتقاليد واباطيل مذهبية لا تجمع بينهم جامعة، سماعون للسوء، ميالون للفوضى، مستعدون دائما للانقضاض على اية حكومة كانت)).

کوردیەکەی: ((بە باوەری من هیشتا شتیك نیە پێی بوترێ گەلی عیراق، بەلکو چەند تۆپەلیکی مرۆیی هەیە کە بیری نیشتمانپەروەرییان تێدا نیە، پرە لە نەریت و پروپوچی مەزەبی، شتیك نیە کۆیان بکاتەوە. بۆ خراپە گوێ قوڵاخن، حەزیان لە ئاژاوەیە، هەمیشە لەسەر پین بۆ پەلاماردانی حکومەت، ئیتر هەر حکومەتێ بێ)).

فەیصەل، تەجروبەی ئیتیحادیەکانی لەبەر چاو بو، کە چۆن بو بە هۆی رەنجاندنی گەلانی نەتورکی ناو دەولەتی عوسمانی، لەم بارەیەوە لەو میوانداریەدا کە بۆ مەندوبی سامی کرد لە وتارەکەیدا وتی: ((ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەلوەشا چونکە سیاسەتیکی نەتەوەیی توندرەوی گرت بو، لەبەر ئەوە عیراق بەرامبەر بە کورد سیاسەتیکی وەکو ئەو ناگرێ)) هەروەها وتی: ((باوەرم وایە کە یەکێ لە گەورەترین فرمانەکانی عەرەبیکی عیراقی ئەوەیە، هانی برای کوردی عیراقی بدا سور بێ لەسەر نەتەوەکەی خۆیو، بیتە ژیر ئالای عیراقەوە)).[87]

لیکۆلەرەوەیەکی عیراقی نوسیویتی: ((هەلویستی مەلیك فەیصەل لە کیشەی کورد لەوەدا کورت ئەکریتەوە پێ داگرتن لەسەر مانەوەی ناوچەی کورد بە بەشیکی لە جیابونەوە نەهاتوی عیراق لە چوارچیوەی (الحكم الذاتي)داو قەناعەتی تەواوی هەبو کە کورد ئەبێ هەمو مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆی هەبێ)).[88] وە لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزییشەوە ئەگیریتەوە کە مەلیك فەیصەل لە ئابی ١٩٢٣دا بە شیخ مەحمودی وتوە لەگەڵ ئەوەیە کورد لە چوارچیوەی دەولەتی عیراقدا حوکمی زاتییان بدریتێ. لەو کاتەدا، کە ئەم باسی ئەکا، شیخ مەحمود لە شۆرشدا بوەو، هیچ سەرچاوەیەکی تری بەردەست پشتیوانی ئەم ئاگاداریە ناکا. یان ئەگەر ئەو کاتەیش فەیصەل بیرورایەکی وەهای هەبوبێ دوایی گۆریویتی. فەیصەل لە مافی

---

[87] علاء جاسم محمد، الملك فيصل الاول حياته ودوره السياسي في الثورة العربية وسورية والعراق ١٨٨٣ – ١٩٣٣، بغداد ١٩٩٠، ل٢٤٠

[88] علاء جاسم، ل٢٣٩

یەکسانی هاوولاّتیتیو، بەکارهینانی زمانی کوردی زیاتر تیّ نەپەریوە بۆ سەلماندنی مافی سیاسیو بەریوەبەرایەتی، چ جای ئۆتۆنۆمی. ئەمەیش لەو گفتوگۆیەدا باشتر رون ئەبیتەوە کە لەگەڵ مەندوبی سامیدا کردویەتیو، بە راشکاوی مەترسیی خۆی لەوە پیشان ئەدا کە مەسەلەی کورد لە عیراقدا، ببیتە هۆی تیکدانی نیوانی عیراق لەگەڵ دراوسیکانی: تورکیاو ئیرانو، سەرەنجام عیراق لە شەرەوە بگلینیّو، لە پەراویزی ناسینی رەسمیی زمانی کوردیدا لای وابوە کە دانی هەر ئیمتیازیك بە کورد، ئەبیّ بەهۆی ئەوەی داوای ئیمتیازی زۆرتر بکەن، تا ئەگا بە داوای سەربەخۆیی.

٤-٢ قانون اللغات المحليه

یەکیّ لەو کارانەی کە نوری سەعید بە رەزامەندی مەلیك فەیصەل، لەسەر داوای کاربەدەستانی ئینگلیز، ئەنجامیدا، دانانی قانونیّ بو بۆ ناسینی زمانی کوردی بە رەسمی، کە بە ناوی (قانون اللغات المحلیه)وە لە ٢٣ی مایسی ١٩٣١دا دەری کرد. پیش ئەویش سەروەزیرانی پیشو عەبدولموحسین سەعدون لەبەردەم مەجلیسی نوابدا ئەم مافانەی بۆ کورد سەلماند بو و، رینمونی جیبەجیکردنی نارد بو بۆ وەزارەتەکانی.

مەبەست لە دەرکردنی قانونەکە دەمکوتکردنی داواکارانی مافی نەتەوەی کوردو، خۆشکردنی زەمینەی لەشکرکیشی بو بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشەکەی شیخ مەحمودو هەر جولاّنەوەیەکی چەکداری تری کورد. حکومەتی بریتانی ئەیویست مافی سیاسی کورد بۆ دامەزراندنی حکومەتی تایبەتی خۆی، بگۆریّ بۆ کاروباری دامەزراندنی فەرمانبەرانی کوردو بەکارهینانی زمانی کوردی لە قوتابخانە، دادگاو دائیرەکانی هەندیّ ناوچەی کوردستاندا، بەتایبەتی لەو شوینانەدا کە جولاّنەوەی نەتەوەیی کوردی تیّدا بەهیز بون. بیگومان ئەم کارانە بەشیّ بون لە مافەکانی کورد، بەلاّم نەیئەتوانی نیشتماپەروەرانی کورد تیر بکاو نەئەتوانی کیشەی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکا.

لەگەڵ هەمو ئەوانەیشدا (قانون اللغات المحلیه) کە لەسەر پیشنیاری ئینگلیزو بەپرسو رای ئەو دەرچو، چەندین کەموکوری تیّدا بو:

١– قانونەکە لەباتی ئەوەی دان بە زمانی کوردیدا بنیّ وەکو زمانیکی نەتەوەیی (لغە قومیە)، بە زمانیکی ناوچەیی (لغە محلیە) لە قەلەمیداوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەیش

ئازادی داوە بە کوردەکانی بادینـان، لـەباتی زمـانی بـاوی نوسـینی کـوردی عـیراق، لەهجەی تایبەتی خۆیان بەکار بهێنن.

٢- ناوچەی بەکارهێنانی تەسك کردۆتەوە.

لە گەرمیان، هیچ کام لەو ناوچانەی نەگرتۆتەوە کە ئەو زەمانە چالاکەکانی کورد داوایـان کـردوە بـە نـاوی لیـوای باجەلانـەوە دروسـت بکـرێ لـە قـەزاو ناحیـە کوردنشینەکانی لیواکانی دیالەو کوت: خانەقین، کفری، مەندەلی، بەدرە...

لە بادینان، قەزای سنجارو...

٣- هیچ کۆریکی زمانەوانی بۆ گەشەپیدانی زمانی کوردی دروست نەکرد، وەکو بۆ زمانی عەرەبی دامەزراند.

تۆفیق وەهبی کە زمانەوانیکی شارەزا بو، لە یادداشتەکەیدا بۆ کۆمەلەی گەلان ئەلی ئەم قانونە ئاژاوەی زمان دروست ئەکا

دواتر، ئەم قانونـە بـە کـردەوە تـەنیا لـە لیـوای سلیمانیو چـەند جییـەکی کـەمی هـەولیردا جیبـەجێ کرا، ناوچە کوردنشینەکانی لیواکانی کـەرکوك، موسـڵ، دیالـەو کوت، بێ بەش کران، بەلکو لەوساوە ئیتر حکومەتی عیراق کەوتـە دانـانی ریوشـوینی دەرکردنی کوردو نیشتەجێ کردنی عەرەب لە هەندێ شوینی گرنگی کوردستاندا.

رەوتی سەلماندنی زمانی کوردی، لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە، وەکو زمانیکی رەسمـیو، هەولـەکانی کـورد خـۆیو هەلویسـتی جیـاوازی کاربەدەسـتو سیاسـیو رۆژنامەوانـەکانی عـەرەبو گفتوگۆکـانی نـاو هـەردو مەجلیسـی نـوابو ئـەعیانو، لیدوانـی رۆژنامـەکانی بـەغدادو، بیروبۆچونی کاربەدەستانی بریتـانیو، هەلویسـتیان لـەم کیشـەیەدا، خـۆی باسـیکی تایبەتیـە ئـەهینێ لیکۆلینەوەیـەکی سـەربەخۆی بـۆ تەرخان بکرێ.

٤-٣ جەیشی عیراق

لە کۆنفرەنسی قاهیرەدا بریتانیا بۆ ئەوەی ئـەرکی سـوكو مەسـرەفی کـەم بیتـەوە بریـاریدا لـە عـیراق جەیشـیك پیك بهینرێ. ئەم هەوالـە نەتەوەپەرسـتەکانی عـەرەبی خۆشحاڵ کرد. دوای دامـەزراندنی حکومـەتی عیراقو تـەتویجی فەیصـەل بـە مـەلیکی عیراق، یـەکێ لـە هەولـەکانی نەتەوەپەرستەکانی عـەرەبو فەیصـەل بـۆ دامـەزراندنی جەیشیکی بەهیز، لە ریگـەی تـەجنیدی ئیجباریـەوە، تـەرخان کـرا. قانونی تـەجنیدی

ئیجباری مشتومریکی زۆری دروست کردو، عەشایەری جنوب بە توندی دژی بون، زۆری نائیبەکانی کوردیش دژی راوەستان، بە روالەت لەبەر خاتری عەشایەری کوردو، لە راستیدا لەبەر خاتری ئینگلیز، چونکە لەو کاتەدا ئینگلیز تەجنیدی ئیجباری پێ باش نەبو. بەلآم سەرەنجام کرا بە قانونو سەپینرا.

هەر لە سەرەتاوە بریتانیا ئەرکی پاراستنی عیراقی بەرامبەر هەلگەرانەوەی ناوخۆو، دەسدریژی دەرەکی گرتبوە ئەستۆ، راستیەکەیشی عیراق هیچ مەترسیەکی راستەقینەی هیرشی دەرەکی: تورکیا لەلای سەرویەوەو، ولآتانی خەلیج لەلای خوارویەوەو، ئیران لەلای رۆژهەلآتو، سوریا لەلای رۆژئاوایەوە لەسەر نەبو.

لیکۆلەرەوەیەکی عیراقی نوسیویتی: ((مەلیك پێی باش نەبو پەنا بۆ هیزی بریتانی بەرێ تەنانەت ئەگەر عیراق بە تەنگوچەلەمەیەکی ناوخۆیشدا برۆیشتایە، لای وابو ئەگەر عیراق نەتوانێ ئاسایشی ناوخۆی بپاریزێ، شایستەی سەربەخۆیی نیە)) نوسەر لەسەر ئەرواو ئەلی: ((فەیصەل سەیری لی هات بریتانیا بە تەمابێ، حکومەتی عیراق داوای یارمەتی جەنگیی لی بکات بۆ سەرکوتکردنی عیراقییەکان)).[89]
ئەم بۆچونە، بیگومان، راست نیە چونکە:

١- فەیصەل نەك هەر پەنای بۆ بریتانیا بردوە یارمەتی جەنگیی بدا بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی عیراقو، سەرکوتکردنی هەمو پشێوییەك، بەلکو بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشەکەی ١٩٣١ی شیخ مەحمود پەنای بردۆتە بەر ئیرانو، بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشەکەی ١٩٣٢ی شیخ ئەحمەدی بارزانی پەنای بردۆتە بەر تورکیایش.

٢- مەلیك فەیصەل لەو یادداشتەدا کە پیش مردنی بۆ هەندێ لە سیاسیەکانی عیراقی نوسیوە، بە داخەوە باسی لاوازی جەیش ئەکاو، ئەلی ئەبێ جەیشیکمان هەبێ ئەگەر لەیەك کاتدا لە دو شوینی دور لە یەکتری عیراقدا ئاژاوە هەلگیرسا بتوانێ هەردوکیان بەیەکەوە بکوژینیتەوە.

ئەرکی سەرەکی ئەم جەیشە هەر لە سەرەتاوە، وەکو مەلیك فەیصەل ویستی، پاراستنی دەولەتی عیراق بو لە مەترسی ناوەکی، کە یەکێ لە هەرە گرنگەکانیان مەترسی کورد بو. لە دوای داگیرکردنی سلیمانی جەیشی عیراق خۆشترین دەشتی

[89] علا جاسم محمد: ل٣٠٤

سلیمانی، کانی ئاسکانی، کرد بە سەربازگەیەکی هەمیشەیی. هیزیکی گەورەی تیّدا کۆ کردەوەو، فەرماندەیی ناوچەی رۆژهەلاّت (امریه المنطقه الشرقیه)ی لی دانا. بەلاّم ئەو جەیشەی کە فەیصەل بە یارمەتی ئینگلیز بۆ پاریزگاری رژیمی پاشایەتی و سەرکوتکردنی هەلگەرانەوەی ناوخۆ، بە تایبەتی هی کورد، دروستی کرد، ئەگەرچی لە دامرکاندنەوەی درندانەی شۆرشەکانی کوردا، لەو رۆژەوە (فەوجی ئیمام موسای کاظم)یان دامەزراند تا سەر، هیچ دریخیەکی نەکرد، بەلاّم هەمان جەیش لە ١٩٥٨دا تۆوی مەلیك و نەوەو وەچەکانی بریەوە. ئەو درندەیەی ئەو بەخیوی کرد پیش هەرکەس سەری منالەکانی خۆی خوارد!.

٤-٤ فەیصەل مەلیکی سلیمانی

سلیمانی گرییەکی خر بو لەسەر دلی فەیصەلدا. لەو پرسە گورگانەیەدا کە ئینگلیز لە سلیمانی کردیان بۆ ئەوەی بخریتە سەر عیراق بە (لام باش نیە) وەلاّمیان دایەوە. لە ٢٠ی جولای ١٩٢١دا کە حاکمی بریتانی ئەشراف سلیمانی بانگ کرد لییان بپرسیّ: ((...ئایاکو لیوای سلیمانی بۆ مەلەکیەتی ئەمیر فەیصەل رەئی ئەدەن یان نا؟ لەلایەنی کۆمەلەکەوە جواب درایەوە: چونکە لیوای سلیمانی جیاوازە لە حکومەتی عیراق پیویست نیە رەئی بدەن بۆ دانانی مەلیك. لەبەر دوری لە ئیمەوە کردەوەو چۆنیتی (حەضرەتی ئەمیر فەیصەل)یش نەناسراوە، جا لەبەر ئەوە بۆمان نیە لەو روەوە بدویین!)).[٩٠]

سالی ١٩٢٤ فەیصەل کە هاتە کەرکوك بۆ یەکەم جار ئالاّی عیراقی لی هەلکرد، بەلاّم لەبەر بونی شیخ مەحمود لەناوچەکەدا نەیتوانی سەردانی سلیمانی بکا. ئەمجارە ئیتر ریگەی بۆ تەخت بو بو، بە (خەیالی رەحەت) هاتە سلیمانی و پیشوازی شاهانەی لی کراو، بەم بۆنەیەوە شیعرو سرود خویندرایەوە. ئەویش یەکیّ لە بەناوبانگترین وتارەکانی لەم بۆنەیەدا دا، وتی: ((دین بۆ خوایەو نیشتمان بۆ هەموانە)) ئەم سەفەرەی فەیصەل بۆ ئەوەبو کە نیشانی بدا ئیتر سلیمانیش وەکو هەمو لیواکانی تر بەشیکی لە جیابونەوە نەهاتوی مەملەکەتی عیراقە. لە وتارەکەیدا بەم بۆنەیەوە وتی: ((هیچ شوبهەی نیە کە هەر یەك لە ئیوە ئەیزانیت کە حکومەتی عیراق قبولی تەجزیئەو تەفریق ناکات، وە بە ئیعتیباری عوموم حکومەتی عیراق بۆتە

[٩٠] پیشکەوتن، ژ٦٦، ٢٨ی جولای ١٩٢١

جوزئيكی لايەتەجەزەئیو لەبەر ئەمە مەحالە کە سەکەنەی ئەلويەی جنوبيە بتوانن، بیٚ ئەوەی ئەم ليوايە جوزئيك لە وەطەنەکەيانو بەدەستيانەوە بيت لە ئەمنيەتا بژينو کەذا موستەحيلە بۆ ئەهالی ئەم ليوايە کە يەك رۆژ بتوانن، بە هەر شکڵو وەضعيەتيك بيت، بە جيا لە وەطەنی عيراقیو لە برا عيراقيەکانيان بژين. ئەمە حەقيقەتيکی ئەوەندە ئاشکرايە کە هەمو عيراقيەك ئەيزانيتو ئەقوامی سائيرەش ئيشتيراکيان ئەکات. لەسەر ئەم ئەساسە حکومەتی عيراقيە تەئەسوسی کردوەو لە ئيستيقباليکی نزيکا لەناو ئومەمی سائيرەدا بە ئيستيقلالو وەحدەتەوە ئەخذی مەوقيع ئەکات)).

هەر لەم سەفەرەیدا سەردانی هەلەبجەيشی کرد، ئينجا گەرايەوە بۆ پايتەخت.

٤-٥ نە ئەو بەهارەو نە ئەو هەوارە

دوای خۆبەدەستەوەدانی شيخ مەحمود، موزاحيم پاچەچی، وەزيری ناوخۆی عيراق، لە مايسی ١٩٣١دا، چۆ بۆ سەردانی سليمانی. لە وتارەکەیدا بۆ خەلکی سليمانی وتی:

((لە بەعضيکم بيست – و طەرەفداری باوەر پیٚ کردن نيم – کە بەعضیٚ لە برا کوردەکانمان مەظبەطەيان بۆ بەعضیٚ جيگا تەقديم کردوە لەو مەضبەطانەدا بەيانيان کردوە کە حکومەتی عيراقيە لە خصوص کوردەکانەوە موخالەفەتی تەوصياتی عيصبەتول ئومەمی کردوەو لەبەر ئەوە طەلەبی تەئليفی حکومەتيکی کورديەيان کردوە لە ژير حيمايەو ئينتيدابی بەريطانيادا)).

((رجا ئەکەم ئەوەی کە بيستومە راست نەبیٚ چونکە بە راست دەرچونی زۆر موتەئەثيرم ئەکات بە صيفەتی ئەوەی کە دۆستو برايەکی ئوممەتی کوردم بەوەی کە شوهرەتو شەرەفی لەکەدار بکات)).

((تەوصياتی عيصبەتول ئومەم مەعلومو زانراوە ئەگەر موقارەنەی بکەن لەگەڵ ئەوەی کە لەم وڵاتەدا جاريەو تەطبيق کراوە بۆتان مەعلوم ئەبیٚ کە حکومەتی عيراقيە هەرچی لەسەری بە فەرض گيراوە هەموی ئيجرا کردوەو لە حوسنی نيەتو ئيخلاصیدا لیٚی زياد کردوە)).

پاش پاچەچی مەليك فەيصەل چوە سليمانی. بەراوردی ئەم سەردانەی پاچەچیو مەليك لەگەڵ سەردانی ئەمير غازی لە تەموزی ١٩٣٠داو، دوای ئەو

سەردانی وەفدی وەزاری لە ئابی ١٩٣٠دا، دەری ئەخەن کە چ گۆڕانیکی بنەڕەتی بەسەر کەشی سیاسی ئەم ناوچەیەدا هاتوەو، جولاَنەوەی کورد لە چ قۆناغیکی تیشکانو نائومیدیدا بو.

سەرانی کورد لە سلیمانی، بۆ پیشوازی لە غازیو دوای ئەو لە وەکیلی سەرۆکی وەزیرانی عیراقو وەکیلی مەندوبی سامی، پیشتر بەیانی سیاسییان دەرکرد بو، خواستە نەتەوەییەکانی کوردیان تیدا رون کردبوەوە، بە خۆپیشاندانی سیاسی پیشوازییان کردنو، لە گفتوگۆکاندا داوای سەلماندنی ماف کوردیان ئەکرد بۆ دروستکردنی حکومەتیکی کوردی لەژیر چاودیری کۆمەلەی گەلاندا.

بەلاَم ئەمجارەیان منالاَنی مەکتەبەکانو، موچەخۆرەکانی حکومەت بۆ پیشوازی رۆتینیو گۆرانی وتن بە بالاَی مەلیکدا برا بونو، خواستەکانیش بریتی بون لە: تکای لیبوردنی گیراوەکانو، کردنەوەی هەندی ریگا لە نیوان سلیمانیو قەزاکانیدا...

ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسی کورد لە عیراقدا قۆناغیکی سەختە.

کاری پارلەمانتارانی کورد لە مەجلیسی نوابی عیراقیدا بە هەرەشە بیدەنگ کرا بو، خەباتی سیاسی ناوشاری خەلك لە ٦ ئەیلولدا لە خوینو زینداندا نقوم کرا، خەباتی چەکداری شیخ مەحمودو هاوکارەکانی بە تیشکانو خۆ بەدەستەوەدان تەواو بو، عەریزەی گەورەکانی کورد بۆ کۆمەلەی گەلان بە رەت کردنەوە وەلاَمی درا بوەوە... ئەمانە نائومیدییەکی قولیان لە دەرونی چالاکەکانی کوردا رواند بو. زۆری ئەوانەی بەشداری جولاَنەوەی سیاسی کورد بون تەکینەوە. هەندیکیان لە دەزگای بەریوەبەرایەتی عیراقدا بە فەرمانبەر دامەزرانو، هەندیکیان خەریکی بازرگانیو کارو کاسبی بون، بە کورتی لە ژیانی گشتی کشانەوەو، خەریکی دابینکردنی ژیانی تایبەتی خۆیان بون.

بەلگەکانی:

٤- کوردو مەلیك فەیصەل

{} تیبینی لەسەر چاوپیکەوتنی مەندوبی سامی لە عیراق لەگەڵ مەلیك فەیصەل لە ٢٠ی مەی ١٩٣٠دا.

کوردەکانی عیراق

مەندوبی سامی بە بیر خاوەن شکۆی هینایەوە ماوەیەك لەمەوبەر موافەقەتی کرد دواتر پرسی کوردەکانی عیراق باس بکەن. لەو کاتەوە، هەلی بۆ رەخسا لیکۆلینەوە لە پرسەکە بکاو، وەکو پیشنیاری کرد بو بە زویی بچێ بۆ گەشتێ لە ناوچە کوردیەکاندا. لای وایە باش ئەبێ، ئەگەر خاوەن شکۆ موافیق بێ، مەسەلەکە باس بکەن. دریژەی بە قسەکانیدا حکومەت کاریکی باشی کردوە بەیانی دەرکردوە نیازی هەیە قانونیك دەربکا کوردی بکا بە زمانی رەسمی لە ناوچە کوردیەکاندا، بەلام لای وایە درکاندنەکانی تری سەرۆکی وەزیران دەربارەی دامەزراندنی فەرمانبەران لە ناوچە کوردیەکاندا... کە مەرج بێ بە رەگەز کورد بن بەلکو تەنیا کوردی بزانن، بۆ نمونە پیویست ناکا، ئەبوایە دوابخرێ بۆ دوای جیبەجیکردنی قانونی پەیماندراو.

مەلیك وتی بە تەواوی موافیقە کە حکومەتی عیراق ریگە بدا بە بەکارهینانی زمانی کوردی وەکو زمانیکی رەسمی بەلام ترساوە لە چالاکیەکانی ژمارەیەك لە

کۆمەلە سیاسی کوردیەکان، کە بونیان لە عیراقدا ئەترسیٚ زەرەر بدا لە پیوەندیەکانی عیراق لەگەڵ ئیران و تورکیا. گەورەترین جیاوازی لە بۆچونەکانی حکومەتی عیراق و بارەگادا ئەوە بو حکومەتی عیراق قەناعەتی وایە ئەو (مسکن)انەی ئیستا پیشنیار کراون بۆ ماوەیەکی دریژ کورد رازی ناکا، دوای هەمو (تنازل)یك داواکانی ئەوان زیاد ئەکا، تا لە دوایی‌دا دەس ئەکەن بە تیکۆشان بۆ یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی، کە لەوانەیە عیراق لە شەرەوە بگلینیٚ لەگەڵ ئیران و تورکیا. لەلایەکی ترەوە بارەگا لای وایە کە ئەشیٚ کورد وەکو سکۆت لە بریتانیای گەورەدا رەفتاری لەگەڵ بکریٚ، بەلاّم جیاوازی لە پایەی ئەم دو گەلەدا ئەوەندە گەورەیە کە بەراودر کردنیکی نەشیاو بیٚ بۆ ئەوەی ببیتە ریٚ پیشاندەری سیاسی.

مەندوبی سامی رونی کردەوە کە بە تەواوی لە سنورداریی هەر بەراوردیك ئەگا لە نیوان هەلویستی سکۆت لە مەملەکەتی یەکگرتو و کورد لە عیراقدا. بەلاّم مۆرالی پیوەندی بریتانی لەگەڵ سکۆت ئەو رەفتارە هەلسەنگیراوە بوە تیکەلاّو لەگەڵ سەلماندنی ماف پاراستنی کەسایەتی نەتەوەیی و نەریتەکانی خۆیان هەمویانی یەك خستوە بە نزیکی لەگەڵ ئینگلیز، ئەو لای وایە کە سیاسەتیکی وەها بەرامبەر بە کورد هەمان ئەنجامی ئەبیٚ بۆ عیراق.

ئەگەرچی خالی سەرەکی ئەو ئەوە بو کە شتیکی بنچینەییە حکومەتی عیراق ئەو بەلینانە بە جیٚ بهینیٚ کە بە کوردی داون. ئەو سیاسەتەی کە راگەیەنراو بو سیاسەتیکی دروست بو بەلاّم ماوەتەوە سەر ئەوەی ببینریٚ کە جیبەجیٚ ئەکریٚ.

خاوەن شکۆ وتی بە تەواوی موافیقە لەگەڵ مەندوبی سامی بەلاّم هیشتا وا هەست ئەکا کە چالاکیەکانی کۆمەلە سیاسیە کوردیەکان سەرکوت بکرین چونکە زەرەر لە عیراق و زەرەر لە کورد خۆیشیان ئەدەن.

مەندوبی سامی بیری خاوەن شکۆی خستەوە کە کاریکی خیرا بکریٚ لەلایەن بارەگا و حکومەتی عیراقەوە بۆ ئەوەی ریٚ بگرن لەوەی عیراق کە بەکار بهینریٚ وەکو پەنجەی پیلانی پان - کوردی دژی دۆستە دراوسیکانی، بەلاّم رونی کردەوە لە کاتیکدا کە موافیقە لەسەر ئەوەی هاندانی دوژمنانە دژی دراوسیکانی سەرکوت بکرین، لای وایە پیویستە جیاوازی بکریٚ لە نیوان ئەو کۆمەلە سیاسیانەدا ئەوجۆرە چالاکییانە ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە ئامانجەکەیان داکۆکی رەوایە لە بەرژەوەندی

کورد لەناو عیراقدا. لەهەمان کاتدا خالی گرنگی راستەقینە بە کردەوە ئەوەیە کورد نائومید نەبن لەو بەلینانەی عیراق پێی داون. ئەو بەلینانە ئەبێ، ئەوەندەی بکرێ بە زویی، بەجێ بهینرین: لە روی سەرەتاییەوە قانونی زمانو دروستکردتی ناوچەی پەروەردەیی کوردی.

مەلیك موافیق بو و وتی هیوادارە کە مەندوبی سامی ئاگاداری بکا ئەگەر لای وا بو حکومەتی عیراق دوا کەوتوە لە بەجیهینانی پەیمانەکانیدا بەرامبەر بە کورد.(FO371/14521).

{} بەیانی رەسمی:

زمانی کوردی زمانیکی رەسمییە: وەزارەت پاش ئەوەی کاروباری گرتە دەست دی بایەخ بدا بەو شتانەی گرنگو دلنیاکەری ئارەزوو ئاواتەکانی گەلن، لەوانە هەندێ مەسەلە کە پیوەندییان بە بەشێ لە دانیشتوانی لیواکانی سەرەوە هەیە لەبەر ئەوە بریاریدا کە لائیحەیەکی قانونی حازر بکاتو بیخاتە بەردەم کۆبونەوەی هاتوی مەجلیسی ئوممە زمانی کوردی بکا بە زمانیکی رەسمیی لە شوینە کوردییەکاندا بەپێی ماددەی ١٧ی قانونی ئەساسی. حکومەت گەرەکیتی پیرەوی بەرنامەیەك بکا لەگەڵ گیانی ئەو بەلینانەدا بگونجێ، کە پیشتر دابوی بە کوردەکان لە عیراقدا.[٩١]

{} هەنگاویکی ئومیدبەخشو مژدەیەکی خۆش بۆ کوردەکان

لەناکاودا غەزەتەکانی بەغداد مژدەیەکی بەهەمو مەناطیقی کوردەواریدا بلاو کردەوەو هەمو میللەتی کورد لە خۆشی ئەم خەبەرەو ئەم مژدەیە وەکو گوڵ گەشانەوەو عومومی کەوتنە شاییو کەیفخۆشیەوە.

ئەم مژدەیە ئەمەندە موهیمو خۆش بو کە ئەوەلەمین ئارەزویەك کە کوردەکان مودەتیکی زۆر ئینتیظاری ئەکەن هینایە جێ.

وا ئاشکرا حکومەت رەسمەن ئیعتیراف کرد بە رەسمیەتی زمانی کوردیو بۆ ئەو قیسمە کوردەواریەی کە لەگەڵ عیراقا ئەژین. وە ئەم ئیعتیرافەوو ئەم قەرارە صفەتیکی مەشروعیەتی پێ ئەدرێ، ئەکرێ بە قانونو لە ئەوەلەمین ئیجتیماعی مەجلیسی ئوممەتدا تەصدیق ئەکرێو بەم سەبەبەوە کوردەواری نائیلی حەقیکی مەشروعی خۆی ئەبێ.

---

[٩١] البلاد، ع١٢٨، ١٠/٤/١٩٣٠

عمومی کوردەواری بەرامبەر بەم قەرارەو بەم خەبەرە بە جان و دڵ تەشەکوری حکومەت وە بیلخاصە قابینەی عالی و عادلەی نوری پاشا ئەلسەعید ئەکات. حەقیقەتەن لە هەمو کوردیکەوە مەعلوم بو کە ئەم قابینەیە فکریکی عالی هەیەو ئەیەوێ بۆ بەرزو بلندی عیراق ئەو ئەسبابانە مەحو بکاتەوە کە هەتاکو ئیستا ئەم دو میللەتەی لەیەك دلگیر کرد بو، وە لی ی مەعلوم بو کە ئیتیحادو یەك فکری و یەك وجودی ئەم دو میللەتە بەوەوە ئەبێ کە محافەظەی حقوقی میللی و عەنعەناتی کوردەکان بکرێ. وا شوکر ئەم قابینە تازەیەمان بۆ ئەم غایەیە ئەوەلەمین خەطوەی هاویشت و بەرامبەر بە حکومەتی عیراق مەحببەتیکی تەواوی خستە دلی کوردەکانەوە.

هەرچەند لەپیشەوە پیویست بو موافیقی قەراری عیصبەتول ئومەم و ئیعترافاتی عیراق ئەم حقوقە بە کوردەکان بدرێ، بەڵام هەتاکو ئیستا فیعلەن لە بەعضێ مەناطیقی کوردیەدا موهمەل مابوەوەو عەمەلی پێ نەئەکراو ئارەزوی کوردەکان نەهینرا بوە جێ و، عەلاوەتەن ئەم مەسئەلەیە کەسبی قانونیەتی نەکرد بو و، بەم سەبەبەوە ئیتیحادیکی تەواو لە بەینی ئەم دو میللەتەدا پەیدا نەبو بو.

ئیستا کە قابینەی عالی و عادلەی نوری پاشا ئەلسەعید لە پیش هەمو شتیکا دەرکی بەمە کردو، ئەسبابی ئەم عەدەمی مەحەببەتەی بەینەی دۆزیەوە. حەقیقەتەن وەکو بۆ عیراق بە خەطوەیەکی گەورە عەد ئەکریت، ئیلەل ئەبەد کوردەکانیشی مەمنون کردو بەم سەبەبەوە ئیتیحادیکی تەواوی خستە بەینی ئەم دو میللەتەوە.

کوردەواری هەمو وەقتیك بەدڵ و بەگیان ویستویانە کە لەگەڵ عەرەبا ئیتیحادو تەوحیدی مەساعی بکەن و بەم سایەیەوە حکومەتیکی چاك و مونتەظەم بە ناوی (عیراق)ەوە بیننە وجودو دائیمەن هەمو فەردیکی کورد ئەهمیەت و لزومی ئیتیحادی کوردو عەرەبی دەرك کردوە.

لەم عەصری میللیەتەدا کوردیش هەمو وەقتیك شعوریکی پاك و بلندی میللی تیا مەوجودە، هەروەکو ئارەزومەندن بۆ ئیدامەی یەکیتی لەگەڵ عیراقا - عەرەبدا لە عەینی زەماندا بە ئیشتیاق و پەرۆشیکەوە ئەیشیانەوێ محافەظەی هەمو عەنعەناتی میللیەو شەرافەتی قەومیەی خۆیان بکەن.

بینائەن عەلەیهی وەکو ئەم قابینە تازەیە ئەم نوقطەی ئیتیصال و ئیتیحادەی دۆزیەوە لازمیشە ئیتر لەمەودوا بە دائیمی سەعی بکرێ بۆ ئیتیحادی ئەم دو جەرەیانەو بە دانی حقوقیکی مەشروعەی میللەتی کورد ئیتیحادیکی تەواو لە بەینی

ئەم دو میللەتـەدا تـەئمین بکرێ کە نەتیجە لـەم ئیتیحادو مـەزجی ئـەم دو میللەتـەدا کیتلەیـەکی موتەفیقـەو یـەك غایـە بهینریتــە وجـودو، ئەمــەیش هــەر بــەم جوزئــی ئیهتیمامەوە دیتە وجود، فائیدەو مەنفەعەتی ئەم ئیتیحادە بۆ طەرەفەینە، بۆ هەردولا ئەبێ بە موجیبی بەرز بونەوە، باخصوص بۆ تەرەقی و تـەعالی ئەم حکومەتـە گەنجـەی عیراقە ئەهمیەتیکی حەیاتیەی هەیە.

چونکە بە واسیطەی دۆستایەتی قەومیکی جەسورو جەنگاوەری وەکو کوردەوە دائیمـەن حـدودی شـەرقی و شـیمالی عـیراق بەرامبـەر بـە هـەمو خەطـەریك مـەحفوظو موئتمـەن ئـەبێ جگـە لەمـەیش لـە جامیعـەی عـیراقدا لـە جیـاتی بونـی عونصوریکـی نامەمنون برایەکی پر مەحەببەت و پر جددیەت دیتە وجود.

ذاتەن ئەهمیەتی ئەم مەسئەلەیە وەنەبێ هـەر لـە ئیسـتاوە دەرك کرابێ بـەلکو لـە زەمـانی ئیحتیلالـەوە حکومـەتی فەخیمـەی بەریطانیا و هــەمو ریجـالی سیاسـیەی ئـەم حکومەتە دەرکی چاکی ئەم مەسئەلەیەیان کردوەو بۆ ئەم غایەیە تێ کۆشاون، هـەمو وەقتیك ویستویانە: بە تەوحیدی ئیدارەی ئەم دو میللەتـە حکومـەتیکی بـەرزو بلنـدو مونتەظەمی وەکو عیراق بهیننە مەیدانەوە.

بـەڵام بـۆ ئـەوەی ئەم دو میللەتــە لـە یـەك دلگیر نـەبن، هـەراو هوریـا نەکەویتـە بەینیانـەوەو، ئیتیحادەکـەیان زیـاتر دەوام بکـات و، بــە ئەبـەدی و بــە جـددی بژیــن محافەظـەی حقوقـی میللیـەی کوردەکانیان بە شـەرط گرتوەو، لـەم ئیتیحـادەدا دانـی هـەمو حقوقیکـی مەشروعەی کوردەوارییـان بە پیویسـت زانیوە، لەگـەڵ ئەمەیشا کـە هەتاکو ئیستا ئەم حقوقە لە حکومەتی عیراقا نـەکراوە بە قانون و کەسبی قەطعیـەتی نـەکردوە، بـەڵام صـاحیب مەنصبـەکانی حکومـەتی فەخیمــەی بـەریطانیا دائیمـەن لـە کوردستانا ریعایـەتی ئەم مەسئەلەو لە هـەمو خصوصیکەوە محافەظـەی حەیثیـەتی میللی کوردەکانیان کە لە مەکاتیبدا تەدریسات و لەمەخابەراتی رەسمیەدا نوسین بە زبانی مادەرزادی خۆیان بێ و، بەم سەبەبەوە هـەمو کوردەکانیـان مـەدیونی شـوکرانی خۆیان کردوە.

غـەیری ئـەمیش وەقتیك کـە کۆمـەلی عـالی عیصبـەتول ئومـەم بــۆ حـەلی ولایـەتی موصڵ تەشریفیان هینایە ئەم موحیطانە، دیسانەوە حکومـەتی فەخیمـەی بـەریطانیا ئـەم قـەرارەی کە لـە پیشـا دابوی و کـە بـۆ محافەظـەی حقوقـی میللـی کوردەکـان بـو لەوانیشـی حـالی کـردو، بە هــەمو نـەوعیك بەوانیشــی سـەلمان کـە ئـەم میللەتـە بـەم شەرائیطانە قایلە لەگەڵ عیراقا بژی و حەقیقەتەن ئەوانیش لـە دوای تـەحقیقات بۆیـان مـەعلوم بـو کـە لـەم ئیتیحـادەدا نابێ عەنعـەناتی میللـی کوردەکـان مـەحو بکریتـەوەو

نەتیجە لە عەلاوەی ولایەتی موصلیدا بە عیراق ئەم شەرائیطانەیان بۆ کوردەکان هینایە وجودو ئەم حقوقەیان پێ بەخشینو حکومەتی عیراقیش ئیعتیرافی پێ کردو، بۆ تەطبیقی وەعدیدا.

ئەم هەنگاوەی کە قابینەی سەعیدیە هاویشتیو کە لە سینەی کوردەواریدا بە شوکرانو مەمنونیەتەوە تەقدیر کراو، کە ئەم خەطوە موبارەکە بو بە حەلقەی ئەولای سیلسیلەی سیاسەتیکی موتەفیقانەو برایانە بەرامبەر بە عونصوری کورد. هەروا ئەم حقوقانەی کە بە کوردەکان ئەدرێو کە ئەم قابینەیە بە هەمو عەزمیەوە کردویەتی بە غایەو بە پرۆغرامیك بۆ خۆی کە ئیفاو تەثبیتی بکات ئەبێ بە سەبەبی شوکرانو مەسروریەتو مەمنونیەتیکی ئەبەدی ئەم میللەتەو لە نەتیجەیشدا ئەم ئیتیحادە حکومەتیکی عالی گەورەو صاحیب حقوق بە ناوی (عیراق)ەوە ئەهینیتە وجودو ئیلەل ئەبەد مەحفوظو بێ غایلە ئەمینیتەوە.

ئیتر دیسانەوە بەرامبەر بەم لوطفە کەورەیە تەشەکوری حکومەتی عەلیەی عیراقو قابینەی سەعیدیە ئەکەینو ئومیدمان وایە بە مودەتیکی کەم هەمو حقوقیکی تریشمان پێ ئیعطاو لە قەوانینی عیراقا بۆ تەثبیت بکرێ.[٩٢]

{} صورەتی ئەو تەلغورافانەیە کە بە موناسەبەتی ئەم خەبەرە خۆشەوە لە طەرەف ئەشرافو رەئیسی بەلەی سلیمانیەوە بۆ بەیانی تەشەکورو منەتداری بۆ مەقاماتی عالیە نوسراوە:

تەلغورافی ئەشرافی سلیمانی

فەخامەتی رەئیسەل وزەرای قەهرەمانی عیراق نوری سەعید پاشا

صورەتی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی بۆ مەعالی موستەشاری داخلیە

موقابیل بە قەراری حکومەت بۆ ئیصداری زمانی کوردی لە مەناطیقی کوردیەداو ئیعطای حقوقی سائیرەی کوردان تەشەکوراتی خالیصانەمان تەقدیمو ئینتیظاری لوطفی زیاتر ئەکەین.

---

[٩٢] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

عەبدولرەحمان ئاغا زادە، محەممەد. حەفید زاە، عەبدولقادر. بابان زادە، عەزمی. ئەحمەد پاشا زادە، عەبدولرەحمان. عوثمان پاشا زادە، عیززەت. حاجی رەسوڵ ئاغا زادە، مـەجید. مـەعروف ئاغـا زادە، حـاجی مـەلا محیدیـن. خـەفاف زادە، حـاجی ئیبراهیم. حەفید زادە، سەید عـەبدوللا. شیخ مـەعروف زادە، شیخ محەممـەد غـەریب. حسین ئاغا زادە، حاجی حەمە ئاغا. قەزاز زادە، تۆفیق.[٩٣]

{} تەلغورافی رەئیسی بەلەدیەی سلیمانی:

بۆ فەخامەتی رەئیسەل وزەرا، زەعیمی عیراق نوری سەعید پاشا

صورەت بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەت بۆ مەعالی موستەشاری داخلیە

بەرامبـەر بـە لوطفکـاری حکومـەت بـۆ ئیصـداری قـانونی زمـانی کـوردی لـە مـەناطیقی کوردیـەداو بەخشینی حقوقـی سـائیرەی کـوردان بـە نـاوی ئـەهالی بەلـەوە تەشەکوراتی خالیصانە تەقدیمو تەمەنای مۆفەقیتان ئەکەین. رەئیسی بەلەدیە.[٩٤]

{} تەلغورافی رەئیسی بەلەدیەی سلیمانی بۆ رەئیسی بەلەدیەی کەرکوك:

بۆ رەئیسی موحتەرەمی بەلەدیەی کەرکوك

موقابیل بە لوطفی حکومەت بۆ ئیصداری قانونی زمانی کوردی لە مـەناطیقی کوردیـەدا بـە نـاوی سـلیمانیەوە تـەبریكو ئیشـتیراکی سـرورتان ئەکـەین. رەئیسـی بەلەدیەی سلیمانی.[٩٥]

---

[٩٣] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

[٩٤] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

[٩٥] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

{} تەلغورافی رەئیسی بەلەدیەی سلیمانی بۆ رەئیسی بەلەدیەی هەولیر:

بۆ رەئیسی موحتەرەمی بەلەدیەی هەولیر

موقابیل به لوطفی حکومەت بۆ ئیصداری قانونی زمانی کوردی لە مەناطیقی کوردیەدا بە ناوی سلیمانیەوە تەبریك و ئیشتیراکی سرورتان ئەکەین. رەئیسی بەلەدیەی سلیمانی.[٩٦]

{} جوابی رەئیسی بەلەدیەی کەرکوك:

بۆ موحتەرەم رەئیسی بەلەدیەی سلیمانی

بۆ محافەظەی حقوقی کوردان ئیمەش تەشەکوری لوطفی حکومەت و ئیشتیراکی سروری هەمو کوردان ئەکەین. رەئیسی بەلەدیەی کەرکوك.[٩٧]

{} جوابی رەئیسی بەلەدیەی هەولیر:

بۆ موحتەرەم رەئیسی بەلەدیەی سلیمانی

بەناوی هەولیرەوە تەبریکاتی بەرامبەریمان تەقدیم، زیاتر بلندی ولاَتمان دوعا ئەکەین. رەئیسی بەلەدیەی هەولیر.[٩٨]

{} وەکو مەوثوقەن

بیستومانە جگە لەم تەلەغرافانەیش روئەسای موحتەرەمەی عەشائیرەکانیشمان بەرامبەر بەم قەرارە خۆشە بە تەلغوراف عەرضی منەتداریو تەشەکوراتیان تەقدیمی مەقامات کردوە.[٩٩]

---

[٩٦] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

[٩٧] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

[٩٨] ژیان، ژ٢٣٥، ١٧ی نیسانی ١٩٣٠

[٩٩] ژیان، ژ٢٥٠، ١٠ی تەموزی ١٩٣٠

{} (ژیان) برایەکی خۆشەویستو پشتیوانیکی بەقوەتی چنگ کەوت

چەند رۆژێك لەمەوپێش بە سرورەوە بیستمان غەزەتەی کەرکوك کە رەفیقیکی خۆشەویستی ژیانە بە سەبەبی ئەوەوە لە کوردستانو لەناو میللەتی کوردا ئینتیشار ئەکات بۆ ئەوەی ببێ بە ئاوینەی حالو تەرجومانی حەقیقەتی میللەتەکە ئیتر لەمەودوا قیسمیکی زۆری بە کوردی ئەنوسرێو ئینتیشار ئەکات. ئەم خەبەرە بە جددی سرورو خۆشیەکی تەواوی خستە دلی میللەتەکەمانەوەو هەمو کوردیك بە پەرۆشەوە چاوەروانی راستی ئەم خەبەرە خۆشەو بە عەجەلە ئینتیظاری چاوپیکەوتنی ئەو غەزەتە کوردیەی ئەکرد. شوکر دوینێ لەناکاودا خەبەرەکە تەحەقوقی کردو غەزەتەکە کە دو صەحیفەی بە کوردی نوسرا بو هاتە سلیمانیو بە داخلْ بونی حەیاتیکی تازەی خستە وجودی میللەتەکەمانەوەو بەم سەبەبەوە (ژیان)یش برایەکی عەزیزو پشتیوانیکی بە قوەتی بۆ پەیدا بو.

خویندەوارەکانمان طاقم طاقم بۆ چاوپیکەوتنو خویندنەوەی ئەم غەزەتە بە قیمەتە موحتەرەمەیە شەتابیان ئەکردو، حەقیقەتەن ئەم مەسئەلەیە ئەمەندە خۆش بو کە لە موقابیلیا ناتوانین بە تەواوی دەرەجەی سروری میللەتەکەمان بەیانو تەعریف بکەین چونکە ئەم دو لیوایە کە دراوسێی یەکترینو ئەهالیەکەی هاوخوین، هەم جنس، هاوزبانو هەمو غایەیەکیان یەکە بە سەبەبی ئەوەوە غەزەتەی کەرکوك هەتا ئیستا بە لیسانی محەلیو مادەرزادی خۆی ئینتیشاری نەئەکرد لە هاواری یەکتری نە ئەگەیشتنو بە فریادی یەکتری نەئەکەوتن بەلام وا شوکور بە سەبەبی لوطفی حکومەتو مەئمورینە ئیداریە بە قیمەتەکانمانەوە ئەم مانعەیە هەلگیراو ئەم پەردەیەی بەسەرمانا راکیشرا بو لابراو لە یەکتری ئاشکراو مەعلوم بوین.

بەرامبەر بەم حەرەکەتە مەعقولە، ئەم مژدە خۆشەو ئەم لوطفە گەورەیە عەلەنەن بە ناوی میللەتەکەمانەوە تەشەکوری حکومەتی موشفیقەو حەقپەرستمان ئەکەین. ئومید ئەکەین ئیتر ئەم ٣ برا عەزیزە کە: زاری کرمانجی، کەرکوكو ژیانە دەست بدەنە دەستو پشتیوانی یەکتری بنو بە هەمو قوەتیانەوە بۆ تەرەقیو تەعالی مولكو میللەتەکە هەولْ بدەنو تێ کۆشن.[١٠٠]

---

[١٠٠] ژیان، ژ٢٣٨، ٨ی مایسی ١٩٣٠

{} غەزەتەی کوردی کەرکوك:

دیسانەوە بە خۆشیەوە خویندمانەوە غەزەتەی کەرکوك کە هەتا ئیستا دو سەحیفەی بە کوردی دەرئەچو قەرار دراوە هەمو رۆژیکی دوشەمە دەرچێ و چوار سەحیفەی بە کوردی بێ. بەرامبەر بەم مژدە خۆشە میللەتەکەمان پیخۆشحالْ بو ئومید ئەکەین ئەم برا خۆشەویستەمان هەتا سەر بە موەفەقی خدمەتی وەتەن و میللەتەکە بکات.[101]

{} پەیوەندیمان بە برا کوردەکانمانەوە:

ویستی ئەزەلی لە چارەی نوسیون – مەبەستی عەرەب و کوردە – کە هاوکارو یەکگرتو بن بەرامبەر مەترسییەك کە ئەکەویتە سەر یەکیتی عیراق. ئیمەو کورد یەك ئوممەین، میژو و تیکەلاوی خوین و دین و قازانجی هاوبەش یەکی خستوین. ئەم پیوەندییانە کاریگەرن لە ژیانماندا. نکولی لەوە ناکرێ کە ئیستیعمار هەولی لاواز کردنی ئەم پیوەندییانەی داوە، بەلام باوەری کوردو عەرەب بە یەکتری تیاری ئیستیعماری راگرت.

صیربەکان بیری جیابونەوەیان لە تورکیا لەلای ئەلبانیەکان خۆش کرد چارەنوسیان چی بو؟ بون بە دەسکەلا سیاسەتی نەمسایی و یۆگۆسلاڤی گەمەیان پێ ئەکەن. ئەرمەنیش، بە یارمەتی هاوپەیمانەکان دژی دەولەتەکەیان، شوین پێی ئەلبانییەکان کەوتن، وا ئەمرۆ توشی دەربەدەری بون ولاتیك پەنای بۆ بەرن و دەسەلاتیکیان نیە.

ئیمەش ئەمرۆ، بە داخەوە، هەست بەو تیکدانە ئەکەین کە بە رۆژی روناك روبەروی ئەو مەترسییە ئەبینەوە، ئەوەی داخەکەش زیاد ئەکا، ئەو بەیانەی سەرۆکی وەزیرانە کە ئەیەوێ زمانی کوردی بکا بە زمانیکی رەسمیی لە ولاتدا بەپێی ماددەی ١٧ی قانونی ئەساسیی عیراق.

---

[101] ژیان، ژ٢٤٠، ٢٢ی مایسی ١٩٣٠

ئیمە لەلایەنی برا کوردەکانمانەوە لەمە ئەدویین. سەرەرای ئەو ئاژاوەیەی لە ولاتدا دروست ئەبێ بەوەی دو زمان بکرێ بە رەسمیی. ئەبێ زمانی رەسمیی هەر یەکیك بێ بۆ رایی کردنی قازانجی ولات. برا کوردەکانمان لەوە تێ ئەگەن کە ئەگەر کوردیان بە زمانی رەسمیی قوبوڵ کرد... چۆن ئەتوانن لەگەڵ عەرەبی عیراق بەشدار بن لە بەریوەبردنی دەولەتداو لە راییکردنی کارەکانیاندا لە قوتابخانە بەرزەکانو جەیشو دیوانی وەزارەتەکانداو، نائیبەکانی کورد چۆن ئەتوانن داکۆکی لە ئاواتەکانی هەلبژیردەرەکانیان بکەن؟.

ئیمە ئەو بەیان وەزارییەی باسمان کرد بە سەرتایەکی خراپ ئەزانین هیواداریـن ولات لە ئەنجامەکانی رزگاری بێو بیر لە هیچ نەکەینەوە جگە لە رزگاری نیشتمانی هاوبەش لە شەری دەسەلاتی بیگانە. محامی علی محمود معتمدی حیزبی وطنی.[١٠٢]

{} قسەی سەرۆکی وەزیران بۆ رۆژنامەکان:

قسەی من دەربارەی مەسەلەی کورد کە لەو کۆبونەوەیەدا باس کراوە ئەوەیە: ئیمە ئەوەمان لەبیر نەچۆتەوە کە لە سەردەمی عوسمانیدا چیمان هەست پێ ئەکرد کە داوامان ئەکرد زمانی عەرەبی بکریتە زمانی رەسمیی لە ولاتانی عەرەبیدا. جەنابی خەطیب... پاش نابوت بونی سیاسەتی تورکاندن لە مەملەکەتی عوسمانیدا، ئەو سیاسەتەی ئەو ولاتەی ویران کردو، گەلەکانی هەلوەشاند. ئیمە ئەمانەوێ برا کوردەکانمان عیراقی راستگۆ بن وەکو عەرەب بە دڵ داکۆکی لە ولات بکەن نەك بە قسەو روپامایی.[١٠٣]

[١٠٢] البلاد، ع١٣٠، ١٩٣٠/٤/١٣
[١٠٣] البلاد، ع١٣٢، ١٩٣٠/٤/١٥

{} لاوانی کەرکوك سەرنجی وەزارەت رائەکیشن بۆ مەسەلەی فیرکردن بە زمانی کوردی.[104]

{} زمانی کوردی لە کەرکوك زمانیکی رەسمیی نیە :

لە سکرتیری وەزارەتی مەعاریفەوە بۆمان هاتوە، کە وەزارەتی مەعاریف هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە کە زمانی کوردی بکاتە زمانی رەسمیی خویندن لە قوتابخانەکانی ناو کەرکوكداو، هەرچیەك لەم روەوە بلاوکراوەتەوە دورە لە راستییەوە.[105]

{} بۆ جەنابی مودیری موحتەرەمی ژیان :

تکا ئەکەم ئەم چەند قسەیەم لە غەزەتەی موحتەرەمتانا دەرج بفەرمون بۆ بەیانی حەقیقەت:

لە ژمارە ١٩٦و ٣ی تەمموزی ١٩٣٠ غەزەتەی (البلاد)دا لە ژیر ئیمزای نەزیل بغداددا چەند قسەیەك گوترا بو کە تەئییدی قسەی موخبیری غەزەتەی مەزکوری ئەکرد کە لە کەرکوکەوە بۆی نوسیوە.

ئەویش ئەفەرمویت تکا لە وەزارەتی مەعاریف ئەکەم ئەو سوئی تەفاهومە کە لە بەینی تەلەبەکانی کەرکوكدا واقیع بوە هەلی گرن بە سەبەب بونی لیسانی کوردی بە لیسانیکی رەسمی لەو مەنتیقەیەدا چونکی لە مەنتیقەی کەرکوك چەند کەسیك نەبێ هیچیان کوردی نازانن.

ئینجا من کە کەرکوکیم لەم قسەیە سەرم سورماو بە موناسیبم زانی لەم خسوسەوە بۆ بەیانی حەقیقەت چەند کەلیمەیەك عەرزی خویندەواران بکەم.

ئیمە نامانەوێ موناقەشەی ئەم زاتە موحتەرەمە بکەین لە خسوس کوردی زانینی ئەهالی کەرکوکەوە یا نەزانینیانەوە، چونکی ئەمە شتیکی ئاشکرایەو وەکو رۆژ مەعلومە کە نەفسی مەرکەزی لیواکە بە ئەکسەرییەت کورد تەشکیل ئەکاتو بۆ خاریجی لیوا هیچ حاجەت بە نوسین نیە چونکی هەمو کەس ئەیزانێ کە هەمو کوردنو لەژیر هەواو لەبەر کانیو بەفراوی کوردستانا ئەژینو زۆر لە کۆنەوە بە کوردایەتی خۆیان ئیفتیخاریان کردوە. بەلام لام وایە جەنابی موحەریر غەریبەو تازە

[104] البلاد، ع١٩٩، ١٩٣٠/٧/٧

[105] البلاد، ع٢٠١، ١٩٣٠/٧/٩

هاتۆتە کەرکوك لەبەر ئەوە شارەزای ئەحوالی ئیجتیماعیەو لیسانی مەملەکەتەکە نەبوە. ئەگەر ئاشنا بوایە هیچ وەختیك لەم جۆرە خیلافی حەقیقەتانەی نەدەنوسی. فەقەت موخبیرو نەزیلی بەغداد لییان مەعلوم بیت بە ئیجاد کردنی ئەم نەوعە قسە ناحەقانەی ئەوان هیچ وەختێ قەراری عەسبەتول ئومەم ناگۆڕێ لە خسوس بەخشینی ئەو حەقە کە بە کوردەکانی شیمالی عیراق دراوەو ئەم قەرارە لە تەرەف حکومەتی بەریتانیای گەورەو حکومەتی عیراقەوە فیعلەن تەسدیق و قوبوڵ کراوەو غەیری ئەمەیش فەخامەتی رئیسی وزەرای عیراقیش نوری پاشا سەعید تەئییدی ئەم قەرارەی کردو ئەمریدا لە مەناتیقی شیمالیەدا تەتبیق بکرێ بەڵام مەعەل ئەسەف جەنابی موخبیر تازە لە کلکەوە دەستی پێ ئەکات. زۆر چاك لایان مەعلوم بیت تەنها بۆ چەند تورکمانیك ئیستیقبالی کوردەکانی کەرکوك و ئەتراف مەحوو حقوقیان زەوت ناکرێ. کەرکوکی: عەبدولوەهاب.[١٠٦]

{} قانونی زمانە ناوچەییەکان ژمارە ٧٤ی ساڵی ١٩٣١

ئیمە مەلیکی عیراق

بە موافەقەتی ئەعیان و نواب فەرمانماندا بە دانانی قانونی لای خوارو:

ماددەی ١. ئەحکامی ئەم قانونە لەو قەزایانەدا جیبەجێ ئەکرێ کە لە ماددەکانی دوهەم و سیهەم ناوبراون.

ماددەی ٢. ئەلف. زمانی دادگا لەم قەزایانەدا کوردی ئەبێ: ئامیدی، زاخۆ، زیبار، ئاکرێ، کۆیە، رانیە، رەواندز، گل، چەمچەماڵ، سلیمانی، هەلەبجە، شارباژێر.

ماددەی ٣. زمانی دادگا، لەم قەزایانەدا، ئەگونجێ عەرەبی یا کوردی یا تورکی بێ: دهۆك، شیخان، هەولیر، مەخمور، کەرکوك، کفری.

دادگا لە هەر حالەتیکدا خۆی بریار ئەدا چ زمانێ بەکاربهینرێ.

ماددەی ٤. تاوان بە پاڵ دراو لە هەمو حالەتیکداو، لە هەمو ئەو قەزایانەی لە سەرەوەدا ناوبران، ماڤی هەیە:

ئەلف. بە زمانی عەرەبی دادگایی بکرێ و ئاگادار بکرێ، ئەگەر زمانی ناومالی بێ.

ب. هەمو مرافعاتی بە دەم بۆ تەرجومە بکرێ بۆ عەرەبی یا کوردی یا تورکی و، نسخەیەك لە حوکمەکەی بە تەرجومەکراوی بۆ یەکێ لەو زمانانە داوا بکاو، هەمو

[١٠٦] ژیان، ژ٢٥٠، ١٠ی تەموزی ١٩٣٠

کەسێ بۆی هەیە عەریزە بە یەکێ لە زمانەکانی عەرەبی یا کوردی یا تورکی بدا بە هەر یەکێ لە دادگای ئەو قەزایانەی نابران یا دادگەیەکی بەرزتر.

ماددەی ٥. زمانی کوردی لەو قەزایانەدا رەسمیی ئەبێ، جگە لە دائیرە فنیەکانو نامەکاری نیوان ناوەندی لیواکانو وەزارەتەکانو، نیوان ناوەندی لیوای موسڵو قەزاکانی، کە بە عەرەبی ئەبێ: ئامیدی، ئاکرێ، دهۆك، زاخۆ، زیبار، هەولیر، مەخمور، کفری، رانیە، رەواندز، چەمچەماڵ، گل، سلیمانی، هەلەبجە، شارباژیر.

بەڵام لە قەزاکانی کەرکوكو کفری کوردی یا تورکی بەکار ئەهینرێ.

ماددەی ٦. لە هەموقوتابخانە سەرەتاییەکانی قەزاکانی ناوبراون زمانی فیرکردن زمانی ناومالی زۆرایەتی قوتابیەکانی ئەو قوتابخانەیە ئەبێ، ئیتر عەرەبی یا کوردی یا تورکی بێ.

ماددەی ٧. هەمو کەسێ بۆی هەیە بە زمانی عەرەبی موراجەعەتی سولتانی رەسمی بکاو، بە هەمان زمان وەڵام ئەدریتەوە، بەڵام هەر نامەکارییەکی بە زمانیك کرا کە بە پێی ماددەی پینجەمی ئەم قانونە رێ درابێ وەرئەگیرێو بەهەمان زمانی پێی نوسراوە وەڵام ئەدریتەوە.

ماددەی ٨. لە قەزاکانی لیواکانی سلیمانیو کەرکوكو هەولیردا کە لەم قانونەدا ناوبراون شیوەی زمانی کوردی ئەوە ئەبێ کە ئیستا بەکاری ئەهینن. لە قەزاکانی لیوای موسڵدا، کە لەم قانونەدا نابراون، خەلك خۆیان، لە ماوەی سالیكدا لە کاتی جیبەجێ کردنی ئەم قانونەوە، ئەو شیوە زمانی کوردی هەلئەبژیرن کە خۆیان ئەیانەوێ.

ماددەی ٩. لەسەر وەزیرەکان پیویستە ئەوی پیوەندی پییانەوە بێ جیبەجێی بکەن.

لە بەغداد، لە ٢٣ی ئایاری ١٩٣١دا بەرامبەری ٦ی موحەرەمی ١٣٥٠ نوسرا.

فەیصەل

نوری سەعید سەرۆکی وەزیرانو وەکیلی وەزیری ئابوریو هاتوچۆ. موزاحیم پاچەچی، وەزیری ناوخۆ. جەمال بابان، وەزیری عەدل. عەبدوللا دەمەلوجی، وەزیری

دەرەوە. جـەمیل راوی، وەزیـری دیفـاع. ڕۆسـتەم حـەیدەر، وەزیـری دارایـی، عەبدولحوسەین، وەزیری مەعاریف.[١٠٧]

{} تەشریف هینانی وەزیری داخلیە موزاحیم بەگ بۆ سلیمانی:

ڕۆژی شـەممە موصـادیفی ١٦ی مایسـی ١٩٣١ فەخامـەتی وەزیـری داخلیـە جەنابی موزاحیم بەگ تەشریفیان هینا بۆ سلیمانی لە پیش مواصەلەتیانا لە طەرەف ڕەئیسـی بەلەدیـەوە جـەنابی مـەحمود ئەفەندیـەوە بـۆ ئینتیظـاری موسـتەقبیلین ئیحضاراتی لازمە ئیجـرا کـرا. هـەمو ئـەرکان و موسـتەخدیمین مـەئمورینی مولکیـەو ریجالی عەسکەریەو عولـەما و سادات و ئەشراف و موتەحەیزانی مەملەکەت لـە قـەراغ شار لە ظوهرەوە ئینتیظاری تەشریفیان کرد سەعات لە پینج الیفرانغە مواصەلەتیان فەرمو موتەصەرڕەیفی کەرکوك سەعادەتی تەحسین بـەگ لـە ڕەفاقـەتیان مـەوجود بـو. سریەیەك عەسکەری و میقداریك پۆلیس لە ڕەسمی سەلاما صەفبەستەی سەلام بون لەگەڵ مواصەلەتیان موقابیل بە تەرحیب و خۆشئامەدی موستەقبیلین وەزیری موشار ئیلەیهیش موقابەلەتەن ئیظهاری ئیلتیفاتیان فەرمو. وەزیری موشار ئیلەیهی لەگەڵ ڕەفیقی موحتەرەمی سەعادەتی تەحسین بەگ لە مالی سەعادەتی موتەصەرریفی لیوا جـەنابی ئەحمـەد بـەگ میـوان بـون. هـەر عـەینی ئیـوارێ ڕۆژو شـەو لەگـەڵ سـادات و عولەما و ئەشراف بەلدە مولاقاتیان فەرمو.

دوەم ڕۆژ کـە یەکشـەمو بـو لـە طـەرەف ڕەئیسـی بەلەدیـە جـەنابی مـەحمود ئەفەندیـەوە بـە شـەرەفی فەخامـەتی وەزیـری موشـار ئیلەیهیـەوە دەعوەتیکـی چـایی و شەربەت لە باغچەی بەلەدیەدا درا بۆ ئەم دەعوەتە هەمو سادات و عولـەما و ئەشـراف و موتەحـەیزانی مەملەکـەت بـە تەذکـەرەی مەخصوصـە دەعـوەت کـران و لـە سـەعاتی پینجی الافرانغەدا ئیجتیماع لە مەوقیعی مەذکورا کرا لە پاش قەهوەو چاو شـەربەت لە طەرەف جەنابی ڕەئیسی بەلەدیەوە بە ناوی بەلدەوە نوطقـیکی بەلیغ خۆشئامەدی فەخامەتی وەزیر ئیراد کرا. لە پاش ئـەو بـە نـاوی عولەماکانەوەلـە خصـوص تـەکایا و مەساجیدەوە نوطقـیك لە طەرەف شیخ محەممەد ئەفەندی گوڵانیەوە خوینرایـەوە. لـە پاش ئەو قەس هورمز ئەفەندی بەناوی قیسمی مەسیحیەوە نوطقـیکی خۆشئامەدی خوینرایەوەو لە عەقەب ئەوەوە حاخامی میللەتی یـەهودیش بـە نـاوی میللەتەکەیـەوە

[١٠٧] الوقائع العراقیە، ع٩٨٩، ١٩٣١/٦/١ هەروەها (FO371/15318)

نوطقـيكى خۆشئامەدى ئـيراد كـرا. لـە دواى ئـەو رەشـيد ذەكـى ئەفـەندى موديـرى مەكتەبى متەوەسيط بە ناوى مەعاريفەوە عەرضى خۆشئامەدىو تەمەناى معاوەنەتى مەعاريف نوطقـيكى سەليس خوينرايەوە.

وە لە طەرەف طەلەبەكانى مەكتـەب نەشـيديكى خۆشئەلحان بيـژراو لـە طـەرەف طەلەبەيـەكى كەششـافەش نوطقـيكى موئـەثير بـە شـيوەيەكى مەعصومانـە وتـراو لـە طەرەف طەلەبەيەكيشەوە بەعضـێ ئەشعارى لەطيف خوينرايەوە. وە لە عەقـەبى هـەر نوطقـيك زۆر بە حـەرارەت چەپلـەريزانو ئيظهارى شـادمانىو مەمنونى كـرا لـە پـاش ئەمانە ئينجا فەخامەتى وەزير ئيرادى نوطقـيكى لـەطيفو دلنەوازانـەى فـەرمو و لـەم نوطقــە هــەمو حــاضرون موســتەغريقى نەشــاط و مــەمنونى بــون. ئــەم نوطقانــە بــە تەسەلسولى خۆى لە ژيرەوە عەينەن دەرج ئەكرين.[١٠٨]

{} نوطقى فەخامەتى وەزيرى داخليە موزاحيم بەگ

برادەرينە !

زۆر تەشـەكورتان ئەكـەم بەرامبـەر بـەم ئيعـزازو ئيكرامـە كـە موقابيلم ريعايـەتتان كردو تەشەكورى ئەوضاع ئەكەم كە مۆفەقى كردم بە ئيجراى مەرام كە دەميك بو ريك نەئەكـەوتو ئـەويش عيبـارەت بولـە زيـارەتى ئـەم ليـوا كـەريمـەو گفتوگـۆ كـردن لەگــەل رونەسـاو صـاحيب رەئيـەكاندا. چونكـە نـازانم ئايـا ئيـوە ئـەزانن كـە مـن بەرامبــەر بـرا كوردەكانم نياتو حسياتى زۆر چاكم هەيەو دەميكە لە لاى زۆر كەس ئيظهارو بەيانم كردوە.

من هەروەكو لەمەوپيش بوم ئيستاش موعتەقيدم بە سياسەتى حوبيـەى تـەعاون لە بەينى هەردو عونصوردا چونكە يەگانە ريگا ئەوەيـە بـۆ تەكـەفولى تـەرەقىو تـەعالى عيراقو گەيشتنى بە مەوقعيكى دوەلى كە لايەق بى بە ميللـەلى موتـەرەقيـە. بەسرورەوە بەيانى ئەكەم كە لە گفتوگۆدا كە لە گەل زۆر ذەواتى ئيوەدا كردم صيحەتى ئيعتيقادم بۆ ثابيت بو وە بۆم مەعلوم بو كە منو ئيـوە لـە يـەك فكردايـنو ئيختيلافمـان لـە بـەينا نيە ئەو چەند نوقطە جوزئييانەى كە بـەعضـى كـەس ئيشـارەتيان كـرد ئەوانـە زادەى سوئى تەفاهومنو لەحەقيقەتو لە ئەصلى واقيعدا هيچ شتى نيە تەئيدى بكات.

بـۆم مــەعلوم بـو - بـە خۆشـحاليەوە - كەعومومــەن موخليصــن بــە وەحدەتــى عيراقيـەو لـەريگاى بلند كردنـەوەو تەقويــەىدا فيداكـارن ئەمـە بـە رەغمـى ئيشـاعەى

[١٠٨] ژيان،٢٨٣،٢٥ى مايسى ١٩٣١

بەدخواهان و رەغمی دوشمنانی عیراق و رجا ئەکەم تەعەجوب مەکەن لەم تەعریفە چونکە مەعەل ئەسەف لە عیراقدا دوشمنی عیراق هەیە کە بە واسیطەی معامەلەیانەوە خەلەلیان داوە بەشەئن و شوهرەتی ئەو عونصورە کە ئینتیسابیان پێ ی هەیە .

لە جوملەی ئەو عەوامیلە کە منی هینایە سەر هەوەس و ئارەزو کە داخلی وەزارەتی فەخامەتی نوری سەعید پاشا ببم یەکیك ئەوەیە کە ئەکیدەن ئەزانم وەزارەت موشار ئیلەیهی بەرامبەر بە کوردەکانمان بە عاطیفەتیکی زۆر لە سیاسەتی‌دا معامەلە ئەکات و لەوەدا مەرامی خۆم دەست کەوت و ئێستا خۆشحاڵم بەوە کە ئیعلانی بکەم بۆ ئێوە کە سیاسەتی حکومەت کە من تەشەڕوف ئەکەم بە وەزارەتی داخلیەی لەم کەلیماتەدا خولاصە ئەکرێ .

تا حەدی مونتەهای ئیمکان – سیاسەتی عەطوفەت و ئیخلاص بۆ ئیحیای حسی تەعاون لە بەینی هەردو عونصوردا بۆ بڵند کردنەوەی شەئنی ئوممەتی عیراقیەو دەستکەوتنی ئیستیقلالی تام و گەیاندنی سەفینەکەی بە ساحیلی سەلامەت ئینشائەڵلا. وە ئێوە چاوتان لێیە کە ئەم سیاسەتەمان سیاسەتێکی بابەتیە، سیاسەتی ئاغاوو خذمەتکاری نیە، جا چەند موتەئەللیم ئەبووم کە ئەمبیستەوە بەعضێ لە کوردەکان عونصوری کوردی ئەکەن بە ئەقەلیەت چونکە ئەی برا گەورانم لەمەدا ئیهانەتێك ئەبینم بۆ عونصوری موبارەکتان ئەو عونصورە کەلەمەوپێش ویستومانەو ئێستایش هەر ئەمانەوێ لەم دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەدا شەریکی برای عەرەبی ببینین. ئەگەر دەست بدەینە تاریخی بەعضێ فامیلیاو شەخصیاتی بارزە لەم عیراقە خۆشەویستەدا قیسمێکی زۆریان لەوانە ئەدۆزرێنەوە کە لە میللەتی موحتەرەمەی کورد دەرکەوتوە. جا لەبەر ئەمە سیاسەتی تەعاون لەژێر سایەی وەحدەتی عیراقیەدا لە ماضی و حاضردا ئێمەی کردوە بە شەریك لە حوکم و لە هەمو معامەلاتی حکومەتی و ئیجتیماعی‌داو لام وایە موافەقەتم ئەکەن ئەگەر بڵێم بۆ تەعالی و تەرەقی کوردەکان یەگانە ضامن وەحدەت و ئیستیقلالی عیراقەو تەماشاکردنێکی بەسیط بە ئەحواڵیان لێرەو لە مەمالیکی سائیرەدا موستەغنیان ناکات لە ئیرادی بەراهین و تەفصیلات. زەمان گۆڕا، ئەحواڵ زۆر تەبەدولی کردو تەطەوراتی دەولیەو عالەمیە هاتە پێشەوە کە هەڵئەگرێ حەقائیقی بدۆزینەوەو لە سیاسەت و فکر کردنەوەدا ئوصوڵ و ئوسلوبی بێ فائیدەو کۆن تەبدیل بکەین و عەجەلە بکەین بۆ لابردنی ئەو حەسرەت و ئالامە کە لە ئێمەدا دروستی کردوەو بۆ ئێمە وا شیرینە سلوك بکەینە سەر ڕێگایەکی تازە کە لەگەڵ واقیعدا ئیئتیلاف بکات و لەگەڵ

مومکیناتدا موعاریض نەبێو نەفسی خۆمان فیدا ئەکەین بە هەواو هەوەسو مەطامیع کە ئەحواڵی مەعلومە نیهایەتی پێ داوە هەروەکو نیهایەتیدا بە موعاهەدەی سیڤەرو نصوصە خاصەی کە موتەضەمینی بو.

جا ئەی برادەرینە لەسەرمان لازمە لە ئەوهام دور بکەوینەوەو تەصەڕوفاتی سیاسیەمان لەسەر ئەساساتێکی وا دابنێین کە قابیلی پێ گەیشتن بێ. وە باوڕ بکەن کە لە شەخصیەتمدا دۆستی هەیە بۆ ئێوە کە بە ئەهمیەت معاوەنەتو سەعی ئەکات کە دڵتان خۆش بکاتو ئامالی مەشروعەتان بەجێ بهێنێ لەژێر سایەی واسیعی وەحدەتی عیراقیەدا، ئەو ئامالە کە نابێ لە هیچ وەقتیکدا لە ئەوقات موعاریضو موباین بێ لەگەڵ مەصلەحەتو ئیستیقلالی تەواوی دەولەتی عیراقیەدا.

سیاسەتی بەریطانیا بەرامبەر بە عیراق تەوەضوحی کردو بە شکلێ تەبیینی کرد کە شكو تەئویل قبوڵ ناکات. وە وزەرای مەسئولینی بەریطانیا لەمەوپیش لە مەحافیلی سیاسیەدا ئیعلانیان کردو ئەم سیاسەتە خولاصە ئەکرێ بە ئیلغای عمومی عەلاقاتی خاصە لەگەڵ بەریطانیاداو تەحقیقی ئیستیقلالی تەواو بۆ عیراق بە تەسهیل کردنی داخڵ بونی بە عیصبەتول ئومەم.

ئیعتیقادم وایە کە بەریطانیای عوظما تەمامەن موخلیصە لە تەنفیذی ئەم سیاسەتەدا بەوەدا ئەزانم کە خۆم بیلذات پار لە لەندەن بوم لە ریجالی مەسئولی حکومەت تەحقیقم کردو لەبەر ئەوە لازمە بەریطانیا بە بەری ئیعتیبار بکرێ لە معامەلەو تەصەروفاتێ کە موخالیفی ئەم سیاسەتەیەو صەمیمییەتی بریندار ئەکات. لەم خصوصەوە حەظ ئەکەم فکرتان بخەمەوە کە ئەوەی لیرەو لە بەغداد ئیستیماعی ئەکەن بەعضێ ئەفرادی بەریطانی لە وەقتی بەیانی رەئی شەخصی خۆیان وە ئەو رەئیانە کە نیسبەتی بەوانەوە ئەدەن نابێ بە موعەبیری سیاسەتی بەریطانیای ئیعتیبار بکەنو زۆر تەحذیرتان ئەکەم لە ئیشتیراکی ئەم نەوعە خەطایانە.

عیراق: برادەرانم! ئەیەوێ نائیلی ئیستیقلالی تامی ببێ بەبێ نوقصانو لە... بەختیاریەوە کە سیاسەتی بەریطانیا سهولەتدار بوە بۆ گەیشتن بەم ئەمەلە گەورەیە لەبەر ئەوە ئەگەر لە ریگایدا موشکیلاتو سەکتە بهینریتە پیشەوەو صعوبەتو مەوانیع خەلق بکرێ مومکین نیە پێی موتەئەللیمو موتەئەسیف نەبێو موافیقی ویجدانو ئینصاف نیە ئەگەر حکومەتی عیراقیە لەوم بکرێ بەرامبەر بە ئیستیهجانی ئەحواڵو معامەلاتێ کە بۆ تەئمینی ئەرکانی ئینتیداب ئیجرا بکرێ هەروەکو لە موصڵ بەیانم کردو ئەمە هیشتا رەمزیکە بۆ نفوذو سەیطەرەی ئەجنەبی.

له بەعضێکم بیست – و طەرەفداری باوەڕ پێ کردنی نیم – کە بەعضێ لە برا کوردەکانمان مەضبەطەیان بۆ بەعضێ جێگا تەقدیم کردوە لەو مەضبەطانەدا بەیانیان کردوە کە حکومەتی عیراقیە لە خصوص کوردەکانەوە موخالەفەتی تەوصیاتی عیصبەتول ئومەمی کردوەو لەبەر ئەوە طەلەبی تەئلیفی حکومەتێکی کوردیەیان کردوە لەژێر حیمایەو ئینتیدابی بەریطانیادا. ڕجا ئەکەم ئەوەی کە بیستومە ڕاست نەبێ چونکە بەڕاست دەرچونی زۆر موتەئەثیرم ئەکات بە صیفەتی ئەوەی کە دۆستو برایەکی ئوممەتی کوردم بەوەی کە شوهرەتو شەرەفی لەکەدار بکات.

تەوصیاتی عیصبەتول ئومەم مەعلومو زانراوە ئەگەر موقارەنەی بکەن لەگەڵ ئەوەی کە لەم وڵاتەدا جاریەو تەطبیق کراوە بۆتان مەعلوم ئەبێ کە حکومەتی عیراقیە هەرچی لەسەری بە فەرض گیراوە هەموی ئیجرا کردوەو لە حوسنی نیەتو ئیخلاصیدا لێی زیادکردوە.

بێینەوە سەر طەلەبی دوەم، ئەوە بە تەواوی موعاریضە لەگەڵ تەوصیەکانی عیصبەتول ئومەمدا وە مەعنای وایە ئەگەر زەعمی ئەوانە ڕاست بێ کە ئەڵێن حکومەتی عیراقیە بە موجیبی ئەو تەوصیانە معامەلەی نەکردوە لیجنەی عیصبەتول ئومەم لە تەقریری ساڵی ١٩٢٥دا ئیضاحی کردوە. من لام موحەقەقە کە ئەصحابی مەضبەطەکان دەرکی (ئەکەن) ئەوەیان نەکردوە کە ئەم طەلەبەیان ئەکاتە ئەم ئیستینتاجە خەطیرە کە خۆیان ڕقیان لێیەتیو ئەزانێ بۆ کەسیان موافیق نیە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە نازانم چۆن مومکینە تەئلیفو تەوفیق بخاتە بەینی ئەو فکرو مەیلەوە کە بەعضێ بۆ ئیستیقلالی ئیظهار ئەکەنو وەضعیەتی بیلاد... لەژێر حیمایەی ئەجنەبیدا. من یەقینی تەواوم هەیە کە ئوممەتی کوردیەی عیراقیەی نەجیبە قبوڵی ئەوە ناکات کە مەطالیبی وا بهێننە پێشەوە کە شوهرەتو شەرەفی لەکەدار بکاتو لە موغریضان مەعذەرەتو بەهانە بگرن بەدەستەوە بۆ سەکتەدان بە مەساعی عیراقو بەریطانیا بۆ ئەوەی کە سیاسەتی تەعاونی هەردوکیان بە ئیکلیلی موەفەقیەتو فەوز بڕازێتەوە. وە بزانن و بە تەئکید حاڵی ببن کە بەریطانیا کە حوسنی نیەتی موقابیل بە عیراق بە دەلائیل ئیثبات کرد لە سەعیدا بۆ ئیسقاطی ئینتیدابێ لەسەری قبوڵی ئەوە ناکات کە ئینتیدابو حیمایەی ببێ بەسەر جوزئێکیداو ظەن ناکەم پێی خۆش بێ کە سەکتەی بخرێتە پێشو پێش حەلیفەکەی کە عیراقە لە مەساعی دەولیەدا کە هەردوکیان لە ظەرفی ئەم دە ساڵی ڕابوردودا صەرفیان کردوە.

لام وەقتی ئەوە هات کە ئیتر ئێمە هەمومان ڕابوردو ئالامیو غەڵەطەکانیو ئەو سوئی تەفاهومەی کە لە بەینماندا پەیدای کردوە لە فکرمان بچێتەوەو تەباعودی لێ بکەینو پەردەیەکی ئەستوری بەسەردا ڕابکێشینو بە ئەبەدی بەجێی بهێڵین بە دەمی بە پێکەنینەوە ڕو بکەینە عەهدێکی تازە کە سیاسەتی صاحێبی جەلالەتی مەلیکی موفەدا هێناوێتیە پێشەوە کە پڕە لە ئومێدو ئەمان بە عەزمو ئیرادەیەکی ثابیتو ئیخلاصێك کە مەملەکەت پێی خۆشحاڵو موطمەئین بێ.

بە زیارەتی لیوا موحتەرەمەکەتان تەشەڕوفم کە دائیر بە حوسنی نیەتی حکومەتو سیاسەتی دڵسۆزانەی بەرامبەر بە ئێوە تەئمینتان بکەمو دەلیلی ئەوەش ئەوا بە ئیسمی صاحێبی جەلالەتو بە تەفویضی فەخامەتی ڕەئیسی وزەرا ئەو موتەهەمانەی کە لە حەرەکاتی ئەخیرەدا ئیشتیراکیان کرد بو عەفوم کردنو بیلفیعل مەوقوفەکانم بەرەڵلا کردو ئەو ئەموالەی کە حکومەت لێی موصادەرە کرد بون وەکو مەڕ و ماڵات بۆم ئیعادە کردنەوەو لەمانە کەسم ئیستیثنا نەکرد ئیللا عەدەدێکی کەم نەبێ کە ئەمانە ئیرتیکابی بەعضی[٭] جورمیان کردوە کە لە خۆش بونی مومکین نیەوحکومەتی محەلیە بەمنزیکانە ناوەکانیان نەشرئەکا.

ئێستا دەعوەتتان ئەکەم کە لەگەڵ من پێکەوە نیدا بکەن بۆ ژیانی صاحێبی جەلالەتی عاهیلی عێراق کە صاحێب مەرحەمەتەو بۆ دەوڵەتی موستەقیللەی سەعیدەی عیراق.[١٠٩]

ژیان،ژ٢٨٥، ١١ی حوزیرانی٩٣١.

بۆ فەخامەتی وەزیری داخلیەی عیراق تەقدیم

{} تەشریف هێنانی فەخامەتی مەندوبی سامی بۆ سلێمانی:

وەکو لە نوسخەی پێشومانا عەرض کرا بو فەخامەتی مەندوبی سامی ڕۆژی٩٣١/٥/٢٠ تەشریفیان بە طەیارە هێنا بۆ سلیمانی. ڕۆژێ لە پێش تەشریف هێنانیان خەبەر زانرابووە عەینی ڕۆژ سەر لە بەیانی هەمو ڕوئەسای دەوائیرو موفەتیشی ئیداری لەگەڵ ذەواتی ئینگلیزیو ساداتو ئەشرافو موتەحەیزانی مەملەکەت بۆ مەراسیمی ئیستیقبالیە لەمەوقیعی طەیارە ڕاوەستا بون. قیطعەیەکی عەسکەری لیوای لەحەرەس شەرەف ڕاوەستا بون. سەعات نۆونیوی الافانغە فەخامەتی موشار ئیلەیهی مواصەلەتیان فەرمو عەلەلئوصول مەراسیمی خۆشئامەدی

[١٠٩] ژیان،ژ٢٨٣،٢٥یمایسی ٩٣١،ژ٢٨٤، ١ی حوزیرانی٩٣١

ئیجرا کراوموقابیل بەم شەعشەعەی ئیستیقباله دەرحەق بە موستەقبیلین فەخامەتی مەندوب ئیظهاری لوطفوئیلتیفاتی فەرمو.

لەپاش خیتامی ئەم ئیستیقباله فەخامەتی موشار ئیلەیهی لەگەڵ جەنابی موفەتیشی ئیداری سواری ئۆتۆمۆبیل بون تەشریفیان بردە ماڵی جەنابی موفەتیشی ئیداریولەویٚ موسافیر بون. لە پاش چەند دەقیقەیەك ئیستراحەت فەخامەتی مەندوب تەشریفیان بردە مەقامی حکومەتی لەویٚ زیارەتی ڕوئەسای مەئمورین و ساداتو عولەماو ئەشراف محەلەیان قوبوڵ فەرمو. هەر ئەو ڕۆژە بە شەرەفی فەخامەتی مەندوبی سامی لەطەرەف سەعادەتی موتەصەڕیف ئەحمەدبەگەوە دەعوەتێکی پەنجا کەسی درا.جەنابی موفەتیشی ئیداریو بەعضیٚ ذەواتی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا و ڕوئەسای مەئمورینوساداتو ئەشراف محەلی مەدعو بون. زۆر بەشەوقو شەطارەت. ئەکلی طەعام کرا.

ڕۆژی دوای فەخامەتی مەندوب بە طەیارە تەشریفیان برد بۆ پێنجوینو هەڵەبجەو، بۆئێواریٚ عەودەتیان فەرموەوە.

بەیانی ڕۆژی ١٩٣١/٥/٢٢ بەتەشییعێکی موطەنطەن سواری طەیارە بون عەودەتیان فەرموەوە بۆ بەغداد، مەملەکەت بە تەشریف هێنانو معامەلاتی نازکەی فەخامەتی موشار ئیلەیهی زۆر مەمنونو موتەهەیجی سرور بون.[١١٠]

{} تەشریف هێنانی جەلالەتی مەلیك فەیصەلی ئەوەڵ بۆ سلێمانی

خەبەری تەشریف فەرمونی حەضرەتی مەلیکی موعەظەم کە هات بۆ سلێمانی وەکو ئاوازەی سەعدو سەعادەتی هەمو ئەهالی مەملەکەت موبەشیرو کەیف خۆش بون بەم لوطفو مەرحەمەتی ملوکانەیە. بەلەدیە بۆ کەمالی ئیحتیشامو ئیستیقبال دەستوبردی کرد بە ئیحضاراتو تەداروکاتی لازمە. لە سیٚ نوقاطی موختەلیفە طاقی ظەفەر ئیصعاد کراو ئەم طاقی ظەفەرانە لە مەضمونی تەرحیبو تەعظیمو وەحدەتی عیراقیە بە ئەلواحی گۆناگۆن دامەزراو بە وەرەقی ئەشجارو گوڵو ڕەیحان موزەیەن کرا، لەسەر هەمو طاقو مەقاماتی ڕەسمیەو خصوصیە بە هەزاران بەیداغی عیراقی ڕازایەوە، ثورە یا مەثیل هەمو طاقو گوزەرگاه تەنویر کرا.

ڕۆژی ١٠ی مانگی جاری کە چوارشەمو بو وە موعەیەن بو بە شەرەفی قدومی حەضرەتی جەلالەت، سەعادەتی موتەصەڕیفو موفەتیشی ئیداریو ئامیری مەنطیقەی شەرقیەو ضوباطو مەنسوبینی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا لەگەڵ

[١١٠] ژیان، ژ٢٨٤، ١ی حوزەیرانی ١٩٣١

سادات و ڕوئەسای دەوائیروعەشائیرو ئەشراف محەلیە تا دەربەند کە نیهایەتی حدودی لیوایە چون بۆ ئیستیقبال. صاحێبی جەلالەت سەعات هەشت و نیوی قەبلەل ظوهر بە حدودی لیوا مواصەلەتیان فەرمو. وفوری جەماعەتی موستەقبیلین هەمو نائیلی دامەنبوسی حەضرەتی مەلەکی بون. مەوکیبی ملوکانە لە دەربەند بۆ تەیناڵ کە مەرکەزی ناحیەی بازیانە حەرەکەتی فەرمو. لەوێ خێوەت و بارەگا هەڵ درا بو بۆ ئیستیراحەتی جەلالەتی و حاشیەو تەوابیعی. گەلێ لە سوارەی مەشهورەی هەمەوەندو عەشائیری سائیرە هات بون کە نائیل بن بە شەرەفی ئیستیقبالی تاجداریەوە. وە ذاتی جەلالەتی کە گەیشتە تەیناڵ لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دابەزی و موصافەحەی لەگەڵ فەرمون. لە پاشا مەوکیبی عالی دەستی کرد بە حەرەکەت بۆ سلێمانی لەوێش جمهورێکی عەظیم لە ئەهالی هاتبونە دەرەوە ساحەی ئیستیقبال لە پێش مەوعیدی وصولی جەلالەتی بە سەعاتێ وە لیجنەی تەشریفات مەشغوڵی صفوفی موستەقبیلین بو حەسەبی تەرتیباتی موقەڕەڕەو، لە پێش وصولی مەوکیبی مەلەکی سریەیەك حەرەس شەرەف حاضر بون و لە پێشیانەوە طاقمی مۆسیقا کە بۆ ئەم خصوصە ئیستیحضار کرا بون کەششافەی مەداریس و مۆسیقایان لە چەپەوە لەسەر وەضعیەتێکی شیرین و تیپێ لە سوارەی پشدەری و یەکێ لە هی جاف لە پێش مەوکیبی مەلەکیەوە لە نزیك مەوقیعی قلیاسان و لەوێشەوە بۆ سلێمانی.

لە سەعات دەو چل دەقیقە مەوکیبی مەلەکی گەیشت فیل حال ٢١ تۆپ ئەنداخت کرا. مۆزیقەی ڕەسمی سەلامی لێدا ذاتی حەضرەتی تاجداری کە گەیشتە حەرەس شەرەف لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دابەزی. صەف صەف عەسکەری تەفتیش و تەلطیف فەرمو. کەششافەی مەداریس بە شەرقی و نەشیدەوە زەمزەمەو ئاهەنگێکی خۆش ئەلحانی تەهیج و تەسریری قلوبی عومومیەی ئەکرد. ذاتی شاهانە کە تەشریفی بردە چادرێ کە مەخصوص بۆیان حاضر کرا بو لەوێ قوبوڵی موصافەحەو خۆشئامەدی عولەماو ڕوئەسای موڵکیەو عەشائیری فەرمو. لە پاش چەند دەقیقەیەك سریەیەك پۆلیس سوارەو سوارەی عەشائیر پێشدار بون مەوکیبی هومایون لە عەقەبی ئەوانەوە ئاهیستە ئاهیستە ڕو بە شار حەرەکەتیان فەرمو. ئۆتۆمۆبیلی تاجداری ذاتی جەلالەتی و سەعادەتی موتەصەڕڕیفی تێدا بو لە عەقەبی ئەوانەوە حاشیەی ملوکانەو لە پاش ئەوانیشەوە چل پەنجا ئۆتۆمبیلی موستەقبیلین قافڵەو ڕیزێکی پڕ ئیحتیشامی تەشکیل کرد بو.

لە مەوقیعی ئیستیقبالەوە هەتا ماڵی موتەصەڕڕیف ڕاست و چەپی جادە بە صفوفی ئەهالی گیرا بو. قافڵەی موحتەشەمە لە طەرەف ئەم صفوفی ئەهالیەوە بە وصولی جەلالەتەوە بە ئاوازی تەعظیم و چەپڵە کنکرەی ئاسمانی تەهذیز ئەکرد. وەقتێ کە لە

ماڵی سەعادەتی موتەصەڕڕیف دابەزین لە پاش مودەتێك ذاتی پەناهی و حاشیەی موحتەرەمەی لە ماڵی سەعادەتی موتەصەڕڕیف تەناولی طەعامیان فەرمو. لە پاش ئیکمالی طەعام ذاتی پادشاهی لەگەڵ ٢٠ کەس لە ڕوئەسای دەوائیری موڵکیەو ئومەرای عەسکەریە تەشریفیان برد بۆ مزگەوتی گەورەو زیارەتی مەرقەدی حەضرەتی کاك ئەحمەدیان فەرموو لە پاشان دو ڕوکعەت نوێژی سونەتی لەلای مەرقەدی کاك ئەحمەد کردو ئەمری فەرمو ٢٠٠ ڕوپیە تەوزیع بکرێ بەسەر حافظەکانی مزگەوتی گەورەداو جبەیەکی فاخیری خەلاتی شێخ عەبدوڵڵای خەطیب فەرمو.

لە دوایی‌دا موافیقی پرۆغرام کە لە ماڵی موفەتیشی ئیداری حەفلەی چایی ئیحضار کرا بو لە سەعات پێنجا حەضرەتی جەلالەتی تەشریفی فەرمو بۆ ئەوێ. لە وەقتی گەڕانەوەی‌دا تەشریفی بردە خەستەخانەی مەلەکی و لەوێ دەرحەق بە ئەهالی عاطیفەی ئەبەویەی ئیظهار فەرمو بە مژدەی بینایەکی تازە کە صاڵح بێ بۆ خەستەخانەیەکی عەصری.

بۆ ئێوارێ ذاتی جەلالەتی لە ماڵی موتەصەڕڕیف لەگەڵ ضوباطو مۆظەفینی بەریتانیاو نائیبی قۆنسوڵی ئیمپراتۆریەتی ئێرانی تەناولی طەعامی عیشای فەرمو.

قەرار وابو ڕۆژی دوەم ١٩٣١/٦/١١ کە حەضرەتی جەلالەتی سەرای حکومەتی بە قدومی موبارەکی موشەڕەف بکا. موافیقی ئەم قەرارە سەعات لە هەشت و نیوی قەبلەل ظوهر بۆ ڕەسمی سەلام سریەیەك لە جەیشی عیراقی و طاقمی مۆسیقا لەبەردەمی سەرا صەفبەستەی ئیحتیرام بون. ذاتی حەضرەتی تاجداری بە حیشمەت تەشریفیان برد بۆ سەرا. جەلالەتی لەسەرای مەکتەبی فەرمو هەتا سەعات دەو نیوی قەبلەل ظوهر لە ظەرفی ئەم مودەیەدا ڕوئەسای عەشائیرو دەوائیرو ڕیجالی دین و ئەشراف و توجارو جەماعەتی مولحەقات بە شەرەفی زیارەتی پادشاهی نائیل بون. وەقتێك کە ذاتی جەلالەتی سەرای بەجێ هێشت ئارەزوی دیدەنی مەداریسی کوڕان و کچانی کردو لەوێ ئیضهاری لوطف و شەفەقەتی دەرحەق بە ئەبنای وەطەن فەرمو. لە مەدرەسەی متەوەسیطە طەلەبەیەك قەصیدەیەکی خۆشئامەدی خوێندەوەو هەروەها لە مەدرەسەی ئولاو ثانی کچاندا. لە پاشا زیارەتی بینای مەکتەبی زانستی و تەشمیلی لوطفی عالی فەرموو صەد ڕوپیەی تەبەڕوع کرد بۆ تەعلیمی نەخوێندەوارەکان.

ئینجا جەلالەتی گەڕایەوە بۆ ماڵی موتەصەڕڕیفی لیواو طەعامی قاوەڵتی فەرمو لەسەر سفرەکەی جەماعەتێ لە وجوهی بەلدەو ڕوئەسای عەشائیر مەوجود بو. وە بەلەدیە ئیقامەی حەفلەیەکی چایی کرد لە باغچەکەی‌دا. لە عەینی ڕۆژدا بە

موناسەبەتی تەشریفی جەلالەتیەوە بۆ لیوای سلێمانی کە وجوهو ئەشراف و قەومو وفودو مولحەقات دەعوەتی ئەم حەفلەیە کرا. سەعات پێنج کەششافەی مەداریس، مۆسیقاو جەیش حاضر بون و، لە حینی تەقەڕوبی مەوکیبی مەلەکی مۆزیقەی سەلامی مەلەکی لێداو کەششافە تەرەنومی نەشائیدی خۆشئامەدی کردو، جەلالەتی داخڵی بینای باغچەکە بو لە بەینی چاپڵەی حاضرونا لە پاش تەقدیمی چای و جگەرە لە طەرەف بەلەدیەوە، سەید عەبدوڵلا ئەفەندی خەطیب خوطبەیەکی دوعای خوێندەوە بە ئیسمی عولەمای کیرام و سادات و مەشایەخی عیظام. لە عەقەبی ڕەئیسی بەلەدیە خوطبەیەکی خۆشئامەدی خوێندەوە بە ناوی ئەهالی بەلدە خصوصەن و ئەهالی لیوا عومومەن. لەدوای ئەو مدیری متەوەسیطە هەستاو ئیلقای خیطابێکی بە وەکالەتی هەیئەتی تەعلیمیەی لیواوە و، لە پاش ئەو قوسطەنطین ئەفەندی عەلەکە خوطبەیەکی بەناوی جەماعەتی مەسیحیەوە خوێندەوەو لە دوای ئەو موعەللیم ڕەحمیم ئەفەندی هەستا و ئیلقای خوطبەیەکی کرد بە وەکالەتی میللەتی موسەویەوە. لەم وەقتەدا صاحێبی جەلالەت مەلیکی موعەظەم هەڵسا و حاضرون ئیجلالەن وە ئیحتیرامەن هەمو هەڵسان و مقابەلەیان کرد بە چەپڵەیەکی بە شیدەت و ئیلقای خوطبەیەکی ئیرتیجالی فەرمو کە مدیری تەحریراتی لیوا تەرجومەی کرد بە کوردی. حاضرون چەند دەفعە چەپڵەیان لێدا.

وە لە پاش ئەوە کە جەلالەتی خوطبەکەی تەواو کرد دوبارە هەستاو. بەدەستی موبارەکی خۆی نیشانی ڕافیدەینی لە سەر سنگی موتەصەڕیفی لیوا سەعادەتی ئەحمەد تۆفیق بەگ تەعلیق کردو فەرمو: لەبەر تەقدیری خەدەماتی مەتەصەڕیفی سابیقەو لاحیقە ئەوا من ئیعطای پێ ئەکەم نیشانی ڕافیدەین لە دەرەجەی ڕابیع نەوعی مەدەنی. حاضرون چەپڵەیان لێ دا. موتەصەڕیف لە پاش وەرگرتن و ماچکردنی نیشانەکە چەند کەلیمەیەکی ئیرتیجالیەی خوێندەوە. (ئەوەی کە قیامی پێ کردەوە لە خدەماتی ئەدای واجیباتی بوە موقابیل بە صاحێبی تاج و میللەت و لەمەودوا سەعی و جەهد ئەکا بۆ خذمەتی عەرشی عیراق بەهەمو حوب و ئیخلاص و بۆ خذمەتی برایانی لە سێبەری تەختی جەلالەتی مەلیکی موعەظەمدا) حاضرون قسەکەیان بە چەپڵەڕێزان موقابەلە کردو، لە پاشا جەلالەتی تەرکی باغچەکەی کردو سەعات شەش و نیو جەلالەتی بە ئۆتۆمۆبیل تەشریفی برد بۆ سەرچنارو لە ڕەفاقەتیا موتەصەڕیفی لیواو موفەتیشی ئیداری مەوجود بون و لەپاش گەڕانی ئەطرافی دارستانی سەرچنار گەڕایەوە بۆ سلێمانی و طەعامی عیشای تەناول فەرمو..وە لە خذمەتیا بەعضێ لە زوعەمای خاریج و وجوهی بەلدە مەوجود بون.

ڕۆژی سێهەم ١٩٣١/٦/١٢ مەوکیبی عالی مەلەکی لە سەعات پێنجی قەبلەل ظوهر دا حەرەکەتی کرد بۆ هەڵەبجە بە ڕەفاقەتی موتەصەڕیفی لیواو موفەتیشی ئیداریو ئامیری مەنطیقەی شەرقیە. وەقتی وژولی جەلالەتی مەلیك بە خورماڵ جەمعیەتێکی غەفیر ئیستقبالیان کرد لە ڕوئەسای عەشایەرو ئەو مەحاڵە. وە لە خورماڵەوە حەرەکەتیان کرد بۆ هەڵەبجە، بەلەدیەی هەڵەبجە طاقێکی ظەفەری ئیقامە کرد بو لە مەدخەلی شاراو نەصبی خیامی کرد بو بۆ موستەقبیلینو جمهورێکی عەظیم لەوێ مەوجود بون لە ئیستیقبالی جەلالەتیاو، لە پێشیانەوە بەگلەری جافو ڕوئەسای عەشیرەتی هەورامانو نەوڕۆڵیو شێخانی طەریقەتی نەقشبەندیە ئیستیقبالیان کرد بە حەماسەتێکی شەدیدەو موبالەغەیەکی زائیدەوەو، لەپاش موصافەحەی جەلالەتی لە گەڵ موستقبیلین حەرەکەتیان فەرمو بۆ ماڵی قائیمقام لە گەڵ ڕوئەسای عەشائیرو وجوهی بەلدەو لەدوای ئیستراحەتێکی کەم جەلالەتی تەفەقودی مەدرەسەی ئیبتیدائیەی فەرموو لەوێ طەلەبەکان صەفبەستە... کەشافەو تەحییەتی جەلالەتیان کرد. جەلالی حامید بەگ...طەلەبە بە هاتە پێشەوە کە عومری هەشت ساڵ بو..شیعریەی شیرینی خوێندەوەو، لەدوای ئەو... خوطبەیەکی خۆشئامەدی لەطیفی کرد... لە خوطبەکاندا جەلالەتی مەلیك بینای مەکتەبەکەی تەرك کردو عەودەتی فەرموەوە بۆ سلێمانی لە سەعات شەشی بەعدەل ظوهر لە عەینی ڕۆژدا تەناولی طەعامی عیشای لە ماڵی موتەصەڕیفدا کردو لەسەر سفرەکەی جەماعەتی ئەشرافو وجوه هەمو مەوجود بون.

ڕۆژی چوارەم ١٩٣١/٦/١٣ بەلەدیە ئیستحضاری خەیمەو کورسی زۆری کرد لە ساحەی موخەصەصە بۆ ویداعی جەلالەتیو لە پاش طلوعی شەمس موەدیعینو حەرەس شەرەفو کەششافەی مەداریس ئەخذی مەواقیعیان کرد. سەعات لە حەوتی قەبلەل ظوهر مەوکیبی مەلەکی واصیل بو بەو مەکانە، مۆزیقە سەلامی مەلەکی لێداو جەلالەتی دابەزیو یەك یەك موصافەحەی لەگەڵا کردنو لە دواییدا سواری سەیارەی مەلەکیە بوو، لە پاشیەوە حاشیەی کەریمەو بۆ تەشیعی جەلالەتی تا حدودی لیوا موتەصەڕیفو موفەتیشی ئیداریو ئامیری مەنطیقەی شەرقیە لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلەکان وجوهو ئەعیان ڕو بە کەرکوك حەرەکەتیان فەرمو.[١١١]

---

[١١١] ژیان، ژ٢٨٦، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٣١

تەشەکوری خەطیبەکان ئەکەم بۆ ئەو حسسییاتە نەبیلانە لە بابەت ئیخلاص و تەعەلوقی میللەتەوە ئیظهارتان کرد.

ئارەزوم ئەکرد بمتوانیایە بە عەیبی زمان جوابیان بدەمەوە فەقەط ئومێدی عەظیمم هەیە لە ئیستیقبالدا بەبێ زەحمەت موەفەق ببم بەوە، چونکە ئێستا بێ تەرجومان هەرچیەك بە کوردی وترا تێ ی گەیشتم.

من خۆم حاضر نەکرد بۆ قسەکردن، فەقەط بینا لەسەر ئارەزوی ذەواتی حاضرون کە تەمثیلی طبەقات و جەماعاتی موختەلیفەی ئەم لیوا مەحبوبە ئەکەن چەند کەلیمەیەك ئەڵێم:

لێتان شاراوە نیە کە دین بۆ خوایە و وەطەن بۆ هەمو لایەکە. لە نەظەری مندا لە بەینی سوککانی مەملەکەتە مەحبوبەکەمدا هیچ فەرق و تەمییزیك نیە. وەطەن بۆ هەمومانە. ئەم شاخانە و ئەم دۆڵە جوانانە مڵکی باقی سوککانی لیواکانی تری عیراقن، هەروەکو ئەهلی ئەم لیوایە حەقیان لە هەمو بستێکی لیواکانی تردا. لەمەش زیاتر ئەڵێم، ئەڵێم هەمو دڵۆپێك لە خوێنی سەکەنەی ئەم لیوایە لە خوێنی هەمو عیراقیەکانە. عیراقیەکان لەم وەطەنەدا هەمو بران و هیچ شتێك نیە کە لە خدمەت کردن دوایان بخات.

دێینە سەر مەسئەلەی دین و مەذهەب، ئەمانە عائیدن بە خواو لازمە لە بەینی عەبدو مەعبوددا، لەناو دیواری مزگەوت و کڵێسادا بمێنێتەوە.

هیچ شوبهەی نیە کە هەر یەك لە ئێوە ئەیزانێت کە حکومەتی عیراق قبوڵی تەجزیئەو تەفریق ناکات، وە بە ئیعتیباری عوموم حکومەتی عیراق بۆتە جوزئێکی لایەتەجەزەئی و لەبەر ئەمە مەحاڵە کە سەکەنەی ئەلویەی جنوبیە بتوانن، بێ ئەوەی ئەم لیوایە جوزئێك لە وەطەنەکەیان و بە دەستیانەوە بێت لە ئەمنیەتا بژین و کەذا موستەحیلە بۆ ئەهالی ئەم لیوایە کە یەك ڕۆژ بتوانن، بەهەر شکڵ و وەضعیەتێك بێت، بەجیا لە وەطەنی عیراقی و لە برا عیراقیەکانیان بژین. ئەمە حەقیقەتێکی ئەوەندە ئاشکرایە کە هەمو عیراقیەك ئەیزانێت و ئەقوامی سائیرەش ئیشتیراکیان ئەکات. لەسەر ئەم ئەساسە حکومەتی عیراقیە تەئەسوسی کردوەو لە ئیستیقبالێکی نزیکا لەناو ئومەمی سائیرەدا بە ئیستیقلال و وەحدەتەوە ئەخذی مەوقیع ئەکات.

بە ئیعتیباری فەردو حکومەت لەسەر هەمومان لازمە کە واجیباتی خۆمان بەرامبەر بە وەطەنی موقەدەس ئەدا بکەین، وە لە هەمو ئێشێکدا کە خدمەتی

بەرزكردنەوەی وەطەن‌و تەحەقوق پێ كردنی ئامالی وەطەنیەی تێدا بێت تەشریكی مەساعی بكەین‌و یارمەتی یەكتری بدەین.

لە ڕۆژی تەئسیسەوە، وە ئەمڕۆ، وە ئیلەل ئەبەد پرۆغرامی حكومەتی وەطەنیە ئەمەیە كە لەناو ئەفرادی میللەتدا عەدالەت بڵاو بكاتەوەو تەطمینی ڕەغائیبیان بكات بە خدمەتگوذاری مەنافیعی وەطەن.

لە جوملەی ئەمانە حكومەت قانونێكی دانا كە بە موافیقی ئەو قانونە حورڕیەتی تەعلیم‌و موحاكەمات تەئمین كراوە. كوردێك بە زمانی خۆی فێری خوێندن بێت‌و، كەذا عەرەب‌و توركیش بە زبانی خۆیان فێری خوێندن ئەبن. وە بۆ ئەوەی تەئمینی عەدالەت بكرێت حوككامی مەحكەمەی ئەلویەی عیراقیە لازمە شارەزای زبانی ئەو كەسانە بن كە محاكەمەیان ئەكەن. عەلاوەتەن حورڕیەت بەخش كراوە كە موكاتەبەی بەینی دەوائیرو ئەشخاص بەو زبانە بێت كە ئەكثەریەتی ئەو لیوایە تەكەللومی پێ ئەكەن. هەروەكو لە ماضی‌دا بوە لەمەودواش عادات، عەنعەنە، ئەدیان‌و مەذاهیب ئیحتیرامی تەواویان ئەگیرێت.

خولاصە حكومەتم عەزمی كردوە لەسەر ئەساسی حورڕیەت، عەدالەت‌و عەطف‌و ئیفای وەجائیبی وەطەنیە بە ئیخلاصەوە تەمشیەتی ئومور بكات‌و، ئەگەر لەمانەدا قصوری كرد من خۆم موراقەبەی ئەكەم.

وەضعیەتی سیاسی مەملەكەتەكەم تەقەڕوڕو تەعیین كردوە مەجالی ئەوە نەماوە كە تەبدیل‌و تەغییر بكرێت.

بینائەن عەلەیهی لازمە لەسەر میللەت كە هەمو معاوەنەتی حكومەت بكەن بۆ ئەدای واجیباتی عومومیەی، وە ئەگەر یەكێك لەم ڕێگایە لابدات شاذێك تەشكیل ئەكات وەكو كوڕەكەی نوح پێغەممەر كە وەختێ باوكی بانگی كرد.

بۆ تەئمینی میللەتەكەم لە بابەت ئەو مەركەزە سیاسیەی ئەم وڵاتە نائیلی بوە هەرچی لازم بو وتم. ئێستا ئەوەی بۆ ئێوە مابێتەوە ئەوەیە كە جەهدو سەعی تەواو بنوێنن بۆ ژیاندنەوەی ئیقتیصادیات، وەكو تیجارەت‌و زەراعەت، تاكو نەهضەی ئیجتیماعیەی عیراق بكات لەگەڵ ئەو هەنگاوە گەورانەی كە لە سیاسەتدا هاویشتویەتی.[112]

FO371/15318

[112] ژیان، ژ٢٨٧، ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٣١

پەلەیە
کۆپی خولاو لە خاوەن شکۆوە - سەرۆك وەزیران - بۆهەر هەمو وەزیرەکان - جگە لە وەزیرانی دەرەوە، بەرگریو بەڕێوەبەرییەتی گشتی A. W. Q. A. F.

بابەت: سیاسەتی کوردی

١- لیرەدا من لیستێك دەنێرم بە زانیاری ورد لەسەر فەرمانبەرانی وەزارەتەکەت کە کوردی نازانن کە لەلایەن دیوانی شارەکانی ئەربیل، کەرکوك، سلێمانییەوە نێراون. لەگەڵ کۆپییەك لەسەر کۆبونەوەی ڕۆژی (١٩٣١/١٠/٧) کە لە ئۆفیسی وەزارەتی ناوخۆیی ئەنجام دراوە.

٢- تکایە دەتوانی ئاگادارم کەیتەوە کە :

ئەلف : کە ئاخۆ ئەو لیستەیە ڕاستە، گەر هەڵەی تیایە، وا بکە کە لیستەیەکی ڕاستم پێ بگات زۆر بە پەلە.

بێ: چ ڕێو ڕەسمێك دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە بگۆڕن کە کوردی نازانن، چەندە وەختیان دەوێ بۆ فێربونی زمان.

جیم: لە حاڵەتێکدا گەر ئەوە نەکرا بەم زوانە، وا بکەن کە بایی ئەوەندە کوردی فێر بن کە کارەکانی خۆیانی پێ ئەنجام بدەن. دەکرێ واش دەست نیشان بکرێن کە بتوانن لە تاقیکردنەوەدا دەرچن سەبارەت بە فێربونی زمان، گەر سەرنەکەوتن دوای چەند مانگێك لە ناوچە کوردییەکان دوربخرێنەوە. سەرەڕای ئەم ڕاپۆرتە ناوخۆییە، من ڕاپۆرتێکی دیکەم گەرەکە لە کۆتایی دو مانگدا کە چی پێشکەوتنێك بەڕێوە چوە لەو ماوەیەدا بۆمی بەیان بکەن.

٤-لە داهاتودا گەر ناچار بون کە فەرمانبەری وا دابمەزرێنێ لە ناوچە کوردییەکان کە کوردی نازانن، تکایە لەو حاڵەتەدا ڕاپۆرتێکم بۆ بنوسە کە بە وردو درشتی هۆی ئەو جۆرە دامەزراندنەم بۆ بەیان بکەی.

٥-تاقیکردنەوەکانی زمان: من دەخوازم کە جۆرە سیستمێکی تاقیکردنەوە بۆ زمانی کوردی بەڕێوە بچێ بۆ هەمو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە خزمەتدان یان لەوانەیە لە داهاتودا لە ناوچە کوردییەکانی سەر بە عیراق خزمەت بکەن، هەروەها بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە ئێستا لەو ناوچانەدا کار دەکەنو کوردی نازانن، پێویستە وەختێکی دیاریکراویان بدرێتێ، بڵێ سێ مانگ، (هەرچەندە وەختی پێویستو ماقوڵ لە لایەن پسپۆڕانەوە) بڕیاری لەسەر دەدرێ کە تیایدا بایی ئەوەندە کوردی

فێر بن کە بگەنە ئاستێك کاروباری خۆیان بە کارامەیی بەڕێوە ببەن. بۆ نمونە کاتبێك کە لە بەشێکی تەکنیکی دەست بەکارە مەرج نییە بە قەد کارگێڕێك یان دادوەرێك کوردی بزانێ. ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو ناوچانەدا خزمەت دەکەن یان لە دەزگا حکومەتییەکان کارگێڕن کە تیایدا دوو تا سێ زمان بەکاردێت وەکو عەرەبی و کوردی و تورکی بە پێی دەرکردنی ((یاسای بەکارهێنانی زمان لە ناوخۆدا)) دەبێ بایی ئەوەندە لەم زمانانە بزانن کە بتوانن بەکارامەیی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەم خاڵەیان جێی بایەخێکی گرنگە چونکە زانراوە کە نەك فەرمانبەر ببێ ئەو زانینی زمانانە کارامەو لێهاتو نابێ، بەڵکو ڕێی تێ دەچێ کە ببێتە مایەی هەستی ناجۆرو بەریەك کەوتن لە نێوان فەرمانبەران و خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئەوان کاری تێدا دەکەن. لەمەڕ مەسەلەی تاقیکردنەوە لە زمانی کوردیدا، وا پیشنیار دەکرێ کە پاداشت و خەڵات لەلایەن حوکمەتەوە بدرێ بەو فەرمانبەرانەی کە سەردەکەون، چونکە ئەوە پتر هانیان دەدا خۆ ماندو بکەن، دەکرێ خەڵاتەکان بەم شێوەیە بڕوا بەڕێوە: (٥٠) ڕوپیە بۆ تاقیکردنەوەی سەرەتایی، هەشتا ڕوپیە بۆ قۆناغێکی بالاترو (١٢٠) ڕوپیە بۆ ئاستێك کە توانا وەرگێڕان لە خودا بەدی دەکەن.

٦- لە میانەی گەڕانەکانمدا بە ناوچە کوردییەکاندا لەم ساڵەدا بۆم دەرکەوت کە مامۆستایانی ژن لە قوتابخانەکاندا زۆر کەمن. هەر بۆیە سەرنجی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم حەقیقەتە ڕادەکێشم، داواشم ئەوەیە کە هەرچی دەکرێ بیکەن بۆ ئەوەی خانمانی کورد ڕابهێنرێن تا ببن بە مامۆستا.

٧-داوا لە وەزارەتی ناوخۆیی دەکرێ کە هەندێ ڕێنمایی دەربکات بۆ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس کە هەندێ هەنگاو هەڵنێن کە زۆر پێویستە تا بایەخ بەو مەسەلەیە بدا کە هەندێ لە ئەفسەرانی پۆلیس کوردی نازانن و کەچی لە ناوچە کوردنشینەکان دامەزراون.

٨-من سەرنجم بۆ خاڵێکی تر دەچێ لەمەڕ ئەو حەقیقەتەی کە ڕاستە لە بەندی پێنجەمدا هاتوە سەبارەت بە (یاسای زمانە ناوخۆییەکان) کە دەکرێ کوردی و تورکی لە ناوچەکانی کەرکوك و کفریدا وەك زمانی ڕەسمی بەکار بێن، بەڵام لە ڕاستیدا بە تەنها تورکی بەکار دێ. پەیڕەوکردنی ئەو یاسایە سەبارەت بەم مەسەلەیە دەبێ فەراهەم بکرێ.

{کۆپیـەك لەگـەڵ ئـەو کۆپیـیەی مـەحزەری کۆبونەوەکـە بـۆ سـەرۆکی دیوانـی پاشایەتی}

"نهێنی"
ژمارە پۆست (٤٣٩)
N. P. O. 439

شوێنی نیشتەجێ بون
بەغداد – ١٩٢٨/١١/٢٧

بەڕێزم سەرۆك وەزیران...

ئایا دەکرێ بەڕێزت بە میهرەوە بگەڕێتەوە بۆ نامە باوەڕ پێ کراوەکەم ژمارە: P. O. 426 کە لە بەرواری (١٩٢٨/١١/٢٢)دا دەرچوە لەمەڕ مەسەلەی ئەو پەیمانانەی نێـوان حکومـەتی بریتانیـای مـەزن و عـیراق سـەبارەت بـە بـەڕێوەبردنی ناوچـە کوردییـەکان، هـەروەها مەسـەلەی مانـەوەی (عەبدولمـەجید بـەگ ئـال یـەعقوبی) لـە پۆستی خۆیدا وەك موتەصەڕیفی ئاربیل (هەولێر).

من وابزانم بیرم چوە لەو نامەیەدا کە سەرنجی جەنابتان بۆ ئـەو موزەکەرەیـە ڕابکێشم لەمەڕ مەسەلەی ئەو بەڵێنانەی کە بریتانیا لەسەر ئاستی جیهانی داوییەتی سەبارەت بە عیراق کە تیایدا کۆپییەك بە شێوەیەکی ڕەسمی گەیشتە دەست نوێنەرە کۆنەکەی تۆ (جەعفەر پاشا ئەلعەسکری) لـە کۆبونەوەکـەی وەفدەکـان کـە هـاتبون گفتو گۆ لەسەر پەیماننامەی ئەنگلۆ/عیراق بکەن کە لە ئۆفیسی کۆلۆنیال بەسترا لە بـەرواری (١٩٢٧/١١/١). لـەو موزەکەرەیـەدا هـاتوە وەك جـەنابت دەیبینـی کـە ڕونکردنەوەیەك لەلایەن حکومەتی بریتانییەوە هـاتوە بـەو ئاکامـەی کـە کۆمەڵـەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەنگێك بۆ ئەو پەیمانەی حکومەتی بەریتانیا دادەنێ بەوەی کە ڕێو ڕەسمێك بگرنـە بـەر تـا زامـنی ئـەوە بکـەن کوردەکـانی عـیراق ئیدارەیـەکی ناوخۆییان هەبێ کە دیارە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان مەرجی داناوە حوکمی خۆیان بەیان بکەن لەمەڕ مەسەلەی سنوری موسڵ. من دڵنیام کە جەنابت بایەخێکی گەورە بەم مەسەلەیە دەدەی. من لە خزمەتدام

سد. ئێچ. دۆبز
خاوەن شکۆ بەڕێز عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون.
سەرۆك وەزیران – بەغداد

کاك شێرزاد حەسەن لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە کوردی

٥- كورد و كۆمەڵەی گەلان

١- ٥ ڕاسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان دەربارەی کورد

لەڕێککەوتنی نهێنی سایکس–پیکۆدا موسڵ بەر فەرەنساو شام بەر بریتانیا کەوت بو، بەڵام دوای جەنگ لوید جۆرجی سەروەزیرانی بریتانیا لە لە سەودایەکی زیرەکانەدا لە گەڵ کلیمانسۆی سەروەزیرانی فەرەنسا، شامی دا بە وانو موسڵی بۆ خۆیان وەرگرت، بە تایبەتی کە هێزی بریتانیا لەو کاتەدا ولایەتی موسڵی لە ژێر دەس‌دا بو.

هێزەکانی بریتانیا، بە شەڕ موسڵیان نەگرت بو، بەڵکو لە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕی مۆدروس چوبونە ناویەوە، لەبەرئەوە تورکیا موسڵی بە بەشێك لە سەرزەمینی خۆی دائەنا نەك بە داگیرکراوی جەنگ. تورك داوایان لە بریتانیا ئەکرد موسڵ چۆڵ بکا، بریتانیاش کە مرخی لەنەوتی کەرکوك خۆش کرد بو، بەهانەی دائەتاشی موسڵ لەدەس خۆی دا بمێنێتەوە، ئەم کێشەیە بەگفتوگۆی دوو قۆڵی تورکو ئینگلیز چارەسەر نەکراو، لە کۆنفرانسی لۆزانیش‌دا نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن. کێشەکە بە ڕەزامەندی هەردولایان، بۆ بەلاداخستنی، بەرەو ڕوی کۆمەڵەی گەلان کرایەوە.

کۆمەڵەی گەلان کومیتەیەکی ٣ کەسی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی((کێشەی موسڵ))و وەرگرتنی بیروڕای دانیشتوانی ناوچەکە کە بدرێتەوە بە تورکیا یان بخرێتە سەر عیراق.

کۆمیتەکە هاتە موسلْو سەردانی هەولێرو کەرکوکو سلێمانییان کرد. تاقمێ نوێنەری تورکیان لەگەڵ هات بۆ پڕۆپاگەندە. یەکێ لەوانە ژنبرایەکی شێخ محمود بو. ئەم کۆمیتەیە لەگەڵ زور کەسو تاقم وتوێژیان کرد، لە ئەنجامی ئەم گەشتەدا ڕاپۆرتێکی درێژیان ئامادە کردو، دایان بە کۆمەڵەی گەلان. لە ڕاپۆرتەکەیاندا ڕایان سپارد بو کە موسلْ بخرێتە سەر عیراق بەو مەرجەی دەوڵەتێکی پێشکەوتو ماوەی ٢٥ ساڵ یارمەتی بداو، ئارەزوەکانی کوردیش لە بەرچاو بگرێ.

ئەم لیژنەیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا نوسی بوی:

((لە حاڵەتێك دا ئەگەر چاودێری کۆمەڵەی گەلان تەواو بو، دوای بڕانەوەی ئەو چوار ساڵەی کە پەیمانی عیراقی بریتانی تێدا بەستراوەو، بەڵێنی بەڕێوبەرایەتی ناوچەیی بە کورد نەدرێ، زۆر خەڵك تورکیان پێ باشتر ئەبێ لە عەرەب.)) (السید عبدالرزاق الحسنی، العراق فی ظل المعاهدات، ط ٣،لبنان،١٩٥٨.ل١٣٣)

ڕاسپێریەکانی لیژنەی سنور دەربارەی کورد:

((پێویستە ئارەزوەکانی کورد لەبەر چاو بگیرێ دەربارەی دانانی فەرمانبەرانی بە ڕەگەز کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیانو، پێویستی دابەشکردنی عەدالەتو بڵاوکردنەوەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا و، کردنی زمانی کوردی بەزمانی ڕەسمیی لە هەمو ئەم وەزیفانەدا.))

برگەی ٣ هەمی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ئەڵێ:((داوا بکرێ لە حکومەتی بریتانی، وەکو هێزی مانداتۆر، ئەو تەدابیرە ئیدارییانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن کە دائەنرێن بۆ دڵنیاکردنی دانیشتوانی کورد لەو شتانەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆلینەوەدا ناو براون، گەرەنتییەکانی دەربارەی بەڕێوبەرایەتی ناوچەیی، کە لیژنەکە لە ئەنجامگیرییەکانیدا ڕای سپاردون.))(الحسنی:ل١٢٩)

کۆمەڵەی گەلان کێشەکەی بە قازانجی بریتانیاو عیراق بە لادا خست موسلێدا بەعیراق .تورکیاش ئیتر وازی لەم داوایە هێنا. بەڵام سەودایەکی تری بەدودا هات . بۆ ئەوەی تورکیاو ئێران لە ڕوسیای سۆڤیەتی دور بکەونەوەو، لە ئینگلیز نەوروژێن، ئینگلیز بۆ ڕازی کردنی ئەوان، نەی هێشت کوردی عیراق هیچ جۆرە قەوارەیەکی تایبەتی هەبێ، تەنانەت لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا.

٥-٢ هیوای کورد بە کومەڵەی گەلان

چالاکەکانی کورد ئومێدێکی زوریان بە ڕاسپێریەکانی کۆمەڵەی گەلانو، بە عەدالەتو دڵسۆزی بۆ گولانی پچوك هەبو. ئەمەیش لەو وتارانەدا دەرئەکەوێ کە نوسراونو. لەویاداشتانەی داویانەو. لەو گفتوگۆیانەدا کە لەگەڵ وەفدی وەزاری عیراق کردویانە.

عیزەت بەگی عوسمان پاشا ئەڵێ:

((میللەتی کورد تەنها عیبارەت نیە لە سلێمانی. لە زاخۆوە تا خانەقین هەموداوای ئەم حەقە ئەکاتو هیچ کوردێك کەرەتێکی تر لە گەڵ عیراقا ناژی. بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بە حکومەتی مونتەدەبە ئەکەین. ئەگەر ئەویش نەیپرسی، شکایەت ئەبەینە بەر عیصبەتول ئومەم. کورد حکومەتێکی موستەقیللەی ئەوێ لە ژێر ئینتیدابدا. بەهەمو هێزمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعی ئەکەین، ئەمجارە سیلاحو تفەنگمان قەڵەمو موراجەعاتە))

هەر لەم بوارەدا حەمە ئەورەحمان ئاغا ئەڵێ:

((ئێمە کوردینو، کوردستان عیبارەت نیە هەر لە سلێمانی. لە زاخۆ وە هەتا خانەقین کوردەوارێتیەو، نایانەوێ لەگەڵ عیراق بژینو، حکومەتێکی موستەقیللەی کوردیمان ئەوێ لەژێر ئینتیدابدا. ئەگەر ئینگلیزیش نامانداتێ موراجەعەت بە عیصبەتول ئومەم ئەکەین)).

بەم دڵنیاییو هیوا گەورەیەوە، کە نائومێد بون لە کاربەدەستانی بریتانی، ڕویان کردە کۆمەڵەی گەلانو، چەند مەزبەتەیان بۆ نارد.

٥-٢-١ مەزبەتەکانی هەیئەتی وەطەنییە

سەرانی سلێمانی بەناوی خۆیانەوە چەندین مەزبەتەیان داوە بە کۆمەڵی گەلان. مەزبەتەکان لەرێگای مەندوبی سامی بریتانیەوە لە بغداد ئەنێردرانو، وێنەیان لێ ئەدرا بە سەرۆکی وەزیرانی عیراقو، ڕۆژنامەکانی بەغداد.

هەر بە هاندانی هەیئەت دەیان مەزبەتەی تر لە لایەن ژنانی سلێمانی، کەسایەتی ناسراو و، سەرانی ئێلەکانی جاف، هەمەوەند، پشدەر، هورامان... بۆ هەمان مەبەست نێردرا بۆ کۆمەڵەی گەلان.

لە هەمو ئەو مەزبەتانەدا داوای جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان ئەکرد دەربارەی پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لە ژێر ئینتیدابی بریتانی

یان هەر ئەندامێکی تری کۆمەڵەی گەلاندا. هەر لەو ماوەیەدا مەزبەتەیەکیش بە ناوی سەرانی ئێلەکانی بادینانەوە نوسراوە. بەڵام دەسبەجێ ئەوان بە درۆیان خستەوەو، دژی ئەم جوڵانەوەیە هەڵوێستیان گرتو دەربڕی.

یەکێ لە گرنگترینی ئەو مەزبەتانە، یادداشتێکە کە بەناوی هەیئەتی وەطەنییەی کوردستانی جنوبییەوە، بە ئیمزای ئەندامەکانی، لە٣١ی ئابی ١٩٣٠دا دراوە بە کۆمەڵەی گەلانو، هەوڵ ئەدەن، بە ئەندامانی کۆمەڵەی بسەلمێنن، کورد هەروەکو ماڤ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی هەیە، توانــاو لێوەشــاوەیی ژیـانو بەڕێوبردنیشی هەیە.

حکومەتی عیراق ڕوداوەکەی ٦ ئەیلولی کرد بە بەهانەو، هەمو چالاکەکانی هەیئەتیان گرت. هەندێکیان ناردن بۆ زیندانی کەرکوکو هەندێکیان دورخستنەوە. بە گیرانی ئەمان هەیئەت لەچالاکی کەوتو تەواو بو. هەندێکیان بەیەکجاری لەژیانی سیاسی کشانەوە. لە کاتی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردندا دەرکەوت کەهۆی سەرەکی گیرانەکەیان ناردنی ئەو مەزبەتانە بوە بۆ کۆمەڵەی گەلان.

٥-٢-٢ مەزبەتەکانی شێخ مەحمود

شـێخ مـەحمود کەهاتـەوە مـەیدانی چالاکـەکانی هەیئـەت گـیرا بـونو، ئـەو چالاکییەی ئەوان دەستیان پێکرد بۆ تەواو بوبو. شێخ محمود چەندین نامـەی بـۆ موفەتیشی ئیداری لەسلێمانی، مەندوبی سامی لە بەغداد نوسیو، داوای لێکردن کە کاربەدەستانی عەرەبی داوو دەزگای مەدەنیو سپایی لەزاخۆوە هەتا خانەقین چۆڵ بکەنو، حکومەتێکی کوردی لە ژێر ئینتیدابی بریتانی یان هەر ئەندامێکی تری کۆمـەڵی گـەلان دا دابمـەزرێنن، بـەڵام ئـەمان بـەبیانوی ئـەوەی شـێخ مـەحمود ڕێککەوتنەکەی ١٩٢٧ی شکاندوە، بەهەرەشە لێ کردن وەڵامیان دایەوە.

بە ڕێگای ئەوان بوبێ، یان هەر ڕێگایەکی تر، لە باتی دانیشتوانی کوردستانی جنوبی، لە ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٣١ دا یادداشتێکی ناردوە بۆ کۆمەڵەی گەلان. لەو یادداشتەدا گازاندە لە حکومەتی عیراق ئەکا لەسەر ئەوەی لە سلێمانی کوشتاری کردوەو، ڕۆشنبیرەکانی گرتوەو، داوا ئەکا حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر سایەی ئینتیدابی بریتانی یا هەر ئەندامێکی تری کۆمەڵەی گەلاندا دروست بکرێ.

٥-٢-٣ مەزبەتەكانی تۆفیق وەهبی

ئەو كاتەی تۆفیق وەهبی موتەصرِیفی سلێمانی بو، هەیئەت لەپەڕی جموجۆڵو چالاكی‌دا بو. حكومەتی بەغداد پیێی وابو ئەو چالاكیە بەهاندانی تۆفیق وەهبییە، لەبەر ئەوە كێشایانەوە بەغدادو دەستیان لەكار كێشایەوە.

لەمارتی ١٩٣١ دا كۆمەڵێ لەپیاوە ناسراوەكانی كوردستانی عیراق وەكالەت نامەیەكیان بۆ تۆفیق وەهبی كردۆتەوە دەسەڵاتیان داوەتیێ بە ناوی ئەوانو، بە نوێنەرایەتی دانیشتوانی كوردستانی جنوبییەوە بۆ جێبەجیێ كردنی خواستەكانی گەلی كورد لە گەڵ كۆمەڵەی گەلانو دەزگاكانیو، لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، یان هەر دەوڵەتو دەزگایەكی پێوەندیدار گفتوگۆ بكات. جەلادەت بەدرخان‌یش، بەناوی كۆمەڵەی (خۆیبون)ەوە نامەی پشتیوانی بۆ نوسیوە.

تۆفیق وەهبی لە نیسانی ١٩٣١ دا، دوای ئەوەی مەزبەتەكانی ساڵی ١٩٣٠ ڕەفزكراون، چۆتە بیروتو دەستی كردوە بەكار. لەوكاتەدا هەیئەتی وەطەنییە لە چالاكی كەوت بو. لەو كاتەداهەیئەتی وەطەنییە لە چالاكی كەوت بو، شێخ مەحمودیش لە دوا ڕۆژانی شۆڕشەكەی‌دا بوە لەو كاتەدا زنجیرەیەك نامەو یادداشتی، بە نوێنەرایەتی ٨٠٠ هەزار كوردی كوردستانی جنوبی نوسیوە، بۆ:مەندوبی سامی بریتانی لە عیراقو، وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری دەرەوەی بریتانیاو، سكرتێری كۆمەڵی گەلانو، سەرۆكی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.

تۆفیق وەهبی لە یادداشتەكانی‌دا حكومەتی عیراق بە حكومەتی عەرەبیو كوردستانی عیراق بە كوردستانی جنوبی ناو ئەباو، ئەڵێ كابرایەكی ئایریش چەند ئینگلیزە، كوردیش ئەوەندە عەرەب یا عیراقیە.

تۆفیق وەهبی لە یادداشتەكەی‌دا داوا ئەكا لە ژێر سایەی عەرشی عیراق‌دا ماف (خۆحوكوم كردن) بدریێ بە كوردستان. هەوڵ ئەدا باشیی ئەم كارە بۆ سەر ئاسایشی عیراقو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو، پێوەندی كوردو عەرەبو كلدانیو ئاسوری، بسەلمێنێ.

خواستی ئەم لە گەڵ خواستی هەیئەتی وەطەنییەو شێخ مەحمود جیاواز بوە. ئەوان داوای حكومەتێكی كوردی سەربەخۆیان كردوە لە ژێر ئینتیدابی بریتانی‌دا، بەڵام داوای خۆ حوكوم كردنی كردوە لە ژێر سایەی عەرشی عێراق‌دا. دیارە ئەوەیش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەم شارەزای سیاسەتی ناودەوڵەتان بوە، دڵنیا بوە لەوەی لەبەر خاتری كورد دەوڵەتی عیراق هەڵناوەشێنرێتەوەو كوردستان لە عێراق جیا ناكرێتەوە.شتێكی داوا كردووە بە پیێی بۆچونی خۆی، هەلی جێبەجیێ كردنی زۆرتر

بیٚ لەوانەی پێشو. بۆ سەلماندنی خواستەکانی، پشت بە ژمارەو بەڵگەو شایەتو لێکۆلینەوەی زانستیو مەنطیقی ئەبەستیٚ.وەك بەشیٚ لەمەزبەتەکەی دو مەسەلەی گرنگی تری باس کردوە:

یەکەمیان، هەوڵی داوە قسەکانی نوێنەری بریتانیا لە لای لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، کە بە قازانجی حکومەتی عیراقو بەزەرەی کورد بون، پوچ بکاتەوە.

دوەمیان، پیٚی لە سەر دۆستایەتی کوردو ئاسوری کلدانی داگرتوە و، ناکۆکی ئەم دو گەلەی خستۆتە ئەستۆی حکومەتی عیراق کە هێزی لیوی لیٚ دروست کردونو ئەیان نێریٚ بۆ شەڕی کورد. نوێنەرانی ئاسوری پشتیوانییان لە خواستەکانی تۆفیق وەهبی کردوە.

دوای ئەوەی تۆفیق وەهبی گەڕاوەتەوە بەغداد پیٚ ئەچیٚ، لە سەر ئەم مەزبەتەیە، گیرابیٚ بەڵام دوای ئەوەی هاوسەرەکەی سکاڵایەکی داوە بە مەندوبی سامی بەر دراوە. تۆفیق وەهبی جارێکی تریش چۆتەوە بەیروت. لەوەڵامی ئەو توهمەتانەی، لە ڕۆژنامە عەرەبیەکاندا، بە پاڵ جوڵانەوەی کورد دراون، وتارێکی نوسیوە، لەباری سەرنجی کوردەوە داکۆکی لە مافەکانی ئەکا.

٥-٣ ڕاپۆرتەکانی هێزی مانداتۆر

حکومەتی بریتانی کەهێزی مانداتۆر بو لە عیراقدا هەمو ساڵیٚ ڕاپۆرتێکی درێژی لە سەر جۆری بەڕێوەبردنی عیراقو، پلەی پێشکەوتنو گەشەکردنی بۆ کۆمەڵەی گەلان ئەنوسی. لە هەمو ڕاپۆرتێکی ساڵانەدا بەشێکی بۆ کورد تەرخان ئەکرد. لەم بەشەدا هەمیشە دو شتی ڕون ئەکردەوە:

یەکەمیان، شایەتیەکی ناڕاستی بۆ حکومەتی عیراق ئەدا، کەوا هەمو بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە ڕاسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان بەرامبەر بە کورد جێبەجیٚ کردوە. قسەو ڕاگەیاندنەکانی کاربەدەستانی عیراقو ژمارەی فەرمانبەرانی کوردو ناسینی ڕەسمیی زمانی کوردی ئەکرد بە بەڵگە.

دوەمیان، سکاڵاو گازندەکانی کوردی بە درۆ ئەخستەوەو، بە تێبینییەکانی کە لە سەر مەزبەتەکانی سەرانی کوردی ئەنوسی، هەمیشە شکاتو داواکانی پوچ ئەکردنەوە.

ئەو زەمانە بریتانیا گەورەترین زلهێزی دنیاو، خاوەن دەسەڵاتی گورەبو لە ناو کۆمەڵەی گەلاندا، شتێك ئەم ڕازی لە سەر نەبوایە سەری نەئەگرت. بریتانیا سەربەخۆی کوردستانی بە شتێکی گەوجانەو لە جێبەجێکردن نەهاتوی دائەنا. لای وابو دامەزراندنی هەر جۆرە قەوارەیەکی کوردی لە عیراقدا ئەبێ بە هۆی وروژاندنی تورکیاو ئێران. ئینگلیز تورکیاو ئێرانو عیراقیان بەلاوە گرنگتر بولە کورد، بۆ ئەوەی ئەو توهمەیە لە خۆیان دور بخەنەوە کە ئەوان لە پشت خواستە نەتەوەییەکانی کوردەوەن، بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی خۆیانو ڕاسپێریەکانی کۆمەڵەی گەلانەوە، دژی هەمو جۆرە قەوارەیەکی کوردی ڕاوەستانو، نەیان هێشت کورد هیچ دەسکەوتێکی سیاسی یا بەڕێوەبەرایەتی لە عێراقدا بە دەس بهێنێ.

بریتانیا لە سیاسەتی عیراقییدا بەرامبەر بە کورد وەکو کابرای عەرەبی ئەکرد:(ترید غزال اخذ ارنب، ترید ارنب اخذ ارنب). لە هەمو حاڵەتێکدا ئەبو بە دەوڵەتی عیراقدا بکەوێ.

٥-٤ ڕەتکردنەوەی خواستەکانی کورد

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، بێ پێچو پەنا، خواستی کوردی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیدابو، خواستی خۆ حکوم کردنی کوردستانی لە ژێر سایەی عەرشی عیراقدا، ڕەت کردەوە.

بیانویشیان ئەوە بو کە لە ناو بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلاندا ڕاسپێریو بەڵێنی لەو بابەتەی تێ دا نیەو، کورد بە هەڵە لە بڕیارو ڕاسپێریەکانی کۆمەڵەی گەلان گەیشتونو بە هەڵە لێکیان داوەتەوە.

شکانی شێخ محمودیش ئینگلیزی گەرمتر کردوە، بۆ پوچکردنەوەی مەزبەتەکانی کورد، بۆ نمونە لە یەکێ لەو تێبینییانەی لە سەر مەزبەتەی تاقمێ کەسایەتی کورد نوسیویەتی، جگە لەوەی عیراقی بونی نوسەرەکانیو خوێندنەوەی ئیمزاکانیو، لێوەشاوەییان کە بە ناوی کوردەوە بدوێن، ئەخاتە گومانەوە، بە ڕاشکاوەی ئەڵێ مەزبەتەیە بە فیتی شێخ مەحمود نوسراوە و، شێخ مەحمودیش خۆی بە دەستەوە داوە، لە بەر ئەوە ناهێنێ بایەخی پێ بدرێ.

کۆمەڵەی گەلان، لە باتی ئەوەی خواستە نەتەوەییەکانی کورد دابین بکات، لە ڕاسپێرییەکانیدا بۆ ئەوەی مافەکانی ڕێز لێ گیراو بێ، کردویەتی بە مەرج بە سەر کوردەوە کە ئەبێ ((بە دڵسۆزییەوە بەشداری بکات لە ئاسایشو گەشانەوەی دەوڵەتی عیراقدا))

ئەو هیوایەی چالاکەکانی کورد بە کۆمەڵەی گەلانو عەدالەتەکەی هەیان بو، نەما. شێخ سەلام بەو بۆنەیەوە شیعرێکی داناوە، کە ئەو سەردەمە لە گۆڤاری هاواری دیمەشقیدا بڵاوکراوەتەوە. لەشیعرەکەیدا ئەڵێ:

عیصبەتول ئومەم، کۆمەڵی گورە
بە پێچو پەنا، بە فیڵو دەورە
تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن؟
کوتەکی دەستی میستەر هەندەرسەن

تێبینی: بۆ ئاگاداری زۆرتر لەسەر کوردو کۆمەڵەی گەلان بڕوانە:

جلال طالباني: "كردستان والحركه القدسيه الكرديه"، بغداد، ١٩٧٠، ص١٤٢ – ١٤٨.

كمال مظهر احمد: ص٨٩ – ١٢٨

کۆمەڵەی گەلانو مەسەلەی کورد

لە ڕاستیدا کۆمەڵەی گەلان "کۆمەڵەی دزان"ی ئەو ئیستعمارییانە بوو کە هیچ خەمو خولیایەکیان نەبو جگە لەوەی لەڕێی دزیو جەردەییو تالانو بڕۆکردنی سەروەتو سامانی گەلانی ڕۆژهەلاتو ئەفریقاو سەرکوتکردنیانەوە بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم بپارێزنو لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتوەکاندا دەسکەوتی بەتالان براو بەشبکەن. هەر لەبەر ئەوەش مافەکانی گەلی کوردو چارەنوسیان بەلاوە هیچ نەبوو. بەڵام ڕوداوەکانی ڕۆژهەلات کۆمەڵەی گەلانی ناچار کرد کە هەندێ بڕیاری بەنجئاسا دەربکەن، ئەمەش دوای ئەوەی کە کوردیان لە مافی چارەی خۆنوسین بێبەش کرد. ئەو کاتەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا لیژنەیەك لە ئەندامانی خۆی بنێرێ بۆ عیراق سەبارەت بەوەی لەو ناکۆکییانە بکۆڵنەوە کە کەوتبوە نێوان بەریتانیاو تورکیاوە لەسەر کێشەی موسڵ، لیژنەکە لە ساڵی ١٩٢٥دا سەردانی عێراقی کردو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا دەربارەی کورد نوسیبویان "پێویستە داواکانی کورد لەبارەی دامەزراندنی کارمەندە کوردەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتو کاروباری دادو قەزاو فێرکردن پشتگوێ نەخۆێو لەم ڕووەوە زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسمی کاری پێ بکرێ". وەختێکیش کۆمەڵەی گەلان لەو ناکۆکییانەی کۆڵییەوە بڕیاریدا: (بەو سیفەتەی حکومەتی بەریتانی دەوڵەتی مونتەدیبە لە عیراقدا؛ داوای لێ دەکرێ ئەو تەگبیرانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن کە پێویستە ئەنجامبدرێن، تا ئەو بەڵێنانە بۆ کوردەکانی عیراق بەجێ بهێنرێن کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆوە هەیەو لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سنورەکان لە دوا ئەنجامگیرییەکانیدا بڕیاری لەسەریاندا) هەروەك چۆن کۆمەڵەی گەلان هەندێ بڕیاری تری دەرکرد کە پێشتر خستمانە ڕوو کاتێ دەربارەی گرنگیی نێودەوڵەتیی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ دواین. بەڕێوەبەری هۆبەی ئینتیدابیش

لەگەڵ عەریزەکەی بەڕێز حەپسە خانی نەقیبدا وێنەی بڕیارەکەی بۆ کۆمەڵەی گەلان نارد. وا لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

وێنەی ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ عەریزەکەی بەڕێز حەپسە خانی نەقیبدا بوو، کاتێ لە ٧ی ئەیلولی ١٩٣٠دا پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کرد:

کۆمەڵەی گەلان

جنوە (٥)ی ئۆکتۆبەری ١٩٣١

ژمار ٦ ٦٥٥/٢٢٤١٣/٢٨

خانمی بەڕێز

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە بڕیارەکانی ڕۆژی ٤ی سپتەمبەری ١٩٣٠داو لەبەر ڕۆشنایی پێشنیازەکانی لێژنەی هەمیشەیی ئینتیدابدا منی ڕاسپارد کە پێتان ڕابگەیەنم؛ ئەو عەریزەیەی کە لە حەوتی سپتەمبەری ١٩٣٠دا پێشکەشتان کرد بوو، تەماشا کراو تا هەنوکەش کۆمەڵەی گەلان بە عەتفێکی زۆرەوە لایەنگیری ئەوەیە کە مافەکانتان بەچاوی ڕێزەوە تەماشا دەکرێ؛ ئەگەر دڵنیا بین لەوەی کورد بەتەواوی خزمەتی خۆیان بەجێ دێنن لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی مەملەکەتو سەرکەوتنی حکومەتی عیراقیدا، جا بۆ ئەوەی ئێوەش ئاگاداربن وا لەگەڵ عەریزەکەتاندا وێنەی ئەو بڕیارەش دەنێرم کە مستەر ڕابارد بۆ لێژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بەرزی کردبۆوەو نێردرابوو بۆ کۆبونەوەی بیستەمی لیژنەکە.

خانمی بەڕێز، مایەی شەرەفمەندیشە بۆ من کە خزمەتکاری گوێڕایەڵتان بم.

بەڕێوەبەری هۆبەی ئینتیداب

پوختەی بڕیارو کاروبارەکانی کۆبونەوەی بیستەمی لێژنەی هەمیشەیی ئینتیداب ژمارە C ٤٢٢م ١٦٧و ١٩٣١ شەشەم PP٢٢٠ – ٢٢٢ CP ١١٩٨.

عێراق

عەرزو حاڵێك (١) لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە بەرزکراوەتەوەو لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە لە ٢٠ی شوباتی ١٩٣١دا بۆ لیژننەی ئینتیداب گوازراوەتەوەو (٢) عەرزو حاڵێکی دیکە لەلایەن تۆفیق وەهبی بەگەوە مێژووی ١٩ی نیسانی ١٩٣١ی پێوەیە.

ڕاپۆرتی مستەر راپارد

لەسەر بناغەی ئارەزوی سەرۆکی لیژنە، شەرەفی ئەوەم بەرکەوت کە ئەم سەرنجانە بخەمە پێش چاوی هاوکارانمەوە کە پاش خوێندنەوەی چەندین عەرزو حاڵی کوردەکان لام دروست بون پاش ئەوەی داوام لێ کرا لەو عەرزو حاڵانەو لە پەراوێزی دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکان لەسەریان ورد ببمەوە.

ئەگەرچی قەبارەی ئەو بابەتانەب خرانە پێش چاوم لە دووتوێی چەند بەرگێکدا بوون، بەڵام سەرنجەکانم لەبارەیانەوە زۆر کورت دەبن، بۆیە بە پێویستی نازانم لەم سەرنجنامەیەدا سەرجەمی ئەو شتانەی لەو عەرزو حاڵانەدا هاتوە یان لە پەراوێزی دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکاندا، چونکە ئەوە بەرەو دوبارەکردنەوەیەك دەمبا کە هیچ سودێکی نییەو لەبەر ئەوەی هاوکارانم دەتوانن سەرجەمی ئەو عەرزو حاڵانە ببینن، بۆیە تەنها لەم خاڵانە دەدوێم:

١- لیستێك بەو عەرزو حاڵانەو مێژوو و سەرچاوەیان.
٢- باس کردنی گرنگترین سکاڵاکانی خاوەن عەرزو حاڵەکان.
٣- کورتەی تێبینیی دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکان.
٤- دەربڕینی هێندێ ئەنجامگیریی کورت.

١-لیستی عەرزو حاڵەکان

نامە	مێژوو	سەرچاوە
سی. پی. ئێم	أ-٢٤ی ئابی ١٩٣٠	سەرۆکەکانی عەشیرەتی داودە
١١٤٠، ١١٥١	ب-٣١ی ئابی ١٩٣٠	کۆمەڵەی نیشتمانیی مەرکەزیی دانیشتوانی کوردستانی باشور.
	ج-٧ی ئەیلولی ١٩٣٠	نەقیب زادە حەپسە (حەپسە خانی نەقیب).
	د-٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠	سەرۆکەکانی عەشیرەتی مەریوان و عەشیرەتی فەتاح عەلی بەگ.
	هـ-٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠	ڕێبەرانی کورد
	و-٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠	شێخ مەحمودو (٣٠) سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر
	ز-١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠	جەعفەر سوڵتان و نۆزدە گەورەپیاوی کورد
سی. پی. ئێم	ی-١٩ی نیسانی ١٩٣١	تۆفیق وەهبی بەگ ١١٩٢

٢-سکاڵای خاوەن عەرزو حاڵەکان

ئەو عەرزو حاڵانەی لێیان وردبومەوە لە ڕوی درێژیو شێوەزمانو ناوەڕۆکەوە لێك جیاوازن، بەڵام سەرجەمیان توڕەیی گەلی کورد دەردەبڕن کە لە عێراقدا نیشتەجێنو، خاوەنی عەرزو حاڵەکانو ئەوانەی بەناویانەوە قسەدەکەن تێکڕا بە چەند پلەیەکی جیاواز ئەو سیاسەتە مەحکوم دەکەن کە بە سیاسەتی حکومەتی عێراقو دەوڵەتی ئینتیداب کراوی دەزانن. بە مەبەستی ئەوەیان بیاندەنە پاڵ سەرجەمی دانیشتوانی ئەو وڵاتەی ئینتیداب کراوە. لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ڕوی ڕەگەزو زمانو ئەدەبو شێوازی ژیانو خواستی سیاسییانەوە لە دەشت نشینان جیاوازنو، لەبەر ئەوەی پێیانەوە دیارە کە هەست بە هاوبەرژەوەندی بونی تایفەگەرانە دەکەن لەگەڵ سەرجەمی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی عێراقدا نیشتەجێن، وا هەست دەکەم کە ئێمە لەبەردەم کێشەیەکی تایفەگەریو ڕەگەزیی ئەوتۆ داین کە خاسیەتەکانی ئەو کێشەیەی هەیە کە بە "کەمە نەتەوەییەکان" ناودەبرێ.

هێندێ لە سکاڵاکانی خاوەن عەرزو حاڵەکان زۆر ئاڵۆزن، سکاڵا لە دڵڕەقیو توندو تیژیی دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەن، بەڵام هێندێکیان ڕونترنو، تێیاندا هەیە سکاڵا دەکەن لەوەی ژمارەی فەرمانبەری ناکوردی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان زیاترە، سەرەڕای ئەوەی حکومەت پێچەوانەی ئەمە دووپات دەکاتەوە. هێندێکیان سکاڵایان لەوەیە کە باجی زیاتر دەخرێتە سەر مێگەلو ماڵاتو بەروبوومیان. زۆربەشیان سکاڵا دەکەن لەو پەیمانەی دوایی هاوپەیمانیی نێوای عێراقو بەریتانیا کە هیچ بەندێکی ئەوتۆی تێدا نییە مافی تایبەت بۆ کورد مسۆگەر بکاتو، ژمارەیەکیان نارەزامەندی دەنوێنێ دژی ئەو توندو تیژیو دڵڕەقییەی کە ڕووبەڕووی جەماوەری کوردو، بەڵکو سەرۆکەکانی کوردەکان بووەوە لەکاتی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانیدا. لەکۆتاییشدا دوو عەرزو حاڵم بینی کە شێوەی

نووسینیان دەڵێی هەریەکە سکاڵا دەکەن لە دەستی وەڵام نەدانەوەی ئەو عەرزو حاڵانەی بۆ باوەڕپێکراوی بەریتانی لە عێراقدا نێردراون.

(٣-داخوازییەکانی خاوەن عەرزو حاڵەکان)

ئەم عەرزو حاڵانە، جگە لەو هۆکارانەی تووڕەیی کە لەسەرەوە کورتم کردنەوە، چەند داخوازییەکی دیاری کراویشی بەخۆوە گرتووە کە ئاماژە دەکەن بۆ پێکهاتە ئیداریو سیاسییەکان لەو بەشەی عێراقدا کە کوردی تێدا نیشتەجێیەو، ئەو داخوازییانە زۆر لێك جیاوازنو جۆربە جۆرن، هێندێکیان داوای دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد دەکات لەژێر پارێزگاریی ئینتیدابی بەریتانی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە کۆمەڵە هەڵیبژێریو، هی دیکەش داوا دەکەن کە ئەو ناوچەیە دەبێ مەملەکەتێکی سەربەخۆ بێتو شێخ مەحمود حوکمی بکات لەژێر پارێزگاریی دەوڵەتی بەریتانیا. بەڵام تۆفیق وەهبی بەگ لەلایەکی دیکەوە، لە چەند نامەو عەرزو حاڵێکدا تەنها داوای بەڕێوەبەرایەتییەکی زۆر باشو بەرزی ناوچەی کوردنشن دەکات. ئەم عەرزو حاڵانە دوو داخوازییان تێدایە، یەکەم: بەردانی ئەو کەسانەی لە ڕۆژانی ئائارامی لە سلێمانیدا گیران یان دوور خرانەوەو، دووەم گواستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە عەرەبەکانەوە بۆ ناوچەی کوردنشین.

(٤-کورتەی تێبینییەکانی دەوڵەتی ئینتیداب کراو)

ئەو دەوڵەتە ئینتیداب کراوەی ئەم عەریزە جۆر بەجۆرانەی بۆ لیژنە بەرزکردەوە بە تەواوی پشکنیونیو لێیان ورد بۆتەوەو، هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەم عەرزو حاڵانە لەو سەرنجانەدا دەبڕیوە کە کردوونیەتیە پاشکۆی چەندین بەندی ئەو ڕاپۆرتەی سەبارەت بە گەشەکردنو پێشکەوتنی عێراقە لەم بارەیەوە. بێ ئەوەی بە قووڵی بچینە ناخی خاڵە زۆرو جۆر بەجۆرەکانی جیاوازییەوە، دەبێ بزانرێ کە دەوڵەتی ئینتیداب کراو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەو مافەی خاوەن عەرزو حاڵەکان داوای دەکەن دەربڕی بۆچوونی زۆربەی گەلی کورد بێتو، ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە ئەو پەیمانانەی مۆرکراون بەڵێنی ئەوتۆی تێدا نەبێ کە ئاماژە بۆ سەربەخۆیی کورد بکات یان بەڕێوەبەرایەتییەکی زۆر باشیان پێ بدرێو، ئەم جۆرە بەڵێنانە لە کاتی دامەزراندنی سیستەمی ئینتیداب لە عێراقدا نەبووە. دەوڵەتی ئینتیداب کراو دان بەوەدا دەنێ کە بە نیسبەت کوردەکانەوە مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیانو

دامەزراندنی فەرمانبەری کوردی دابین کردووە، بەڵام پێی وایە کە حکومەتی عێراق کاری کردووە، یان بەم نزیکانە کار دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەوانە لەکاتی گوونجاو بوونی سیاسەتی گشتیدا، بەڵام ئەوە ڕەت دەکاتەوە هەموو کوردی عێراق ناڕازی بوو بن‌و، سوپاسی میانڕەویی ژیری زۆربەی گەلی عێراقی کرد، چونکە ئێمە دڵنیاین بە تەواوی لە ماف‌و شوێنی کەمایەتی کورد هەمیشە ڕێزی لێ دەگیرێ، تەنانەت پاش ئەوەش کە عێراق دەچێتە ڕیزی نێونەتەوەیی‌یەوە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش بە توندی پێی لەسەر دادەگرێ‌و دەیکاتە ڕاسپاردەی خۆی.

٥-دانانی هێندێ ئەنجامگیری پێویست

لەبەر ئەوەی ڕژێمی حکومەتی عێراق پتر لە پلەی "باشترین چاك بوون" دایە، ئەوا بێهوودە هەوڵ دەدەین ڕێسایەك دابنێین بۆ ئەوەی ببێتە بناغەی چەند بڕیارێك لەبارەی هەریەك لە داخوازیەکانی خاوەن عەرزوحاڵەکان، چونکە زۆرترین ژمارەی ئەو داخوازەیانەو گرنگترینیان زیاتر بریتی‌یە لە دامەزراندنی ئەو مەملەکەتەی لە وزەی ڕێکەوتن‌و پەیمانە عێراقی‌یە بەریتانی‌یەکان، کە لە بری ئینتیداب پێویستی‌یەکان دابین بکات. کەواتە ئەم عەرزو حاڵانە بە شێوەی ڕاستەقینەیان پەسەند نین‌و شایانی هیچ جۆرە لێدوانێك نین لەلایەن لیژنەوە، بەڵام سەبارەت بەو عەرزو حاڵانەی ئاماژە بۆ ئازادیی بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەن، ئەوا دەوڵەتی ئینتیداب کراو دەڵێ کە خەریکن بگەنە ئاستێکی ڕەزامەندی بەخش لەبەر ئەوەی سیاسەتی گشتی ڕێگا بە لێکۆڵینەوەی دەدات. بەلای هاوکارانمەوە گرنگە بزانن کە دەوڵەتی ئینتیداب کراو بڕیارەکانی حکومەتی عێراقی سەبارەت بە هەڵوێستی لە کێشەی کورد پەسەند کردووە.

هەروەها بریکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ١٩ی ئابی ١٩٣٠دا گوتی کە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە لە پاشە ڕۆژدا بایەخ بە داخوازییەکانی کوردەکان بدات بەوەی کە سووربێ لەسەر ئەوەی فەرمانبەرانی حکومەت، لە هەر نەتەوەیەك بن، دەبێ زمانی کوردی بزانن‌و ئەمەش زۆر باشترە لەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی کوردنشین بدرێتە دەستی فەرمانبەرانی کورد.

لیژنەکە ناچارە بەمە قایل بێت چونکە ئەم بڕیارە ئارەزووی ئەوە دەردەبڕێ کە پەیوەندیی نێوان دانیشتووانی کوردو بەڕێوەبەرایەتی ئاسان بکاتەوەو بوار بۆ فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە ناکوردییەکانی وڵاتدا دەڕەخسێنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە هەرگیز ناکرێ لیژنەکە ئەم بیرۆکەیە بە باشتر بزانێ بێ ئەوەی ئاوڕ لە مەبەستی بداتەوە، ئەگەر ببێتە مایەی داماڵینی کوردان لەو فەرمانبەرانەی خەمی خواستە ڕەواکانیان دەخۆن.

دەوڵەتی ئینتیداب کراو لە ڕووی دیکەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو ستەمکاریو توندو تیژییەی ڕووبەڕووی خاوەن عەرزو حاڵەکان کراونەتەوە، یان ئەو کەسانەی لاقی ئەوە لێ دەدەن کە داکۆکی لە ناوچەکانیان دەکەن، یان خەیاڵین، یان هۆکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری تەعەدا لێکراوە ئینتیداب کراوەکان.

ئەم ژمارە زۆرەی عەرزو حاڵ کە لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکەوە بەرز کراونەتەوە کە مەحاڵەی بتوانری لە ڕێو شوێنیان بکۆڵرێتەوەو، ئەو ڕوون کردنەوە دوورو درێژو قەناعەت هێنرانەی دەوڵەتی ئینتیداب کراو دەر بڕیون لیژنەکە دەخەنە ژمێریاری هەڵوێستێکی سەختەوەو، هەرگیز هەستم بە قووڵیی لاوازی لیژنەی ئینتیداب لە ڕەوتیدا لەناو کێشەی عەرزو حاڵەکاندا نەکردووە، پتر لەم گیرۆدەییەی لە نێوان ئەم مەبەستە چنراوانەی لێدوانو ڕەتکردنەوەو ڕوون کردنەوەکانداو، ئەگەر بواری ئیمکانیەتی بەکارهێنانی پێداویستییەکان لە لێکۆڵینەوەدا نەڕەخسێنرێ، ئەوا لیژنەکە ناچار دەبێ بە لێدوانی ئەو دەوڵەتە ئینتیداب کراوانە قایل بێت کە سەرنجیان بۆ لای کێشەکە ڕاکێشاوین. لەم حاڵەتەدا دەتوانین بەبێ بوونی کەمترین دوودڵی ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی سکاڵای خاوەن عەرزو حاڵەکان بە وردی لێیان کۆڵراوەتەوەو، لەبەر ئەوەی ئەو سکاڵایانە پەیوەندییان بە عێراقەوە هەیە پتر لە پەیوەندییان بە حکومەتی بەریتانیای مەزنەوە، ئەو سکاڵایانە لەلایەن دەسەڵاتێکی بەرپرس لەو خراپ بەکارهێنانی خاوەن عەرزو حاڵەکان باسیان لێوە دەکرد، لێکۆڵەراوەتەوە بەوردیو، پێ دەچێ ئەو دەسەڵاتە بەدەست وەردانی لەکاروبارە ئیدارییەکاندا ئەو خراپ بەکارهێنانەی کەم کردۆتەوە.

ئایا پێویستە لیژنەی سکاڵای خاوەن عەرزو حاڵەکان بەتەواوی پووچەڵ بکاتەوە؟ و ڕایبگەیەنێ کە بە تەواوی قەناعەتی بە دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکە هێناوە؟!. پێم وایە نەخێر... سەرەڕای ئەوەی ئەم عەرزو حاڵە زۆرانە جێی ڕەخنەن

بـه ڕاسـتی بـەهۆی نـەزانین نـرخ و پایـەی خاوەنەکانیانـەوە، لەلایەکـەوەو نـەزانینی ناوەڕۆکی باوەڕ پێ نەکراویان لە پلەی دووەمدا، بەڵام ناکرێ چاودێرێکی بێ لایەن لەو بیرۆکەیە خۆی بپارێزێ، بەڵکو دەبێ بڵێ: کێشەی کورد لە عێراقدا کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، ئەگەرچی تووڕەیی کوردان زۆر یان کەم جێگیر بوو بێ، یان پتر لـەوەش بڵاوبووبێتـەوە، وەکـو خـاوەن عـەرزو حاڵـەکان باسـی دەکـەن و، پـێ دەچـێ ئـەو تووڕەیی یە هەبوو بێ و دەوڵەتی ئینتیداب کراویش ئەوەی ڕەت نەکردۆتەوە.

ئەگەر ئەم تووڕەیی یە لەم هەموو ماوەیەدا بە بەردەوامی هەست پێ کراو بوو بێ کـە حکومـەتی بـەریتانیا، وێـرای لێـهاتوویی، دەسـەڵاتی ڕاستەقینەشـی لـە ڕێگـای دادپەروەری یەوە بەکارهێناوە، ئەوا ناترسرێ لەوەی ئەم جۆرە تووڕەیی یـە هـەموو لایەك بگرێتەوە ئەگەر حکومەتی سەرپشك بکرێ بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و، دووچاری ئەوەش دەبێ کە وروژاندنی ئەم تووڕەیی یە کە دەشێ هەموو کاتێك ڕوو بدات ببێتە مایەی بڵاوبوونەوەی گیانی دوژمنایەتی نیشتمانی لە نێو هاووڵاتیانی عەرەبیدا.

ئەگـەر هاوکـارانم هـاوبۆچوونم بـن لـەوەی لـە ئـەنجامی لێکۆڵینـەوەی ئـەو بەڵگەنامانەی سەرەوەدا پـێ ی گەیشتووم کـە بـە کورتـی لێ یـان دوام، دەتوانـن ئـەم ڕاستی یە تۆمار بکەن کە ئەم بڕیارە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بدرێتە ئەنجومەن.

لیژنەی ئینتیداب پاش پشکنینی ئەو عەرزو حاڵە زۆرانەی لەلایەن چەندین گروپ و کەسایەتی ی کوردی عێراقەوە بەرزکراونەتەوە، لەگەڵ ئەو تێبینی یانەدا کە دەوڵەتی ئینتیداب کراو تۆماری کردوون، شەرەفمەندە بەوەی ئەنجومەن بەم خاڵانە ڕابسپێرێ:

١- سوپاسـی دەوڵـەتی ئینتیـداب کـراو بکـات بـۆ ئـەو بایـەخ و وردەکاری یـەی نواندوویـەتی لـە لێکۆڵینـەوەو ئامـادەکردنی ئـەو تێبینی یانـەی لـەو عـەرزو حاڵـە زۆرانەوە هەڵێنجراون.

٢- داوا لە دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکە بکات کە پێ داگرێ لەسەر ئەوەی دەبێ حکومەتی عێراق لە مامەڵە کردنی لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردیدا پابەند بێ بە گیانی ئەو پەڕی سنگ فراوانی بەرانبەر بە کەمایەتی‌یەك کە شایانی ڕێزەو، کە دڵسۆزی‌ی بۆ حکومەتەکەی بەو ڕێژەیە گەشە دەسێنێ کە لە هەموو هێڵێکی ئەوتۆ ڕزگار بکرێ کە خیانەت لەو مافە بناغەیی‌یانەی بکات کە دەوڵەتی ئینتیداب کراوو کۆمەڵەی نەتەوەکان دانیان پێدا ناون.

٣- خاوەن عەرزو حاڵەکان ئاگادار بکرێنەوە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان هەمیشە کار دەکات بۆ ئەوەی ڕێز لە مافەکانیان بگرێت‌و ئەمەش بەسۆزو ئارەزوویەکی زیاترەوە دەکرێ ئەگەر لیژنەکە پێ‌ی وا بوو کە کوردەکان بە ئەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە کار بۆ دابین کردنی ئاسایش‌و سەرکەوتنی دەوڵەتی عێراق بکەن.

٤- بایەخی تەواو بداتە ئەو دوودڵی‌یەی دەستی بەسەر دانیشتووانی کورددا کێشاوەو، کە لە ئاڵۆزی ئەو چارەنووسەوە هەڵقوولوە کە لە سایەی پارێزگاری کردنیان لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە بە هێزی مەعنەوی‌ی خۆی چاوەڕوانیانە، کە پتر لە دە ساڵ سوودیان لێ وەرگرت‌و، ئێستاش دەبێ بکشێتەوە.

بەڵگەکانی:

٥- کورد و کۆمەڵەی گەلان

{} **صورەتــی ئــەو تەلەغرافانەیــە کــە لــە طــەرەف ئەشــراف، ڕوئەســای عەشایەرو سائیری طەبەقــەی ئــەهالی سلێمانیەوە بــۆ مەراجیعی عالیە لێ دراوە.**

-٢-

بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی: تەلغرافیەن بۆ بەغداد تایمس

مەطالیبمان موختاریەتێکی ئیداری، ئەمە تەوافوقی قەراری عیصبەتول ئومەم ئەکا بۆ ئیعلانو تەطبیقی ئەم خصوصە موتەعەدید دەفعە موراجەعەتمان بە حکومەتی عیراق کرد هێشتا جوابێکی شافیمان وەرنەگرتوە بە صیفەتی ئەوە کە فەخامەتتان لێرەدا عیصبەتول ئومەم تەمثیل ئەکەن پێویستە موطالەباتمان جێبەجێ بفەرمون.

٨ ی تەموزی ١٩٣٠ عمومی ئەشرافی سلێمانی. بەگزادەو ڕوئەسای جاف. هەمو بەگزادەی هەورامی. هەمو ڕوئەسای پشدەر. هەمو ڕوئەسای هەمەوەند.[١١٣]

{} بغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

)))) ڕەئیسەل وزەرای عیراق

)) بۆ بەغداد تایمس

)) بۆ العالم العربی

عمومی عەشائیری پشدەر لەگەڵ هەمو کوردان دا موتەفیقەن طەلەبی موختاریەتی ئیدارەو ئینجازی قەراری عیصبەتول ئومەم ئەکەین.

[١١٣] ژیان،ژ ٢٥٤، ٢٨ ی تەموزی١٩٣٠. تێبینی:ژ٢٥٣ی جەریدەکەم کە ئەبێ بەشی یەکەمی بروسکەکانی تێدا بڵاو کرابێتەوە دەس نەکەوت

۲۰ ی تەموزی ۱۹۳۰ هەمو عەشائیری پشدەرو جاف.[114]

{} **بەغداد فەخامەتی موعتەمیدی سامی عیراق**

بەغداد صورەتی بۆ فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرا

بــە پــێی قــەراری عیصبــەتول ئومــەم لــەم موعاهەدەیــەدا تــەئمینی ڕەغــائیبی میللەتەکەم ئەکەم ئیستیرحامو تەئیدی مەطالیبیان ئەکەم

۱۹۳۰/۷/۱۸ ئەحمەد، تۆفیق بەگ زادە.[115]

{} **بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق**

)))) ڕەئیسەل وزەرای عیراق

صورەتی بەغداد تایمس

)) العالم العربی

)) العراق

)) البلاد

ئێمە ژنــانی کــورد، بــە هــەمو مەوجودیەتمانــەوە طەلــەبی حقوقــی مەشــروعەی کوردستان ئەکەین کە عیصبەتول ئومەم پــێی بەخشــیوینو ئیعتــیرافی لــە ســەر کــراوە ئیستیرحام ئەکەین حیمایەمان بفەرمون.

۲٤/ تەموزی۱۹۳۰ حەلاوە ڕەمزی ئەفەندی. ئامینە غەفور ئاغا. حەفصە نەقیب. ناهیە صالح ئەفەندی. حەفصە قادر ئاغا.[116]

{} **بە پۆستە:**

بۆ سکرتێری عیصبەتول ئومەم لە جێنوە

))))وەزیری موستەعمەرات لە لەندەن

صورەتێکی بۆ غەزەتەی نییەرئیست

)) بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

)))) ڕەئیسەل وزەرای عیراق

)) غەزەتەی بەغداد تایمس

---

[114] ژیان،ژ۲٥٤،۲۸ی تەموزی ۱۹۳۰

[115] ژیان،ژ۲٥٤،۲۸ی تەموزی ۱۹۳۰

[116] ژیان،ژ۲٥٤، ۲۸ی تەموزی۱۹۳۰

لەو ساوە میللەتی کورد لەگەڵ عیراقا ئەژی بۆ ئەوەی برایەتی کوردو عەرەب بە جدیەت ئەبەدی بمێنێتەوە کوردەکان لە هەموو حاڵێکدا طەلبیان کردوە حقوقی میللیەیان کە عیصبەتول ئومەمیش ئیعتیرافی پێ کردوە بۆیان تەطبیق بکرێ، کەچی ئەم مەقصەدو غایەمان بە هیچ نەوعێك تەرویج نەکراوە. ئەمجارەش بە موناسەبەتی موعاهەدەی تازەوە داوای ئیدارەیەکی موختارەمان کرد لە حکومەتی عەرەب. مەعەلئەسەف بۆمان مەعلوم بو موقابیل بەمە مەئمورینی ئیداریەو ئینضیباطیەی مەناطیقی کوردیە کە ئەکثەریان عەرەبن دەستیان کرد بەتەهدیداتو تەضییقاتی میللەتی کورد بۆ داوا نەکردنی حقوقی مەشروعیان. ئینجا لە حاڵێك دا کە ئینتیدابی حکومەتی ئینگلیز مەوجودە ئەمە ڕەوشتی مەئمورینی حکومەتی عەرەب بێ لە پاش ڕەفعی ئینتیداب ئەم ئیدارەی حاضرەیە لەئیدارەی تورك خراپتر ئەبێ بۆمان. ئەم حەرەکەتەی مەئمورینی عەرەبە هیچ کەمتر نیە لە حەرەکەتی تورکەکان کە لە حەق میللەتی کورد ئیجرایان کردوەو ئەیکەن کە بو بە سەبەبی نەفرەتو جوێ بونەوەیەکی ئەبەدیمان.

لەبەر ئەم ئەسبابە کە عەرض کراوە قەراری قەطعیو نیهائی عمومی کوردانی عیراق داواکردنی تەشکیلی حکومەتێکی کوردیەیە لە ژێر نەظارەتی عیصبەتول ئومەمدا، ئیستیرحامی معاوەنەتو تەئمینی غایەی مەشروعەمان ئەکەین!

هەمو ئەشرافی سلێمانی.[117]

{} جوابی تەلەغرافی ڕۆژی ١٩٣٠/٧/٨ کە لە سلێمانیەوە نێرراوە بۆ عیصبەتول ئومەم

بۆ عەزمی بەگی بابانو سائیری صاحێب ئیمضایان

بە شەرەفەوە وصولی تەلغرافی ڕۆژی ١٩٣٠/٧/٨ بەیان ئەکەمو ئەمەوێ ئیخبارتان بکەم کە موافیقی ئوصولی موتەخەذەی جەمعیەتی ئەقوام هەمو ئیستیدعایەکی سوکانی مەناطیقی مونتەدەبە لازمە بە ویساطەتی قوەی مونتەدەبەوە بنێرێت بۆ سکرتاریەت. بینائەن عەلەیهی ئیستیدعاکەتان بە پێچراوەیی ئیعادە کرایەوە و بۆ مەعلوماتیش صورەتی مەخطەرەیەك کە طەریقو ئوصڵی تەقدیمی ئیستیدعا لە مەناطیقی مونتەدەبەوە پیشان ئەدا بۆتان نێررا.

بەخدمەتکاریتان کەسبی شەرەف ئەکەم

١٩٣٠/٧/٢١مودیری شوعبەی ئینتیدابات.[118]

---

[117] ژیان،ژ٢٥٤، ٢٨ی تەموزی١٩٣٠

{} صورەتێکی تری ئەو تەلەغرافانەی کە درا بو بە عیصبەتول ئومەم

لە غەزەتەی پێشومانا جوابێکی مەجلیسی عالی عیصبەتول ئومەمان نەشر کرد بو کە بە موناسەبەتی ناردنی تەلغرافی مەطالیبی کوردانەوە بۆ ئەشرافی سلێمانی نوسراوە.

لەسەر ئەوە دیسانەوە لە طەرەف صاحێب ئیمضاکانەوە صورەتێکی تری تەلەغرافەکان تەنظیم کرایەوەو موافیقی نیظامنامەی عیصبەتول ئومەم بە واسیطەی فەخانەتی مەندوبی سامی عیراقەوە تەقدیم مەجلیسی عالی عیصبەتول ئومەم کرایەوە.[١١٩]

{} مەضبەطەیەکی تر بۆ تەئیدی طەلەبەی حقوقی کوردان

لەم رۆژانەیشدا لە بناری هەورامان لە طەرەف حەضرەتی شێخ عەلادین ئەفەندی نەقشبەندیو خزمەکانیو مەشایخو عولەمای ئەو ناوەوە بۆ تەئیدی طەلەبی حقوقی مەشروعەی کوردان مەضبەطەیەکی تر تەنظیمو تەقدیمی فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق کراوە.

لە بەر ئەوەی لە غەزەتەکەمانا جێگا موساعید نەبو مومکین نەبو بە تەواوی ئەصڵی مەضبەطەکە دەرج بکەین.[١٢٠]

{} دهۆك ١٩٣٠/٨/٩

صورەتی بە پۆستە بۆ عیصبەتول ئومەم

)) بۆ دارەل ئیعتیماد لە بغداد

)) رەئیسەل وزەرای عەرەب

)) پارلەمانی ئینگلیز

)) لیوای سلێمانی

لە وەکیلانی کوردی ئەقضیەی شیمالیەوە

بۆ هەمو کوردان

---

[١١٨] ژیان، ژ٢٥٥، ٣١ی تەموزی ١٩٣٠

[١١٩] ژیان، ژ٢٥٦، ٧ی ئاغستۆسی ١٩٣٠

[١٢٠] ژیان، ژ٢٥٦، ٧ی ئاغستۆسی ١٩٣٠

خەبەرداربن، چاوی خۆتان بکەنەوە سەیری ئەطراف خۆتان بکەن وا ئینگلیز لە گەڵ عیراق مەعاهەدەیەکی کردو لەم موعاهەدەیەدا بەحث لە حقوقی کوردان نەکراوە، لە پاش دو ساڵی تر ئینتیدابی ئینگلیز لە عیراقا نامێنێ، حکومەتی عیراق سەربەستو داخلی عیصبەتول ئومەم ئەبێ، ئەوسا کورد لە ژێر دەستی عەرەبا ذەلیل ئەبێ، لە بەر ئەوە عەیبە ئەگەر ئێمەیش وەکو ئەهلی سلێمانی داوای حقوقی خۆمان نەکەینو ئەو برایانەمان بە پیاو، ژنو مناڵەوە جەهد ئەکەنو بە جارێك هاواریان بردۆتە بەر عیصبەتول ئومەمو دارەل ئیعتیمادو داوای حقوقی کورد ئەکەن، ئەگەر ئێمەع ئیتیحادیان لە گەڵ نەکەین وەکو ئەوان داوای حقوق نەکەین، حاڵمان خراپ ئەبێو حقوقمان ئەفەوتێ ئێمە کەناومان لە ژێرەوە نوسراوەو عەشائیری سندی، گولی، بەرواری، دۆسکیو هەمو ئەقضیەی شیمالی تەوکیلیان کردوین کە بەناوی کوردی...ئەم بەیاننامەیە عەرضی ئەنظاری عالەم بکەینو داوای حقوقی کورد بکەین، فکری ئێمە فکری سلێمانیەو موخالەفەتێك لە بەینا نیەو موافیقی قەراری عیصبەتول ئومەم وەکیلی لیوای سلێمانی طەلەبی تەشکیلی حکومەتێکی موستەقیللەی کوردیە ئەکەین.

شێخ ڕەقیبی سورچی. شێخ غیاثەدین. شێخ نوری بریفکارنی. ئەدیب ئەفەندی ڕەئیسی بەلەدیەی عەمادیە، حەمەئاغای براش، شێخ شەهابی زێبار. تەرخان حاجی ڕەشید بەگی بەرواری.[121]

{} تەکذیب

لە غەزەتەی ژمارە (٢٥٧)و ١٩٣٠/٨/١٤دا لە سەر مەضبەطەیەك کە لە طەرفێکا لە موصڵەوە بە ناوی ئیدارەخانەکەمانەوە هات بو دائیر بە مەطالیبی کورد نەشریاتێکمان کرد بو کە ئیمضای چەند ڕوئەسایەکی کوردی تیا بو وە یەکێ لە مانە شێخ ڕەقیب ڕەئیسی سورچی بو، دیسانەوە ئەمجارەوە لە شەخصی خۆیەوە کاغەذێکمان بۆ هات کە موما ئیلەیهی وا بەیانی کرد کە لەو مەضبەطەیە بێ خەبەرەو قەطعیەن ئیمضای نەکردوە لە بەر ئەوە وا ئێمەیش بۆ تەکذیبی مەضبەطەکەی پێشو ئەم بەیانەمانە نەشر کرد.[122]

---

[121] ژیان، ژ٢٥٧، ١٤یئاغستۆسی ١٩٣٠

[122] ژیان، ژ٢٥٩،٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

{} **بەدرۆخستنەوە: شێخ محەممەد ئەفەندی ڕەقیب (لە مەشایخی سورچی)**

وەکو زانیومە مەزبەتەیەکتان بۆ هاتوە خواستەکانی میللەتی کوردی تیٚ دایەو، لە ناو ئیمزاکانیشدا ئیمزای منی تیٚ دایە لە کاتێکدا من ئاگام لە شتی وا نیەو ئەو مەزبەتەیەم ئیمزا نەکردوەو ئیمزایشی ناکەم چونکە باوەڕم وایە ئەم کارانە ئەبێتە هۆی پارچە پارچەکردنی نیشتمان لە بەر ئەوە تکا ئەکەم ئەم بە درۆخستنەوەیە لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەتاندا بڵاو بکەنەوە بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە پێویستە لە سەر هەر یەکێکمان دەس بە یەکێتی عیراقەوە بگریٚو لە پێناوەدا ئەبیٚ لە گەڵ برا عەرەبەکانمان شان بدەین بەشانی یەکەوە.[123]

{} **بەدرۆخستنەوە:**

هەولێر، هەرگیز بیرمان لەجیابونەوە نەکردۆتەوەو نامانەویٚ ببینە دەسکەلای بێگانەو ئەو مونافیقانەیش ئەزانن ((ای منقلب ینقلبون)) هەر بژی مەلیك فەیصەل مەلیکی عەرەبو کورد! هەر بژی یەکێتی عیراق! هەر بژین عەرەبو کورد بە برایەتی!

ئەحمەد کەمال. عەبدولجەبار یونس ئاغا. سەعید صوبحی. شێخ مصطفا حەقی. نادر سلێمانی. لەطیف عیززەت.[124]

{} **ڕەئیسی عەشیرەتی زێبار:**

فارس ئاغا ئال محەممەد ئیستینکاری ئەوە ئەکا کە لە ڕۆژنامەی (ژین – سلێمانی) ژمارەی ٢٥٧ لە ١٩٣٠/٨/١٤دا دەربارەی پشتیوانی سەرۆکەکانی کورد لە موستەعمیرینو بانگدانی تەفرەقە لە نێوان هەردو ڕەگەزی عەرەبو کوردا. ئەو مەزبەتەیە ساختەیەو زێبار کەسێکی لیٚ نیە ناوی شێخ شەهابی زێباری بیٚ.[125]

{} **بە درۆخستنەوە:**

ڕۆژنامەی ژیانی کوردی کە لە سلێمانی دەرئەچیٚ لە ژمارەی ٢٥٧ی ڕۆژی ١٩٣٠/٨/١٤دا مەزبەتەیەکی بڵاوکردۆتەوە بە هەندیٚ ئیمزاوە کە دراوەتە پاڵ ئێمە بیٚ ئاگاداری خۆمان. ئەو ئیمزایانە ساختەنو ئەسڵیان نیە. ڕەفتاری هەندیٚ کەس لەم

---

[123] الشعب، ع٢٤٢، ١٩٣٠/٨/٢٧

[124] الجهاد، ژ٢٣٥، ١٩٣٠/٨/١٦

[125] الزمان، ژ ٢٦١، ١٩٣٠/٩/٢١

بارەیەوە جێگەی داخ و سەرسوڕمانە. بەڵێ ئێمە كوردبونی خۆمان ئینكار ناكەین و شانازی بە نەتەوەی كوردەوە ئەكەین بەڵام شتێكی كەمان بە بیردا نەهاتوە جگە لە پاراستنی یەكێتی عیراق كە ئاواتی هەمو پیاوە ژیرەكانی عیراقە بۆ هەڵماڵینی پەردە لە ڕوی ڕاستیەكان ڕای ئەگەیەنین كە ئێمە ئەوەمان ئیمزا نەكردوەو ئامادە نینی دەستی بێگانە یاریمان پێ بكا.

محەممەد ئال حسێن ئاغا بەراوای، ئال حاجی ڕەشید بەگ، ئەدیب غیاثەدین نەقشبەندی، سەرۆكی شارەوانی ئامێدی.[126]

{} بەدرۆخستنەوە:

ڕۆژنامەی ژین مەزبەتەیەكی بڵاوكردۆتەوە ئەو ئیمزایانەی خراوەتە سەری ئەسڵیان نیەو هەندێ كەس لە خۆیانەوە كردویانە.

ئەحمەد ئال حسێن ئاغا. ئال حاجی ڕەشید بەگ، سەرۆكی شارەوانی ئامێدی.[127]

{} صورەتی تەلغرافێكە كە ئەشرافی سلێمانی نوسیوێتی:

بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی

)))) ڕەئیسەل وزەرا

هەتاكو ئێستا موتەعەدید دەفعە ممووراجەعاتمان كرد كە لەسەر ڕەغائیبی میللەتی كورد تەوەسوط بفەرمون لە عیصبەتول ئومەمدا موافیقی موقەڕەڕاتی خۆیان تەشكیلی حكومەتێكی كوردیان بۆ بكرێ و لەم خصوصەوە بە موفەصەلی مەعروضاتی خۆمان تەقدیمی كرد بو هەتاكو ئێستا جوابێكمان وەرنەگرتۆتەوە وا ئەمجارەیش ئەم ئیستیرحام نامەیەیان تەقدیم كرد ڕجا ئەكەین تەوەسوطمان بۆ بفەرمون كە ئامالمان بێتە جێ.

١٩٣٠/٩/١ حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا. بابان: عەزمی بەگ. عیززەت عوسمان پاشا. حەفید زادە: شێخ قادر. میرزا تۆفیق قەزاز. عەبدوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. حەمە صاڵح بەگی حاجی حەمە عەلی بەگ. فایەق بەگی بابان. مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسوڵ ئاغا. ڕەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح. شێخ محەممەدی گوڵانی.[128]

---

[126] الزمان، ژ٢٤٥، ١٩٣٠/٩/٢

[127] الزمان، ژ٢٤٥، ١٩٣٠/٩/٣

[128] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

جواب

سلێمانی: عزمی بك بابان و رفقائه

اجاب فخامة وكيل معتمد السامي الى برقيتكم في حينه. كنت اوئمل ان جوابه كان كافيا. مع هذا ارجوا تماشوا على الهدوء والسكينة عندما ياتي الجواب من عصبة الامم. جعفر العسكري وكيل رئيس الوزارء.[١٢٩]

{} یادداشتی کۆمیتەی ناوەندی نیشتمانی کوردستانی باشور - میزۆپۆتامیا - بۆ سکرتێری کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان - عصبە الامم - لە جنێڤ.

دوا بەدوای ئەو ڕاگەیاندن و ئاگادارییانەی لەلایەن ئێمەوە (کەوا لە خوارەوە ئیمزای دەکەین) کە بۆ ئێوەمان ڕەوانە کردوە. شایانی ئەوەیە کە هەستی کۆمیسیۆن بجوڵێنێ و ئاگاداری بکەینەوە دەربارەی.

ئەو کاتەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بڕیاریدا کوردستانی باشور بە هەرێمی عەرەبی دیجلەو فورات بلکێنێت، لەژێر ئینتیدابی بەریتانی کوردەکان وایان دەزانی کە دەتوانن لەژێر ئەو ئینتیدابەدا پێش بکەون و پەرە بە خۆیان بدەن و بەرەو بارودۆخێکی خۆشتر هەنگاو بنێن، بۆیە بە هیچ جۆرێك بەرهەڵستی و دژایەتی ئەم کۆمەڵەیان نەکردوە. کەچی بە داخەوە دەبێت ئەوە بڵێین و پێتان ڕابگەیەنین کە بڕیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی زۆر ناتەواو و لابەلا لەلایەن حکومەتی عیراقەوە جێبەجێ کراوە، بۆیە ئەگەر پێتان خۆشە بزانن کە کوردەکان داوایان لە حکومەتی بەریتانی و عیراقی کردوە کە ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکەن ئەوا پێیتان دەڵێین، کە کوردەکان چەندین جار داوایان لە حکومەتی بەریتانی و عیراقی کردوە جا چ لە ڕێگەی تاکە کەسیەوە بێت یان بە ڕێگەی ڕەسمی کە دەبێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن. بەڵام حکومەتی عیراق تەنانەت ڕۆژنامەکانی بەغدادیش ئاگادار کردۆتەوە کە نابێت بە هیچ جۆرێك دەنگوباس لەسەر داواکاری کوردەکان بڵاوبکرێتەوە، بۆیە ئێمە جارجارە داواکاریەکانی خۆمان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە عەرەبیەکان بڵاوکردۆتەوە جا چ لە ڕێگەی نامەوە بۆ سەرنوسەری ڕۆژنامەکان یان بە

[١٢٩] ژیان، ژ٢٥٩، ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠

شێوەی تر. هەروەها ئەوەشتان پێ ڕادەگەیەنین کە حکومەتی عیراق هەمو جارێك نەك هەر گرنگی بە داواکاریەکانمان ناداو پشت گوێی دەخات بەڵکو بە تاوانیشی دەداتە قەڵەم.

ئێستاش بەشێك لەو داواکاریە گرنگانەی کە لە حکومەتمان داوا کردوە پێشکەشتانی دەکەین:

أ- لە ساڵی ١٩٢٩دا نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا بە ڕەسمی داوایان کردوە کە دەبێت بەندی ٣ لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەسەر کورد جێبەجێ بکرێت.

ب- لە شوباتی ١٩٣٠دا زۆر لە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان بۆ هەمان مەبەست داواکاریەکیان بۆ مەندوبی سامی بەریتانی ڕەوانە کردوە هەروەها لە ئازاری هەمان ساڵدا یادداشتێك دەربارەی مافەکانی کورد کە لەلایەن زۆربەی نوێنەرانی کوردەوە پێشکەش بە حکومەتی عیراق کراوە. بەڵام بە داخەوە ئەم یادداشتە بە هەمان شێوە ڕەت کرایەوە.

ت- دیسان لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەندام پەرلەمانێکی کورد داوای لە سەرۆکی وەزیرانی عیراق کردوە کە بڕگەیەك لەو پەیمانەی نێوان عیراق و بەریتانیا تەرخان بکرێت بۆ مسۆگەر کردنی مافەکانی کورد کەچی سەرۆکی وەزیران زۆر بە لە خۆبایی بونەوە وەرامی دەداتەوەو دەڵێت من ئیعتیراف بە بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ناکەم بۆیە مومکین نیە کە هیچ شتێك دەربارەی مەسەلەی کورد بخرێتە نێو بەندەکانی ئەو پەیمانە.

بە کورتی ئەو داواکاریانە کە دەربارەی ماڧ کورد بۆ حکومەتی عیراق نێردراوە هەموی بە یەکەوە چەند نوسراوێك دەبێت کەچی هەمو ئەو یادداشت و داواکارییانە هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێناوە.

هەروەها بە گەیشتنی نوری سەعید پاشا بۆ حوکم گوللەیەکی کوشندە دڵی میللەتی کوردی پێکاندو هیواو ئاواتەکانی بە بادا داو مافەکانی کورد ڕویان لە لاوازی کرد. بەڵێ پاش بڵاوبونەوەی دەقی ڕێککەوتننامەکە گەلی کورد بە تەواوی هەستی بەوە کرد کە مافەکانی پێشێل دەکرێت و داواکاریەکانی پشت گوێ دەخرێن و بەبێ هیچ مەرج و مەرجکاریەکیش بونەتە کاڵای دەستی عەرەب.

بۆیە پاش دڵنیا بون لەو کارەساتە دڵتەزێنە کوردەکان بە کۆمەڵ هەر لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین بە یەك دەست و بە یەك دەنگ داوای مافەکانی خۆیان دەکردو تێکڕا

بـه یەکـەوە نـاڕەزایی خۆیـان دەردەبـڕی دژی ئـەم ڕێکەوتننامەیـە کـە بـە یـەکجاری مافەکانی کوردی دەسڕییەوە.

حکومەتی نوری پاشا لە بەرامبەر ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییە دەستی کرد بە ڕاگوێزانی فەرمانبەرە کوردەکان، هەرچەندە لەلایەنی یاساوە دەست نیشانی ئەوە کراوە کە دەبێت فەرمانبەرانی ناوچەی کوردنشینەکان کورد بن. ئەمەش بێگومان بوە هۆی ناڕەزایی پیشاندانی میللەتەکەمان.

ئێمە ناتوانین دەست نیشانی ئەنجامە زیانبەخشەکانی ئەم گۆڕانکاریانە بکەین و نە دەشتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لە داهاتودا چی ڕو دەدات بەرامبەر شالاوی میللەتێك کە هەڵساوەتە سەر پێ بۆ بەرگری لە ماف و ئازادیەکانی خۆی.

مەندوبی سامی لەم بێزاری و ناڕەزاییە ئاگادار کراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سـەردانێکی ناوچـە کوردنشـینەکانی کـرد لەگـەڵ سـەرۆك وەزارەت و هـەندێ لـە ئەندامانی وەزارەتی نـوری پاشـا ڕۆژانـی ٨، ٩، ١٠، ١١ی ئـاب. ئـەوەی لـە هـەموی سەرسوڕهێنترو جێگەی مەترسیە لە جیاتی ئەوەی دڵی کوردەکان بدەنەوەو گوێ لە ڕازو داواکاریـەکانیان بگـرن، مـەندوبی سـامی و سـەرۆکی دەوڵـەتی عـیراق بـە هـەر جێگەیـەك تێپـەڕ دەبـون بـە کوردەکانیـان دەوت کـە حکومـەتی بریتانیـا و عـیراق بـە هاوبەشـی بڕیاریـان داوە مەسـەلەکان لـە کورتـی ببڕنـەوەو داواکاریـەکانی کـورد فـەرامۆش بکـەن (پشـت گـوێ بخـەن) چونکـە جێبـەجێ کردنیـان مەحاڵـە، بۆیـە میللەتەکەمان بەرامبەر ئەو هەڵوێستە بە یەك دەست ناڕەزاییەکی گەرمی دەربڕی و داوای کرد کە بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بـێ قەیدوشـەرت جێبـەجێ بکرێـت. وەرامی حکومەتیش بۆ ئەم داواکارییانە بریتی بون لە دو تێبینی پچوك کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و مەندوبی سامی پەرلەمان خوێندرایەوە:

١- لێکدانـەوەو هەڵسـەنگاندنێکی یـەك لایەنـە بـەپێی بۆچونـەکانی خۆیـان بـۆ بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

٢- هەڕەشەیەکی ئاشکرا دژی هەر کەسێ قسە لەسەر مەسەلەی کورد بکات.

سەرەڕای هەمو ئەو ڕەتکردنەوەو هەڕەشەیەش گەلی کوردمـان هـەر سـور بـوە لەسـەر جێبـەجێ کردنـی تـەواوی بڕیارەکـانیی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان و دروسـتکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەژێر ئینتیدابی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

زۆر دڵگرانین بەوەی کە لەوەتەی ڕێککەوتن لە نێوان عیراق و بەریتانیا مۆر کراوە زۆر لـە گۆڕانکاری گـەورە لـە سیاسـەتی بـەریتانیا ڕوی داوە کـە بۆتـە هـۆی گرنگـی

پێدانێکی زۆر بە عەرەبو ئەوەش لەسەر حسابی زیان گەیاندنی بە میللەتی کورد بون.

ئێمە داوا لە ئێوە دەکەین کە خەمێکمان لێ بخۆنو ڕەچاوی ئەو بارو دۆخەی ئیمڕۆی میللەتی کورد بکەن چونکە ئەگەر ئیمڕۆ کە لە ژێر ئینتیدابین ئاوا مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ ئاخۆ دەبێت دوای کۆتایی هاتنی ئینتیداب چارەنوسی میللەتی کورد چی لێ بێت.

هەروەها ئێمەی کورد لەو بڕوایەداین کە مافو توانای ئەوەمان هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەین ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- بە تەنها ژمارەی کوردەکانی کوردستانی باشور زیاتر لە ملیۆنێك دەبێت کە ئەم ژمارەیەش بەسە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك ئەمە جگە لەوەش ئەم ژمارەیە زیاترە لەو عەرەبە سونیانەی کە ئیمڕۆ دەسەڵاتی حوکمیان گرتۆتە دەست.

ئێمە دەتوانین ئەوەش بسەلمێنین کە کوردەکان ژمارەیان بە شێوەیەکی گشتی زیاترە لە هەمو عەرەبەکان بە مەرجێك کەمە نەتەوایەتیەکان بە جیا بدرێنە قەڵەم.

لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە عەرەبەکان کیانێکی هاوبەشیان نیەو ناتوانن یەکێتیەکی بابەتی دروست بکەن چونکە عەرەبە شیعەکان ناتوانن لەگەڵ سونیەکان، بەڵکو، خۆیان بە نەتەوەیەکی تەواو سەربەخۆ دادەنێن، ئەم دو مەزهەبەی ئیسلام بە شێوەیەکی ئەوتۆ دژ بە یەکن کە تەنانەت ناتوانن بە یەکەوە لەسەر یەك مێز دابنیشن، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی ژنو ژنخوازیشیان بە یەکەوە نیەو، بە گوناهێکی گەورەی دەزانن.

ب- کەچی ئێمە شایانی دروستکردنی دەوڵەتیکی سەربەخۆین چونکە کیانێکی یەکگرتو و بێگەرد دروست دەکەین لە هەمو لایەنێکەوە، لە ڕوی گیانی، زمان، ئایین، کولتور، دابو نەریت، هەروەها لە ڕوی ئاووهەواشەوە.

ت- نیشتمانی ئێمە بەو هەمو خێرۆ خێراتەی کە هەیەتی دەتوانێ ژیانی میللەتی کورد مسۆگەر بکاتو هەندێکیش لەو خێرو خێراتە بنێرێتە دەرەوەی وڵات. ئەو خێراتانەش لە دانەوێڵەو نەوت بە ڕادەیەکی لەبن نەهاتو، دار، کاربۆن، میوەجات بە هەمو جۆرەکانی، مەڕومالاتو بەرهەمەکانی وەکو خوریو ماستو پەنیرو پێستەو...هتد.

بە کورتی وڵاتی ئێمە لەلایەن شارەزایان بەکێك لە دەوڵەمەنترین وڵاتانی سەر ڕوی زەوی دەژمێردرێ.

پ- بونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕوباری گەورە لە وڵاتەکەماندا وەکو زێی گەورە، خابور، زێی بچوك، دیالەو چەندین ڕوباری تری بچوكو کانیاوی بێ ئەژمار. ئەمانە

هەمو بەڵگە نەویستن بۆ ئەوەی ئەگەر ولاتی ئێمە خزمەت بکرێ دەتوانێ ببێتە سویسرایەکی نوێ یان بەچکە سویسرایەك.

ج- ئێمە شایستەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆین، چونکە میللەتەکەمان بە تەواوی وشیار بۆتەوەو ئاگادارە لە هێزو چارەنوسی خۆی. هەستی نەتەوەییش بە جۆرێکی ئەوتۆ گەشەی کردوە لەناو میللەتەکەماندا کە لە پێناوی بونو ئازادای خۆیدا هەمیشە ڕوبەڕوی چەندین شەڕی خوێناوی‌و دڵتەزێن بوەو چەندین قوربانی بێ ژمارەی بۆ ئەو مەبەستە داوە بە جۆرێك کە هەزاران لە ڕۆڵەکانی خۆی لەبەرچاوی کوژراون. کە ئەم هەمو فیداکاری‌و قوربانیەش نەك هەر ورەیان پێ بەر نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەستو نەستیان هەمیشە بەرز کردۆتەوە بە جۆرێك میللەتەکەمان سوێندی خواردوە بۆ سور بون لەسەر بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆی جا بە هەر نرخێك بێت.

ڕێگەی ئەوەشمان پێ دەدەن بۆ ئەوەی بڵێین، میللەتێك بەم شێوەیە وشیارو هەست بە مافەکانی خۆی بکات، شایانی ئەوەیە بژی‌و شوێنێکی دیارو لە بەرچاویشی هەبێت لەم جیهانەدا.

ئێمە باوەڕمان وایە کە میللەتی ئێمە دەتوانێت پشتی خۆی بە یارمەتی‌و کۆمەکی کۆمەڵەی نەتەوەکان ببەستێ‌و هیچ هێزێك ناتوانێت بێ هیوامان بکات لە بەزەیی‌و دڵپاکی ئەم کۆمەڵە بەڕێزە کە بە دایکی ساوایانو پارێزگاری چەوساوەکانو کۆمەکی بێ هێزەکان ناسراوە. لە کۆتاییدا کوردەکان پێشنیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن وە مەبەستیان دروستکردنی دەوڵەتێکە کە لەسەر بناغەیەکی دیموکراسی ڕەها دابمەزرێنن.

دەربارەی ئەو ئینتیدابەی کە دەبێ چاوەدێری ئەو دەوڵەتە ساوایەی کورد بکات، ئێمە داواکارین کە بۆ سودو قازانجی ئێمە ئەو ئینتیدابە زو پێك بێت. وە دەربارەی ئەو ولاتەی کە ئینتیداب دەگرێتە ئەستۆی خۆی جا چ بەریتانیا بێت یان هەر ولاتێکی تر بۆ ئێمە جیاوازی نیە، بەڵکو ئێمە ڕادەگەیەنین کە بە تەواوی ملکەچی بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکانین، بۆیە داواکارین بە زوترین کات دەست نیشانی ئەو دەوڵەتە بکرێت کە ئینتیدابەکە قوبوڵ دەکات.

سلێمانی ١٩٣٠/٨/٣١

ئیمزا کراوە لەلایەن: محەممەد صالح بەگی محەممەد عەلی بەگ. عەزمی بەگی بابان. عەبدوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. شێخ قادری حەفید. حەمە ئاغای

ئەوڕەحمان ئاغا. مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسول ئاغا. شەفیق بەگی ڕەشید پاشا. فائیق بەگی بابان. میرزا تۆفیق قەزاز. شێخ محەممەدی گولانی. ڕەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح. عیزەت بەگی عوسمان پاشا کۆمیتەی ناوەندی نەتەوەیی.[١٣٠]

{} عەریزەیەکی تری نارەزایی بۆ موعتەمیدی سامی بریتانی.

لەوەتەی پارلەمان هەڵوەشێنراوەتەوەو، دەقی پەیمانی تازەی ئینگلیزی عیراقی لەلایەن ئەم وەزارەتەی ئێستاوە بڵاو کراوەتەوە، کوردەکان دییان مافەکانیان لەم پەیمانەدا بە تەواوی پشت گوێ خراوەو بەئاشکرا ئەبینن دوای بەستن و پەسەندکردنی پەیمانی گۆرین بێ قەیدو شەرت ئەکەونە ژێر دەستی عەرەبەوە. لەبەر ئەوە کورد لە زاخۆوە تا خانەقین خرۆشان و، هەمو بە یەك زمان، بە دەموبە نوسین، داوای مافەکانیان کرد. بەڵام عەرەب وەڵامی ئەم خواستانەی بە قەتڵوعامی سلێمانی دایەوەو بێ پونگانەوە مەترەلۆزو چەکی تریان بەکار هێناوە، تەنانەت سەرۆکی وەزیرانی عەرەب ڕوداوەکەی شوبهاندوە بە ڕوداوی مێژویی کەربەلا. سەرەڕای ئەم دەستدرێژییەیش ڕۆشنبیران و ئەشرافەکانی کوردیان لە زیندان توند کردوەو هەندێکیان نەفی کردون. دوای ئەوەی کورد مافەکانی بەم جۆرە خەمناکە پێشێل کراوە، ڕون بۆتەوە کە کورد ئیتر ناتوانن لەگەڵ عەرەب بە یەکگرتویی بمێننەوە، لەبەر ئەوە کورد بڕیاریان داوە بە تەواوی لە عەرەب جیا ببنەوە. حکومەتی بریتانی کە لە سۆنگەی نیازی شەریفانەی مرۆڤایەتییەوە ئینتیدابی بەسەر عیراقەوە قوبوڵ کرد، بێگومان گوێ لە خواستە ڕەواکانی ئێمە ئەگرێ و عەرەب بە ڕەوایی ئەم خواستانەی خوارەوەمان قانع ئەکا:

١- پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەناو سنورە سروشتیەکەی‌دا لە زاخۆوە تا ئەولای خانەقین ئەگرێتەوەو، چۆڵکردنی لە داوودەزگای سپایی و مەدەنی عەرەب و تەسلیم کردنی بە حکومەتە کوردیەکە.

٢- هێشتنەوەی ناوچەی ناوبراو لەژێر ئینتیدابی بریتانی‌دا وەکو حکومەتێکی کوردی تا کۆمەڵەی گەلان لەم بارەیەوە بڕیار ئەدا.

٣- بەردانی دەسبەجێی گیراوو دورخراوەکانی ڕوداوەکەی سلێمانی.

---

[١٣٠] (کوردستانی نوێ، ژ١٥٦، ١٩٩٢/٨/٤. تێبینی: جاسم تۆفیق، ئەم یادداشتەی لە ئیتالیەوە کردوە بە کوردی. لە ناوەکانی‌دا هەندێ هەڵەی تێ کەوت بو ڕاست کرانەوە).

٤- گوێزانەوەی هەمو ئەفسەرو فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە عەرەبییەکانەوە بۆ ناوچە کوردیەکان.

هیوامان بە پایەبەرزتان هەیە بە بەزەییەوە سەیری خواستەکانمان بکەن و ڕێزی دڵسۆزانەمان قوبوڵ بفەرمون. ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠.[١٣١]

{} سەفارەتی بریتانی، ئەنقەرە

١٦ی مارچی ١٩٣١

تەلەگرامی ژمارە ١٠٨ی ڕۆژی ٨ی فێبریوەری لە مەندوبی سامییەوە لە بەغداد بۆ وەزارەتی موستەعمەرات ئیشارەت ئەدا بە بڕیاری تازەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەسەر عەریزەی کوردەکان.

ئێستا نامەی ژمارە ١٤٨ ڕۆژی ٩ی مارچ (E. 1104/31/93) وەڵامی پەراوێزی وەزارەتی موستەعمەرات بە ئێمە گەیشت بەڵام نە کۆپی عەریزەکانمان لەلایەو نە کۆپی بڕیارەکە. لەبەر ئەوە ئەتوانی وا بکەی کۆپییەکانیمان هەبێ، تکایە.(FO371/15311).-

وەزارەتی دەرەوە
لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ چانسەری (ڕاوێژگا)، سەفارەتی بریتانی
ئەستەموڵ

نامەتان No. 82/6/31ی ١٦ی مارچ دەربارەی عەریزەی کوردەکان.

وا ئەم کۆپییانەتان بۆ ئەنێرێن:

١. هەردو عەریزەی کوردەکان کە لە تەلەگرامی بەغداد ژمارە ١٠٨ی ڕۆژی ١٨ی فێبریوەری ئیشارەتی پێ درا بو.

٢. بڕیارەکەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لەسەر عەریزەکان، کە لە ٢٢ی جەنیوەری‌دا لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند کراوە.

- عیراق: عەریزەکانی ڕۆژی ٢٦ی تەمموزو، ٣ی ئابی ١٩٣٠، لەلایەن هەندێ کوردەوە لە عیراق

أ- عەریزەکان.

---

[١٣١] الحسنی: تاریخ الوزارات، ج٣، ص٦٢ تا ٦٣. تێبینی: ئەگەرچی بێ ئیمزا نوسراوە، بەڵام ئەمە یەکێکە لە عەریزەکانی شێخ مەحمود.

١- عەریزەی ڕۆژی ٢٦ی جولای ١٩٣٠

بۆ ئەوەی برایەتی عەرەبو کورد به پتەویو هەمیشەیی بمێنێ، کور له هەمو موناسەبەتێکدا، وه لەوەتەی قوبوڵیان کردوه لەگەڵ عێراق بژین، داوای جێبەجێکردنی مافه نەتەوەییەکانیان کردوه، که لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوه دانی پێدا نراوه، بەڵام هیچ کاتێ پێیان نەدراوه.

له پێوەندی لەگەڵ پەیمانه تازەکەدا داوای ڕیژێمێکی ئۆتۆنۆممان له عەرەب کرد، بەڵام به داخەوه کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیو کارگێڕیی ناوچه کوردیەکان، که زۆرایەتییان عەرەبن، دەستیان کرد به گوشارو ترساندنی کوردەکان که دەس له مافه ڕەواکانیان هەڵبگرن. ڕەفتاری کاربەدەستانی حکومەتی عەرەبی له کاتێکدا که هێشتا ئینتیداب کۆتایی بێت. ڕەفتاری کاربەدەستانی عەرەب به هیچ جۆرێ باشتر نیه لەو کارانەی تورك دژی کورد کردویانه، له ڕابوردو و له ئێستادا، که بو به هۆی دوژمنایەتیو جیابونەوەی هەتاهەتایی کورد لەوان.

لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستییانەی باسکران دوا بڕیاری ئاشکرای کورد ئەوەیه داوای دروستکردنی حکومەتێکی کوردی ئەکا لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان دایه.

تکای یارمەتیو جێبەجێکردنی ئامانجه ڕەواکانمان ئەکەین.

عەزمی بەگ بابان. حەمه ئاغا ئەوڕەحمان ئاغا. شێخ قادر حەفید. عیزەت بەگ عوسمان پاشا. حەمه ساڵح بەگ. فایەق بەگ بابان. عەبدوڕەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا. مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسوڵ ئاغا. ڕەمزی ئەفەندی. میرزا تۆفیق قەزاز.

٢- عەریزەی٣ی ئۆگۆستی ١٩٣٠

ئێمه شەرەفی ئەوەمان هەیه پایەبەرزتان ئاگادار بکەین چەندین عەریزه لەلایەن کوردەوه دراوه به کۆمەڵەی نەتەوەکان، به پۆستو تەلەگراف، له وەڵامدا دوێنێ نامەیەکمان پێ گەیشتوه له بەڕێوەبەری بەشی ئینتیدابەوه ئەڵێ، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی که ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دایان ناوه، هەمو ئەو عەریزانەی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەستی ئینتیداب ئەیدەن، ئەبێ له ڕێگەی هێزی ئینتیدابەوه بخرێنه بەردەم سکرتاریەت. لەبەر ئەوه تکامان وایه کۆپیەکی تازەی عەریزەکان که پێشتر ڕاستەوخۆ درا بون به سکرتاریەت، به ڕێگای خۆتان بنێرن بۆ ناونیشانەکان.

عەزمی بەگ بابان. حەمە ئاغا ئەورەحمان ئاغا. شێخ قادر حەفید. حەمە سالَح بەگ. عیززەت بەگ عوسمان پاشا. تۆفیق قەزاز. عەبدوڕەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا. مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسوڵ ئاغا. ڕەمزی ئەفەندی. فایەق بەگ بابان. –.(FO371/15311)

پێشنوسی بڕیار

لەبەر ئەوەی هیچ بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان نیە ببێتە بەهانەی داوای عەریزەدەرەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا؛

وەلەبەر ئەوەی ئەو داوایە هیچ بناغەیەکی نیە لە پەیمانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، ئەوەیش تەنیا بە لێکدانەوەیەکی تەواو چەوتی ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەن لە ١٦ی دێسەمبەری ١٩٢٥دا داوێتی، ئەو کاتەی ناوچەی ژیانی عەریزەدەرەکان خراوەتە سەر عیراق.

لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانە دراون بۆ ڕەفتار کردنی تایبەتی لەگەڵ کورد، ئەو ڕەفتارەی، بەپێی دوایین ئاگاداری کە لەبەر دەستی دەسەلاتی ئینتیداب دایە، بە تەواوی دابین نەکراوەو، بۆ گەرەنتی دیاریکراوی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی، کە پێ ئەچێ هێشتا دانەمەزرێنرا بێ:

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بڕیاریدا ئەنجومەن ڕابسپێرێ:

١– بۆ ڕەفزکردنی عەریزەی ئەشرافەکانی کورد کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی ئەکەن لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا.

٢– داوا بکرێ لە هێزی ئینتیداب بزانێ ئەو ڕێوشوێنە تەشریعی و ئیدارییانەی دانراون، بە باشی خراونەتە کارو بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کراون، بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستەی بە کوردەکان ڕەوا بینراوە دابین بکا؛

٣– هەڵسانگانی دابینکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ کورد بۆ ئەوەی گەرەنتی مانەوەی ئەو هەڵوێستە بکا، دوای ئەوەی کە عیراق لەژێر ویصایەتی بریتانیای گەورەدا دەرچو. (FO371/15311).

{} **بەیروت**

١٩ی نیسانی ١٩٣١

پایەبەرز

سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە

وەزارەتی دەرەوە

داونینگستریت، لەندەن

بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دانراون بۆ پێشکەش کردنی عەریزە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لایەن دانیشتوانی ناوچەی منداتەوە، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ئەم دۆکۆمێنتانە بخەمە بەردەمتان، بۆ ئاگاداریتانو، بۆ ناردنی بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی مندات، بۆ سەیرکردنی لە کۆبونەوەی مانگی حوزەیراندا.

هەروەکو لە دۆکۆمێنتەکانی لە پاشکۆ خراویدا ئەبینن، من نوێنەری دەسەڵات پێ دراوی گەلی کوردم لە خواروی کوردستاندا کە ئێستە بەشێکە لە عیراقو پێکهاتوە لە زیاتر لە ٨٠٠،٠٠٠ کەس.

کۆپیەکی ئەم دۆکۆمێنتانە، لەلایەن منەوە، ڕاستەوخۆ نێردراوە بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی منداتو، بۆ پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق.

تۆفیق وەهبی

لیۆتنانت کۆلۆنێل موتەصەریفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عیراقدا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبی بەگ

مەحەللەی سنەك بەغداد (FO371/15311)

لیستەی ئەو دۆکۆمێنتانەی خراوەتە بەردەم سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی خاوەن شکۆ، وەکو دەسەڵاتی مندات بەسەر عیراقەوە، بۆ ناردنی بۆ لقی جنێڤی لیژنەی هەمیشەیی منداتی کۆمەڵەی گەلان:

١- نامەی ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٣١ بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان.

٢- نامەی ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٣١ بۆ سەرۆکی لیژنەی مندات.

٣- کۆپی نامە بۆ پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق.

٤- دەسەڵاتدان بە لیۆتێنانت کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگ بۆ نوێنەرایەتی گەلی کورد.

٥- عەریزەی گەلی کورد لە کوردستانی خواروودا بۆ کۆمەڵـەی گـەلان لەگـەڵ چـەند پاشکۆیەك.

٦- پوچکردنەوەو ڕەخنە گرتن لە درکاندنەکانی مێجەر یۆنگ لە جنێڤ.

٧- نامەی پشتیوانی لە کۆمیتەی خۆیبونەوە. (FO371/15311)

بەیروت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

گەورەم

ئـەز شـەرەف ئـەوەم هەیـە، داوای ئـەوەت لێ بکـەم لوتـف بفـەرموی ئـەم نامـەو دۆکۆمێنتانە بخەیتە بەردەم پایەبەرز سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب. ئەسڵی دۆکۆمێنتـەکان، بەپێی ڕێوشوێنی گونجـاو، خراوەتـە بـەردەم دەسـەڵاتی ئینتیـداب لەگەڵ داوای ناردنی بۆ کۆمەڵەی گەلان لە کەناڵی گونجاوەوە.

تۆفیق وەهبی

لیۆتێنانت کۆلۆنێل موتەصەڕیفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عیراقدا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبی بەگ

مەحللەی سنەك بەغداد (FO371/15311)

{} داونینگ ستریت

بۆ وەکیلی وەزیری دەرەوە

٨ی مەی ١٩٣١

١- نیشانە بە نوسراوی ڕۆژی ١ی مەی ئەم وەزارەتە، لۆرد پاسـفیلد داوای لێ کردم بۆ ئاگاداری بەڕێز وەزیر هەندەرسەن، کۆپی ئەو نامەیەی تۆفیق وەهبی بۆ بنێرم، کە بە ناونیشانی سکرتێری دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری دەرەوەی نوسیوە بۆ ئەوەی عەریزەیەك کە لەلایەن ئەوەو نوسراوە بۆ سەرۆکی لیژنـەی هەمیشەیی ئینتیداب لە بابەت کوردەوە لە عیراق، بخرێتە بەردەمی.

٢- کۆپیـەکی تەلـەگرامێ بـە ناونیشـانی مـەندوبی سـامی لـە بـەغداد لـە وەڵامـی تەلـەگرامی ژ٢٠١ی ر. ٣٠ی ئـەپریل، کـە کۆپـی نامـەی نیشـانە پـێ دراوی لەگەڵـە. .(FO371/15311)

بەیروت

١٩ی ئەپریلی ١٩٣١

بۆ سەرۆکی،

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب،

کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

پایەبەرز

نیشانە بە ڕاپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە، کۆپیەکی تێبینیەکانی خۆم بخەمە بەردەمتان دەربارەی درکاندنەکانی مێجەر یۆنگ، نوێنەری دەسەلاًت پێ دراوی هێزی ماندات، لە ١٩هەمین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە جنێڤ لە نۆڤەمبەری ١٩٣٠دا.

ئەسڵی دۆکۆمێنتەکان، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە دانـراوە، خراوەتـە بـەردەم سـکرتێری دەوڵـەتی کاروبـاری دەرەوەی خـاوەن شـکۆ لـە لەندەن لەگەڵ کۆپیـەك بۆ پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق بـەغداد. بـۆ ئاگـاداری پایەبـەرزتان کۆپیـەکی ئـەو باوەڕنامەیـەتان بـۆ ئـەنێرم کـە دەسـەلاًتیان بـەمن داوە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بکەم کە بەرەوژوری ٨٠٠،٠٠٠ کەسە.

متمانـەم بـە پایەبـەرزتان هەیـە تێبینەیـەکانی مـن ئەخەنـە بـەردەم کۆبونـەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە ئەبێ لە جونی ئەمساڵدا ببەسترێ. نەتەوەکەم، کە مـن شـەرەفی نوێنەرایـەتییانم هەیـە، داوایـان لێ کـردوم کـە ئاگادارتـان بکـەم چـەند بەرێزەوە ئەو هاودەردیە هەڵئەسەنگێنن کە ئەندامە جیاوازەکانی لیژنـەی هەمیشـەیی ئینتیداب بەرامبەر گەلە چەوساوەکەم پیشانیان داوە.

ئەگەر کۆمەڵەی گەلان داوای ئامادەبونی من خۆم یان دەستەیەکی نوێنەرایـەتی لـە هـەر کۆبونەوەیـەکی دواتـری کۆمەڵـەی گـەلاندا کـرد، مـن ئامـادەم بـۆ هـاتنو وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی هەیان بێ.

تۆفیق وەهبی

لیوتێنانت کۆلۆنێل موتەصەڕیفی پێشوی سلێمانی

نوێنەریی دەسەلأتداری گەلی کورد لە عیراقدا
ناونیشانی هەمیشەیی:
تۆفیق وەهبی بەگ
مەحللەی سنەك بەغداد (FO371/15311)

بەیروت

١٩ی ئەپریلی ١٩٣١
پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق، بەغداد
پایەبەرز
نیشانە بە ڕاپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان
ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگاداریتان کۆپی ئەم دۆکۆمێنتە پێچراوانەتان بخەمە بەردەم. ئەسڵی دۆکۆمێنتەکانم، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆمەڵەی گەلان دای ناون، ناردوە بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی خاوەن شکۆ، بۆ ئەوەی ئەویش بینێرێ بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.
لە ڕێگەی پایەبەرزتانەوە دڵسۆزیی تایبەتی خۆم و ئەوانەی من نوێنەرایەتییان ئەکەم بۆ خاوەن شکۆ مەلیك فەیصەل دەرئەبڕم و، ئارەزوی خۆم و گەلەکەم بۆ خزمەتی خاوەن شکۆ بە دڵسۆزی و، هیوای تایبەتی کە ماف و خواستە ڕەواکانمان پێ ئەبەخشرێ و، ئەو بەڵێنانەی حکومەتی خاوەن شکۆ داویانە، بەپێی ڕاسپێریەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەو ئەوانەی کۆمەڵەی گەلان، جێبەجێ ئەکرێ.
تۆفیق وەهبی
لیۆتێنانت کۆلۆنێل موتەصەڕیفی پێشوی سلێمانی
نوێنەری دەسەلأتداری گەلی کورد لە عیراقدا (FO371/15311)

{} ئەمەی خوارەوە تەرجومەی دەسەلأتی وەکالەتێکە کە ئیمزا کراوە لەلایەن گەلی کوردەوە لە عیراق دەسەلأتی داوە بە تۆفیق وەهبی کە نوێنەرایەتییان بکا:

ئێمە، ئەوانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردوە، تۆفیق وەهبی بەگ موتەصەڕیفی پێشوی لیوای سلێمانی، لە دایکبوی سلێمانی (ئێستا دانیشتوی بەغداد)مان داناوە، تا نوێنەرایەتی ئێمەو، هەر یەکێ لە ئێمەو، ئەو کۆمەڵانەی کە ئێمەو هەر یەکێ لە ئێمە نوێنەرایەیی ئەکەن، بکا، لە پێوەندیدا هەمو ئەو شتانەی کە لە هەر بارێکەوە

پێوەندی هەبێ یا لە بابەت عەریزەکەوە بێ، کە لێرە بە دواوە پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی ئەکا یان هیچ دەسەڵاتدارێکی سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان بە ناوی دانیشتوانی ناو مەملەکەتی عیراقەوە.

ئێمە بە تایبەتی تۆفیق وەهبی بەگمان داناوە کە وەکیلی ئێمەو، کوردەکانی دانیشتوی عیراق بێ، کە ئێمە نوێنەرایەتی ئەکەین، بۆ ئەوەی بە ناوی ئێمەوەو بە نوێنەرایەتی ئێمە لە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان یا لە بەردەم لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی ئەو کۆمەڵەیەدا، یان لەبەردەم هەر کۆمێتەو ئەندامێك لە ئەندامەکانی کە کۆمەڵەی گەلان یا لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ ڕەفتار لەگەڵ عەریزەی باسکراو یان هەر مەسەلەیەکی لێرەدا باسی هاتووە، تۆفیق وەهبی دەسەڵاتی هەبێ هەر کەسێك یا کەسانێکی کە دابنێ، کە خۆی هەر بە لێوەشاوەو گونجاوی بزانێ، تا بە ناوی ئەو و بەناوی ئێمەوە کاربکاتو، داخڵی دانوسەندنی ببێ لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن یان لەگەڵ هەر دائیرەیەکی تری کاربەدەست، یا کاربەدەستانی حکومەتی بریتانی لە پێوەندیدا لەگەڵ ئەو شتانەدا کە لە عەریزەی باسکراودا هاتوە، لەگەڵ ئەوان یان لەگەڵ هەر حکومەتو کەسێکی ترو لەهەر کوێیەك کە بایەخ بدا بە عەریزەی باسکراو یان بابەتەکانی لێرەدا باس کراون.

بۆ ئێمە خۆمانو بە ناوی ئەو کۆمەڵانەوە کە ئێمە نوێنەرایەتییان ئەکەین، بڕیارمان داوە تاکیدو تصدیقی هەمو بڕیارو بیانویەك بکەین کە لەلایەن تۆفیق وەهبی بەگەوە بە ناوی ئێمەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا یان هەر دائیرەیەکی تری حکومەتو کەسو کەسانێ، وەکو لەسەرەوە وترا، لە پێوەندیدا لەگەڵ ئەم عەریزانە، بیکا. لە ڕۆژی ١٤ی مارتی ١٩٣١ نوسرا.

مستەفا شەوقی، ئەفسەری تەقاویت، پێشەوایەکی کوردی سلێمانی، بەڕێوەبەری گۆڤاری پەیژە. فەتحوڵڵا ئەسعەد، لە عەشیرەتی ئاکۆی کۆیە، وەرگێڕ لە وەزارەتی عەدل. محەممەد ئەمین، لە عەشیرەتی بارزان، دانیشتوی ڕەواندز. ئیسماعیل ڕەواندزی، لە ئەشراڤ ڕەواندزو نەوەی پاشا کوێرە، نائیبی پێشو. سەید حوسەین، سەرنوسەری زاری کرمانجی لە ڕەواندز. ڕەئوف، ئەفسەری تەقاویتو لە ئەشراڤ کەرکوك. عوسمان فایەق، لە ئەشراڤ سلێمانی قازی زادە. عەزیز عەبدولقادر، لە بنەماڵەی قادر ئەفەندی ئەلکەبیر، لە سەرانی جاف، نائیبی پێشو. صدیق ئەلقادری، مێجەر جەنەراڵی پێشو، خەڵکی سلێمانی لە عەشیرەتی هەمەوەند. عەلی عیرفان، کوڕی عەبدوڵڵا عیرفان، خەڵکی سلێمانی، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ژیان.

عەبدولقادر، لە ساداتی سلێمانی حەفید زادە. عەبدولقادر، موهەندیس لە ئەشراف سلێمانی. طەیب، لە ساداتی بەرزنجە. غالیب، لە ساداتی سۆلە. ئیسماعیل، لە ساداتی قەرەداخ. حیکمەت ئەمین، موهەندیس. شوکری سەگبان، پرۆفیسۆر، دوکتۆر. (Fo371/15311).

{} عەریزەی

گەلی کوردی کوردستانی خوارو، ئێستا دانیشتوی عیراق

بۆ ئەوەی (خۆحوکمکردنی ناوچەیی)یان پێ ببەخشرێ، لەژێر سەروەری عیراقدا، بۆ دابینکردنی ئازادی تەواوی:

زمان،

پەروەردە،

ڕزگاریو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابوری،

ئازادی لە چەوسانەوەو زۆرداری.

هۆیە بنەڕەتیەکانی پێویستیی خۆحوکمکردنی ناوچەیی بۆ کوردەکانی کوردستانی خوارو:

أ- بۆ هەلومەرجی هێمنانە لە عیراقدا.

ب- بۆ هەلومەرجی هێمانە لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ت- بۆ پێوەندی هێمنانە لە نێوان کوردو دۆستو دراوسێکانی عەرەب، کلدانیو ئاسوری.

پ- بۆ ئاسودەییو خۆشی دانیشتوانی کوردستانی خوارو.*

١- کورد عەرەب نیە. ئەمە ڕاستیەکی سەلمێنراوە. کورد موسوڵمانن، بەڵام لەگەڵ موسوڵمانانی عەرەب لەوەدا جیاوازن کە ((تەعەسوبی دینیی))ان نیە، لە کاتێکدا عەرەبەکانی عیراق بەتایبەتی عەرەبی شیعە وەکو موتەعەسیبترینی ئیسلام ناسراون. بۆچونی کورد نزیکە لە ئازادی ئەوروپاییەکانەوە.

سەلماندن:

أ- کورد ئازادی تەواو بە ژنەکانیان ئەدەن.

ب- ئافرەتی کورد حیجاب دانانێو ئەتوانێ بە ڕوی کراوەوە لەگەڵ پیاوانی تر تێکەڵاو بێ.

ت- ئافرەتی کورد تەنانەت ئەتوانێ لەگەڵ پیاو هەڵپەڕێ.

پ- لە مەجلیسی تایبەتی‌دا ئەتوانێ لەلای سەروی پیاوەوە دابنیشێ، نمونە هاوسەرەکەی شێخ قادر.

ج- ئافرەتی کورد کە مێردی لەوێ نەبێ ئەتوانێ میوانداری پیاو بکا.

٢- کوردستانی خوارو نیشتمانی نەتەوەیی و مێژویی گەلی کوردە.

کوردستانی خوارو هەرگیز، تەنانەت لەسەردەمی خەلیفەکانیش‌دا، ولاتێکی عەرەبی نەبوەو نە لە پێشدا هەرگیز ژێر دەستەی دەسەلاتدارو زۆرداری عەرەب نەبوە. کوردستانی خوارو ئەمڕۆ بە کردەوە دانیشتوانی عەرەبی تێدا نیە، تەنها چەند هۆزێکی بچوك نەبێ لە نزیك سنورەکانی هەولێرو کەرکوك.

لە مێژوی خۆیان‌دا هەرگیز کوردی عیراق لەلایەن عەرەبەوە داگیر نەکراون.

لکاندنی کوردستانی عیراق نە ڕاستەو نە ڕەوایە بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا تازە چارە ناکرێ بەبێ هەڵوەشاندنەوەی عیراقی سەروەر، داوای مافی ئەوە ئەکەن بە ئازادی وەکو ڕەگەزێکی جیاواز لە ولاتەکەی خۆیان‌دا بژین، بە دڵسۆزی بۆ عەرشی عیراق.*

زمان

کورد ئەمڕۆ بە زمانی کوردی ئەدوێن، کە زمانێکی ئاریە، هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ عەرەبی‌دا نیە، کە زمانێکی سامیە.

لە کاتێك‌دا لە سوریا، میصرو هەرکوێیەکی تر عەرەب بە زۆر زمانی عەرەبی سەپاندوە بەسەر خەڵکدا، لە کوردستان نەیانتوانیوە ئەمە بسەپێنن و نە بەسەر ئاسوری و کلدانیەکان‌دا کە لە کوردستاندا لەگەڵ کوردو هێشتا بە کلدانی ئەدوێن کە لە ئارامی کۆن کەوتۆتەوە. ئەگەر خۆحوکمکردن بە گەلی کورد نەدرێ، بۆ یەکەم جار لە مێژودا، بە شێنەیی بە دزەکردنێکی هێمنانە یان بە ڕێگەی تر کورد ناچار ئەکرێ زمانێکی بێگانە وەربگرێ.

سەلماندن: ئەتوانرێ بگوترێ زمانی کوردی ڕەسمیی تەنیا لە سلێمانی‌دا قەتیس کراوە. زمانی ڕەسمیی لە لیوای موسڵ‌دا عەرەبیە، لەو لیوایەدا کە زۆرایەتی دانیشتوانی نە عەرەبن. لە کەرکوك‌دا، عەرەبی و تورکی بەکار ئەهێنرێن. لە هەولێردا، زۆر کەم کوردی بەکار ئەهێنرێ. لە قەزا کوردیەکانی دیالەو کوت‌دا، زمانەکە عەرەبی ڕوتە. سەرنج ڕاکێشراوە بۆ (لائیحەی قانونی لغات)، ئیشارەتی بۆ کراوە لەلایەن مێجەر یۆنگەوە لە کۆبونەوەی نۆڤەمبەری لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابدا. مەبەستی ئەم قانونە بە ئاشکرا دروستکردنی ئاژاوەی زمانە.

نواندنی کورد له بەڕێوەبەرایەتیو پارلەماندا

لەسەردەمی حوکمی تورکدا، کورد ژمارەیەکی بەرچاوی وەزیفە گرنگەکانی، بەتایبەتی لە ٣ ولایەتەکەی بەصرا، بەغدادو موسڵدا، بە دەس بو. ئێستا ژمارەیەکی زۆر گەورەی فەرمانبەرانی کوردی سەردەمی حکومی کۆنی تورك، کە بە تەواوی لێوەشاوەو کارامەن بۆ ئەوەی وەزیفەی گرنگی حکومەت وەربگرن، کە بەردەوام داوایان لە حکومەتی عەرەب کردوە، بەڵام هەمو داواکانیان لەژێر پەردەدا ماوەتەوە. ئەمەیش لە تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دەرئەکەوێ. سیاسەتی حکومەتی عەرەب ئەوەیە بە شێنەیی کورد لە وەزیفەی حکومەتدا نەهێڵێ. ئەو کوردانەی کە لێوەشاوەو کارامەن وەزیفەی گرنگ وەربگرن، بە تێپەڕینی زەمان ئەفەوتێن، هەلی پەروەدەیان نیە ژیانی فەرمانبەرانی کورد لە خۆیەوە تەواو ئەبێ. ئەوسا ڕێگە تەخت ئەبێ بۆ حکومەتی عەرەبو دوای ماوەیەکی کورت یەك فەرمانبەری کورد لە خزمەتی حکومەتی عەرەبدا نامێنێو، هیچ ڕۆشنبیرێکی کوردیش نامێنێ چونکە دەرگای پەروەردەیان لە ڕودا داخراوە. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە حکومەتی عەرەب پێڕەوی ئەکا کە ئەیەوێ ڕەگەزی کورد لە ڕیشە دەربهێنێ.

لائیحەی قانونی زمان بە نمونە وەربگرە، ئەمە ڕێ ئەدا کەسانی کوردی زان (نەك لە ڕەگەزی کورد) لە کوردستان دابمەزرێنرێ. وەکو بەیانیان کردوە گۆیا کورد هەن لە ناوچە عەرەبیەکاندا دامەزرێنراون، ئەمە موبالەغەیەکی زلە، گریمان چەند فەرمانبەرێ هەبون، ئەمانەیش بە ئەنقەستو لەبەر هۆی سیاسی دور خراونەتەوە بۆ ناوچە عەرەبیەکان.

لە ٢٠ بەڕێوەبەری گشتی کە لە حکومەتی عەرەبیدا دامەزرێنراون، تەنیا یەك دانە کوردیان تێدا نیە. هیچ کاربەدەستێکی (گەزێتد) کوردی لە دائیرەکانی حکومەتی ناوەندیدا یا لە دائیرەی وەقفدا نیە جگە لە ٢ یا ٣ کەس. هیچ فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی کورد لە دەرەوە نیە. نواندنی کورد لە پارلەماندا بە تەواوی نادادپەروەرانەو ناتەواوە. لە ٨٨ نائیب، کورد تەنیا ١١ نائیبیان هەیە کە ئەمیش ژمارەیەکی زۆر کەمە لەچاو ژمارەیاندا.

دانیشتوانی کورد

کورد دان بەوەدا نانێن کەمایەتی بن، لایان وایە ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کە بڵاوکراونەتەوە، ژمارەی عەرەبی سوننی بەشێك کوردی تیێ دایە کە لەبەر هۆی سیاسی خراونەتە ناو دانیشتوانی عەرەبەوە. سەرژمێریێکی ڕاست هەمو ئەو کوردانە بگرێتەوە کە لەناو عەرەبدا نیشتەجێن، دەری ئەخەن دانیشتوانی کوردو عەرەب بە کردەوە بەقەدەر یەك ئەبن. بۆ نمونە، زۆرایەتی دانیشتوانی لیوای دیالەو ژمارەیەکی باشی دانیشتوانی لیوای کوت، کوردنو، هەمو ئەوانەی لە ڕۆژهەلاتی ئەم لیوایانەدا نیشتەجێن بە لیوا کوردیەکانەوە نوساون.

قانونو نیزام

قانون نە لە بەڕێوەبەرایەتیداو نە لە داداگادا لەلایەن حکومەتی عەرەبەوە لە ناوچە کوردیەکاندا، وەکو پێویست، جێبەجێ نەکراوە. لەبەر ئەوەی ڕەوتی دادگا بە کوردی نیە، ئەگەر لایەکیان کورد بێ، کێشەکەی ئەدۆڕێنێ. نمونەی خوارەوە ئەشێ بەس بێ.

لە موتەصەڕیف بۆ خوارێ بۆ مودیر لە لیوای سلێمانیدا، فەرمانبەرەکان لێوەشاوە نینو پەروەردە کراو نین. زۆریان ڕۆشنبیر نینو هەندێکیان بە تەواوی نەخوێندەوارن. لە قەزای پشدەردا تەنیا یەك فەرمانبەری حکومەتی تێدا نیە، دادگاو قوتابخانەی لێ نیە. ئەگەرچی ئەمە یەکێکە لە دەوڵەمەنترین قەزاکانی وڵات تا ئێستا باجی تێدا کۆ نەکراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە، حکومەتی عەرەب موچەیەکی زۆر ئەدا بە سەرانی عەشایەر بۆ ڕاگرتنی قانونو نیزام. هەر تاوانکارێ تاوانێك ئەکا ئەتوانێ لەم قەزایەدا پەنا بدۆزێتەوەو سەلامەت بێ. بەلام ئەمە تەنیا نمونەیەکە لە بەدبەڕێوەبردنی حکومەتی عەرەب.

لە کاتێکدا گەلی کورد وەکو خۆی بە دواکەوتویی ئەمێنێتەوە کەچی دراوسێکانیان پێش ئەکەون. ئەگەر نەتەوەی کورد لە ناو مەملەکەتی عیراقدا خۆحوکمکردنیان نەدرێتێ، کورد ئەبن بە نۆکەری ئاغایانی عەرەب.

پەروەردە

لە کورستانی خواروودا ٧٩ قوتابخانە هەیە. لە ٢٧یاندا ڕێگە بە زمانی کوردی دراوە، لەوانی تردا عەرەبی ئیجبارییە، جگە لە چەند قوتابخانەیەکی کەم، کە تورکی تێدا ئەوترێتەوە.

لەو ٢٧ قوتابخانەیەی باسکران ١٦یان تەنیا ١ پۆلی تێدایە، ئەوانی تری سەرەتایی و ئامادەیین. لە ناوچە کوردیەکاندا قوتابخانەی ناوەندی نیە، جگە لە ٢ متەوەسیتە لە سلێمانی و هەولێر، ئەوانیش تەواو نین.

لەسەرانسەری کوردستانی خواروودا ٨ قوتابخانەی کچان هەیە، تەنیا لە ١ قوتابخانەیاندا بە کوردی ئەخوێنرێ.

دانیشتوانی کوردستانی خوارو بەرەوژووری ٨٠٠،٠٠٠ کەسە بەراوردی لەگەڵ ٥٢٨ قوتابخانەی ئەلبانیا و ٤٣٢ قوتابخانە لە فەلەستین لەگەڵ کوردستانی خوارو و ژمارەی زۆری دانیشتوانی و تەنیا ٧٩ قوتابخانە.

بۆ بەراوردی سیاسەتی حکومەتی عەرەب لە بواری پەروەردەدا لە پێوەندیدا لەگەڵ کورد، ئەم نمونەیەی خوارەوە بەسە بۆ نیشاندانی سیاسەتی بە ئەنقەستی حکومەتی عەرەب بۆ لەناوبردنی شێنەیی ڕەگەزی کورد. لە دەسکەوتی لیوای بەغداد ٣٨٪ سالانە تەرخان ئەکرێ بۆ پەروەردەی عەرەب لە لیوای بەغداد، کەچی لە سلێمانی تەنیا ١٪ی داهاتی لیوا تەرخان کراوە بۆ پەروەردە لەو لیوا کوردیەدا.

بۆ پیشاندانی ئەقڵی پچوك و زۆردارانە تەنانەت لە مەسەلە پچوکەکانیشدا، حکومەتی عەرەب کەلوپەلە کۆن و بێکەڵکەکانی خۆی ئەدا بە قوتابخانە نەعەرەبیەکان و کەلوپەلە نوێکانی بۆ خۆی ئەبا. ئەم کارە منالانەیە بەناوی حکومەتێکەوە کە بۆ سەربەخۆیی ئەگری بە بێ... جێگەی پێکەنینە ئەگەر جێگەی داخ نەبێ. پەروەردە بە گرنگترین بەشی ژیانی نەتەوەیی دانراوە، لەوەی سەرەوەدا بە ئاشکرا دیارە کە تەنیا مەسەلەی کاتە، ئەگەر کورد لەژێر زاڵێتی عەرەبدا بەجێ بهێڵرێ، کاتی سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بە دەس بهێنن، زمان و فەرهەنگی کوردی لەمان ئەکەوێ.

سەلماندن: فایل و دۆکۆمێنتە ڕەسمیەکان.

بەرنامەی پەروەردە کە لە کوردستان جێبەجێ ئەکرێ هەمان بەرنامەیە کە بۆ قوتابخانەکانی عەرەب دانراوە لە سەرانسەری عیراقدا. ئەمەیش پێچەوانەی ڕاسپێریەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابەو لیژنەی لێکۆڵینەوەی یێئلکی ئاو وریسنە. لەوەش زیاتر پێچەوانەی سایکۆلۆجی و کارەکتەری منالانی کوردە کە لە ڕەگەزو کارەکتەردا لەگەڵ منالانی عەرەبدا جیاوازن. هەروەها ئەمە بە ئاشکرا پلانێکی ڕێکخراوی حکومەتی عەرەبە بۆ سەپاندنی نەتەوایەتی عەرەب بەسەر هاوولاتیانی نەعەرەبدا.

جێگەی سەرنجدان ئەبێ کە تێبینی بکرێ لە سەرانسەری کوردستاندا هیچ کۆلێجێکی ڕاهێنان یا فێرگەیەکی تەکنیکی لێ نیە. لەبەر ئەوە دیمەنی پاشەڕۆژی منالانی کورد سەقەت و بە ئەنقەست نەوەی داهاتو لێوەشاوە نابن بۆ وەرگرتنی پلەو پایەی ڕەسمیی و بەڕێوەبەرایەتی. لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابوردودا حکومەتی عەرەب ١٢٠ قوتابی ناردوە بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی لەبابەتی جیاوازدا خوێندن تەواو بکەن و، لەمانە تەنیا ٢ کەسیان کوردن.

کاری گشتی

لە کاتێکدا ئێمە لە قەڕنێك داین هەر نەتەوەیەك بۆ پێشەوە بەرەو شارستانی و گەشەکردن ئەڕوانێ، ئەبینین شارو گوندەکانی کوردستان لە ئەنجامی فەرامۆشکردنی ئەنقەستدا وێران ئەبن. حکومەتی عەرەب تەنیا یەك قوتابخانەی بۆ کچان لە سلێمانی کردۆتەوە ئەویش ٢ پۆلە. قوتابیەکانی ئەم دو پۆلە لە یەك ژوردا ئەخوێنن چونکە ژوری تریان نیە هەر پۆلە لە ژوری خۆیدا بخوێنێ. لەلایەکی ترەوە حکومەتی عەرەب ملیۆنەها ڕوپیەی سەرف کردوە لە دروستکردنی مەخفەری پۆلیس و...هتد. بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی.

ئاودان و کشتوکاڵ

لەسەرانسەری کوردستاندا دائیرەیەکی ئاوەدانی لێ نیە. کەچی حکومەتی عەرەب لەو لاوە هەرچی لە توانادا بوە کردویەتی بۆ دامەزراندنی دائیرەی ئاودان و کشتوکاڵ لە ناوچە عەرەبیەکاندا. ناو بە ناویش، یارمەتی فەلاحەکانی عەرەبی داوە

به دانی قەرز...هتد، بەڵام جوتیارانی کوردی فەرامۆش کردوە. سەرەڕای داوای یەك لەسەر یەك، حكومەتی عەرەب فەرمانبەرانی تەکنیکی لێوەشاوەی دانەمەزراندوە بۆ باشکردنی توتنی کوردی. ئاژەڵدارانی کورد لە هەژاری دان. ئەبێ باجی زۆر بدەن کە لە گەشەپێدانی وڵاتەکەی خۆیاندا خەرج ناکرێتەوە.

تەندروستی

کوردستان بێ بەشە لە دامەزراوی تەندروستی بە پێچەوانەی ناوچە عەرەبیەکانەوە کە بارودۆخی ئەوێ بە تەواوی جیاوازە. بە ئەندازەی تەواو دکتۆر لە کوردستاندا نیە. حكومەتی عەرەب گوێ ناداتە تەندروستی خەڵك. بەسە بۆ ڕونکردنەوە کە حكومەتی عەرەبی هیچ بایەخێکی نەداوە بۆ بەرگری لە نەخۆشی ئاوڵە.

من خۆم کاتێ موتەصەڕیفی سلێمانی بوم داوام کرد نەخۆشخانەیەك لە سلێمانی بکەنەوە، وەڵامی وەزیری عەرەب ئەوە بو کە لە بودجەدا پارە نیە. هەر لەم کاتەدا موتەصەڕیفی عەرەبی موسڵ داوای پارەی کرد بۆ دروستکردنی زیندانێکی نوێ، کەچی حكومەت بە بایەخێکی زۆرەوە مەسەلەی دابینکردنی پارەی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە وەرگرت.

بەراوردکردنی فەرمانبەرانی گەزێت لە کوردستان لە پێش لیژنەی تێلکیداو لە ساڵی ١٩٣٠دا.

ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە پێش لیژنەی تێلکیدا:

دائیرەکانی حكومەت	کورد	نەکورد	هەموی
دارایيو ناوخۆ	٤٣	١٤	٥٧
داد	١٠	٣	١٣
دائیرەکانی تر	٣٨	١٧	٥٥

ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە ١٩٣٠دا

دائیرەکانی حكومەت	کورد	نەکورد	هەموی
دارایيو ناوخۆ	٤٤	٢٧	٧١
داد	٩	٧	١٦
دائیرەکانی تر	١١	٤٠	٥١

تێبینی: سەرژمێری سەرەوە لیواکانی دیالەو کوتی تیّدا نیە چونکە هەمو فەرمانبەرەکانیان عەرەبن.

پێوەندیەکانی کوردو کلدۆ - ئاسوری

کورد هاودەردیەکی بەهێزی لەگەڵ کەمایەتیە نەعەرەبەکانی ولایەتی موسڵ هەیە سەبارەت بە خواستەکانیان بۆ داننان بە بونی نەتەوایەتییانداو، بۆ پاراستنیان لە زاڵێتی عەرەب. فرۆفێڵی بەردەوامی فەرمانبەرانی عەرەب بۆ وروژاندنی هەستی ناحەزانەی کوردو ئاسوری دژی یەکتری، هەرچەندە حکومەتی ناوەندی ئینکاری ئەکا، بە رونی بۆ هەردوگەل دەرکەوتوە. عەریزەدەر لە وەزیفەکەیدا وەکو موتەصەریفی سلێمانی لە باشترین هەڵوێستدا بۆ ئەوەی بەڵگەی هەبێ بۆ ئەمەو یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ وریاکردنەوە کورد لەم پروپاگاندە فێڵبازانەیە.

بە دامەزراندنی خۆحوکمکردنی ناوچەیی هەر کۆسپێ لەم ڕێیەدا هەبێ تەخت ئەبێو دۆستایەتیو هاودەردی، کە ئێستا لە نێوان کوردو دراوسێ نەعەرەبەکانیدا هەیە، قوڵتر ئەبێ.

خواستەکانی ئێمە خواستەکان ئەوانەو، گازاندەکانیشمان گازاندەکانی ئەوانە. هەردوگەل یەککەوتون لە ئارەزوی شێوەی ئەوروپاییو پێشکەوتندا، یەککەوتن لەگەڵ شارستانێتی ڕۆژئاواییو، ڕقیان لەگەلانی ڕۆژئاوا نیە.

ئێمە ناڕازین لەوەی حکومەتی عەرەب ڕەقی لە داهێنانو پێشکەوتنە... عەریزەدەرەکانتان لەگەڵ نوێنەرانی تری گەلی کورد ئامادەن بۆ کۆبونەوە لە جنێڤ یان هەر جێگایەکی تر لەگەڵ نوێنەرانی کەمایەتیەکانی عیراق، لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلاندا هەر نوقتەیەك ڕونکردنەوە یان پێکهاتنی هەردولای بوێ، بە خۆشیەوە باس بکەنو بڕیار بدەن. لە ئەنجامدا ئامادەین لەگەڵ کەمایەتیە نەعەرەبەکانی تردا پێکەوە لە جنێڤ لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدادو هێزی ئینتیداب کۆببینەوە بۆ لابەلاکردنی هێمنانەی مەرجەکانی بە دەسهێنانی مافو ئاواتەکانمان.

تۆفیق وەهبی(FO371/15311).

ڕاسپێریەکانی

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ ئەنجومەن لە ١٩هەمین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە جنێڤ لە نۆڤەمبەری ١٩٣٠دا کراوە:

ڕاسپێریەکان

٢-داوا لە دەسەڵاتی ئینتیداب بکرێ تا بزانێ ئیجرائاتی تەشریعی و ئیداری دانراوە بۆ دابینکردنی ئەو هەڵوێستەی کوردەکان پێیان ڕەوا بینراوە بە باشی خراوەتە کارو بە باشی جێبەجێ کراوە.

عەریزەدەرەکانتان بە ڕێزەوە ڕونی ئەکەنەوە تا ئەمڕۆیش هیچ ڕێوشوێنێ دانەنراوە لەلایەن حکومەتی عەرەبی عیراقەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپێریەکان... هتد. عەریزەدەرەکانتان هەندێ دۆکۆمێنت لەگەڵ ئەمەدا ئەخەنە بەردەمتان پیشانی ئەدەن ژمارەی فەرمانبەرانی کورد ئێستا کەمتر کراوەتەوە لەچاو ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە کاتی هاتنی لیژنەکەی تێلکی پاولسەندا.

پێوەندیەکانی نێوان نەتەوەی کوردو نەتەوەی کلدی ئاسوری

عەریزەدەرەکانتان بە ڕێزەوە ڕونی ئەکەنەوە بۆ لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە بەردەوام هەندێ بەیانات کراوە دژی دانی ماف و خواستە ڕەواکانی کوردو هەمان شت بەرامبەر نەتەوەی کلدی ئاسوری گۆیا یەکێ لە هۆیەکانی ئەوەی خۆحوکمکردنی ناوچەییان نادرێتێ ئەوەیە دوژمنایەتیەکی دێرینە لەنێوان ئەم دو گەلەدایە. ئەمە بە تەواوی ناڕاستە. گەلەکەم و کلدی ئاسوری ئەتوانن بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە بژین، بۆ نمونە گوندی بادی. تەنیا هۆ بۆ ئەوەی هەندێ جار ناخۆشی ڕو ئەدا لە نێوان جوتیارە نەخوێندەوارەکانی کوردو جوتیارانی ئاسوریدا، سیاسەتی بە ئەنقەستی حکومەتی عەرەبی عیراقە بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان ئەم دو گەلەدا کە خزمایەتی خوێنیان پێکەوە زۆرترە وەك لەگەڵ عەرەبی عیراق.هەردوکمان، گەلەکەی من و کلدی ئاسوری شتی ناوکۆیی زۆریان هەیە بەڵام گەلەکەم زۆر لەو سیاسەتە تورە ئەبن، کاتێ پشێویەکی پچوك دروست ئەبێ، دەسبەجێ هێزە ئاسوریەکان ئەنێردرێن دژی گەلەکەم. چۆن ئەتوانێ پێوەندی دۆستانە بمێنێ کاتێ حکومەتی عەرەب ئاسوریە چەکدارەکان بەکار ئەهێنێ ڕوی تفەنگەکانیان بکەنە سنگی ئێمەو، بە پڕوپاگەندەو ڕێگەی تریش هەوڵئەدا بیری دراوسێ ئاسوریەکانمان ژەهراوی بکا. تۆفیق وەهبی(FO371/15311).

تەلەگرامی وەزیری موستەعمەرات

بۆ مەندوبی سامی لە عیراق

ژ. ١٦٦

تەلەگرافتان ژ. ٢٠١

پێشنیارەکانت ئەسەلمێنم. عەریزەکەی تۆفیق وەهبی گەیشتە ئێرە. ئەسڵەکانیت بە پۆستی ئاسمانی ئەخرێتە بەدرەم.(FO371/15311)

{} ڕونکردنەوەیەك بۆ پوچکردنەوەی درکاندنەکانی مێجەر یۆنگ نوێنەری دەسەلاَتپێدراوی هێزی ئینتیداب لە عیراقدا

لاپەڕەی ٧٩ی مەحزەری چاپکراوی ١٩هەمین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.

نوێنەری دەسەلاَتپێدراوی هێزی ئینتیداب درکاندویەتی لە پەرەگرافی ١دا لەژێر سەردێڕی ((هەڵوێستی کوردو مەسیحیو کەمایەتیە نەموسڵمانەکان)) دوای دێباچەیەك کە تیایدا مێجەر یۆنگ وتویەتی کە مەسەلەی کوردو هی مەسیحیەکان لە جەوهەردا یەك گیروگرفتە. ئەڵێ عەریزەی کوردەکانو مەسیحیەکان پێشکەش کراوە بە کۆمەڵەی گەلان چونکە لەو پەیمانەدا کە تازە لە نێوان حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیاو حکومەتی عیراقدا بەستراوە هیچ ماددەیەکی تایبەتی تێدا نیە نە بۆ پاشەڕۆژی کوردو نە بۆ هی کەمایەتیە نەموسوڵمانەکان.

لە پەرەگرافی ٢دا مێجەر یۆنگ ئەڵێ لەبەر ئەوەی ئەم ئیشارەتە نەکراوە هەندێ کەسانی ناو ئەوان لایان پێویست بوە کە مەسەلەکەیان بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵە.

عەریزەدەرەکان عەریزەکانیان پێشکەش کردوە بە کۆمەڵەی گەلان نە بە تەنیا لەبەر ئەوەی باسی کورد لە پەیمانەکەدا نەهاتوە، بەڵکو لەبەر چەوساندنەوەی ڕێکخراوو ئینکارکردنی مافو خواستە ڕەواکانی کورد.

تێبینی: هەرچەندە عەریزەدەرە گەل پێشنیار بۆ کۆمەڵەی گەلان بکا لەگەڵ هەمو ریزێكدا بە خۆیدا رائەپەڕوێ کە بۆ کۆمەڵەی گەلان کە ڕێوشوێنی گونجاو ئەبوایە لەلایەن هێزی ئینتیدابەوە دابنرایە بۆ پاراستنی کوردو کەمایەتییەکانی تر پێش ئیمزا کردنی پەیمانەکە.

نیشانە بە لائیحەی قانونی زمان. عەریزەدەرەکە زانیویەتی کە حکومەتی عەرەبی عیراق نیازی وایە زانینی زمانی کوردی بکا بە پێوانەیەکی بەس بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران لە ناوچە کوردیەکاندا بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی لە نەتەوەی کورد بن.

مێجەر یۆنگ زیاتر ئەدرکێنێ کەوا ئێستا باوەڕێکی فراوان بڵاوبۆتەوە کەوا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ڕاسپێری کردوە، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە کوردستانی خواروودا دابمەزرێ، ئەو نازانێ ئەوانە باسی چی ئەکەن. عەریزەدەرەکەتان ڕونی ئەکاتەوە ئەبێ زۆر بە زەحمەت چاوەڕوانی ئەوە بن کورد خەیاڵە تەکنیەکانی قانونی دەولی تێبگەن و بیری ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ئازاد تێکەڵاو ئەکەن. تێکۆشانیان بۆ داوای ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لەسەر ئەرزی خۆیان لەناو مەملەکەتی عیراقدا لەسەر بنچینەی ئەو بەڵێنە دیاریکراوانەیە کە لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عیراقەوە دراوە. کۆپیەکی لە پاشکۆدایە.

گیرانی کورد لە سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتپێدراوی هێزی ئینتیداب مێجەر یۆنگ لای لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب درکاندویەتی (بڕوانە ل٧٩ی ڕاپۆرتەکە) کە ئەوە بە تەواوی ناڕاستە کە هەندێ کەسی کورد لەسەر ئەوە گیرابن عەریزەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان ئیمزا کردوە. (مێجەر یۆنگ ئەڵێ: بێگومان ئەمانە بەتەواوی ناڕاستن) ئەڵێ گیرانەکان لە ئەنجامی پشێویەکی پچوکدا بوە لە کاتی هەڵبژاردندا لە سلێمانی. تەنیا دو کەس لەوانەی عەریزەی جۆراوجۆریان ئیمزا کردوە هێشتا لە زیندانن توهمەکانیشیان بەپێی ماددەکانی ٥٤؛ ٥٥؛ ٨٥؛ ٨٦؛ ٢١٤ی قانونی سزادانی بەغدادە. هەر قسەیەك لەبارەی ئەوەوە کە کەس لەسەر ئەوە خرابێتە زیندانەوە کە عەریزەی دابێ بە کۆمەڵەی گەلان، بێگومان هیچوپوچە.

عەریزەدەرەکەتان ئەتوانێ زەن بکا کە مێجەر یۆنگ ئەم شتانەی درکاندوە بە هۆی فەرامۆشکردن و نەبونی شارەزایی تەواو لە کارەکتەری حکومەتی عەرەب و کردەوەکانی. عەریزەدەر ئەتوانێ لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دڵنیا بکات لەوەی هەر لێکۆڵینەوەیەکی هەر ئەوروپاییەك لەم وڵاتەدا ژیابێ پشتیوانی لە بۆچونەکەی من ئەکا کە ئەو قسەیە هیچوپوچ نیە، بەڵکو سابیقەی پێشوی هەیە. ئیفادەی ئیمزاکراوی ٢ کورد لەوانەی لەم مەسەلەیەدا بون لە پاشکۆی ئەم نامەیە خراوە.

عەریزەدەرەکەتان پێ لەسەر مەترسی دوبارەبونەوەی ئەم کردەوەیە لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتی عەرەب و پۆلیسەوە نەك هەر بەرامبەر بەو کوردانەی ئەم عەریزانەیان بە ئێوە داوە، بەڵکو هەروەها زۆر بە توندتر بەرامبەر بەو مەسیحیانەی کە ئەوانیش عەریزەکانی خۆیانیان پێشکەش کردون، مەگەر ڕێنمایی دیاریکراو لەلایەن هێزی ئینتیدابەوە بدرێ بە موتەصەڕیفەکان، کە ئەوان بە شەخسی بەرپرسن لە هەر سزایەك و، موتەصەڕیفیش قایمقام، مودیر، پۆلیس...هتد بەرپرس بکا کە هیچ کارێ دژی ئیمزاکەرو عەریزەدەر چ کوردو چ کەمایەتی تر نەکرێ، کە تەنیا مافی خۆیان بەکار هێناوە وەکو کۆمەڵەی گەلان ئاگاداری کردون، بۆ پێشاندانی خواست و شکاتەکانیان بە کەناڵی گونجاوو بە پێی ڕێوشوێنی دروست. ئێستا تۆڵە لەوانەی پێشتر ئیمزایان کردوە بۆ ئەوەی بە زۆر کەفالەتیان لێ بستێنن کە دەس وەر نەدەنە کاری سیاسی و کاروباری گەلەکەیانەوە ئەگینا ئەگیرێن.

عەریزەدەرەکەتان خۆی کە نوێنەری دەسەڵاتپێدراوی کوردەو لە دایکبوی سلێمانیە دور خراوەتەوە بۆ بەغداد، هەرچەندە خۆی حەز ئەکا بگەڕێتەوە ماڵەکەی لە سلێمانی.

نەتەوایەتی

مێجەر یۆنگ درکاندویەتی (بڕوانە ل٨٠ی ڕاپۆرتەکە): ((ڕاستیەکەی ئەوەیە، بۆ کوردو ئاسوری تەنیا چارە لەوەدایە کە خۆیان بە عیراقی دابنێن و لەلایەن حکومەتی عیراقیشەوە وەها سەیر بکرێن)).

عەریزەدەرەکەتان سەرنجی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب ڕائەکێشێ، کورد حەز ئەکەن ببن بە ڕەعیەتی دڵسۆزی خاوەن شکۆ مەلیك فەیصەل، ئەگەر نەتەوایەتی خۆیان وەکو ناسنامەیەکی جیاواز بهێڵنەوە. عەریزەدەرتان پێشنیار ئەکا کە چیتر هەق نیە کورد بە عەرەب یان بە عیراقی بانگ بکرێن چونکە ئەمە وەکو ئەوە وایە بە کابرایەکی ئایریش بڵێن ئینگلیز.

پەیمانی ئەنگلۆ – عیراقی کە لە ٣٠ی جونی ١٩٣٠دا لە بەغداد ئیمزا کراوە.

عەریزەدەرەکان بەڕێزەوە ئاگاداری لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب ئەکا کە لە پەیمانی باسکراودا کە تازە لە بەغداد ئیمزا کراوە هیچی تێدا نیە بۆ ئەوەی ڕێ نەدرێ بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بریتانیا لەلایەن حکومەتی عەرەبەوە بۆ سەرکوتکردنی پشێوی ناوخۆ کە لە ئەنجامی یحوکمی خراپ و فەرمانڕەوایی خراپدا دروست ئەبێ، تا ئەو کاتەی حکومەتی عەرەب لای وابێ هێزی ئاسمانیی بریتانی لە پشتە، کار نەکا بۆ نەهێشتنی حکومەتی خراپ، حوکمی خراپ و چەوساندنەوە. (FO371/15311).

بەیانی مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق لە ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٢٢دا.

حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عیراق دان ئەنێن بە ماف ئەو کوردانەدا کە لەناو سنوری عیراقدا ئەژین بۆ ئەوەی حکومەتێکی کوردی لەو سنورانەدا دابمەزرێنن و هیوادارن کە تاقمە کوردیە جیاوازەکان، بە زوترین کات، لەناو خۆیاندا بگەنە رێککەوتنێك لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەی خۆیان ئارەزوی ئەکەن و لەو سنورەدا کە ئەیانەوێ درێژ ببێتەوەو دەستەیەکی نوێنەرایەتی بەرپرس بنێرن بۆ بەغداد بۆ باسی پێوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عیراق. (FO371/15311).

من میرزا تۆفیق کوڕی حاجی ئەحمەدی قەزاز خەڵکی سلێمانی سوێند ئەخۆم بە خوای گەورە کە ئیفادەکەم لە خوارەوە دەربارەی گیرانم لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا بە تەواوی ڕاستە.

١. لە ٦ی ٩ی ١٩٣٠دا لە دەوری سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆدا، لە کاتێكدا لەگەڵ خێزانەکەمدا لە ماڵی خۆم دانیشت بوم هێزی عەرەب و پۆلیسی عەرەب دەوری ماڵەکەیان دامو هەڵیان کوتایە سەر ماڵ و خێزانەکەم. چەکدرار بون بە تفەنگ و چەکی لیوای. بێ ئەوەی هۆیەکانم پێ بڵێن، منیان گرت. کردەوەکەیان پێچەوانەی قانونی عیراقی بو. هاوسەرەکەم خۆی تێ هەڵقورتان، هۆیەکانی لێ پرسین و ناڕەزایی دەربڕی چونکە هەیئەتی ئیختیارییەیان بەپێی قانون لەگەڵ نەبو... هەروەها ناڕەزایی دەربڕی لەسەر ئەوەی پێشتر ئینزاری ئاسایی نەکرابوین. لەبەر ئەوە هێزەکەو پۆلیسەکان توڕە بون و تفەنگیان لە هاوسەرەکەم ڕاکێشا. بە زۆری چەك منیان لە ماڵەکەم دەرهێنا و بە پاسەوانیی هێزەکەو پۆلیسەکان بردمیان بۆ زیندان. لە ڕێگە سوکایەتییان پێ کردم و بە درێژایی ڕێگای زیندان زمانێکی زۆر نزمیان بەکار هێنا، لەوێش ١٠ کەسی تر لە هاوڕێ کوردەکانم بە هەمان شێوە گوێزرابونەوە بۆ ئەوێ. تا سەعات ١١ی شەو لە زیندانماینەوە. لەم ماوەیەدا زۆر بە خراپی ڕەفتاریان لەگەڵ کردین، دوای ئەوە بە دەستی کەلەپچەکراوەوە ئێمەیان گوێزایەوە بۆ کەرکوك. دو دو پێکەوە دەستمان کەلەپچە کرا بو. من ٧٨ ڕۆژ لە زیندانی کەرکوكدا مامەوە.

٢. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەرکەوت ئەو تۆهمەیەی لەلایەن پۆلیسەوە بۆ گرتنمان بە پاڵ ئێمە درا بو ئەوە بو، چونکە ئێمە تەلەگرام و مەزبەتەمان ئیمزا کرد بو بۆ کۆمەڵەی گەلان و دەسەڵاتی ئینتیداب، کە بێگومان ئەوەندەی ئێمە ئەمانزانی کارێکی قانونی بو، بەڵام بۆ ئەوەی ئۆباڵەکەی لە خۆیان لاببەن هەندێ پرسیاریان

دەربارەی ڕوداوەکەی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ ئەکرد، لە کاتێکدا ئەیانزانی ئێمە بە هیچ جۆرێ پێوەندیمان بەو ڕوداوانەوە نەبوە.

٣. بە ئەنقەست ئێمەیان بۆ ماوەیەك لە زینداندا هێشتەوە بێ ئەوەی بماندەن بە دادگا مدعی عام هەڕەشەی هەڵواسینی لێ ئەکردین چونکە ئەیانوت داوای ماڧ خۆمان لە کۆمەڵەی گەلان کردوە لە ئەنجامدا ئێمە توانیمان بۆ مەحکەمەی ئیسپات بکەین کە ئێمە هیچ پێوەندیەکمان نەبوە لەگەڵ ئەو پشێویەی لەسەرەوە باس کرا. ئەو کاتە بۆمان دەرکەوت کە هۆی ئەسڵی گرتنەکەمان ئەوەبوە داوامان ناردوە بۆ کۆمەڵەی گەلان. ئەوسا مەحکەمە بەری داین. یەکەمین پرسیار کە مەحکەمە لێی کردین ئەوە بو: "بۆچی عەریزەتان داوە بە کۆمەڵەی گەلان؟". ئەو شایەتانەی کە هێنرانە بەردەمی دادگا لەلایەن پۆلیسەوە سوێندیان خوارد بە ئاشکرا وتیان کە ئێمە لەو توهمەتانە بێبەرینو، وتیان کەوا لەلایەن پۆلیسەوە هەڕەشەی مردنیان لێ کراوە کە شایەتی درۆمان لێ بدەن. بەڵام شایەتەکان ڕاستیان وت چونکە سوێندیان خواردبو، ئەیان زانی کە دادگا حوکمێکی بێ لایەن ئەدا. ئەمە ئەوە نیشان ئەدا کە شایەتەکان ڕاستییان وتوە هەرچەندە لەلایەن پۆلیسەوە هەڕەشەیان لێ کرابو.

٤. کاتێ کە مەحکەمە بەری دامو من گەڕامەوە بۆ سلێمانی، دائیرەی پۆلیس ناردی بە دومداو داوایان لێ کردم کەفالەتیان بدەمێ و پێیان وتم لەبەر ئەوەی عەریزەم داوە بە کۆمەڵەی گەلان، ناتوانن باوەڕ بە من بکەن. لەوەیش زیاتر لێرە بە دواوە نابێ کاری سیاسی بکەمو نابێ ئیتر مەزبەتەو شکاتنامە بنێرم بۆ کۆمەڵەی گەلانو وەکو تێگەیشتم ئەیانەوێ گێچەڵم بۆ دروست بکەن، بەڵام من ڕەفزم کرد کەفالەتیان بدەمێ. لەو کاتەوە پۆلیس چەند جارێ داوایان کردومو داوایان لێ کردوم کەفالەتیان بدەمێ و بردمیان بۆ بەشی جینائی بۆ دانی زەمانەتی پێویست ئەگینا ئەمنێرن بۆ زیندان.

٥. من خاوەن زەویمو تاجیرم لە سلێمانی لەماوەی ئەم گیرانەمدا نزیکەی ١٠،٠٠٠ ڕوپیە زەرەرم لێ کەوتوەو لەبەر ئەوەی بەردەوام پۆلیس بانگم ئەکەنو بە بیانوی جۆراجۆر زۆرم بۆ ئەهێنن، نەمتوانیوە دەس بکەمەوە بە ئیشەکەم، زەرەرەکانم تا دێ زیاد ئەبێ. بەغداد، ٢٣ی مارچی ١٩٣١.

ئیمزا حاجی ئەحمەد قەزاز زادە (تاجیر تۆفیق قەزاز) (FO371/15311).

من، شێخ قادری کوڕی شێخ سەعید خەڵکی سلێمانیو برای گەنجتری شێخ مەحمود، سوێند ئەخۆم بە خوای گەورە کە ئیفادی لای خواروم دەربارەی گرتنم لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا ڕاستە.

١-لە کاتێکدا من لە ماڵی خۆمدا لەگەڵ خێزانەکەم دانیشت بوم دەوروبەری سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ ماڵەکەم کتوپڕ لەلایەن هێزی عەرەبو پۆلیسەوە داگیر کرا.

بەبێ هیچ ئاگادارکردنێکی پێشەکی خێزانەکەمو بەبێ موختارو هەیئەتی ئیختیاریە، هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەم بە تفەنگو چەکی لیوایەوە. منیان گرتو گوێزایانەوە بۆ زیندانو لەگەڵ ١٠ کەسی تری ناسیاوم حەبسیان کردین. لەم ماوەیەدا تا سەعات ١ی نیوەشەو بە خراپی رەفتاریان لەگەڵ کردین. دوای ئەوە دو دو کەلەپچەیان کردینو بە پاسەوانیی هێزی عەرەبو پۆلیس کە چەکدار بون بە تفەنگو چەکی لیوایش رەوانەی کەرکوکیان کردین. لەوێ لە زیندان گلیان داینەوە من ٧٠ رۆژی لێ بوم.

٢-ئەو توهمەیەی پۆلیسی سلێمانی بە پاڵیان دابوم بە کورتی ئەوە بو: "بۆچی ئێمە مەزبەتەو تەلەگرامەمان ناردوە بۆ کۆمەڵەی گەلانو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا؟". ئەگەرچی ئیتیهامیان کردین بەوەی ئێمە دەستمان هەبوە لە پشێوی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا. بەڵام ئیسپات بو ئێمە هیچ پێوەندیەکمان بەو روداوەوە نەبو. گیرانەکەمان بەتەنیا بەو هۆیەوە بو چونکە مەزبەتەمان نارد بو بۆ کۆمەڵەی گەلان. ئەمەیش ئەتوانرێ بەوە ئیسپات بکرێ کە پۆلیس پرسیاری لێ کردین: "بۆچی لەلای کۆمەڵەی گەلان شکات ئەکەین؟".

٣-دوای ٧٠ رۆژ گیران لە کەرکوکو دوای ئەو هەمو رەفتارە خراپەی لەگەڵیان کردم، بە پاسکراوی بردمیان بۆ لیوای ناصریەو لەوێ بەریان دام بەو مەرجەی ناصریە بەجێ نەهێڵمو نەگەرێمەوە بۆ سلێمانی. زەمانەتی ٥٠٠٠ روپیەیان لێ وەرگرتم. دوای مانەوەی ٣٩ رۆژ لە ناصریە گوێزامیانەوە بۆ بەغداد، ئەمجارەش بە پاسەوانەوە. لە بەغداد زەمانەتی ٥٠٠٠ رۆپیەیان لێ وەرگرتمو بەریان دام بەو مەرجەی نەگەرێمەوە ماڵی خۆم. حاڵی حازر لە بەغدادمو رێگەم نادەن بگەرێمەوە ماڵی خۆم. دوای گیرانم لە سلێمانی، هێزی عەرەبو پۆلیس ماڵەکەیان پشکنی بوم. ئەفسەری بەرپرسی پشکنین ناوی لازم محەممەد بوە، دوای پشکنین: زۆر شتی بەنرخ وەکو زێرو خشڵی خێزانەکەمیان بردوە. هەندێکیان داوەتەوە هێشتا هەندێ پارچەیان گل داوەتەوە. ماڵەکەم لەو کاتەوە لەژێر چاودێری پۆلیسو هێزی عەرەب دایە. لەبەر ئەوە ناچار بوم خێزانکەم بگوێزمەوە بۆ بەغداد هەمو کەلو پەلی نەگوێزراوەو موڵکەکانم بەجێهێشتوەو کەسم نیە چاوی لێیان بێ.

٤-ئەو ئیتیهامەی ئێمەی پێ گیراین هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ هەڵبژاردنو پشێوی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ نەبو بەڵکو وەکو لە پێشەوە وتم بە تەنیا ئەگەرایەوە بۆ ئەوەی مەزبەتەمان نارد بۆ کۆمەڵەی گەلانو حکومەتی بریتانی. یەکەم پرسیاری پۆلیس دەربارەی شکاتو مەزبەتەکانمان بو. لە مەحکەمەدا ئەوە ئیسپات بو کە ئێمە

هیـچ پێوەندیـەکمان لەگـەڵ پشـێویەکە نـەبوە، بـەڵکو ئەگەڕایـەوە بـۆ ئـەو هۆیانـەی لەسەرەوە ڕونم کردنەوە.

٥-من خاوەن زەویم لە سلێمانی و بە داهاتەکانی ئەژیم کە ئێستا لێ‌ی بێ بەش کراوم. بەهۆی گیرانمو دورخستنەوەم موڵکەکانم وێرانو توشـی زەرەر بـون، جگـە لەوانەی وەکو لەسەرەوە باسم کرد لێم سەنراوە.

من هێشتا لەوبارو دۆخەدام کە باسم کرد. بەغداد ٢٣ی مارچی ١٩٣١

ئیمزا: حەفید زادە شێخ قادر خەڵکی سلێمانی. (FO371/15311).

{} **خۆیبون**

کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد

کۆمیتەی ناوەندی

دیمەشق

ڕۆژی ١٧ی ئەپریلی ١٩٣١

بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

گەورەم

کۆمیتـەی نـاوەندی کۆمەڵـەی نەتـەوەی کـورد (خۆیبـون) شـەرەفی ئـەوەی هەیـە سەرنجی پڕ بەزەیی کۆمەڵەی گەلان ڕابکێشێ بۆ مەسەلەی لەژێرەوە باسکراو:

نەتـەوەی کـورد کـە داوای مافە پیرۆزەکـانی ئـەکا خواسـتەکانی ئێسـتایش وەکـو جاران لەسـەر بنچینـەی سـەرەتای ڕێزگرتنی مافی نەتەوەکانی تـر هـەروەکو ئێمـەیش ئارەزو ئەکەین ڕێزی مافەکانمان بگیرێ، هـەروەها هـی نەتـەوەی خوشـکمان کلـدی ئاسوری.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم سەرەتایە، کۆمیتەی ناوەندی بە هاودەردیـەوە ئـەڕوانێ بـۆ ئـەو ڕێککەوتنـەی کوردەکـانی کوردسـتانی خـوارو لەگـەڵ نەتـەوەی خوشـك کلـدی ئاسوری پێیگەیشتون.

بـە ئـەرکی خۆمـانی دائـەنێین جـارێکی کـەیش پـێ لەسـەر ئـەوە دابگریـن کـە نەتەوەی کوردو هی کلدی ئاسوری لە زۆر کۆنەوە پێکەوە وەکو برا ژیاون.

لـە کۆتـاییدا، کۆمیتـەی ناوەندیمـان پشـتیوانی ئـەکا لـە داواکـانی لیوتێنـانت کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگ، موتەصەڕیفی پێشوی سلێمانی، کە لـە عـەریزەی ١٩ی ئـەپریلی ١٩٣١دا داوێـتی، وەکـو نوێنـەری دەسـەڵاتپێدراو بـەپێ‌ی وەکالـەت نامـەی ڕۆژی ١٤ی مارچی ١٩٣١ کە لەلایەن کوردەکانی کوردستانی خوارووەوە ئیمزا کراوە.

ج. ا. بەدرخان

لەباتی کۆمیتەی ناوەندی خۆیبون
(جەلادەت عالی بەدرخان
گەڕەکی کوردەکان دیمەشق) (FO371/15311).

{} عیراق: ڕاپۆرتی ڕاپارد (M. Rappard)

عەریزەی، ڕۆژی ١٦ی مەی ١٩٣١ی، مادام ئاسیا تۆفیق

لە عەریزەی، ڕۆژی ١٦ی مەی ١٩٣١ی، کە مادام ئاسیا تۆفیق داویەتی بە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، پرۆتێست ئەکا دژی گیرانی مێردەکەی، تۆفیق وەهبی بەگ، کوردی عیراق لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، داوا ئەکا مەسەلەکە لەگەڵ حکومەتی عیراق باس بکرێ. عەریزەدەر ئەڵێ تۆفیق وەهبی بەگ، لە ئەپریلی ١٩٣١دا، عەریزەیەکی داوە بە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دەربارەی ڕەفتاری ناڕەوای حکومەتی عیراق لەگەڵ کورد.

حکومەتی بریتانی، لە تێبینەیەکانی ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٣١دا، درکاندی ئەو هۆیانەی بون بە هۆی گرتنی تۆفیق وەهبی بەگ لەلایەن نوێنەری دەسەلاتپێدراوی هێزی ئینتیداب لە درکاندنەکانی کردنەوەی کۆبونەوەی لیژنەی ئینتیدابدا لە جونی ١٩٣١دا، بە درێژی باسکراوە، لەبەر ئەوە حکومەتی خاوەن شکۆ شتێکی زیادی نیە بیخاتە سەری. بەم درکاندنەدا دەرئەکەوێ، کە تۆفیق بێ هیچ مەرجێ دو حەفتە دوای پێشکەشکردنی عەریزەکەی مەدام تۆفیق بەردراوە.

هاوکارەکانم لەبیریانە عەریزەکەی ئەپریلی ١٩٣١ی تۆفیق وەهبی لە دوای کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابدا باس کرا. دەربارەی شکاتەکەی عەریزەدەر لە بابەت گیرانی مێردەکەیەوە، لام وایە لیژنەیش موافیقە هیچ کارێ پێویست نیە مادەم وەکو بە تێبینیەکانی حکومەتی بریتانیدا دەرئەکەوێ. تۆفیق وەهبی بەگ شەش مانگ لەمەوپێش بەردراوە. (FO371/10638).

{} ئی. تێبینی لەسەر عەریزەکان

لە ١٨هەمین کۆبونەوەی خۆیدا، لیژنە ئەم عەریزانەی خوارەوەی هەڵسەنگاند، لەگەڵ تێبینەیەکانی کە هێزی ئینتیداب لەو بابەتەوە دایڕشتبون. هەر یەکێ لەم عەریزانە لەلایەن ئەندامێکی لیژنەکەوە بە نوسین ڕاپۆرتی لەسەر داوە. دوای گفتوگۆ، لیژنە ئەم ئەنجامگیرییانەی خوارەوەی کردوە. تێکستی ڕاپۆرتەکانی دران بە لیژنەکە خراونەتە پاشکۆی مەحزەری کۆبونەوەکە.

عیراق

أ- عەریزەکانی ڕۆژی ٢٣ی سەپتەمبەرو ٩ی دیسەمبەری ١٩٣١ی هورمز ڕەسام ﴿C. P. M. 1108(a) and 1156﴾.

تێبینیەکانی حکومەتی بریتانی ر. ٦ی مەی ١٩٣١ (C. P. M.1156).

ڕاپۆرت (بڕوانە پاشکۆی مەحزەر)

ئەنجامگیرییەکان

لیژنە پێشنیار ئەکا، ئەنجومەن سەرنجی هێزی ئینتیداب ڕابکێشێ:

١-بۆ پێویستی خاو نەکردنەوەی چاودرێری کردنی بارو دۆخی کەمایەتیەکان لە عیراقدا.

٢-بۆ پێویستی وەرگرتنی بەڵێن لە حکومەتی عیراقی گەرەنتی ڕەفتاری بکات لەگەڵ کەمایەتیە ڕەگەزیو دینیەکان، کە بەپێی درکاندنەکانی هێزی ئینتیداب کە لە ١٩هەمین کۆبونەوەی لیژنەدا باسکراوە، حکومەتی عیراق ئامادەیە بیدات.

٣-ئاگادار کردنی عەریزەدەرەکان لەوەی عەریزەکانیان سەیر کراوەو کۆمەڵەی گەلان بەردەوام ئەبێ لە بینینی ئەوەی مافەکانی کەمایەتیەکان ڕێزیان گیراوە، ئەمەیش بە هاودەردیەکی زیاترەوە ئەکا ئەگەر باوەڕ بهێنێ بە نیازی باشی کەمایەتیەکان بۆ پتەوکردنی سەلامەتیو گەشانەوەی دەوڵەتی عیراق.

لیژنە لای وایە پێویست ناکا ئەنجومەن ڕابسپێرێ هیچ کارێکی تایبەتی لەسەر ئەم عەریزەیە بکا.

ب- عەریزەی یوسف مەلەك، ڕۆژی ٢٠ی ئەپریلی ١٩٣١ (C. P.M. 1179)

تێبینیەکانی حکومەتی بریتانی، ڕۆژی ٢ی جونی ١٩٣١ (C. P. M. 1179)

ڕاپۆرت (بڕوانە پاشکۆی مەحزەر)

ئەنجامگیریەکان

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لەو ڕایەدایە گرنگی ئەم عەریزەیە بەس نیە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی ڕاسپێریەك بۆ ئەنجومەن.

ج-عەریزەکانی کورد لە عیراقدا، لەلایەن حکومەتی بریتانیەوە نێردراوە لە ٢٠ی فێبریوەری ١٩٣١(C. C. P. M. 1140) و هی تۆفیق وەهبی بەگ، ڕۆژی ١٩ی ئەپریلی ١٩٣١ ((C. P. M 1192 and 1192(a)

تێبینیەکانی حکومەتی بریتانی، ڕۆژی ٢٠ فێبریوەری، ٢٧ی ئەپریل، ٨، ١٣ی جونی ١٩٣١ (C.C. P. M. 1140, 1151, 1184 and C. P. M. 1192)

ڕاپۆرت (بڕوانە پاشکۆی مەحزەر)

لیژنەی ئینتیداب ٨ عەریزەی کەسایەتی و تاقمی جیاوازی کوردی لە عیراقدا، لەگەڵ تێبینیەکانی هێزی ئنتیدابدا لەسەر ئەم بابەتە، تاووتوێ کردوە، شەرەفی ئەوەی هەیە ئەنجومەن ڕابسپێرێ بۆ ئەوەی:

١-سپاسی هێزی ئینتیداب بکرێ لەسەر ئەوەی بە ئاگاییەوە لێکۆڵینەوەکانی لە شوێنی خۆیدا کردوەو تێبینیەکانی خۆی لەسەر ئەم عەریزە جیاجیایانە ئامادەکردوە.

٢-داوا لە هێزی ئینتیداب بکرێ زۆر بۆ حکومەتی عیراق ببات، کە ئەبی لە مامەڵەکردنی ڕەعیەتە کوردەکانیدا، بەگیانی لێبوردنێکی فراوانەوە بجولێتەوە، بەرامبەر کەمایەتیەکی کە شایانی ڕێز لێ گرتنەو، دڵسۆزیشی بە ئەندازەی ئەوە زیاد ئاکا کە چەند بێ ترس بێ لە مەترسیی مافە سروشتیەکانی، کە هێزی ئینتیداب و کۆمەڵەی گەلان بە ئاشکرا سەلماندویانە.

٣-عەریزەدەرەکان ئاگادار بکرێن کۆمەڵەی گەلان، بە هەمو گەرمیەك و بە هاودەردیەکی زۆرترەوە، بەردەوام ئەبێ لە دڵنیاکردنیان لەوەی کە مافەکانیان ڕێز لێ گیراو ئەبێ، ئەگەر باوەڕی هێنا، کورد بە دڵسۆزیەوە بەشداری ئەکا لە ئاسایش و گەشانەوەی دەوڵەتی عیراقدا.

٤-بایەخێکی نزیکتر بدرێ بەودڵەڕاوکەیەی بێگومان لەناو دانیشتوانی کوردا تەشەنەی کردوە کە بە هۆی نادیاریی ئەو ڕوداوانەی چاوەڕێیان ئەکا، ئەگەر پارێزگاری مەعنەوی بریتانیای گەورە، کە دە ساڵ زیاترە هەیانە، بێت و بکێشرێتەوە. (FO371/15318).

{} لە مەندوبی سامی بریتانیەوە لە بەغداد

بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کۆلۆنۆیەکان

بەغداد، ٣ی دیسەمبەری ١٩٣١

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە ئیشارەت بدەم بە نامە نهێنی ڕۆژی ١٩ی نۆڤەمبەرتان، کە کۆپی وەڵامەکانی بەشی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلانی بۆ هەندێ عەریزەی کوردەکانی لەگەڵە.

٢-دو لەم عەریزانە هی جەعفەر سوڵتان بون، من شەرەفی ئەوەم هەبو، لە نامەی تایبەتی ڕۆژی ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٣١دا سەرنجی لۆرد پاسفیلد ڕابکێشم بۆ هەڵوێستی ئەو کە ڕەعیەتی ئێرانە، هەروەها لە لێدوانێکی ترمدا لەگەڵ نامەی نهێنی ڕۆژی ٢٧ی فێبریوەری ١٩٣١مدا. سەرەڕای ئەمانە، بڕیاردرا عەریزەکانی جەعفەر

سوڵتان بخرێته بەردەم کۆمەڵەو لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، ڕون کردنەوەکانی درا بون دەربارەی هەڵوێستی تایبەتی ئەو وەکو ڕەعیەتێکی ئێرانی، بە ئاشکرا پشت گوێ خراون و وەڵامەکانی بەناوی شەخسی ئەوەوە هاتۆتەوە، لەگەڵ ئەوانەی بۆ عەریزەدەرە عیراقیەکان نوسراوەتەوە.

٣-ئەنجامەکەی لەم کاتەدا کە ئەو، لەبەرچاوی حکومەتەکەی خۆی، یاخی چەك هەڵگر جەعفەر سوڵتان دو نامەی ڕەسمیی لە کۆمەڵەی گەلانەوە پێ گەیشتوە، ڕاستی ئەترسم بیری خۆ بە گرنگ زانینی زۆر لەلا زیاتر ببێ، سەرنج ڕائەکێشرێ بۆ پێوەندی لەگەڵ عیراق، کە حکومەتی عیراق پێی خۆش نیە ئینکاری بکا. (FO371/10638).

لە ڤیتۆ کاتاستینی (Vito Catastini)، بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب،
بۆ ئەوڕەحمان ئاغای پشدەری و کوردەکانی تر
جنێڤ، ١٩ی فێبریوەری ١٩٣٢

بەپێی ئەو بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە کۆبونەوەی ٢٥ی جەنیوەری ١٩٣٢دا داوێتی، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ئاگادارت بکەم، لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە کۆبونەوەی ٢١هەمی ڕۆژی ٢٨ی مارچی ١٩٣١دا گەیشتۆتە ئەم ئەنجامگیرییانە:

((لیژنە، عەریزەی ٢٨ی مارچی ١٩٣١ی، بە ئیمزای چەند کەسێ گوایە کوردی عیراقن، تاووتوێ کرد.

سەرنجیدا لە تێبینیەکانی ڕۆژی ٢٠ی جولای حکومەتی بریتانی لەسەر عەریزەکە خرابونە بەردەمی:

١-تێبینیەکانی هێزی ئینتیداب لێوەشاوەیی عەریزەدەرەکان پوچ ئەکاتەوە تا بەناوی کوردی عیراقەوە بدوێن، و بنچینە مێژوییەکانی شکاتەکانیشیان هەڵئەتەکێنێ.

٢-تێبینیەکانی کە عەریزەدەرەکان، لەسەر بناغەی تێکستی قانونی سکاڵاکانی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام مەعناکانیان بە ئاشکرا شێواندوە.

٣-سەبارەت بە دەربڕینی ئەم بێزاریە تازەیە لە عیراقدا، ڕاستیی نرخی هەر چەنێك بێ ناتوانێ سەرنجێکی زۆرتر لەوەی پار، لە پێوەندیدا لەگەڵ هەندێ عەریزەی لەم بابەتەدا کە داڕێژران، بەدەست بهێنێ.

٤- لەبەر ئەوە بڕیاریدا بە بەردەوامی گەورەترین بایەخ بدا بەو نائارامیەی لەناو کوردا بەردەوامەو سەرنجی ئەنجومەن ڕابکێشێ بۆ ئەو چارەنوسە نادیارەی کە چاوەڕێیان ئەکا ئەگەر پارێزگاری مەعنەویێ بریتانیای گەورە، کە دە ساڵ زیاترە هەیانە، بکێشرێتەوە، مەگەر ئەوانیش گەرەنتی هاوتایان بدرێتێ)).

ئەنجومەن ئەم ئەنجامگیرییانەی پەسەند کرد.

لەگەڵ ئەمەدا بۆ ئاگاداریت، کۆپی ڕاپۆرتێك لەسەر عەریزەکەت کە دراوە بە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لەلایەن بەڕێز ڕاپاردەوە ئەنێرم، ڕاپۆرتەکە خراوەتە پاشکۆی مەحزەری ٢١هەمین کۆبونەوەی لیژنەکە. (FO371/10638).

{} هەڵبژاردە لە مەحزەری بیستو یەکەمین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.

عیراق

عەریزەی، ڕۆژی ٢٨ی مارچی ١٩٣١، لەلایەن هەندێ کەسەوە کە گوایە کوردی عیراقن، حکومەتی بریتانی لە ٢٠ی جولای ١٩٣١دا ناردویەتی.

ڕاپۆرتی بەڕێز ڕاپارد

لە ٢ی مارتی ١٩٣١دا، ئەورەحمان ئاغای پشدەریو ژمارەیەکی زۆر ئیمزاکەری تر لە ڕێگەی مەندوبی سامی عیراقەوە عەریزەیەکیان داوە بە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان شکات ئەکەن لەبەدرەفتاری حکومەتی عیراقو حکومەتی بریتانی بەرامبەر بە کورد. تێبینیی لەسەر ئەم عەریزەیە لەلایەن حکومەتی بریتانیەوە لە لەندەنەوە لە ٢٠ی جولای ١٩٣١دا نێردراوە.

عەریزەدەرەکان، کە ئیمزاکانیان بە زۆری ناخوێنرێتەوە، دەسەڵاتیشیان لەلایەن هێزی ئینتیدابەوە پوچ کراوەتەوە، لە پێش هەمو شتێکدا ئەڵێن، لە ١٩٢٥دا کۆمەڵەی گەلان کوردستانی بە دو مەرج خستە سەر عیراق، لە پلەی یەکەمدا، بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردی لە کوردستاندا دابمەزرێنرێو، نەتەوایەتی کورد بپارێزرێو، لە پلەی دوەمدا، لە حاڵەتێکدا کە عیراق سەربەخۆ بێو بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە، ئەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی بۆ کورد بەپێی ئارەزوی خۆیان دابمەزرێنرێ.

لەسەر بنچینەی ئەم ئیدیعایانە، ئەوەندەی لیژنە لەبیرێتی لەگەڵ ڕاستیەکانی مێژودا جوت نابن. شکاتی عەریزەدەرەکان کە گوایە ئەو گەرنتییانەی بەڵێن درا بون بە تەواوی لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە پشت گوێ خراونو حکومەتی بریتانیایش

سەرکەوتو نەبوە لە بەجێهێنانی ئەرکی خۆیدا لە پارێزگاری بەرژەوەندیەکاندا. لە ئەنجامدا داوا ئەکەن دان بنرێ بە کۆمیتەیەکی نەتەوەییدا کە هەڵبژێردرێ بۆ نوێنەرایەتی کوردو، دەست تێ خستنێکی کاری گەری هێزی ئینتیداب بۆ پاراستنیان لە چەوساندنەوە، کە گوایە بە دەستیەوە ئەناڵێنن.

حکومەتی بریتانی، لە بەرپەرچدانەوەکەیدا، ئەم عەریزەیە ئەداتە پاڵ جموجۆڵی شێخ مەحمودو، بە توندی ئینکاری ڕاستیی شکاتی عەریزەدەرەکان ئەکا. لە ئەنجامدا هێزی ئینتیداب ئەو ڕاستییە دوبارە ئەکاتەوە کە شێخ مەحمود لە ١٣ی مەی ١٩٣١دا خۆی داوە بە دەس حکومەتی عیراقەوەو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەم یاخیبونە چەکدارە کۆتایی هاتوە، هێزی ئینتیداب داوا لە کۆمەڵە ئەکا ئەم عەریزەیە دابنێ بەوەی شایانی بایەخ پێ دانی ڕاستەقینە نیە.

سەبارەت بە ناڕاستیی بێگومانی ئەو پێشەکیەی ئەم عەریزەیەی لەسەر دانراوەو، نادڵنیایی تەواوی ئێمە لە لێوەشاوەیی عەریزەدەرەکان، بەتایبەتی نەبونی هیچ جۆرە گازاندەیەکی تازە، لام وایە لیژنە ناتوانێ ئەم عەریزەیە قوبوڵ بکا، جگە لەوەی، کە ڕەنگە بە نیشانەیەکی ئەو نائارامیە دابنرێ کە هێشتا لەناو کوردی عیراقدا هەیە. ئەگەر لیژنە لەگەڵ ئەم ڕایە موافیق بێ، ئەشێ بە پەسەند کردنی بەرنوسی بڕیاری خوارەوە دەری ببڕێ:

((لیژنەی ئینتیداب،

((عەریزەی ٢٨ی مارتی ١٩٣١ی هەندێ کەسی کە گوایە کوردی عیراقن، تاووتوێ کرد؛

((هەروەها سەرنجی دا لەتێبینیە کانی ٢٠ی جولای ١٩٣١ی حکومەتی بریتانی لە سەر ئەم عەریزەیە:

((١. تێبینیەکانی هێزی ئینتیداب لێوەشاوەیی عەریزەدەرەکان پوچ ئەکاتەوە تا بە ناوی کوردی عیراقەوە بدوێن، وە بنچینە مێژوییەکانی شکاتەکانیشیان هەڵئەتەکێنێ.

٢. تێبینەکانی کە عەریزەدەرەکان، لە سەر بناغەی تێکستی قانونی سکاڵاکانی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام مەعناکانیان بە ئاشکرا شێواندوە.

٣. سەبارەت بەدەربڕینی ئەم بێزاریە تازەیە لە عیراقدا، راسیتی و نرخی هەرچەنیك بێ، ناتوانێ سەرنجێکی زۆرتر لەوەی پار، لە پێوەندیدا لەگەڵ هەندێ عەریزەی لەم بابەتەدا کە داڕێژران، بەدەست بهێنێ.

٤. لە بەر ئەوە بڕیاریدا بە بەردەوامی گەورەترین بایەخبدا بەو نائارامیەی لە ناو کوردا ماوەو سەرنجی ئەنجومەن ڕابکێشێ بۆ ئەو چارەنوسە نادیارەی چاوەڕێیان ئەکات کە ئەگەر پارێزگاری مەعنەوی بریتانیای گەورە، کە لە ١٠ ساڵ زیاتر هەیانە، بکێشرێتەوە)) (FO371/10638)

بەیانێ لە پێشەوای کوردەکان کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگەوە، دابەزیوی بەیروت، بۆ ڕۆژنامەی(الراصد)

کێشەی کورد لە کۆمەڵەی گەلاندا

لەرۆژنامەی الاحراری ١٩٣٢/٨/١٦ دا وتارێکم بەقەڵەمی یوسف ملك نوسەری(فواجع الانتداب) خوێندەوە گوایە ئینگلیز لە ساڵی ١٩٣٠وە دەرگای باسی کەمایەتیەکانی کردۆتەوەو هانی داون موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلان بکەن.

لە بەر ئەوەی کوردەکان ناو سنوری دەوڵەتی عیراقیش موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلانیان کردوە، دوای ئەوەی دڵنیا بون لەوەی مافەکانیان فەرامۆش کراوە لە پەیمانی عیراقی ئینگلیزیدا کە لە ١٩٣٠/٦/٣٠ دا بەستراوە. بۆ ڕواندنەوەی هەر گومانێکی ئەمو تارە لە بیروڕای گشتیدا دروستی ئەکا کوردیش دەستپێشکەری کردوە بۆ بەر دەرگای ناوبراو، کە نوسەری کتێب ئەڵێ گوایە ئینگلیز کردویانەتەوە، بە پێویستمان زانی ئەم ڕاستییانەی خوارەوە ڕون بکەینەوە:

١. کورد لە عیراقدا هەرگیز ئەوەیان نەسەلماندوە کە وشەی کەمایەتی ئەوانیش ئەگرێتەوەو هەرگیز نایشی سەلمێنن، وەکو لە خوارێ :

ئەلف. کورد لەو کوردستانەی خۆیاندا لە ساڵی ١٩١٨وە جۆرێ لە ئۆتۆنۆمییان هەبو بەر لەوەی بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بکرێتەوە.

ب. هەردو حکومەتی ئینگلیزیو عیراقی، ١٩٢٢ لە بەیانێکدا، بەڵێنی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییاندا، لە ناو سنوری عیراقدا بە زوترین کات، بەومەرجەی کوردەکان خۆیان شێوەکەی دیاری بکەن.

ج. مەرجو بنچینەی نوساندنی ئەم بەشەی کوردستان بە عیراقەوە ئەوە بو کە ئەبێ بەڕێوبەرایەتییەکی کوردی بە پیێ ئارەزوی کوردەکان خۆیان دابمەزرێ.

٢. موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلان لە لایەن کوردەوە هیچ پێوەندیەکی بە مەسەلەی ئەو کەمایەتیانەوە نیە کە نوسەر باسی کردن، لە بەر ئەم هۆیانە:

ئەلف. سەرەتای ساڵی ١٩١٩ کوردەکانی ئۆتۆنۆمییان هەبو، بەر لە دامەزراندنی حکومەتی عیراق، لە سەر مافەکانی خۆیان بەقوڵی لەگەڵ ئینگلیز تێکچون، هەر وەکو لە گەڵ عیراقیش ڕویدا. ناکۆکیەکە ئەو کاتە بو بە شەڕێکی قورس‌و، دوای ئەوەی ئینگلیز لە شکرێکی گەورەی هێنایە سەر کوردستان ئینجا توانی داگیری بکا.

ب. ساڵی ١٩٢٢ لە کاتێکدا حکومەتی عیراق هەبو، کورد لە ڕوی ئینگلیزدا شۆڕشی کرد داوای مافەکانی ئەکرد. هێزەکانی ئینگلیزیان، کە لە دەربەندی بازیان بون، ناچار کرد بکشێنەوەو لە سەرەتای ئەیلولدا حاکمە سیاسی‌و فەرمانبەرەکانیان بە فڕۆکە سلێمانیان بە جیێ هێشت، لە ئەنجامی ئەوەدا موخاتەریەتێکی کوردی لە سلێمانیدا دامەزرا.

ج. ساڵی ١٩٢٣ جارێکی تریش پێوەندی کوردی ئینگلیزی گرژ بوەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ەوە شۆڕش لە پێناوی ئەو مافانەدا تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٧ درێژەی کێشا. ئینگلیز بۆ ئەوەی مل بەکورد کەچ بکا لەو شەڕانەدا کە لەو ماوەیەدا قەومان بەفراوانی هێزی ئاسمانی‌و سەربازی هیندی‌و جەیشی عیراقی‌و هێزەکانی تری بەردەستی بەکار هێنا.

د. ساڵی ١٩٣٠ کوردەکان ناڕەزاییان لە لای کۆمەڵەی گەلان دەربڕی سەبارەت بەوەی کە پەیمانی سەربەخۆی عیراق‌و چونی بۆ ناو کۆمەڵەی گەلان، بەتەواوی مافەکانی پشت گوێ خست بون، وەکو لەمادەی یەکەمی ئەم بەیانەدا باس کرا. ئەم ناڕەزاییە هێمنانەیە لای کۆمەڵەی گەلان، ئەرکانی وەزارەتەکەی عیراقی بە جۆرێ وروژاند کەوتنە دانانی ڕێوشوێنی توندوتیژی ناژیرانە، کە بو بە هۆی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود، کە ئەویش هەمدیسان بە هۆی هێزو سیاسەتی ئینگلیزەوە دامرکێنرایەوە.

ها. هەرکەسیٚ چاودێری شۆرشەکەی سالٚی ١٩٣١-١٩٣٢ی شێخ ئەحمەدی بارزانو سەرەنجامەکەی کرد بیٚ، پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆر نیە بۆ ئەوەی تیٚ بگا کە ئینگلیز ئەیانەویٚ بەر لەوەی عیراق بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە، مەیدانەکەی بۆ چۆلٚ بکەن.

بەوانەی سەرەوەدا دەر ئەکەویٚ کە نەتەوەی کورد لە کاتی پێویستدا لە قوربانیدان دواناکەویٚ، ئیتر چ پێویستیەکی بە هاندای ئەموئەوە بۆ ئەوەی کارێکی هێمنانە بکا بۆ پێشکەش کردنی نارەزایی بە کۆمەڵەی گەلان.

ئەمە پوختەی گیروگرفتی کوردە لە عیراقدا، وابزانم رون کردنەوەکەم بەس بیٚ بۆ دەرخستنی راستیی‌و، رونکردنەوەی باری سەرنجی کورد بۆ رای گشتی.

بەم بۆنەیەوە بە ئەرکی خۆمی ئەزانم وتارەکەم بەم چەند وشەیە کۆتای پیٚ بهێنم:

هیچ کەسێکی نەکورد مافی ئەوەی نیە بە ناوی کوردەوە دەس بخاتە کاروباری کوردەوە، لە گەلٚ ئەمەیشدا گەلی کورد بە خۆشیەوە پێشوازی ئەکاو، دان ئەنیٚ بە چاکەی هەر کەسێکدا، لە هەر رەگەزیٚ بیٚ، کە هاودەردی لەگەلٚ مەسەلەی کورد بنوێنیٚ.[132]

[132] (الراصد، بيروت، ع ٣٧٦٦، ١٩٣٢/٨/٢٨)